# ڕامان RAMAN

162

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی پازدە / تشرینی دووەمی ٢٠١٠

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان / هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 2228506 - 07504494662
(دەرەوە) / 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


**● سەروتار**

– خوێنەر و سەردەمی ماکدۆناڵد/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– زەربی بێشەڵان/ نەژاد عەزیز سورمێ/ 5
– سەما/ هێرۆ کوردە/ 7
– مەڵێ ڕوح لە کوێی جەستەیە/ چنار نامیق/ 8
– لۆڤەڤین/ مەم باوەڕ/ 9
– (دە) چوارینەی ڕاستەقینەی خەییام/ لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی/ 10
– سەفەر/ ک. د. ئازاد/ 12
– هەڵفڕینی دیدەن/ ڕێبین ئەحمەد خدر/ 15
– ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی/ دیالۆگ و ئامادەکردنی بە نووسین: ئەمین میرزا کەریم/ 18
– خوەزی ل چاردە هەیڤێ بمرما/ سوزان سامانجی/ 21
– ڕنەک/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 22

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەر و باسکار (د. مارف خەزنەدار)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 27

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– حەکایەتەکانی مەلا سەعید «قازیی کوردستان»/ د. ئامر طاهر/ 47
– بنەماکانی مانەوەیی و جوانخاسیی زوان و شیعری هۆرامی/ عادڵ محەمەدپوور/ 63
– هێرمینۆتیکا و تەنگژەی ڕاڤەی دەق/ لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد/ 76

**● هزر و فەلسەفە**

– لۆجیکی نوێ/ د. حەمید عەزیز/ 89
– فەلسەفە لە ڕوانگەی فەیلەسوفەکانەوە/ لە فارسییەوە: ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 105

**● مێژوو**

– ڕاپەڕینی یەزدان شێری بۆتانی/ لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر/ 115

**● بەسەرکردنەوە**

– محەمەد ئەمین عەسری دامەزرێنەری یەکەمین دەزگای چاپ و پەخشی کوردی لە کەرکوک/ عەبدولستار جەباری/ 124

**● وتار**

– حەمە پاشای جاف و مەولەوی تاوەگۆزی و نامەیەکی بێ نوختە/ د. حەسەن جاف/ 128
– غەزەلخوانی مەیخانەکانی «باخوس»/ هاشم سەڕاج/ 133
– با زمانەکەمان لە پاشاگەردانی ڕزگار بکەین/ دڵزار/ 135
– شیعری نالی لە بیست و یەک بژاردەبێژیدا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 138

**● هونەر**

– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 139

**● خوێندنەوەی کتێب**

– جێگای سەوزی وەرگێڕ/ کامەران جەوهەری (هەڵۆدا))/ 143
– هەڵسەنگاندنێکی خێرای کتێبی [کەرکوک لە ئامێزی مێژوودا] و ڕوونکردنەوەیەک/ کەریم شارەزا/ 150

**● زاراوەسازی**

– کوبیزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 154
– نەهێلیزم چییە؟/ سولەیمان مام ڕەحیمی/ 156

**● نرخاندن**

– ڕامان گۆڤارێکی موعتەبەر/ ئیسماعیل بەرزنجی/ 158

**● نامە**

– نامەیەکی مام هەژار بۆ د. مارف خەزنەدار/ ئا: ڕامان/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– هەژاری موکریانی، پیاوێک لە دارەگوێز/ هیوا شەمسی بورهان/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# خوێنەر و سەردەمی ماکدۆنالد

* وەک دەزانین بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی نووسین و سەرهەڵدانی چاپخانە و کاغەز، مرۆڤایەتی توانیویەتی پوختە و کاکڵەی ئەزموون و تاقیمانەکانی خۆی، ورد و درشتی زانیارییەکان کۆ بکاتەوە و بیاننووسێ و لە کتێبدا بیانپارێزێ، لە کاتێکدا ئەزموونی تاکەکەسەکان چەندی گرنگیش بن، ئەگەر نەخرێنە دووتوێی کتێبەوە، ئەوە ئەو ئەزموونانە بە بەرتەسکی و بە سنووداری خۆیان، دوور لە کاریگەریی دەمێننەوە. ئەگەر ئێمە بیر لەو تەکنۆلۆژیایە بکەینەوە کە ئەمڕۆکە ئادەمزاد دەستی پێی گەیشتووە دەبێ بپرسین: ئایا دەکرێ تەکنۆلۆژیا جێگەی کتێبمان بۆ بگرێتەوە؟ ڕاستە لەمڕۆکەدا کتێب لەپاڵ ئەویشەوە گۆڤار و ڕۆژنامە و شیعری شاعیران و فەرهەنگ و ئیسیکلۆپیدیای زانیارییە هەمەچەشنەکان خەریکە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خۆی دەخزێنێتە ناو تەکنۆلۆژیاوە و دەخوێنرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناکرێ و ناچێتە ئەقڵەوە لەو سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین، کتێب جێی پێ لەق و لێژ بکرێت و خوێندنەوەی سەرکاغەز باو و برەوی نەمێنێ. ئەو پێوەندییە بەهێز و توندوتۆڵەی بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ کاغەز پەیدامان کردووە، ئەمڕۆ هەر ماوە و بەردەوام دەمێنێ، تەنانەت سەروساختمان دەگەڵ شێوە و جۆری کاغەز، یان چۆنیەتی چاپکردن و کوالیتی چاپی کتێبەکانیش درێژەیان هەیە، بۆیە خوێندنەوە تەنیا ئەو پەنجەرە و دەلاقەیە دەمێنێتەوە کە بەهۆیەوە دەستمان بە زانیاری و مەعریفەی نوێ دەگەیەنێ، ئەگەر بە بەردەوامییش ئەو ڕۆشنبیری و زانیارییانە نوێ نەبنەوە، ئەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو تەنکایی پتر دەڕۆین و لە قەراغ و ڕۆخەکانی ژیاندا تەمەنمان دەگوزەرێنین.

* کاتێک خوێنەران لە خوێندنەوەی کتێبێک چێژ وەردەگرن، یان لە خوێندنەوەی هەر کتێبێک بە لانی کەمەوە ڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەکی جوان فێر ببن، کەوایە ناتوانن دەستبەرداری خوێندنەوە بن و کتێب بەلاوە بنێن، دەنا هەر لە بنەڕەتەوە پرۆسەی «خوێندنەوە» نەدەهاتە گۆڕێ، لەبەر ئەوە «کتێب» لەوەتی هەیە هاودەم و هاوڕێی ئادەمزاد بووە، چونکە کتێب بە درێژایی مێژوو تاکە ئەرشیڤی گەردوون و تۆماری گەورەی یادەوەرییەکانی سروشت و مرۆڤ بووە و هەر بەو هۆیەشەوە پارێزراوە و پشتاوپشت و دەست بەدەست پێمان گەییوە. ڕێژیمە جۆراوجۆرەکان چەندی ویستبێتیان کتێب لەناو ببەن و کاریگەرییەکانی بەسەر مرۆڤەوە نەهێڵن، ئەوەیان بۆ نەچووەتە سەرو قەتیش پێیان نەکراوە بە دیوە خراپەکەی بەکاری بهێنین و دواتر پەیامی خۆیان لە ڕێی خراپ بەکارهێنانییەوە بپێکن. خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان چەندی هەوڵیان دابێ کتێب قڕ بکەن و بسووتێنن، نەیانتوانیوە یادەوەری گەلان بسڕنەوە، چونکە بە سووتاندن و لەناوبردنی کتێبەکان، یادەوەری نەتەوە لەناو ناچێ. جارێکی دیکە دەپرسینەوە: لەو سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێتە کە دەتباتە ناو هەموو کونوقوژبنێکی ئەو دنیایەوە و هەر کوێت بوێت بۆ ئەوێت

**سەرنووسەر**

دەبات و دنیای بۆمان بچووک کردووەتەوە، ئایا لەم داوبارە نوێیەدا کتێب پاشەکشەی کردووە؟

* دەی باشە.. جارێ لە پێشەوە دەبێ بپرسین: دەکرێ ژیان بەبێ «خوێندنەوە» بهێنینە بەرچاوی خۆمان؛ ئنجا خوێندنەوەی سەر کاغەز، یان بەهۆی ئینتەرنێتەوە بێت؟ بێ گومان دنیای دوور لە خوێندنەوە، دنیایەکی تاریک و خۆڵەمێشییە و هیچ ئاسۆیەکی تێدا بەدی ناکرێ. ژیان تەنیا بەهۆی خوێندنەوەوە ڕەنگاوڕەنگ و جوان دەنوێنێ، هەر بەهۆی خوێندنەوەیشە کە ژیان مانایەک پەیدا دەکات، لە سایەی پەیدابوون و سەرهەڵدانی نووسین و دەرکەوتنی کتێبەوە، ئەو کەڵەکەبوونی زانیارییە هاتووەتە دی. هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە تا بە ئەمڕۆکەی دەگات، لەڕێی کتێبەوە وردبوونەوەی بەردەوام لەوەی پێوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە دەبینین، لەبەر هەندێ جارێ زۆر زووە لە ئێستاکەوە بێین و پێشبینی چارەنووسی خوێندنەوە و کتێب بکەین. پرسیارێکی لەو جۆرە کە دەبێ لە خۆمانی بکەین: (ئایا کتێب دەمێنێ، یان نامێنێ)، ڕاماندەکێشێتە سەر باسی ئەو مەعریفەت و هۆشیارییە نوێیە کە خەریکە دێتە ناو دەمارەکانی کتێبەوە، کە ئەویش سەرهەڵدانی وزە و توانایی ئەلکترۆنییە کە لە ڕێگەی تۆڕ و تەونی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێتەوە پێمان دەگات، چونکە زۆربەی نەوەی ڕابردوو و بەشێکی زۆری نەوەی ئەمڕۆکەمان تەنیا پێوەندییان لەگەڵ کاغەزدا هەیە و عیشق و ئەوینیان لەگەڵ کاغەز و چاپ زۆرترە. بەشێکی زۆریش لەو گیروگرفت و ئاریشانەی دێنە پێش نەوەی ئەمڕۆکە، هۆیەکەی بۆ ئەو قەڵەمبازە دەگەڕێتەوە کە یەکسەر ئامبازی ئینتەرنێت بوون و بێ دوودڵی دەسبەرداری کاغەز بوون، یان نەیانویستووە و هەوڵیان نەداوە لەسەر کولتوور و خوو و نەریتی خوێندنەوە ڕابێن، تا دواتر بەشێوەیەکی ئاسایی و هێدی هێدی پێوەندیی لەگەڵ ئینتەرنێتدا گرێ بدەن و دابمەزرێنن.

* ئایا نەوەی ئەمڕۆکەمان کە بە نەوەی کۆمپیووتەر و ئینتەرنێت ناسراوە، دەتوانن هەروا بە ئاسانی ماڵیی بکرێن و جارێکی دیکە بیانگێڕینەوە لای کولتووری کتێب خوێندنەوە؟ چۆن خوێنەرە تۆراوەکان لەگەڵ کتێب خوێندنەوەدا ئاشت دەکەینەوە؟ کە کتێب پەیامەکەی هێشتنەوە و ڕاگرتنی یادەوەرییە، ئایا دەتوانین بە زیندوویی و کاریگەریی خۆی بیهێڵینەوە؟ من هیچ کاتێک پێم وا نییە هۆبەلەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت ببنە جێگرەوەی کتێب و خوێندنەوەی کتێب، چونکە ئەو چێژ و خۆشی و خرۆشان و ڕامانەی لەکتێبەکانەوە بە دەستمان دەکەون، هەرگیز لە خوێندنەوەی سەر ئینتەرنێت بەدەست نایەن. بۆ نموونە قەت ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی وەک (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆیڤسکی، یان (دۆن کیشۆت)ی سرڤانتس، یان (موبی دیک)ی هرمان مرڤل وەردەگیرێن، لە خوێندنەوەی سەر شاشەی کۆمپیووتەر وەگیر ناکەون، با سەردەمەکەش چاخی خێرایی و سەردەمی ماکدۆناڵد بێت!. جیاوازی لەنێوان ئەو کتێبەی لەسەر کاغەز چاپکراوە و موتالای دەکەین زۆر زۆرترە لەگەڵ ئەو کتێبەی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەیخوێنینەوە. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لەلای ئێمەی کورد وەک هەموو گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات، بایەخدان بە کتێب و خوێندنەوەمان ڕووی لە کزی کردووە، ئەمڕۆش ئەگەر جموجووڵێکی خوێندنەوە هەبێ، پتر خۆی لە خوێندنەوە بە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەبینێتەوە، لەوەشدا خەتایەکە هی خۆمان و نەبوونی ئەو بەرنامەیەیە کە پێویستە هەمانبێ تا لە کتێب خوێندنەوە دوورمان نەخاتەوە. لێرەدا پێویستە لەوە ورد ببینەوە کە ئێمە داهێنەری ئەو تەکنۆلۆژیایە نین، لە ڕووی مێژوویشەوە لەپێش ڕۆژئاواییەکانەوە نین، کەوابێ بۆچی وەک ئەوان کتێب ناخوێنینەوە؟

* ڕۆژئاواییەکان کە خۆیان خاوەنی ئەو تەکنۆلۆژیایەن و هەر خۆشیان کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتیان داهێناوە، خۆشیان سالانێکی دوور و درێژ پێش ئێمە خاوەنی ئەو تەکنۆلۆژیایە بوون، کەچی ئەوان دەسبەرداری خوێندنەوەی کتێب نەبوون، ئێمە کە خاوەنی ئەو تەکنۆلۆژیا و مێژووەش نین، لووتمان لە کتێب خوێندنەوە هەڵکردووە و ڕوومان کردووەتە جۆرە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی و چەند بابەتێکی پچرپچڕی ناو ئینتەرنێت؟ خۆرئاواییەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆشترین کاتیان خوێندنەوەی کتێبە، کە لە هەموو شوێنێکدا؛ لەناو پاس و میترۆ و فرۆکە و کافتریا و شەمەندەفەر و قاوەخانە و...تاد هەر خەریکی خوێندنەوەن، ئەم خووەیان خووی منداڵیی و دەرورووبەر و قوتابخانە و ناو خێزان و کۆمەڵگای خۆیانە کە لەسەری ڕاهاتوون. مرۆڤ وەک چۆن پێویستی بە نان خواردن و ئۆکسجین هەڵمژینە، بەم شێوەیە پێویستی بە خوێندنەوەیە، کە خوێندنەوەش بۆ خۆی سرووتی خۆی هەیە و دەبێ کات و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و خێزانی و ئارامیی دەروونیی پێویستی بۆ فەراهەم بکرێت. بەداخەوە لای ئێمە خەریکە نووسەر و دەستەبژێرەکانیشمان ناخوێننەوە و خوێندنەوەیان نەکردووە بە (خوو) و بە کولتوور و وەک پێویستی نان خواردن و خواردنەوە و شتەکانی دیکەی ژیان سەیری ناکەن و بایەخی پێنادەن، بۆیە وەک دەبینین نەریتی خوێندنەوەمان پەرەی پێ نەدراوە، تەنانەت ئەمڕۆکە وەک خوێندنەوەی گەرموگوڕی سەردەمی پێش ڕاپەڕینیش نییە.

# زەریی بێشەڵان

نەژاد عزیز سورمێ

**(دەبوایە/بەبێی/من/خوێنپژانی/بێهوودەیی و/ دڵی/**
**ڕۆشنی/ پەپوولان و/ گیای/ کەسکتر/ ببینی../چ/**
**دەبوو/ ڕۆژگار/ لە/ دەنکە/ زەیتوونێک/ کۆبێتەوە../چ/**
**دەبوو/ ئەوەندەم/ خۆشنەویستبای؟/..)**
**لە ڕەشنووسی یەکەمەوە**

(١)
چڵی لە باڵی هەڵۆ دەچێ
سێبەری مەرگی ناگەهان
خۆهەڵتەکاندنی ژیان
درەختی ئەبەد..

(٢)
یەکەمین جارە قژ ببینم
ڕووەو کەشکەڵان تەرز باوێ

(٣)
هەموو جارێ شەڕ دەستی پێدەکردەوە،
سەری پەناگەمان
بەگەڵای ئەفسووناوی ئەو دەگرت.
لەگەڵ ئەودا
زەین دەمانباتەوە ماڵی یەکەم،
کە هێشتا نەکەوتبووینە (بیر)ی تاکایەتی



(٤)
ئەوە ڕەگ نین
ئەوە ئاوی ڕەوانە
لەژێر خاکدا،
خۆی لێک دەکێشێتەوە..
دیارە بە تەنیاییم دەزانی
باڵات دەدەیتە بەر خۆرو
یاریی بە ئەستێران دەکەی.

(٥)
کەپاڵ بەتۆوە دەدەین
دەبێ سیاسەتی چاوغایەنیی
لەبیر خۆمان بەینەوە.
ئەو پشکۆیانەی
لە ئێنجانەی گوڵاندا داڵدە دەدرێن

چاویان لەچاوی هیوا دەچێ..

(٦)
هەرچیم بێتەڕێ
پێش سەرەتا و دوای کۆتایی
لەسایەی تۆ
پیاڵەم هەرگیز بەتاڵ نییە.

(٧)
بەو ساردەکێڵە هەڵخەڵەتام
سێبەری تۆیان دەچووەوە سەر..
بادە تاوی بۆ نەهێنام
پێگوزەر چەپڵەی لێ کوتام،
نەرمەخوناو تواندمییەوە
ئەی ڕاز
ئەی هێرشی مەینەت
گەواڵەی بەلەنجەولار

(٨)
پێدەچێت لە باراندا ونبووبم
ئیتر کەس ناتوانێ تەڕم بکا..
هەڵەیەکی تفتە
ئاسمانی پاییز بەخۆتدا بدەی..
هەوارێکی شیرینە
هاوینی تۆزاوی بنێژی

(٩)
لێت نزیکم
هەست بەلێدانی دڵت دەکەم
وشە پێ ناوەستێ
وشە بەو ساتە شیرینە،
هێرشبەرانە ناوەستێ.
هیچم بۆ لێک مەدەرەوە
هەست بە لێدانی دڵت دەکەم و بڕایەوە..

(١٠)
نیشانە ڕاست نەبوو
دڵی من بوو بریندار
سڵاو برادەر
دەبینی پێک دەگەینەوە.
بایی خۆمان ژیاین
بایی خۆمان پێکەنین، گریاین
داخ کە نەمانتوانی
بایی خۆمان ڕاستگۆبین..

**تەمموزی 2010**

# سەما

هیرۆ کوردە
(کەرکووک)



دوو دەستی تەڕ
تا سەر سینگ و کەمەرم دێن
کراسێکم لەبەردایە، کورت وەک تەمەنی پەپوولە
تەنک وەکو ئاو
بارانەکە تەڕم دەکا
تۆ مەشڵەژێ


سەما دەکەم
تۆ بە دڵ پێ بکەنە
سەما دەکەم،
تۆ چاوم لێ داگرە
سەما دەکەم...
وێنەی جەستەی ڕووتم بگرە
پشتی ملم شێدارە
لێوەکانی تا سەر ملم دەکشێن
پاییز مەستم دەکات
کە بارانەکە تەڕی کردم، تۆ تەنیا قژم بسڕە
ژیان بەو هەموو هێزەوە، بەرگەی کرانەوەی قۆپچەکانم
ناگرێ
هەمیشە مەڵێ:
تۆ لە وێنەکاندا جۆرێکی
لەنێو تابلۆی سەماکانت، لە گوڵێکی تەڕتر دەچی
لە بەردەم پەنجەرە ڕەنگێکی و
لە دەرگادا کتومت لە پاییز دەچی
بارانەکە دادەکات
کراسەکەم تا سەر ئەژنۆکانم هەڵدەکشێ
«با» پەلامارم دەدا
لەژێر ڕێژنەی ئەم موزیکەدا چاوەکانت تەڕترن
دەستەکانت جەستەم دەپشکنن
من دەزانم دڵت خێراتر دەیکوتێ
کە سەما دەکەم
کاتژمێرەکان ئەرکی خۆیان بیردەچێتەوە
غەریبێک بۆ سەما بانگم دەکا
من ناوی خۆمم لێ ون دەبێ
هەموو ئەستێرەکان ئی منن
ئەم قسەیە لە گەشبینی دزراوە
دەستەکانت لەنێو پرچمدا جێماون
لەمە بەدوا بۆ دڵیشت مەگەڕێ
کە غەریبێک ڕووتم دەکاتەوە
قورگم پڕ لە بۆنی گوڵ دەبێ
کە تۆ جلەکانم بۆن دەکەی
ژیان فێی ڕووتبوونەوە دەیگرێ
کە غەریبێک بۆ سەما بانگ دەکا
هەموو شتێک ڕەنگی من دەگرێ
هەموو شتێک.

٢٠١٠/٨/٤

# مەڵێ ڕوح لە کوێی جەستەیە

چنار نامیق

ڕوحم دێشێ
مەڵێ ڕوح لە کوێی جەستەیە
گەر دڵ لە قەفەسی سینگدا زیندانی بێ
مەڵێ ڕوحیش بە دەوریدا هەڵەتەیە
ڕوحم دێشێ
لەو ڕۆژەوەی فنجانەکەم سەرەوخوار کرد
ژێر فنجانەکەی پڕ کردم لە قاوەی تاڵ
نیگاکانم وەکو سیمای قاوە گرەوەکە شڵەژا
پێیان سەیر بوو
تەنها قاوەکەی من ڕژا
نەمدەوێرا بێژم بەدوای خۆمدا دەگەڕێم
ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێم
ئەستەمە بیدۆزمەوە..
مەحزێ نێو نامۆییمەوە
با پڕ نەبێت لە غەریبی و بۆنی خەم و تامی سوێری
کە دڵم ئەوینی لێدەڕژێ
وامەزانە ئەوین دەگرێ
ئەوساتەشی گوڵی خەندە لە نیگامدا چرۆ دەکا
هەڵدەوەرێ
نەئاشتیم بردەوە، نەجەنگ
نە شادمانی، نە عەشق
نەچۆڕێ شەرابی ئەوین لە جۆگەی دڵ لەنگەری گرت
نەئەوەشم دۆزییەوە بەدوایدا گەڕام
سەیر نییە گەر جێت بێڵم
ژیان خۆی بیابانێکە
ئەو دەمەشی کە سەوز دەبێ
ڕێ لە سەمای تەرزی درەختەکان دەگرێت
لەو ساتانە شیرینتر نیت
ئەندێشەم وەختە گوڵ دەگرێت
بە پەیڤێک دەیگۆڕێت بە خەم
سۆمام بۆ عیشق دەڕوانێ دەیکەی بەتەم
ترپەکانی دڵم هێدین، لە پڕ دەیهێنیتە خورپە
نەئاشتیم بردەوە، نە جەنگ
ئاخر بۆ دەبێ نەدۆڕێم
لە کاتێکدا هەرگیز ناخوازم بجەنگم
لە هونەری سەرکەوتندا نەشارەزام
دەتەوێ ئاشتت کەمەوە
بە تەنها خۆت دەجەنگیت و
هەر خۆتیشی جەنگ و ئاشتیش دەبەیتەوە



# لۆڤەڤین

مەم باوەڕ
(بسملێ)



ئەز بەزا هەسپێ کۆمێتم، ل سەر سینگا تە ئەڤین!
ئەز چیرۆکا وەلاتێ بێ سعوودم، ل بنێ چەنگێ تە ئەڤین.
تو هەمووو تاهما مژاندنا لێڤێن دەقدایی و شینۆکی.
کو مینا زارۆکەک نووزایی، د ناڤا گرینەکە بێهنچکیایی دە
دغەرکی ل سەر گیانێ منێ لەرزۆکی.
مینا پێسیرا دایکا خوە، تە ئەز هەمبێز دکرم ئەڤین.
ئەز دەمسالەک بیهنەخۆک و عەمرکنم ئەڤین
ئەز شاشکەکە شینم، ژ بۆ شینا شۆڕەشگەرەک
شێرگەلە مە،
ب شد هاتمە گرێدان ئەڤین.
ئەز دینم، ئەز ڤینم، ئەز نینم ئەڤین.
ب سەرێ تە سۆندان دخوم ئەڤین.
دیمەنەک هەزار وەسلە مە ئەز ئەڤین، دچاڤێن کچێن
خاما دە.
هەر حەزکریەکە من،
ل روویێ منێ قەرقاش،
وێنەیێن خەیالێن وەلاتێ خوە، پێن هونگڤین دخێزاند.
ل گۆری دلێ خوە
ل گۆری رەنگێن خوە
هەر ئەڤیندار مینا دایکەکە پۆلێچەک
ب گەرماهیا رحێ خوە یێ حەنوون
ل سەر دەرگووشا لنگێن خوە دلۆراند ئەڤینا خوە.
و د هەر ئەڤینەکە جهێڕەنگ دە، چەرمێ خوە د گوراند
دلێ من.

سۆر
سپی
رەش
شین
د هەر بێداوییبوونا ئەڤینەکێ دە
کۆنێ شینێ دهاتە دانین ل سەر خۆپانا چەرمێ دلینێن
گوراندی.

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (مەلاییکەتا دیل) رووپەلێن (١٦-١٧) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل دیاربەکر هاتیە چاپکرن. هەژیە بێتە گۆتن کو مەم باوەڕ ل سالا (١٩٧٣)ێ ل گوندێ (سافیا) سەر ب بسملێ ژ دایکبوویە و ل سالا (١٩٩٧)ێ خویندنا خوە ل زانکۆیا دیجلە- بەشا پەروەردەیی ل دیاربەکر تەمام کرییە.**

## ئە=م ج٢ / ئەڤین = مرن. جرم٢

تو هەمبێزکرنا ژ دلی
تو بارانا دەرەنگمایی ژ بۆ زادێ حەزکرنێ
توخەونا زارۆکێن ڤاهمکۆری
تو پسیکا ئەرفتی یا کۆلانێن بەختڕەشی

# (ده) چوارینەی ڕاستەقینەی خەییام

**لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی**



١

دانەی ئومێدیش لە خەرمان دەمێنێتەوە
کەچی باخ و تەلار بێ مەن و تۆ دەمێننەوە
سا زیو و زێڕت لە دەرهەم تا دەنکە جۆیە
وەل دۆستا بخۆ، دەنا بۆ دژمن دەمێننەوە

٢

ئەوانەی لە بیابانی هۆیەل تەراتێنییانکرد
نەپەرژان هەموو ئەرکێن ڕاپەڕێنن
وا ئەڤڕۆش بیانوویەک ڕادەوەشێنن
کە سبەینێ هەر ئەوەیە وا دوێنێ چێیانکرد

٣

مرۆڤ بە ئازارکێشان، دەچنێ ئازادی و ڕزگاری
تنۆکەئاسا کە لە بەندیی لەپکەیا دەبێتە مرواری
ئەگەر سامان تیابچێت، لێ سەر بمێنێتەوە
لیوان شبتی بەتاڵ دەبێت، وساش تەژی دەبێتەوە

٤

گەرچی ئازار و خەمم درێژەیان هەیە
شادی و کەیفی تۆ سەرفرازییان هەیە
پشت بە دنیا مەبەسە، کە چەرخی گەردوون
لەپشتی پەردەوە هەزار جۆر وازی هەیە

٥

ئەوانەی پیربوونە و ئەمانەی کە گەنجن
هەریەکە و هەڵپەیەتی بۆ مرازی خۆی
ئەم کۆنە جیهانە بۆ هیچ کەس نامێنێتەوە
چوون و دەچین، دیکەیانیش دێن و دەچن

٦

لە دنیا کە ئاوازی گوڵی پشکووتوو دەپەخشن
فەرمانی تۆیە بتا مەی بە پێوانە دەبەخشن
سا لە پەری و تەلار و بەهەشت و دۆزەخ
دەست بشۆرە، کە هەر دەنگدار و بێ ڕەنگن

٧

جیهان گەر لە پێناوتا ئارایش دەکەن
جا بزانە کە ئەروەندان بڕوای پێناکەن
فرە شبتیت کۆچیان کردووە، فرەش دێن
سا بەشی خۆت ڕاپسکێنە، دەنا دەیلووشن

٨

یەکێک دەهێنرێ و دیکە دەڕفێنرێ
هەموو ڕاز بۆ هیچ کەسێ نەکفشاوە
جگە لەم ڕادەیە ژ یازیمان نەدرکێنراوە
چکو پێوانەی تەمەنمانە وسا پەیمانە دەکرێ

٩

بە هاوردنم گەردوون هیچ سوودی نەبوو
لە بردنەوەشم شکۆ و مەزنیی هیچ پتر نەبوو
لە کەسێکیش بەم دوو گوێمە نەژنەفتمە
کە هاوردن و بردنەوەم لەپێناو چ بوو؟

١٠

گەر ڕێگای قەلەندەریی نەپێوی، نابێ
گەر ڕووت بە خوێنی دڵ نەشۆری، نابێ
تاکەی شبتی دڵسووتاوان پەژارەبار دەهزری
ئازاد نابیت، گەر لە خودی خۆت وازنەهێنی

**فەرهەنگیلە و پەراوێز:**

وەل: لەگەڵ/ هۆیەل: هۆیەکان، ئەسباب/ کارەیل: کارەکان، ئیشەکان/ چێبیانکرد: دروستیانکرد، ڕایانپەڕاند/ لەپکە: گوێچکە ماسی، سەدەف/ شبتی: وەک، میناک/ وازی: بازی/ دیکەیان: ئەوانی تر/ ئەروەندان: ئاوەزمەندان، عاقڵان/ نەکفشاوە: کەشف نەبووە،نەدۆزراوەتەوە/ یازی: سەرنوشت، چارەنووس/ چکو: چونکە/ نەژنەفتمە: نەمبیستووە/ دەهزری: تێدەفکری.

* * *


دەرهەم و دەنکە جۆ: دەرهەم: لەو سەردەمانە، دەرهەمێک ٨دانق بووە و دانقێک ١٠ دەنکە بووە.

لەپکە و مرواری: بەپێی بیروباوەڕی پێشینان، تنۆکە ئاوی باران لە ناخی لەپکەدا دەبێتە مرواری.

قەلەندەری: تایفەیەکی سۆفییە، دەڵێن بەشێکن لە (مەلامەتی)، گەلێک بێ پەروابوون و پابەندی دابونەریتی کۆمەڵگا نەبوون، بە مەینۆشی و کەیفخوازی شۆرەتیان باو بوو.

**ژێدەر:**

دانشنامەء خیامی، به اهتمام: رحیم رضا زاده ملک، چ١/ تهران/ ١٣٧٧ش.



# سەفەر

**ک. د. ئازاد**
**(بانە)**

هەر دەنگی زەنگی دەرگا هات، دڵم داخورپا! دایکم چوو درگای کردەوە، چاوم لێ بوو، لە حەسارێ دەگەڵ دایکم دەهاتە ژوورێ!

سێ مانگ بوو مارە کراوی «سەردار» بووم. تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگار مەودای نەدابوو، زەماوەند بکەین و بمگوێزێتەوە! ئەو مامەڵەچی بوو، منیش دیپلۆمم وەرگرتبوو. سەرەڕای هەموو ئەوانە؛ کوڕێکی ڕێکوپێک بوو، زۆر بە ڕێزەوە دەگەڵم دەدوا. نازانم بۆ تا دەمدی دڵم دەکەوتە لێدان! زۆرم خۆش دەویست! زۆریشی لێدەترسام!

– سڵاو نیشتمان! چۆنی؟

دەستی درێژ کرد تا دەگەڵم دەست لێکداتەوە. لە دایکم شەرمم دەکرد، بەڵام ناچار دەستم درێژ کرد و تەوقەمان کرد!

– زۆر مەمنوون! باشم!

لە دیوی نشیمەن، دایکم دوو بە دوو بەجێی هێشتین!

دەستی ژێر چەناگەی دام و سەری پێ هەڵێنام و چاوە ڕەش و جوانەکانی لەچاوم بڕی!

– ئاخ نیشتمان! بەس ئەم جارە بگەڕێمەوە! هەموو شتێک جوور دەکەم و زەماوەند دەکەین! خەم مەخۆ!

سمێڵێکی قەترانی، قەیتانی و جوان لە پشتەوەی لێوە گۆشتنەکانی زۆری منداڵانەتر دەنواند!

بە عاستەم ناوچاوانی ماچ کردم! پاش ماچەکە دەتگوت گۆنگەی ئەستێرەیەکیان بەرداوە؛ عارەق تک تک لە ناوچاوانییەوە بەرەو چەناگەی کەوتە ڕێ!

هەردوو دەستی لەناو دەستەکانی گرتبووم قسەی بۆ دەکردم:

– سەفەرێک دەکەم بەرەو «سولەیمانی»! هێندێک قەرز و قۆڵەم هەیە، وەریاندەگرمەوە، کەمێکیش کەلوپەل بۆ خۆمان دەکڕم!

لەو کاتەدا دایکم لە دەرگای دا! خێرا لێک جودا بووینەوە! دایکم بە کەشەفێک میوە و شەربەتەوە هاتە ژوور!

– ئێستا چایەکەش حازر دەبێ!

من سەرم داخستبوو! نەم دەوێرا چاو لە چاوەکانی دایکم بکەم!

– ئامۆژن گیان! توخوا دانیشە. خۆ من میوان نیم! خەجاڵەتم مەکە! دایکم هات و لە پەنا سەردار دانیشت!

– نا ڕۆڵە گیان تۆ میوان نی! عەزیزی منی! ماڵی دنیایە ئەرزشی چییە؟ هەمووی بە قوربانت بێ!

دایکم و سەردار خێرا خێرا نانیان بە قەرز دەدا بە یەکتر و بەیەکتریان هەڵدەگوت!

بە فورسەتم زانی، هەستام و چوومە دیوی چێشتخانە و لەبەر ئاوێنە دەستێکم بەسەر و چاومدا هێنا. دەستم تەڕ کرد و بەسەر چاوامدا هێنا و چاوێکی کرپارانەم لەخۆم کرد و گەڕامەوە. دایکم دووبارە بەجێی هێشتین! سێوێکی دوو لەت کرد و لەتێکی بۆ من ڕاداشت و لەتەکەی تریشی دا بەر گاز و قەپاڵ!

لەتە سێوەکەم لێوەرگرت و هێواش هێواش وەک وی دەستم کرد بە خواردن. لە ڕۆیشتندا هەردوو هەستاین. ئەو بە ئەندازەی بستێک لە من بلەندتر بوو! کە لێک نیزیک دەبووینەوە، من ناچار تێم هەڵدەڕوانی و سەرم بەرز دەکردەوە و ئەویش دادەمووکایەوە!

هەردوو دەستی لەناو قەدم توند کرد و بەرەو لای خۆی ڕایکێشام. سەرم کردە سەر سنگی و ئارامم گرت!

هەموو جارێ دایکم بە ئەنقەست بەجێی دەهێشتین.

دەستی بە قژ و گەردنمدا هێنا و منیش وەک کێشکەیەک کە چاوی هەڵۆ ئەفسوونی کردبێ، بێ دەنگ خۆم دابووە بەر دەستی سەردار!

جار جار لێو و چەناگە و کوڵمی ماچ دەکردم. منیش لە خودام دەویست! بە هەر ماچێکی هەنگاوێک لە عەرشی خوا نیزیک دەکەوتمەوە! پێم خۆش بوو ئەو حاڵەتە تا قیامەت دەوامی بوایە! بەڵام حەیف دەنگی کۆکەی بە ئەنقەستی دایکم لێکی جودا کردینەوە!

هەردووک، حاڵەت چاو و ڕوخسارمان گۆڕابوو!

دایکم، وەک هەموو دایکێک، بەو گۆڕانەی زانی!

– بۆ کوێ هەستاوی؟ دەبێ ئەم ژەمەمان لا بمێنییەوە! ئێستا حاجیش دێتەوە. محەمەد گیانیش بۆ ماڵی گەلاوێژی خوشکی چووە، هاکا ئەویش هاتەوە! سەردار، لە کاتێکدا دەنگی لە شەرمان دەلەرزی گوتی:

– ئیشاڵڵا بۆ وەختێکی تر. سەفەرێکم لەبەرە کە هاتمەوە بە ئیجازەی ئێوە، زەماوەند دەکەین! هەر بۆ ئەوەش هاتبووم ئیجازەتان لێوەرگرم!

– ئیشاڵڵا، ئیشاڵڵا! بەخێر بچی و بە سەلامەتی وەگەڕێی!

سەردار دەستی دایکمی ماچ کرد و دایکیشم هەردوو چاوی ماچ کردن!

دەگەڵ منیش دەستی لێدایەوە و خواحافیزی کرد!

تا بەردەرگا دەگەڵی چووین!

– خوا حافیز...

– بەخێر چی! بە سلامەت!

* * *

«نەجات»ی برای سەردار کوڕێکی خوێن شیرین بوو. هەمیشە دەهات و سەری لێدەداین. هەموو جارێکیش میوە و شیرینی و جارجاریش دیارییەکی چکۆلەی بۆ دەهێنام. هەموو جارێکیش دەیگوت:

– نیشتمان خان! زوو کەن زەماوەند بکەن تا نۆرەی منیش بێ! دوایە قاقا پێدەکەنی!

* * *

دوو ڕۆژ بوو سەردار ڕۆیشتبوو. لێی بێ خەبەر بووم.

دڵم زۆر ناڕەحەت بوو. نەشمدەزانی بۆ! لەخۆوە دڵە خورپەم بوو. دەمگوت سەردار نابینمەوە! خۆشم نەمدەزانی ئەو خەفەت و ناڕەحەتییە چییە وا دڵی خستوومەتە لەرزە!

ئێوارەبوو لە زەنگی درگایان دا. دایکم درگای کردەوە. زۆر لەبەر درگا ماتڵ بوو. پاشان وێڕای نەجات هاتە ژوورێ!

نەجات ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو!

– ئەیەڕۆ کاک نەجات ئەوە چییە؟ بۆ ئاوای؟

چاوە خەمگینەکانی لە چاوم بڕی و هیچی نەگوت. تەماشای دایکم کرد. ئەویش لە نەجات خراپتر بوو!

هەستم بە وەیشوومەیەک کرد! خوایە چی قەوماوە؟
خۆم پێ ڕانەگیرا، هاوارم کرد:
– نەجات چی بووە؟ چی قەوماوە؟ خەبەرێک لە سەردار هاتووە؟
ئەو ڕێیە هەمیشە پڕ مەترسی بوو. لە ڕێگای سنوور جاری وابوو دەکەوتنە سەر مین، تەقەیان لێ دەکرا! گیران و کوشتنی پێوە بوو!
نەجات بە قورگی پڕ گریانەوە گوتی:
– سەردار و هاوڕێکانی دەکەمین کەوتوون! سێ چوار نەفەریان بریندار بوون.
دوو نەفەریان کوژراون! ئێستا سەردار لە خەستەخانەیە!
– ماوە؟ ها؟ ماوە؟
نەجات سەری ڕاوەشاند و دەستی بە گریان کرد!
لەوکاتەدا باوکم هاتەوە، ڕەنگ بزڕکاو!
خۆم پێ نەگیرا و بە گریانەوە خۆم لە باوەشی باوکم هاویشت. هەموو دەستمان بە گریان کرد!


* * *

بەیانییەکەی تەرمی سەردارمان لە ساردخانەی بیمارستان وەرگرتەوە و لە گۆڕستان ناشتمان! ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی من بوون!

* * *

«سەردار»، لە بێشکەدایە! چاو و برۆ ڕەش! دەم بە پێکەنین! بە دیتنی ئەو هەموو ڕابردووم دێتەوە یاد! ڕابردووی خۆش و ناخۆش! هەر ئەو سەردارە چکۆلە، مەرهەمێکە بۆ دەرد و زامی ڕابردوو و کۆستی سەرداری خۆشەویستم!
دوای مردنی سەردار، ماوەیەکی زۆر دانیشتم! لە ساڵڕۆژی مەرگی سەرداردا، باوکی هات و خوازبێنی لە من کرد! بۆ نەجات!
ئێستا بەختەوەرم! نەجات ڕووخۆش و میهرەبانە! قەت ناهێڵێ ناخۆشی تاوێک ڕوو لەماڵمان بکات!
وێنەی دەزگیرانیەتی من و سەرداری گەورە کردۆتەوە و لە ماڵەوە هەڵیواسیوە. دەزانێ چەندە سەردارم خۆش دەوێ!
ئاخ زەمانە چ کایەی سەیر و سەمەرەی لایە! ئاخ!

**٢٠٠٠**



# هەڵفڕینی دیدەن

**ڕێبین ئەحمەد خدر**

بەیانییەکی ساردبوو، هاتوهاوار کەوتە گەڕەکەکەمانەوە. کوڕە بچکۆلەکەم هەموو جارێ کە ئەم باسە دەگێڕێتەوە دەڵێ "پشیلەیەکی سپی چەقۆیەکی دەخوارد" ئەم چەقۆیەی ئەو باسی دەکات ئێمە لە دەستی مام ناشی نانەوامان دەرهێنا. خوشکە چاوجوانەکەی نانەوا بەدەم گریانەوە دەیوت "کاکەم.. دەیویست.. ئەویش دەیویست.." هیچ جارێک ئەوەی بۆ تەواو نەکرا بڵێ "ئەویش دەیویست خۆی بکوژێ".. تەرمی ژنەکە هێشتا لەگەڵ ژیاندا پێدەکەنی، بە سەرچەفێکی ڕەش دایانپۆشیبوو، وا دیاربوو ئەم داپۆشینەش هەر کاری خوشکە جاحێڵەکەی نانەوابوو، لە دادو ترسان و پەشۆکیدا نەیتوانیبوو قاچە ڕووت و سپییەکانی ژنەی مردوو داپۆشێت. ئەو ژنانەی توانیبوویان بگرین جێگایەکی باشیان لە دەوری تەرمەکە بۆ خۆیان دابین کردبوو. ژنێکی لاوازی چاوتیژ بە هاوار و گریانەوە دەیوت "چارۆگەت بەست و گۆزەکەت شکاند، چۆن دەستت گرتی چۆن گوڵت خنکاند.." لەگەڵ ئەوەشدا کە لەنێو ئاپۆرەی دەرودراوسێیاندا باسی خۆسووتاندن دەکرا، بەڵام سەردولکەی ژنە چاوتیژەکە ئەوەی نیشانی ئێمە دەدا کاری خۆکوشتنەکە جۆرێکی تربووە.

دیدەن کەمەر بەقاڵ سێیەم ژنی ناشی نانەوابوو، لە دوای ئەو، ژنەی نانەوا هاتبوو کە بێ جیابوونەوە و دەست لێکبەردانێکی تەواو، بەبێ پرسماڵەکەی جێ هێشتبوو. ئەمەش چەکێکی باش بوو بۆ خەڵکی گەڕەک تاوەکو هەمیشە کەسێک بدۆزنەوە بە پرسیارەکانیان سەخڵەتی بکەن "مام ناشی لە ژنەکەت دەنگوباسێکت نییە؟ هێشتا نەهاتۆتەوە؟" ئیتر ئەم ژنەی ئاوا ڕۆیشت و هەواڵی وا هەیە لەگەڵ ماڵە باوانی ڕۆیشتبێ بۆ ئێران. حیکایەت نابڕێنەوە ، بە تایبەت ئەگەر حەقیقەتەکە ون بێت. باسی ژنی یەکەمیشی زەحمەتی ناوێت بەسەر منداڵەوە مرد و منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی برد. مام ناشی تەمەنی نزیک لە پەنجا دەبێتەوە و لەنێوان مردن و دابڕان و ئازارێکی

سەختدا دەژی، بە تایبەت دوای لەدەستدانی دیدەنی هاوسەری، لەدەستدانێکی سەمەرە کە هەر ڕۆژی دواتر ئەوی تووشی ئیفلیجی کرد و بە تەنهای هێشتەوە.

لەوە دەچێت ژیان تەنها لەناو یادەوەریدا بوونی هەبێت، ئەگینا بۆچی مام ناشی ئێستا کە لەسەر جێگاکەی کەوتووە و خوشکە جاحێڵەکەی کە تەمەنی خەریکە لە سی ساڵیی تێدەپەڕێ و شووی نەکردووە خزمەتی دەکات، بەم ئازارانەوە کە ئیفلیجییەکەی تووشی کردووە باشتر تام لە ژیان دەکات. چۆن باشتر؟ ئەو پێشتر هەردەم لەنێو کار و زەحمەتیدا بوو، بیری لەو هەموو شتانە نەدەکردەوە کە لە ژیانی ئەودا بوونیان هەبوو. تەنانەت ئێستا باشتر لە شتەکان تێدەگەیشت، زیاتر لە دڵی ئەو سێ ژنەش دەگەیشت کە تۆسقاڵێک لە یەکتری نەدەچوون. ئێستا ئەو دوای ئەوەی هەرسێکیان جێیان هێشتبوو، لەسەر تەختەی نووستنەکەی ئاسانتر و ڕوونتر وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لەوەختی خۆیدا هەریەکە لە ژنەکان لێیان کردبوو. بۆ نموونە شەوێک کە نەخۆش بوو، ژنی یەکەمی – هەر ئەوەی بەسەر منداڵەوە مردبوو.. لێی پرسیبوو "ناشی گیان گەر تۆ بمری من چیم بەسەردێ؟" ئەو لەو کاتەدا دەستی خستبووە سەر ناوچاوانی بە پێکەنینەوە پێی وتبوو "کەس بە تاولەرزێک مردووە بە قوربان؟". ئەمێستا ئەو وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە بە باشتر دەزانێ "گەر بمرم، حەزدەکەم لەبیرم بکەیت و بۆ خۆت بژی". بۆ ژنی دووەمیشی لەم جۆرە وەڵامانەی هەبوون، چونکە ئەو بەردەوام سەرکۆنەی کردبوو بەوەی کە ناتوانێت ئەو ژنە لەبیربکات کە غیرەتی ئەوەشی نەبووە منداڵەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ و تەنها خۆی بمرێ. "ئاخر مردن لە دەست مرۆڤدایە کچی شەیتان؟" ناشی ئەمەی دەوت و.. ئەو دەیپرسی "ئەی تۆ بۆچی بە دیار ڕەسم و یادگارییەکانی ئەوەوە دادەنیشی و هیچ هەست و سۆزێکت بۆ من نییە؟ بۆچی مردوویەکت خۆش دەوێ و من نا؟ بۆچی منداڵێکت خستە هەناوی ئەوەوە و هی من نا؟ ناشی لە وەڵامی چەندان پرسیاری تردا ئەمەی هەمیشە دەوتەوە: "منداڵ کاری ئێمە نییە دارکونکەرە، ئەوە کاری خوایە".

لەسەر تەختەی نووستنەکەی بیر لە پرسیارەکانی ژنی دووەمی دەکاتەوە، چونکە ئەو بەردەوام بە لێشاوێک پرسیارەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە، نەیدەتوانی وەڵامەکانی ئێستای کورت و کەم بن. ناچار لە خەیاڵی خۆیدا ڕووی تێدەکرد و پێی دەوت " ئەو قسانەی تۆ دەیکەی تەنها گومانی خۆتن و بەس، ئەی ئەوە نییە من کار بۆ تۆ دەکەم و تۆ لە باوەش دەگرم؟ خوا یاربێ منداڵیشمان دەبێ، بەڵام تۆ تەنها لە خەمی خۆتدایت و.. " لەوێدا ناشی چیتر نەیدەتوانی بەر لە پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی ژنێک بگرێ کە ڕۆژێک بە بێ ئاگایی ئەو ماڵەکەی جێ هێشتبوو، نەشیدەتوانی چاوپۆشی لەوە بکات کە لەگەڵ ئەودا هەمیشە باسی ژنەکەی تری کردووە و شەوانیش بەدەم سەیرکردنی وێنەکانیانەوە گریاوە و وتوویەتی " فریشتەبوو، هەڵفڕییەوە بۆ بەهەشت" مام ناشی نانەوا هەرکات دەکەوتە خەیاڵی دیدەنی هاودەمی ژیانی، ژنەکانی تری دەخستنە لاوە، بە گوناهێکی گەورەشی دەزانی لە بیرکردنەوە لەوان، بیر لە دیدەن بکاتەوە.

بۆ ناشی ئاسان نەبوو قسەیەکی دیدەن بەبیر خۆی بهێنێتەوە و لەخۆشی ڕانەدەبینی وەڵامی شتێک بداتەوە کە ئێستاش تەنها لە بەرانبەریدا هەست بە شەرمەزاری دەکات. ڕاستییەکەی دیدەن بەوە ئازاری دەدا کە لەبەرانبەر کارەکانیدا هەردەم بێ دەنگ بوو، لەم بێ دەنگییە دەترسا. لەمێشکی خۆیدا دەیوت " ئافرەت بێ دەنگ بێ، دۆزەخێک بە دەنگ دێ" ئەو دەیزانی دیدەن بەنهێنییەکانی ئەوی زانیوە بەتایبەت دوو هەفتە بەر لە کاری خۆکوشتنەکەی، بەڵام هێشتاش وەک دزێک لە شەوەزەنگدا شتەکانی دەستی بە ترسەوە بداتەوە خاوەن ماڵ، ئاوا دەیویست ئەوەی کردوویەتی بە مردنیش بێ، خۆی پێی بڵێ، چونکە ڕێگایەک بۆ بێ دەنگ کردنی نەمابوو، ئەم بێ دەنگییەی هەموو شتێکی دەوت، ئەم بێ دەنگییە بێ دەنگ نەبوون بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەیوت " دیدەن نەخۆشیت؟ بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی؟ لەمن تووڕەی دیدەکە؟" دیدەن هەر بێ دەنگییەکەی خۆی پاراست، تەنها جارێک لەو کاتەی خەریکی ئارد و هەویرەکە بوون لە ماڵەوە.. وتبووی " ناشی ئەم نانە بە ئاسانی حەڵاڵ نابێ، ئەوەی نان دەکات، دەبێ بیر لە هەموو خەڵکەکە بکاتەوە" ناشی لەوێدا تووڕەببوو و ئاردەکەشی ڕشتبوو، هەزار جوێنی پیسیشی بە دیدەن و خوشکە جاحێڵەکەی دابوو "ئێوە وەک سەگ نانتان دەخرێتە بەردەم و منیش فێری ئەخلاق دەکەن؟ من نەبم ئێوە چین؟" ڕاستییەکەی ئەو جوێنانە تەنها بۆ دیدەن بوون ، بەڵام بۆیە خوشکەکەیشی خستبووە پاڵ ، نەوەک دیدەن تووڕەبێت و لە وەڵامدا بڵێت " تۆ نان دەدەیتە ئێمە و بەخێومان دەکەیت، یان داوێنی شەیتانیت لە ڕابواردن لەگەڵ ئەم و ئەودا دەحەسێنییەوە؟ تۆ سەگیت و من بەهیچ نازانی.. تۆ دوای نامووسی خەڵک کەوتووی و بەخۆیشت دەڵێی نانەوا؟ ئەم نانە حەرامە و ئێمە و ئەو خەڵکەی لێشی دەخوا، نەفرەتە دەیخۆین.

ناشی لەناو جێگادا و بە نەخۆشییەکی کوشندەوە،

کاتێ دیدەن دەکەوتەوە خەیاڵی، وەڵامێکی پێ نەبوو، لە بەرانبەر ژنەکانی تردا پاساوێک و دووانی هەبوون، بەڵام لە بەرانبەر دیدەندا تەنها هەستی بە تاوان دەکرد، ئەوەی ئازاریشی دەدا ئەوەبوو هێشتا لە تاوانەکەی تێنەدەگەیشت. دەڵێی لەگەڵ نەمانی دیدەندا ، تێگەیشتن لە تاوانەکەش نەمابوو. ئەو ئێستا ئیتر هەستی دەکرد لەگەڵ ژنەکانیدا دەژی و بواری ئەوەشی هەیە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، بەڵام دیدەن هیچی نەدەوت، ئێستاش هەر بێ دەنگ بوو. ڕۆژانی مام ناشی نانەوا ئاوا تێدەپەڕین و ئێمەش بەپێی توانا جار جار سەرێکمان لێدەدا و بەپێی ویژدان پارە، یان هەر شتێکی ترمان لەنزیک سەرینەکەی بەجێ دەهێشت. ناشی نانەوا خوشکە جاحێڵەکەشی کردبووە بەشێک لە خەیاڵ و گالیسکەی حیکایەتەکانی خۆی. چەندان جار بانگی دەکرد بۆ ئەوەی چۆنیەتی خۆکوشتنەکەی دیدەنی پێ بگێڕێتەوە. " گوڵە جوانەکەی کاکە" کچەکە بە نازەوە دەیوت " بەڵێ کاکەی من" ناشی هەردوو دەستی دەخستنە سەر سکی و وەک ئەوەی نوێژ بکات " کاکەی تۆ دەیەوێت بۆی بگێڕیتەوە دیدەن چۆن لە بەیانیدا وەک کۆترێک هەڵفڕی.. کاکەی تۆ ئەوەی دەوێت.. " ئەویش بەبێزاری و شەرمەوە " کاکە ئەمە سەدجارە بۆت باس بکەم.. سەد جارە" ناشی دڵۆپێک فرمێسک دەکەوتە ژێر چاوەکانی و کچەکە دەستی پێدەکرد " بەیانی بوو، تازە لەخەو هەڵسابووم. بینیم سەماوەرەکە داگیرساوە.. سۆراخی براژنم کرد و بانگم کرد دیار نەبوو، وتم ڕەنگە چووبێ شت بکڕێ... بەخوا وامزانی چووە بۆ شت کڕین.. کەمێکی تر چاوەڕێ بووم دیار نەبوو، ناتوانم... چوومە ئەو دیوی باخچەکەوە.. براژنم وەک ئەوەی لە سێدارە درابێ.. بەملەوە، کاکە ڕێک بەملی بە قەدی دارتووەکەوە هەڵواسرابوو.. ڕەنگی ڕەش داگەڕابوو.. شتێکی وەک خوێن لە دەمی دەهات.. ئیتر ناتوانم کاکە.. پەتێکی لەگەڵ تەلی تەلەفۆنەکە لێک ئاڵاندبوو... کاکە ئاوا هەڵفڕی ئاوا..".


ئیتر ئەم مام ناشی نانەوایەی کە بە گاڵتە و جەفەنگەکانی نۆرەی نانکڕەکانی دەخستە پێکەنین، بە خێراییەکی زۆر خەریک بوو پیر دەبوو، لەنێو جێگادا شێوەی پیاوێکی دەدا وەک ئەوەی لە ژیانیدا بۆ چرکەیەک ساغ نەبووبێت. ئەو قسانەشی لە دەست دەچوون کە ئەوانەی دەهاتنە نانەواخانەکەی لەبەریان کردبوون "ئەم نانە بخۆی دەبیت بە خدری زیندە"، یان "ئەم نانە هی سەبەتەکەی حەزرەتی عیسایە.." خوشکە جاحێڵەکەیشی لەگەڵ پیربوون و کلۆڵبوونی ئەودا زیاتر ژیانی لێ تەسک دەبووەوە و گریان دەبووە میوانی، تەنها شتێک بۆی مابێتەوە، ئەوەبوو حیکایەتی هەڵفڕینی دیدەن بۆ براکەی بگێڕێتەوە.

ئێوارەیەکی خەمگین بوو، دەنگێکی ترسناک لە ژووری مام ناشی بەرزبووەوە ، خوشکە جاحێڵەکە وەک ڕووناکی بە هەڵەداوان گەیشتە لای.. بەمە تاسا کە دەنگی براکەی بەم جۆرە لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا گۆڕاوەو زیاتر لە دەنگی کەسێک دەچێ بە چەقۆ بەربووبنە گیانی. مام ناشی نوقمی ئارەقە.. هەڵدەلەرزی و هەناسەی توندی هەڵدەکێشا.. ڕووی لە خوشکەکەی کرد و دەنگێکی جەرگبڕ و پڕ لەبرین " گوڵە.. گوڵە جوانەکەم.. دیدەن چۆن هەڵفڕی؟ تکایە ئەم جارەش.. ئەم جارەش بیگێڕەوە و بەسە " کچەکە فرمێسکی ڕشتن و وتی "کاکەی من ئەمە هەزار جار.. نازانم چۆن.. بیگێڕمەوە.. نازانم.. مردم" مام ناشی وەک ئەوەی بەزەیی بە خوشکەکەیدا بێتەوە "هەرچۆنێک خۆت لات باشە.. بیگێڕەوە.. هەرچۆنێک.. "کچە جاحێڵەکە دڵی توند و ماندوو، ئەم جارە ئاوا دەستی بە گێڕانەوەی هەڵفڕین و مردنی براژنەکەی کرد.." کاکە... گوێت لێمە، شەوبوو، دەنگێک لەنزیک سەری من هات. براژنم بوو.. بانگی کردم.. لە خەو هەڵسام دوای کەوتم.. چووە سەربان.. وتم براژن بۆچی ئاوا شڵەژاویت؟ بۆ دەچیتە سەربان؟.. کاکە.. ئەو ئاوڕی نەدایەوە و بێ وەڵام بوو. هەر دوای کەوتم دەترسام.. ئاه.. کاکە گیان ئەو لە نزیک چاڵە گەورەکەی سەربان وەستا.. چاڵە زۆر قووڵەکە.. دیتووتە.. کاکەی من.. دیتووتە.. بانگم کرد.. وتی دوورکەوە.. کاکە خۆی هاوێشتە ناو چاڵەکەوە.. چاڵەکە ونی کرد.. ون بوو.. ون" مام ناشی لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیە دەنگی گۆڕا.. سەرەتا نەرم پێدەکەنی و وتی "هاها.. نەموت.. ئەی نالێم مردنی ئەو درۆیە.. کچە جوانەکەی کاکە.. سەیرکە تۆ.. سەیرکە.. ئەو نەمردووە.. کوا لە نیوە شەودابوو.. کوا چاڵەکەی سەربان.. کەواتە درۆیە نەمردووە.. وایە.. گوڵە جوانەکە.. هەموو درۆ بوو.. دیدەن نەمردووە... هاهاها" مام ناشی لەسەر تەختەی نووستنەکەی لەگەڵ پێکەنین و کۆخەکەیدا دەلەرییەوە و خوشکە جاحێڵەکەیشی بەکوڵ دەگریا و دەیوت " کاکە.. کاکە.. ئیتر تەواو چیتر ناتەوێت هەڵفڕینی براژن ببیسی.. ناتەوێت وایە.. کاکە با بەس بێت " مام ناشی لە پێکەنیندا نوقم ببوو و خوێنێکی تۆخیش لە دەمی دەهات.. خوێنێکی تۆخ.

٢٠١٠

# ئۆپەرێتی
# گوڵی خوێناوی

**شیعری: گۆران**
**دیالۆگ و ئامادەکردنی بە نووسین: ئەمینی میرزا کەریم(*)**



**ئەکتەرەکان:**
١- ڕۆستەم
٢- خونچە
٣- نازێ
٤- هۆمەر
٥- کۆرس بۆ هەڵپەرکێ و شاییەکە

**دیمەن:** دێیەکە لە دێیەکانی کوردستان، خانووی جووتیارە هەژارەکان لە پاڵ چیاکەدا بەیەکا چوون... لە دوورەوە ڕووبارێک دیارە شین دەچێتەوە، ڕێگایەکی باریک لە دەشتایی بەردەم دێیەکە، درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە نزیک ڕووبارەکە، ئەنجا بۆ دەرەوەی شانۆکە لادەدا- بەو مەبەستەی کە ڕۆستەم چوو بۆ گوڵی سوور ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر بەرەو ماڵی پاشا.. «ئاغای دێیەکە» بچێتە ئەو دیو شانۆکەوە-

ڕۆستەم (لە قووڵایی شانۆکەوە دروێنە دەکا)، مۆسیقای کوردی لەگەڵ کردنەوەی شانۆیەکەدا بەرز دەبێتەوە....

**خونچە:** (لەگەڵ نازێدا، هەر یەکەیان کۆڵێ چیلکەیان ناوەتە سەر شانیان و بە قاقای پێکەنینەوە بەرەو خانووەکان دەڕۆن.

**نازێ:** (دەوەستێ)
خونچە.. خونچە.. ئەها ئەوە ڕۆستەمە.

**خونچە:** (دەوەستێ و لا دەکاتەوە)
خۆیەتی.. دەزانی ماندوو بووم با نەختێ دانیشین.

**نازێ:** ئای لەم فێڵبازە!! بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، ماندوو نەدەبوویت؟!

**خونچە:** بۆ نابێ ئەمڕۆ ماندوو بم؟ نەخۆشم..

**نازێ:** با دەبێ ئەمڕۆ ماندوو بیت.. دەزانم کوێت ئیشێ.. دڵەکەیە.. دڵ..

**خونچە:** ئۆی بەزیاد نەبێ.. چیت بیستووە؟

**نازێ:** هیچ.. بۆ شتێ هەیە؟!

**خونچە:** تووسەری ئووفەی برات؟

**نازێ:** ئەوەی ڕاسـتـی بێ وەکـو دەڵێن تۆ و ئا ئەو ڕۆستەمە دڵتان وا بەیەکەوە..

**خونچە:** کێ پێی وتی؟

**نازێ:** کـچی مـامـەم.. خـۆشی دڵی وا بە کـووڕەکـەی خاڵۆیەوە..

**خونچە:** خوا دەزانێ.. ئێ.. ئەوەی دڵی هەبێ داوای دڵێکی تر دەکات، ئەی تۆ؟...

**نازێ:** ئەی گوایە من بێ دڵ دەژیم؟!

**خونچە:** کەواتە دڵداریت بەلاوە شوورەیی نییە!

**نازێ:** ئای کە خۆشە!! چەند خۆشە دووکەس یەکتریان خۆش بوێ؟!.

**خونچە:** بەڵام خۆشەویستییەکی دڵسۆزانە، بەجۆرێک دڕندە و دڕکەکان نەتوانن لەیەکتریان بکەن.

**نازێ:** بۆ کـەس شک دەبەیت بـبـێـتـە دڕکی نـێـوان تۆو ڕۆستەم؟!

**خونچە:** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)

ئەی چۆن!!.. هۆمـەری پیـاوی ئاغـا، مـاوەیەکـە داوام دەکا و ڕقم لێیەتی و هەرگیز شووی پێ ناکەم.

**نازێ:** ئێ.. ئێ.. دەیناسم.. سەروفەسالی خواتەوە. نەکەی شووی پێ بکەیت

**خـــونچـــە:** ئەو دڵەم دەبەمــە ژێرگڵ و شــوو بەو چڵکاوخۆرە ناکەم.

**نازێ:** ئەی ئافەرین.

**خـونچـە:** لاوێکم خـۆش دەوێ بە ئارەقی نەوچەوانی خۆی ماڵ و منداڵی بژیەنێ سەربەرزانە.

**نازێ:** ژیانی خزمەتکاری کەی ژیانە!! مردن چاکترە..

**خونچە:** لاوێکم خۆش دەوێ ئازابێ و لەشێر سڵ نەکا، لە پێناوی خـۆشەویسـتـیـمـانـدا قـوبانی بدا، ئەمـەش لە ڕۆسـتـەمـدا بەدی دەکـەم، لەژێر تاقـیکردنەوەشـمـایە.. ئەوسا بەڵێن بێ ئەنجامم هەرچۆن بوەستێتەوە شووی پێ دەکەم.

**نازێ:** ئـای.. خـــــۆ درەنگـە.. دوای نـیـــــــوەڕۆش شـاییــەکـەیە، با بڕۆین خـۆمـان بگۆڕین و بچین.. دەی بابڕۆین..

**خونچە:** دڵخوازەکەشت لەوێ دەبێ..؟!

**نازێ:** لەبەر ئەو نەبێ چۆن دەچم.

**خونچە:** تۆ بڕۆ... من دەمەوێ ڕۆستەم ببینم.

**نازێ:** (دەڕوات)

**ڕۆستەم:** (سەر هەڵدەبڕێ و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و داسەکەی بەدەستەوەیە)

**خونچە:** (لە شوێنی خۆی دادەنیشێ)

**ڕۆستەم:** (هاوار دەکا)

خونچە... خونچە..

**خونچە:** (ئاوڕی بۆ دەداتەوە، بەدەست ئیشارەتی بۆ دەکات کە بێت بۆ لای)

**ڕۆستەم:** (بەرەو لای خونچە دێ)

{لەگـەڵ هەنگاونانی ڕۆسـتـەمـدا جـۆری مـۆسـیـقـاکـە دەگـۆڕدرێ.. دەبێ بە دەنگی زوڕنایەکی بەتەنیـای خـاو، بەردەوام دەبێ تـاکـو ڕۆسـتـەم دەگاتە لای خونچـە، ئەنجا دەنگی زوڕناکە کز دەبێ} خونچە لە کەیەکەوە لێرەیت؟.

**خـونچـە:** چاوم لێت بوو.. لەگـەڵ نازێدا بووم، ئەو ڕۆیشت و من مامەوە بۆ ئەوەی چاوم پێت بکەوێ...

**ڕۆسـتـەم:** ئەوەندە منت خـۆش دەوێ؟ من هەمـیـشـە ئارەزووی بینینت دەکەم.... کەی بێ بەیەک بگەین!؟

**خونچە:** منیش بە هیوای ئەو ڕۆژەم.. هۆمەرە گەڕ بۆتە مارو ئالاوەتە ملمان.

**ڕۆستەم:** ئەگەر ئازابیت گەڕی وا هیچ نییە

**خونچە:** لەسـەر ئازایەتی و دڵسـۆزی تۆش وەسـتـاوە، ئەمڕۆ شایی خاڵۆی نازێیە.

{دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لەسەر ئیـقاعی هەڵپەڕکێیەکی کوردی بە بەرزی لێ دەدرێ}

**ڕۆسـتـەم و خـونچـە:** (هەر دووکـیــان پشت دەکـەنە دانیــشــتــوان و لەجــێی خــۆیان دادەنیــشـن و ســەیری هەڵپەڕکێیەکە دەکەن، لە قووڵایی شانۆکەدا ڕەشبەڵەکە و دەست دەگیرێ و هەڵدەپەڕن.

دوای نەخـتـێ هەڵپــەڕین، وردە وردە دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکـە کـز دەبێ، بەڵام هەڵپـەڕکـێـیـەکـە بەشـێـوەی (ڕۆینە) (**) دەمـێـنێ و زوڕناکـەش لەسـەر ئیـقـاعی هەڵپەڕکێی ڕۆینە بە خاوی لێ دەدرێ.

(هەڵدەسنەوە و ڕوودەکەنەوە یەک)

**هۆمەر:** (بە لایاندا، بە تفەنگەکـەیەوە تێپـەڕ دەبێ و سەر ڕادەوەشێنێ)

{مۆسیقای گوڵی خوێناوی دەست پێ دەکا}

**ڕۆستەم:** بروانە شاییە چۆپییە لەو ماڵە دەهۆڵە زوڕنایە شمشاڵە..

(تا دەگاتە ئەوەی کە کچەکە دەڵێ)

**خونچە:** گوڵ نەبێ بۆ سەرم، زەرد چەپکێ سوور چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

**ڕۆستەم:** (بەیتەکانی خۆی تەواو دەکا و تا دەگاتەوە سەر کچەکە کە خونچەیە و دەڵێ.. گوڵ نەبێ بۆ سەرم)

**خونچە:** (دواجارێ کە دەڵێ گوڵ نەبێ بۆ سەرم...)

**ڕۆستەم:** (بەو ڕێگایەدا دەڕوا کە دەستنیشان کراوە تا لە چاو ون دەبێ)

**خونچە:** (دادەنیشێ و پشت دەکاتە بینەران، چاوەڕوانی ڕۆستەم دەکا کە چەپکە گوڵی زەرد و سووری بۆ بێنێ)

{هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا گەرم دەبێتەوە}

{دوای نەختێ، دەنگی تەقەی چەند تفەنگێک دێ}

**ڕۆستەم:** (دەردەکەوێ و دەستی لەسەر سنگییەتی)

{دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە دەوەستێ و ئەوانەی هەڵدەپەڕین لە جێگای خۆیان دادەنیشن و سەر دەنێنەوە}

{مۆسیقای گوڵی خوێناوی بەردەوام دەبێتەوە}

**خونچە:** (بەرەو پیری ڕۆستەم چەند هەنگاوێک دەنێ)

**ڕۆستەم:** (شیعرەکە کۆتایی پێ دەهێنێ و دەکەوێ)


**خونچە:** (خۆی دەدا بەسەریدا و بە شیعرەکەوە سەری دەخاتە سەر ڕانی و وردە وردە پەردەکە دادەکشێتەوە).

**(*) ئەم ئۆپەرێتە کە لەلایەن خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم)ەوە ئامادەکراوە، پێش کۆچی دواییەکەی داویەتی بە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (جەلال کۆچەر)، ئەویش ساڵانێکی زۆر لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە و پاشان دەیداتە نووسەر (عومەر ساڵح بەگ)، ئەویش لەلای خۆیەوە چەند ساڵێک دەیپارێزێ و لەم ماوەیەدا دایە گۆڤاری ڕامان تا وەک دەقێکی بڵاونەکراوە بڵاوی بکەینەوە و لە فەوتان ڕزگار بکرێت. سەبارەت بەو ئۆپەرێتە و ئۆپەرێتەکەی مامۆستا گۆران، لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری ڕامان-دا لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بڵاودەکەینەوە.**

**(**) جۆرە هەڵپەڕکێیەکی ڕەسەنی کوردەوارییە.**

**«ڕامان»**

# خوەزی ل چاردەهەیڤێ بمرما



**سوزان سامانجی**
**(ئامەد)**

د تو دەرێ دە هلنایێ دەنگێ من. ئەڤ دەنگێ کو دناڤا من دە مەزن دبە و دبە... ل وی ئالیێ دیوارێ بلند لامپەیێن کوچێ ڤێدکەڤن. تەنێتی ل هوندرێ من دچەرە. حوزن من رادپێچە. ب رۆژ، بێریا قیرە- قیرا مێوەفرۆشان دکم کو دەنگێ وان ژ دوور ڤە تێ.

دەریێ هەسنێ مەزن. خورینا وەسائیتێن کو دچن کێشوەرێن دوو.. ژیان حوتەکی چەپەلە. کوچەیێن لابیرەنتی یێن کەڤری. خانیێن ل ناڤ حەوشێن فەرەه. زێمار، لۆریک... پەردەیێن گرتی. لاڤلاڤک و یاسەمین حشک بوونە ل بەر شباکێ. وەکی چاڤێن دیا من. دەما د بەتلانەیا سەرسالێ دە گهام وەلێت، ناسنامەیا من قەرمچی دناڤ لەپێ من دە. شیناهیا خوە وندا کربوو ئاسیمان. ئاڤا مریان گەرم دبوو دسیتلێن بتەنی یێن مەزن دە. دناڤ بێهنا خوێدانێ دە مالێن شینی. لیلاندنێن خرقی.

رێ هاتبوون گرتن. هەر شەڤ ل دۆرا سۆبەیێ مە گوه ددا شەڤێن سپی. مە دەنگ ژ خوە دبڕی. روویێ ترسێ یێ دن بوو، بێدەنگیا مە. فیکاندنا مرنێ بوو یا کو مە دبهیست. ل دوو وێ ژی دەنگێ چەکان، ئاشیت....


دەما کو تاریتیێ کوچە دادگرتن، هەیڤ ل چاردەهێ بوو. بحین ل دەریان دکەتن. لوولەیێن تفنگان دچوروسین. خرەخر، گەف...! باڤێ من د قونجکێ خوە دە ب تزبیا خوە سەلەوات ددان. من براقاندنا لبێن تزبیا باڤێ خوە دیت، وەکی پەیروکێن شەڤێ ژ هەڤ بەلاڤ بوون ل حەوشێ. دیا من خوە د ئاڤێت سەر سەرمە. ئەو قیرینێن کو ئۆلان ددان... بێهنا بەنزینێ، شەمالا ئاگر بەر ب ئاسمان ڤە هلدکشیا. مەژیێ من تەڤزی. ئەز کەتم ناڤ تاریتیا بیرەکە کوور. ئەو کیلەڕا کوفنکی. مەرشکێن هێوری. ب رۆژان د ڤالاهیێ دە چکیان ئاورێن من. من سەرێ خوە ل دیوارێن گەور خست. تو کەسی نەبهیست قیرینێن من.

ل ناڤ خەیالێن من هەر تم ئەو شەمال... زلامێن دەستێن وان د لەپکێن چەرمین دە و روویێ وان ب ماسکە، بەنزینێ دڕژینن.. دیا من پووشیا خوە یا سۆر ڤەدشێرە. باڤێ من ل سەر هەڤ قوورئانێ ماچی دکە. فیستانێ دیا منێ قەدیفە یێ شین ڤێدکەڤە. د سایێا بەربانگێ دە باڤێ من ب دارا توویێ ڤە دهەژە. ئەز لنگێن وی یێن بکەرەنگ هەمبێز دکم. برایێ من بەر ب بلنداهیا چیایێن سپی ڤە دبەزە.

هەر تشت دناڤ مژەکە سەوز دە دلڤە. ئەز ل کو مە؟ خوەزی ئەز ل وێ چاردە هەیڤێ بمرما.

**وەرگێڕان ژ ترکی: رۆشان لەزگین**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (سیا بێدەنگیێ) رووپەلێن (٩٣- ٩٤) هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٢)ێ ل چاپخانەیا بەردان ماتبائاجلک- ستانبۆل هاتیە چاپکرن. چیرۆکێن ڤێ پەرتووکێ ژ ئالیێ رۆشان لەزکین ڤە ژ ترکی هاتینە وەرگەڕاندن بۆ زمانێ کوردی. هەژییە بێتە گۆتن، کو سوزان ل سالا (١٩٦٢)ێ ل ئامەدێ ژ دایکبوویە و بەرهەمێن خوە ب زمانی ترکی دنڤیسینە، لێ هەمی ژ جەرگێ روودان و خەم و سەربورێن دورهێلا کوردستانێ سەرچاوە دگرن.**



# ڕنەک

**عومەر سەیفەددین**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

لە گەڵ براکەمدا کە لە حەوشەی تەویلەکەدا وازیمان دەکرد، خوڕەی خەماویی ئەو دۆڵەمان دەبیست کە لەژێر چنارە زیوینەکاندا نەدەبینرا، ماڵمان وەک بلێیی لەپشت دارە کوێستانە گەورەکانی پەرژینی ناوەوەدا بزر ببوو. دایکم، لەبەر ئەوەی چووە ئەستەنبووڵ، ئیدی من و حەسەنی ساڵێک لەخۆم بچووکتر هەرگیز لە داداروخ دوور نەدەکەوتینەوە. ئەمە، سەییسی(*) باوکم بوو، پیاوێکی بە تەمەن بوو. سەر لە بەیانی زوو بەغار بەرەو تەویلە دەچووین. خۆشەویستترین شت لەلامان ئەسپەکان بوون.

وەل داداروخ پێکەوە بردنە سەر ئاویان، سواریی سەر پشتی ڕووتی ئەوان، چ زەوقێکە لێ تێربوونی نییە. حەسەن دەترسا ، بەتەنیا سوار نەدەبوو. داداروخ ئەوی دەخستە بەردەمی. توورەکە پڕ لەجۆ کردن، گیا لەناو ئاخوڕ دانان، هەڵگرتنەوەی پەیین، لە یاریبیەکی پڕ ڕابواردنمان گەلێک پێ خۆشتر بوو. هێشتا تیمار کردن، خۆشترین شت بوو، هەر کە داداروخ ڕنەکەکەی بەدەستەوە گرت و نەگرت، تک و.. تک.. تک و.. تک.. هەروەک کاتژمێرێک.. نەمتوانی لەجێی خۆمدا بووەستم.

– گوتم منیش ئەوە دەکەم! پەلامارم دا و دەستم پێوە گرت.

ئەوساکە داداروخ، منی نایە سەر پشتی تۆسون و ڕنەکەکەی دا بە دەستمەوە.

– دەیگوت، دە بکە!

ئەم شتە ئاسنینەم بە پشتی ئاژەڵەکەدا دەهێنا ، بەڵام نەمدەتوانی ئەو کرتەکرتە بەئاهەنگەی لێوە بهێنم.

– کلکی جووڵاندەوە؟..

– جوولاندییەوە.
– کوا بزانم؟...
دەچەمامەوە، درێژ دەبوومەوە. بەلام کلکی ئەسپەکە لە پاشەلییەوە نەدەبینرا.
هەمــوو بەیانیـــیەک هەر کــە دەهاتین و نەدەهاتینە تەویلە، دەمگوت:
– داداروخ تیمارەکە من دەیکەم
– پێت ناکرێ.
– بۆچی؟
– لەبەر ئەوەی هێشتا منداڵی.
– پێم دەکرێ..
– هەنێ گەورەتر بە.
– کەنگێ؟
– کە بەژنت ئەوەندەی ئەسپەکە بوو...
لە کارەکانی تەویلەی ئـەسپدا تەنیا کاری تیـمارم پێ ئەنجـام نـەدەدرا. بەژنم تەنانەت نەدەگـەیشـتـە ژێر زگی ئەسپەکەش. لە کاتێکدا ئەمە بە کەیفترین و خۆشترین شت بـوو. وەک بڵــێی تۆســون کــرتەکـرتی ڕێکوپێکی ڕنەکەی پێ خۆش بوو، گوێیەکانی قیت دەکردن، کلکی چون گوڵنگەیەکی زل دەجوولاندەوە. نزیکی لێبوونەوەی تیمار بەلەسە دەبوو، ئـەوسا داداروخ "هۆیت"ێکی دەکرد و شاپێکی بە ڕانی ئەسپـەکەدا دەدا، ئینجا دەستی بە تیـمار کردنی ئەسپـەکانی دیکە دەکرد. من ڕۆژێکیـان بەتاقی تەنیـا مـامـەوە، حەسـەن و داداروخ بەرەو ڕۆخی دۆڵەکە شـۆڕببـوونەوە. ئارەزووی تیـمارێکم لەناخدا بە ئاگا هاتەوە. لە ڕنەک گەڕام، نەمـدۆزییـەوە، لەسووچی تەویلەکـەدا داداروخ ژوورێکی گـچکەی بێ پەنجـەرەی هەبوو، چوومـە ژوورەوە، ڕەفـەکانم پشکنی، سەیری نێو زینەکـان و شــتی دیکەم کــرد، نیـیــە و نیـیــە! لەژێر پێـخەفدا، سنووقـێکی تەختـەداری سـەوز هەبوو، ئەوەم کردەوە، هێندەی نەمابوو لە خۆشییـان هاوار بکەم، ئەو ڕنەکە فافۆنەی لەنێو ئەو دیارییانەدا بـوو کە هەفـتـەیەک لەمەوبەر دایکم لە ئەستەنبوولەوەی ناردبوون، بریقـوباق دەبریقـایەوە. یەکسەر فڕاندم، بەغار چوومە لای تۆسون، ویستم بە زگیدا بهێنم، لە جمین نەدەکەوت.
– گوتم: پێم وایە برسییەتی.
سەیری دگانەکانی ئەم ڕنەکە جوانەم کرد کە زیوئاسایی دەبریقـایەوە. زۆر تیـژ، زۆر نووکبـاریـک بـوو، بۆ هەندێک کوێرکردنەوەی، دەستم بە لە دیوار خشـاندنەوەی کرد. کە ددانەکانی تێکچوو، سەرلەنوێ تاقیم کردەوە. دیسـانەوە هیچ یەکێـک لە ئەسپـەکـان ڕانەدەوەسـتـان، تووڕە بووم، وەک بڵێی ویستم داخی خۆم لە ڕنەکەکە دەرکەم، بەرەو ئەو چاوگـە ئـاوە غـارم دا کـە دە هەنگاو بەولاترەوە بوو. ڕنەکـەکـەم خـســتــە سـەر بەردی کـۆلەکـە. لە زەوییـەوە قورسترین بەردێکم دۆزییەوە پێم هەڵبگیرێ و بە توندی کێشام بەسەریدا. ئەم ڕنەکە جوانەم کە لە ئەستەنبووڵەوە هاتبـوو، سـەرەڕای ئەوەی داداروخ دڵـی نەدەهات بەکـاری بهـێنێ، پارچەپارچەم کرد، وردوخـاشم کرد، ئینجا فـڕێم دایە ناو کۆلەکەوە.
باوکم، هەمـوو بەیانییـەک کە دەچووە دەرەوە سـەرێکی لە تەویلە دەدا. سەیرێکی ئەم لاو ئەولای دەکرد. من ئەو ڕۆژە دیســان لە تەویلەدا تەنیـا بووم. حـەســەن لەگـەڵ پەروین–ی کارەکەرەکەماندا لە ماڵ مابووەوە. باوکم کە سـەیری چاوگـە ئاوەکـەی کـرد، لەناو کـۆلەکـەدا ڕنـەکـە شکاوەکەی بینی، هاواری لە داداروخ کرد:
– وەرە ئێرە!
چاوەکانی باوکم بەرەو مـن وەرچەرخان، بەر لەوەی هیچ بپرسێ،
– گوتم: حەسەن.
– حەسەن؟
– بەڵێ، دوێنێ کە داداروخ نوستبوو چووە ژوورەوە. لە سنووقی دەرهێنا. ئەوجـا لەســەر بەردی کـــۆلەکـــەدا تێکیشکاند.
– بۆچی داداروخت ئاگادار نەکردەوە؟
– نوستبوو.
– ئەوم بۆ بانگ بکە بزانم.
لە دەرگـــــەی پەرژینـەکـــــەوە ڕەت بـووم، لە ڕێـگـا سێبەرەکەوە بەرەو ماڵەوە غارم دا، حەسەنم بانگ کرد.
بەستەزمـانە ئاگای لە هیچ نەبوو. بەڕاکردن بە دوامەوە هات. باوکم زۆر توند بوو. بە تەمـاشـاکردنێکی زراومـان دەچوو. بە حەسەنی گوت:
– ئەگەر درۆ بکەی لێت دەدەم!
– درۆ ناکەم.
– زۆر باشە، ئەم ڕنەکەت بۆچی شکاند؟
حـەسـەن، بە پەشـۆکـاوی سـەیری ئامـێـری دەسـتی داداروخی کـــرد! ئینجـــا بەهەژاندنەوەی ســـەرە پرچ زەردەکەی، گوتی:
– من نەمشکاندووە.
– دەڵێم، درۆ مەکە.
– من نەمشکاندووە.

– گوتی، ڕاست بڵێ، تووڕە نابم. درۆ زۆر خراپە. حەسەن لە سەر ئینکاری کردن خۆی ڕاگرت.

باوکم تووڕە بوو، بەرەو ڕووی چوو ، گوتی "درۆزنی بێ شەرم" و.. شەقازللەیەکی بەڕوودا سرەواند.

– هاواری کرد، ئەمە ببەرەوە ماڵەوە، نەکەن چیدیکە لێرەی نزیک بخەنەوە ، با هەر لەگەڵ پەرویندابێ.

دادارۆخ، براکەم کە دەگریا گرتییە باوەش. بەرەو دەرگەی پەرژینەکە بەڕێ کەوت. ئیدی هەر بەتەنیا لە تەویلەکەدا یاریم دەکرد. حەسەن لە ماڵەوە بەند کرابوو. دوای گەڕانەوەی دایکیشم لێی خۆش نەبوونەوە، هەر کە هەڵێک دەڕەخسا ، باوکم دەیگوت: "ئەو درۆزنە". حەسەن هەر کە ئەو شەقازللەیەی بەبیر دەهاتەوە کە لێی درابوو دەستی بە گریان دەکرد، بە زەحمەت ژێردەبووەوە، دایکی بەستەزمانم هیچ ڕێیەکی بۆ ئەوە نەدەبرد کە من بتوانم بوختانی پێ بکەم، دەیگوت: "دەبێ دادارۆخی پاڵەوان خستبێتییە ژێر پێی ئەسپەکان و شکاندبێتی".

ساڵی دواتر دایکم، دیسان بەهاوین چووەوە ئەستەنبووڵ. ئێمە بە تەنیا ماینەوە، تەویلە هێشتا بۆ حەسەن قەدەغە بوو، شەوانە لەناوجێدا لەمنی دەپرسی، ئەسپەکان چی دەکەن و جوانووەکان گەورە بوونە نەبوونە؟. ڕۆژێکیان بەجارێ نەخۆش کەوت، ئەسپ نێردرایە شارۆچکە. دوکتۆر هات. گوتی فەرخەمەل"Kuspalazi" "دیفتەری"یە. ژنە لادێییەکانی کێڵگە، ڕژانە ناو ماڵ، دەستەیەکیان مەلی ڕەش و سپییان دەهێنا. سەریان دەبڕی و بە ملی براکەمیاندا دەپێچایەوە. باوکم لای پێخەفەکەی جێ نەدەهێشت.

دادارۆخ زۆر بێ دەنگ بوو. پەروین زارزار دەگریا.

– پرسیم، بۆچی دەگرییێی؟

– برات نەخۆشە.

– چاک دەبێتەوە.

– چاک نابێتەوە.

– ئەی چی لێ دێ؟

– گوتی: براکەت دەمرێ!

– دەمرێ؟

منیش دەستم بە گریان کرد. لەوەتی ئەو نەخۆش ببوو من لای پەروین دەنووستم، ئەو شەوە هیچ نەخەوتم. هەر ڕادەمام و ڕانەدەمام، تارمایی حەسەنم دەهاتەوە پێش چاو. لە بەرانبەرمدا دەگریاو دەیگوت "بوختانکەر! بوختانکەر!".

پەروینم وە ئاگا هێنایەوە.

– گوتم: من دەچمە لای حەسەن.

– بۆچی؟

– شتێک بە باوکم دەڵێم.

– چی پی دەڵێی؟

– ئەوەی پارەکە، ئەها باوکم لە حەسەن تووڕە بوو.

نەمتوانی قسەکەم تەواو بکەم. لەناو هەنیسکی قووڵدا دەخنکام، بە گریانەوە باسم بۆ پەروین کرد. ئەگەر ئێستا بەباوکم بڵێم، لەوانەیە حەسەنیش گوێی لێم بێ و ببەخشێ.

– گوتی، سبەی پێی بڵێ.

– نەخێر، ئێستا دەچم.

– ئێستاکە باوکت نوستووە، سبەی بەیانی پێی دەڵێی. حەسەنیش نوستووە. ماچی دەکەیت، دەگرییێی، ئەو لێت دەبوورێ.

– باشە!

– دە ئینجا بنوو!

دیسانەوە تا بەیانی نەمتوانی چاوەکانم لێک بنێم. هێشتا تاریک و ڕوون بوو، پەروینم بە ئاگا هێنایەوە. هەڵسام، من بۆ بەتاڵ کردنی ژەهری ناوەوەم، ئازاری ویژدان پەلەم دەکرد. مخابن کە برا بێ تاوانە بەستەزمانەکەم، ئەو شەوە مردبوو، دادارۆخمان لە ناو هۆڵدا بینی لەگەڵ پێشنوێژی کێڵگەدا دەگریا. چاوەڕێی دەرچوونی باوکمیان دەکرد.

عومەر سەیفەددین (١٨٨٤ - ١٩٢٠) پڕ خوێنەرترین چیرۆکنووسی ئەدەبیاتی تورکە. سەرباز و مامۆستا "فێرکار" بووە . بە دامەزرێنەری کورتە چیرۆکی تورک دەژمێردرێ. لەلایەکی دیکەوە، یەک لە دامەزرێنەرانی تورکچییێتییە لە ئەدەبدا. بەرانبەر بەو زمانە ئەدەبییەی ڕەوتی ئەدەبیی"سەروەتی فونوون" ە، کە تێگەیشتنی زەحمەت بووە، بەرگری لە زمانی سادەی ، زمانی میللی تورکی کردووە. پێکەوە لەگەڵ (زیا گوێک ئاڵپ) و (عەلی جانب یوێنتەم) ئەدەبیاتی میللییان دامەزراندووە.

لەو تەمەنە کورتەیدا بەرهەمێکی زۆری بەجێ هێشتووە. ناسراوترینی بەرهەمەکانی، چیرۆکی قەشاغی "ڕنەک" ە.

ساڵی ١٨٨٤ لە گوێنەن "بالیکەسیر"دا لەدایک بووە. لە چەرکەزەکانی "هاتکۆ"یە. یەکێکە لە چوار منداڵی عومەر شەوقی بەگی یوزباشی و فاتمە خانم، کە دووانیان بە منداڵی مردوون. خوێندنی لە قوتابخانەیەکی گەڕەکدا دەست پێ کردووە، لەبەر گواستنەوەی کاری عومەر شەوقی بەگ بەخێزانەوە لە گوێنەن دوور

کەوتوونەتەوە و دوای ئینەبۆڵو و ئەیانجک چوونەتە ئەستەنبووڵ.

عومەر سەیفەددین، لە پێشدا لە قوتابخانەی عوسمانییەی خوێندووە، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٨٩٣دا لە ڕوشدییەی بەیتاری عەسکەری - دا تۆمار کراوە. ساڵی ١٨٩٦ بەتەواوکردنی ئەم خوێندگایە، لە ئامادەیی سەربازیی ئەدرنەدا دەوامی کردووە. لە ١٩٠٠ دا کە ئامادەیی تەواوکردووە گەڕاوەتەوە ئەستەنبووڵ. لێرەدا دەستی بە قوتابخانەی جەنگیی شاهانە کردووە. ساڵی ١٩٠٣ لەسەر بەرپا بوونی ئاژاوە لە مەکدۆنیا، بە مافی ئەوەی پێیان گوتووە سنفی موستەعجەلە "پۆلە پەلەکان" بەبێ تاقیکردنەوە دەرچووە.

عومەر سەیفەددین، دوای دەرچوونی بە پلەی ئەفسەری پلە یەک لە تابووری ڕەدیفی قوش ئەداسی - ی سەر بە تومەن (سەرکردەی مۆڵ، دە هەزار) ی ڕەدیفی ئیزمیری لەشکری سێ دامەزراوە. ساڵی ١٩٠٦ وەک مامۆستا گواستراوەتە قوتابخانەی جەندرمەی ئیزمیر. ئەمە بۆ عومەر سەیفەددین بەبایەخە، چونکە بەم ڕێیەوە بەدوای ئەو چالاکییە فیکری و ئەدەبیانەدا چووە کە لە ئیزمیردا هەبووە و ناسیاری لەگەڵ ئەو لاوانەدا پەیدا کردووە کە لەناو ئەمانەدا بوون. زانیارییەکی چاکی لەبارەی ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی و ئەدەبیاتی فەرەنسایی و هەروەها لەبارەی بیروبۆچوونی بە زمانێکی میللی سادە ئەدەبیات نووسینەوە سوودێکی زۆری لەمانەوە دەست خستووە. ساڵی ١٩٠٩ دا دەگوێزرێتەوە سەلانیک "سالۆنیک" و دوای ئەوەی ساڵی ١٩١١ ناوی گۆڤاری "جوانی و شیعر" دەکرێتە "قەڵەمە لاوەکان" عومەر سەیفەددین بەبێ واژۆ یەکەم سەروتاری بەناوونیشانی زمانی نوێ "یەنی لیسان"ەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەوانەی گرووپی دەستەی نووسەرانی "قەڵەمە لاوەکان" یان پێکدەهێنا بە بەرپابوونی شەڕی بەلقان ناچاری بڵاوە پێکردن دەبن. عومەر سەیفەددین سەرلەنوێ بانگ دەکرێتەوە ناو لەشکر و لە شەڕەکاندا بەدیل دەگیرێ. لەم ژیانی دیلێتییەدا کە ساڵێکی خایاندووە بەردەوام دەخوێنێتەوە، کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی وەک "مەهدی" و "ئاڵای ئازادی"ی لەم دەمانەدا دەنووسێ. لەم ژیانی دیلێتییەیدا چ بۆ ژیانی ئاسایی و چ بۆ ژیانی ئەدەبی ئەزموونی دەوڵەمەندی لەلا گەڵاڵە دەبێ.

دوای ١٩١٣ بە کۆتایی هاتنی دیلێتی دەگەڕێتەوە ئەستەنبووڵ و سەرنووسەریەتی گۆڤار و لە ١٩١٤ دا دەبێتە مامۆستا و تا کۆتایی ژیانی هەر مامۆستایی دەکا.

١٩١٥ لەگەڵ کچی یەکێکی ڕیزی پێشەوەی دەستەی "ئیتیحاد و تەرەقی" هاوسەری پێکدەهێنێ و سەرەڕای ئەوەی کچێکیان دەبێ، هاوسەرییەکە سەرناگرێ.

لە ١٩١٧ وە تا ٦ ی مارتی ١٩٢٠ کە ڕۆژی مردنیەتی لەناو ژیانێکی ناخۆش و پڕ مەینەتی ماوەیەکی بەپیتی چیرۆکنووسێتی بەسەر بردووە. لەم سەردەمەیدا ١٢٥ چیرۆک دەنووسێ کە "١٠" کتێبیان پڕکردووەتەوە. چیرۆک و وتارەکانی لە گەلێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

لە ٢٥ ی شوباتەوە تا ٦ ی مارتی ڕۆژی مردنی بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەدا دەبێ و ڕزگاری نابێ و کۆچی دوایی دەکات.

عومەر سەیفەددین یەکێکە لە پڕ بایەخترینی نووسەران لە ئەدەبیاتی تورکدا، لەو تەمەنە کورتە، سی و شەش ساڵییەیدا ژمارەیەکی زۆری بەرهەمی کاریگەری هێناوەتە کایەوە، بەشێوەیەک کە لە بواری بیر و ئەدەبیاتی تورکدا شوێنپەنجەی ئەوتۆی جێ هێشتووە کە هەرگیز نایەتە سڕینەوە.

**بەرهەمەکانی:**

١ - کۆمەڵە شیعر

٢ - ڕۆمانەکانی:

- ئەسحابی کەهفەکانمان، (١٩١٨)
- ئەفرووز بەگ، (١٩١٩)
- ئەفەی تەنیا (١٩١٩ ، ١٩٨٨)

٣ - کۆمەڵە چیرۆکەکانی:

- حەرەم (١٩١٨) - پاژنە بەرزەکان (١٩٢٢) - پەرستگەی نهێنی (١٩٢٣، ١٩٨٨) - لالەی سپی (١٩٣٨).
- خانەدانەکان (١٩٣٨) - یەکەم تاڵە سپی (١٩٣٨، ١٩٨٠) - تاقیکردنەوەی شەرمەزاری (١٩٣٨، ١٩٨٢ شانۆنامەیەکیشی تێدایە) - داڵغە (١٩٤٣، ١٩٥٢) - خاڵ (١٩٥٦) - مێژوو دووبارە بوونەوەیەکی هەمیشەییە (١٩٥٨).

**کەسایەتی ئەدەبی:**

عومەر سەیفەددین ، بەو تەمەنە کورتەیدا دیارە خوێندەوارێکی چاک بووە، تەنانەت وەک دەردەکەوێ ماوەی دیلێتییەکەشی بۆ خوێندنەوەیەکی چڕ بەکار بردووە.

عومەر سەیفەددین لە ئەدەبیاتدا خۆی وەک بیرمەندێک دەنوێنێ، وەک زمان، هەڵوێست و بیرو بۆچوونی خۆی هەبووە و لە ئەدەبدا بەکار هێنانی زمانێکی سادەی تورکی جاڕداوە کە خەڵکە سادەکە پێی دەپەیڤن، بە جۆرێکی ئەوتۆ بێ، زۆرینەی گەلی تورک لێی تێبگات، بەڵام زمانێکی خاوێنی (پەتی) کە تا دەتوانرێ خۆی لە وشە و ڕستەی عەرەبی و فارسی کۆن بە دوور بگرێ، کە بەر لەو سەردەمە و تەنانەت ئێستاش زمانی تورکی لەو تێکەڵوپێکەڵییە ڕزگاری نەبووە. دیارە ئەم هەڵوێستە کاردانەوەیەک بووە بەرانبەر بەو ڕەوتە ئەدەبییە تورکییەی بەناوی سامانی هونەرەکان "سەروەتی فونوون" ەوە ناودەبرێ و بەر لەو سەردەمەی عومەر سەیفەددین - بووە، کە زمانێکی تێکەڵی چەند زمانێک و ڕستەی درێژ درێژی ناو شیعر کە هەندێک جار

ڕستەیەک دوو، یان سێ دێر، یان نیوە دێری شیعریی پێکدەهێنا. هەروەها سەروەتی فونوونییەکان پتر بەلای ناوەڕۆکی جۆرە لاساییەکی ئەدەبی خۆرئاوایی، بەتایبەتیش هی فەڕەنسایییدا دەچوون، کەچی ئەمانەی ئەدەبی میللی لە ناوەڕۆکدا کاری لەسەر هەڵوێستی نوێی بەرانبەر دابونەریت و ڕەوشتبەرزی و چەمکی بەخۆنازینی نەتەوەیی و تاکەکەسی بۆ ئەوسا نوێ کردووەتەوە، کە دەڵێم بۆ ئەوسا، چونکە دەبینین پابەندی هەندێک لە چەمکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی ئەوسای وەک بە پیرۆز زانینی دەسەڵاتی عوسمانی و گەورەیی سوڵتانەکان و داگیرکاری و سەرکوتکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی دیکە، کە داوای مافی سەربەخۆیی و ئازادی کردن لە بن دەسەڵاتی عوسمانی وەک تاوان و سەرکوتکردنی ئەو جۆرە بزووتنەوانە بەوپەڕی پاڵەوانێتی دانان دەهێنێتە ئاراوە، وەک لە چیرۆکەکانی (قەفتانی بەمروارییی پەمەیی چنراو) و (گورز) و (فۆرسا)دا دەبینین، هەروەها ڕەوشت بەرزیی نەچوونە ژێر باری منەتباریی کەسێکی دیکە تێکەڵ بەو چەمکانەی پێش کەمێک باسمان لێوە کردن وەک لە چیرۆکی (تۆڵە)دا دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەوە، لە چیرۆکی (ئەفەی تەنیا)دا پشتگیریی یاخیبوونی تاکە کەسی دژ بە چەوساندنەوەی مووچەخۆران و کاربەدەستە بچووکترەکان دەکات و وەک پاڵەوانێکی سەرئاسای پیشان دەدا، کەچی لەم چیرۆکەشدا وا پیشان دەدا کە تەنانەت ئەو یاخی بووەش سەرباز و لەشکری دەوڵەتی عوسمانی بە پیرۆز دەزانێ و نایەوێ تەقەی لێ بکەن.

هەروەها چیرۆکەکانی عومەر سەیفەددین کاری لەسەر چەمکە دەروونییەکان و لایەنی پەروەردەیی کردووە و ڕۆڵی ئەدەب و چیرۆک، لە کارەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. وەک لە دوو چیرۆکی (ڕنەک) و (یەکەم تاوان)دا بەرچاو دەکەوێ.

لەلایەکی دیکەوە لە چیرۆکی (فەلاقە)دا، دژ بە شێوەی پەروەردەیی کۆنی بەسەرچووی ئەو سەردەمە وەستاوە و ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری شێوەی پەروەردەیی نوێ دەکات.

ئەمە هەندێک لەو کێشە و ململانێیەی چەمکە کۆنەکان و نوێیەکانی سەردەمی خۆیەتی، کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئەم چەمک و بیرە میتافیزیکی و ئەفسانەییانە لەلایەن کەسانێکەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کەسانی بێ دەسەڵات و بەستەزمانیان کەوی و دەستەمۆ کردووە، وەک لە چیرۆکی (جنۆکە)دا دیارە، هەروەها گەندەڵی ئەو کۆمەڵگایانە کە پێویستی بە گۆڕینی بنەڕەتی ئاستی بیر و ویژدانی کۆمەڵگاکان هەیە، وەک لە چیرۆکی (بەرتیل)دا دەبینین، تەنانەت تاک تاکەی دادوەر "بەرپرس"ەکان بن لە گەندەڵی دووریش بۆ جێبەجێکردنی مەبەست و ئامانجەکانیان ڕێی فڕوفێڵاوی دیکەیان بۆ دەبیننەوە.

لەم کۆمەڵگایانەدا کۆنەپەرست و دواکەوتووانیش شێوەی بەرگری و ڕاگەیاندنی خۆیان هەیە و بەرەنگاری گۆڕانکارییەکان دەبنەوە، وەک لە چیرۆکی (سمێڵ تاشراو)دا، یان لەو چەمکانەی بەرانبەر ئافرەت و هەڵسوکەوتی بیری کلاسیکی و کۆنی ناو چیرۆکی (سێ پەند)دا هەیە.

هەروەها هەندێ جار بیری بەناچاری و ناڕەوا خۆبەدەستەوەدان و سڵ کردنەوەیان تێدا دەبینین، وەک لە چیرۆکەکانی (پاژنە بەرزەکان) و (ئەو ئاوەی هەموو کەسێک لێی دەخواتەوە)دا هەیە، کە ئەمەی دواییان هەر ئەو ناوەڕۆکەی ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێ: "ئەگەر چوویتە شاری کوێران ، دەست بە چاوانتەوە بگرە!!."

* * *

لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئێمە "١٥" چیرۆکی هەڵبژاردەمان کردووەتە کوردی، کە تاڕادەیەک هەوڵی ئەوەمان داوە نموونەگەلێکی هەمەجۆر بن و لە پاشماوە دەوڵەمەندەکەی چیرۆکنووسەوە سەرنجێکی گشتی باش لەلای خوێنەری ئازیز بخولقێنێ و ببێتە جۆگەلەیەک و بڕژێتە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە، چیرۆکی (ڕنەک)یش یەکێکە لەو چیرۆکانە.

هەروەها هیوادارم ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ببێتە بنەمایەک، یان کەرەستەیەکی وا سوودی بۆ ئەوانە هەبێ کە لە زانکۆکانی کوردستانماندا، یان بۆ خۆیان وەک ئەدیب و نووسەر و خوێنەر، زمان و ئەدەبی تورکی و چیرۆکی تورکی دەخوێننەوە، هەروەها بۆ ئەوانەی حەزیان لە نزیکتر بوونەوەی هەردوو گەلی تورک و کوردی دراوسێ دەکەن، ببێتە مایەی پتر لە یەکدی تێگەیشتن.

بەمەش خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەگەر خزمەتێکی ڕۆشنبیریی هەردوو نەتەوەکەم کردبێ.

**(*) سەییس، سایس: مەبەست لێی مەیتەرە کە خزمەتی ئەسپ دەکا.**

**«ڕامان»**

**سەرچاوە:**

**عومەر سەیفەددین (هەڵبژاردە) ئامادەکردنی: ئایدل ئەرۆڵ، بڵاوکراوەکانی: وەقفی کەرکووک – ئەستەنبووڵ – ٢٠٠٨.**

**- Omer Seyfettin’den Sec,meler - Aydil Erol - Kerkuk Vakfi Istanbul - 2008.**



**مارف خەزنەدار:**

# ئەوەی لەلای ئێمە بە (ڕەخنە) ناو دەبرێ قسەی سەرپێیە.. ڕۆشنبیریی ئێمەش ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژوویی و جوگرافیایی میللەتەکەمانە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٢)**

ساڵی ١٩٧٧ بوو کتێبەکەی د. مارف خەزنەدار بەنێوی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) کەوتە بازاڕەوە، هەر ئەو ساڵە بوو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییم بۆ ئەو کتێبە کرد و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکرایەوە. من ئەوکاتە تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو و هێشتا بە خزمەتی ئەو زاتە نەگەیشتبووم. دوای بڵاوبوونەوەی بابەتەکەم بە ماوەیەکی کورت بە دیداری گەیشتم و لەلایەن دوو برادەری خۆمەوە منیان پێ ناساند. لە ڕاستیدا من خۆم لەو یەکترناسینە دەپاراست، چونکە وامدەزانی وەک پیشەی هەموو ئەوانەی ڕەخنەیان لە بارەوە دەنووسرێ، لێم عاجز بووە، یان بەرانبەرم تووشی پەرچەکردار و دڕدۆنگی بووە، کەچی بە پێچەوانەی ئەو باری سەرنجەی من و ئەوەی چاوەڕێی بووم، ئەو لەو یەکەمین بینین و سەرەتای یەکتر ئاشنا بوونە زۆر ڕاستگۆیانە لێم هاتە پێش و تەوقەیەکی گەرموگوڕ و موجامەلەیەکی زۆری کردم و هەر زوو ئەوەی لە خەیاڵی خۆم بیرم لێ دەکردەوە ڕەواندییەوە. لێی پرسیم ئێستا بەچییەوە خەریکم و چ دەکەم و لەکوێ کار دەکەم و...تاد ئەوەی بەلایدا نەچوو، نووسینە ڕەخنەییەکەی من بوو سەبارەت بە کتێبەکەی، ئیدی لەو ڕۆژەوە من بوومە یەکێک لە برادەر و ئاشنا نزیکەکانی د. مارف خەزنەدار و بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ باسی ئەو ڕەخنەیەی منی نەکرد کە نەختێک توندیش نووسیبووم، تا دوای ڕاپەڕین کە ساڵی ١٩٩٤ هاتمەوە هەولێر و لەو شارەدا گیرسامەوە و ڕێی هاتوچۆکردن و یەکتر بینین و سەردانی د. مارف خەزنەدار-م پتر بۆ نزیک بووەوە، ڕۆژێکیان لە یەکێک لە سەردانەکانمدا بە

نەزاکەت و ئەدەبێکی زۆرەوە پێی وتم، کاتی خۆی ئەو وتارەت نووسیبوو دەستت خۆش بێ. پێم وت هیچ تێبینیت لەسەری هەبوو؟ وتی تەنیا یەک تێبینی بچکۆلانەم هەبوو کە زۆر هێمنانە ئەو تێبینییەی خۆی پێ وتم. ئەوە پێچەوانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسانی دیکەوە بوو کە ئەگەر دێڕێک، ستوونێک ڕەخنەم لە بارەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەوەوە نووسیبێ، ئەوە تا ئێستا کە زیاتر لە (٣٥ - ٤٠) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کەچی ئەو ڕقەیان هەر لە دڵ دەرنەچووە و لە هەر هەلودەرفەتێکی بۆیان هەڵکەوتبێ پاشقۆڵیان لێ گرتووم و خەراپەیان دەرهەقم گوتووە و کردووە.

د. مارف خەزنەدار زۆر زانایانە، عالی جەنابانە، زۆر سادە و ساکار دیومە و ڕەفتاری کردووە، چ لەگەڵ هاوڕێ و برادەرە نزیکەکانی، چ لەگەڵ قوتابییەکانی خۆی. هەمیشە دەرگای ماڵەکەی و کتێبخانەکەی بۆ خوێندەواران ئاوەڵا و لەسەر پشت بووە تا سوودی لێ وەربگرن. ئەمڕۆکە د. مارف خەزنەدار بۆ شاری هەولێر و لەو تەمەنەی خۆیدا بووەتە ڕەمز و کۆڵەگەیەکی ڕۆشنبیریی. لەپاش ئەوەی چەندان ساڵ لە زانستگە خزمەتی بە ڕەوتی زانست و خوێندن کرد و لەسەر دەستی ئەو بەدەیان قوتابی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا پێگەیشتن و بە هەوڵی کەسانی وەک ئەو بنەمای زانستیی لەناو کوردەواری ڕەنگی بۆ ڕێژرا و کتێبەکانی بوونە چاوگ و سەرچاوەی گرنگی نووسەران و باسکاران، بۆیە لە پاش ئەو تەمەنە درێژەی بواری نووسین و دانان و سەرپەرشتی کردنی تێزەکان و ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەو، ئێمە بە پێویستمان زانی لە گۆڤاری ڕامان-دا هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بدەین و هەموو وێستگەکانی ژیانی نووسەرایەتی و ئەدەبی و بیروڕای ئەو سەبارەت بە ڕەوشی ئەمڕۆ و دوێنێی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و خوێندنی زانکۆیی و زۆر باسوبابەتی گرنگی دی وەربگرین و لە دوو بەشدا بڵاویان بکەینەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەمی گفتوگۆیەکەمان لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو بکەینەوە تا زیاتر سوود بە خوێنەران بگەیەنێت.. ئێوە و ئەو دیالۆگ و بیروڕایانە.

**ڕامان:** ئایا ئەو شێوە مامەڵەیەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نووسەراندا دەیکەین لە وڵاتانی دیکەشدا هەر بەم جۆرەیە، یان شێوازی دیکەی هەیە؟ واتە نووسەر لەناو



**ئازاد عەبدولواحید - مارف خەزنەدار**

یەکێتی نووسەراندا ئەندام بێ.

**مارف خەزنەدار:** لە وڵاتانی دیکەدا بەشێوەی لای ئێمە نییە، بەڵکو پێچەوانەیە، چونکە لە ئەوروپا نە حکومەت تا ڕادەیەکیش حزبیش ڕێکخراوی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و ئەوانی دیکەیان نییە. لەپێش شۆڕشی ئوکتۆبەریش (١٩١٧) لە ئەوروپا ئەم مەسەلەیە لە گۆڕێدا نەبوو. پارتی کۆمۆنیست (بۆلشەڤیک) بۆ ئەوەی هەموو کاروبارێکی کۆمەڵ لەدەست خۆی بێ و خۆی بەڕێوەی ببا سیستەمی تاکە ڕێکخراوی دامەزراند، لەبەر ئەوە لە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەم جۆرە ڕێکخراوانە باویان نەما. لە ئەوروپا لە هەر شارێکی گەورە و پایتەختەکاندا بەدەیان لەم ڕێکخراوانە دەکەونە بەرچاو، تا ڕادەیەک یەکێتی نووسەرانێک هەبێ ژمارەی ئەندامەکانی سی- چل کەسێک بن، لەوانە بنەماڵەییش بن. واتە نووسەر و شاعیرانی بنەماڵەیەکی خوێندەوار ڕێکخراوێک دروست بکەن تایبەتی بێ بە خۆیان. هەر حزبێکیش دەتوانێ یەکێتی نووسەران و ڕێکخراوەکانی دیکەش دروست بکا بە مەرجێک ئەندامی ڕێکخراوەکە ئەندامی حزب بێ. بەم جۆرە مەسەلەکە وا دەکەوێتەوە مەرج نییە هەموو شاعیر و نووسەرێک لە هیچ ڕێکخراوێک ئەندام بێ.

**ڕامان:** ماوەیەک لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا کارت کردووە، ئیتر لە شەفەق-ی کەرکووکەوە بیگرە تا دەرکردنی دەفتەری کوردەواری و نووسەری کورد و ڕۆژی کوردستان و... ئەو کارەتان لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا چەند سوودی پێت گەیاند و چەندیش بەهۆیەوە زیانت لێ کەوتووە؟

**مارف خەزنەدار:** لە «شەفەق»ەوە دەستم بە ڕۆژنامەگەری نەکردووە، بەڵکو لە ڕۆژنامەی «هەولێر-

أربیل»ەوە (١٩٥٠- ١٩٥٣) دەستم پێ کردووە. بێ گومان ئەم کارە چاکەی بۆ من هەبووە، هەروەها خراپەشی بووە. لایەنە چاکەکانی زۆرن، لەوانە لە ژیانی ڕۆژنامەگەریمدا فێری ئەوە بووم گەشبین بم، لە حەقیقەت بگەڕێم، دووربین بم و لە ڕاستی ڕووداو نەچمە دەرەوە، مێژوو بە چاوی ڕووداوی تۆمارکراو ببینم. لە دەرسی مێژوو قوتابی یەکەمین ئامۆژگاری زانستی فێری ببێ ئەوەیە «مێژوو بەبێ هەواڵی نووسراو نییە»، لە هەمووشی زیاتر فێری ئەوەی کردم ئازا و نەترس بم.

هەرچی خراپەی ڕۆژنامەگەریش بوو بۆ من ئەوەیە تووشی هەندێ گیروگرفتی دەکردم. ئەگەرچی وەکو ئاشکرایە من لە ڕۆژنامەگەری سیاسیدا کارم نەکردووە، بەڵکو هەمیشە لە بواری ئەدەب و فۆلکلۆر و زانستگەلی مرۆڤایەتی لە ڕۆژنامە و گۆواردا کارم کردووە، دیارە ئەمەش هەرچەندە سیاسەت نییە، بەڵام ناڕاستەوخۆ پێوەندی پێیەوە هەیە بۆ بەڵگە وەکو ئەوەی شاعیرێکی کورد بە خراپە ناوی سەرۆکێکی ئەو وڵاتانەی هێناوە کە کورد تێیاندا دەژی، وتارەکە لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، کەچی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە شکات لە نووسەر دەکا. بەدرێژایی ژیانی ڕۆژنامەگەریم چەند جارێک تووشی ئەم جۆرە هەڵوێستانە هاتووم.

**ڕامان:** ماوەیەک لە کۆڕی زانیاری کوردستان لە هەولێر ئەندامی کارا بوویت، ئەو ئەزموونەتان لە کۆڕی زانیاری چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**مارف خەزنەدار:** بەڵێ ڕاست دەکەی، ئەمە هەڵەیەک بوو لە ژیانی خوێندەواری خۆم. بە زەحمەت لەم هەڵەیەم لە خۆم خۆش دەبم. هەرچۆنی بێ سی ساڵ لەمەوبەر لە بەغدا سامی عەبدولڕەحمان وەزیری کاروباری باکوور بوو، نەیتوانی بمهێنێتە ناو ئەنجوومەنی کۆڕەوە، چونکە هەنجەتی من لە جێی خۆی بوو بچمە ناو دەسگایەکی زانستی زۆر گەورەوە و ئەوەی بۆی دانراوە ببێ بە سەرۆکی، کوردی نازانێ، بەڵام سەرم لەخۆم سوڕماوە چۆن سامی عەبدولڕەحمان ئەم جارەیان بمهێنێتە ناو ئەم دەسگایەوە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی بووە قوتابی خوێندنی باڵا هێشتا بەرگری لە نامەکەی نەکردووە ببێ بە ئەندامی ئەنجوومەنی کۆڕ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی

**لە ژیانی ڕۆژنامەگەریمدا فێری ئەوە بووم گەشبین بم و لە حەقیقەت بگەڕێم، دووربین بم و لە ڕاستیی ڕووداو نەچمە دەرەوە.**

دیکەوە ئەوەی ئەم جارە دەسنیشان کرا ببێ بە سەرۆک، ناڵێم کوردی نازانێ، دەڵێم ئەو کوردییە نازانێ وەکو زانایەک پێویستە بیزانێ، ئەمە لەکارکردندا بۆم دەرکەوت. لە پاشان پێش تەواوبوونی خولی دووەمی کۆڕ داوا لە ئەندامان کرا ئیستیقالە بدەن، هەموویان ئیستقالەیان دا، من نەمدا. جا سەیر لەوە دایە بە ڕەسمی من هەتا ئێستاش ئەندامم، کەچی فەرمانی ڕەسمیم بۆ دەرنەچووە کە دەبوو دەربچێ، چونکە من ڕێگە بە خۆم نادەم لەناو ئەم دەستەی تازەیەدا ببینم. ئیتر دەبینی بەدرێژایی کار کردنم لەم دەسگایەدا هەڵسوکەوتی سایکۆلۆژی و میزاجی و زانستی و کۆمەڵایەتیم ناڕازی بوون بووە.

**ڕامان:** ئایا توانیوتانە لە ماوەی کارکردنتاندا لە کۆڕی زانیاری جێ دەستتان لە کارەکانی ئەوێدا دیاربێ؟ بەتایبەتی لەبواری خزمەت گەیاندن بە زمان و فەرهەنگسازیدا؟

**مارف خەزنەدار:** تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم لەو ماوەیەدا کتێبێکم بەناوی «کوردی تورکمانستان» لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکردەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک وتار و باسی زانستی لە گۆواری کۆڕدا، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە سەرنووسەری گۆوارەکە بووم. سەرۆکی کۆڕ لەو سەردەمەدا ئەوەندە بێ ئاگا بوو لە ڕەوشتی زانستگا و ئەکادیمییەکان، سوور بوو لەسەر ئەوەی پێویستە نووسینی من بنێردرێ بۆ پسپۆڕ (خەبیر)، ئێستا و ئەوساش بەپێی عورفی زانستگایان کاری زانستی پرۆفیسۆر ناچێ بۆ خەبیر، من دەموت خەبیریم لەسەر نییە، بەڵام سانسۆرم لەسەرە کە بەڕاستی نابێ ئەویش هەبێ، ئەو پێچەوانە تەماشای مەسەلەکەی دەکرد.

**ڕامان:** ماوەیەک لە سەرەتای ژیانی نووسینتانەوە خەریکی وەرگێڕانی شیعری کوردی بوون، پاشان لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (أغاني کردستان) چاپتان کرد، بۆچی درێژەتان بەو پرۆژەیەتان نەدا و جارێکی دیکە نەچوونەوە سەری؟

**مارف خەزنەدار:** بە ڕاستی لە سەرەتادا بە وەرگێڕانی شیعر دەستم بە نووسین کرد، لە ڕۆژنامەی «هەولێر - أربیل» (١٩٥٠- ١٩٥٣) شیعری کوردیم وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها نموونەی شیعری ئەورووپاییشم لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕایە سەر

زمـانـی کـوردی، وابـوو ئەو شـیـعـرانەی لە کـوردییـەوە دمکردن بە عـەرەبی کـتـێـبی «أغـاني کـردسـتـان»ی لێ کەوتەوە. هەرچی شیعری ئەوروپاییش بوو لە عەرەبییەوە بۆ کـوردی لە گـۆشـەیەکـدا بەناوی «لە ئاوازی ڕۆژئاوا» بڵاودەکرایەوە. نموونەیەکی زۆرم لەم بەرهەمە بڵاوکـردەوە تا گـەیشـتـە ئەوەی لە کـتـێـبی «أغـاني کـردسـتـان» ئاگـاداربیـەکم بۆ بڵاوکـردەوە کـە لە دواڕۆژی نزیکدا ئەم کتێبە بە زمانی کوردی بڵاودەکرێتەوە، هەروەها بە تەما بووم، بەرگـێکی دیکەش لە «أغـانـي کـردسـتـان» بڵاوبکەمەوە، بەڵام ئەم پرۆژانە هیچیان سەریان نەگرت، چونکە لەلایەک خوێندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا قورس بوو، زیاد لەسـەر ئەوەش مـووچەخـۆر بووم و لە ڕووی داراییـەوە کـز بووم و باوکم کـۆچی دوایی کـردبوو و بەخێـوکردنی دایک و براو خوشک کەوتبووە سەرمن. لەدوای کۆتایی هێنان بە خوێندنی زانسـتگا، کـۆشـشم وەک مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی گرانتر بوو، جگە لەوەش کـارکردنم لە کـۆواری «شەفەق» هەمـوو کـاتێکی داگیر دەکردم و مـاوەی ئەوەی نەدەدا بیـر لە وەرگـێـڕانی شیعر بکەمەوە. لەدوایی سەفەری دوورودرێژم بۆ ڕووسیا مـاوەی ئەوەی نەدەدام ئەو بەڵێنەی دابووم بە خـوێنەر، بیگەیەنمە ئەنجام و شیعر لە زمانێکەوە وەرگێڕم بۆ زمانی دیکە.

**ڕامان:** د. مارف خەزنەدار لەناو نووسینەکانیدا چۆن تەمـاشـای کـێـشـەی ئافـرەتی کـوردی کـردووە و تـێی گەیشتووە؟ چەند قەناعەتی بەو تێگەیشتنەی خۆی هەیە کە بە نووسین بۆ ئافرەتی نووسیوە؟

**مارف خەزنەدار:** من هەتا سەر ئێستا لەگەڵ هەموو ئەو داواکـارییـانەم کـە ژن داوایان دەکـا، چونکە من ژنم خۆش دەوێ، بەڵام ئەوکـەسانەی کێـشـەی ژنیان بەهەند هەڵگرتووە، لە مـەسـەلەکـە نەگـەیشـتـوون، مـێـرد و براو کـەسوکـاریان تاوانبار دەکـەن بۆ ئەو نایەکـسانیـیـەی لە کۆمەڵی ئێمەدا لەنێوان ژن و پیاودا هەیە.

مـەسـەلەکـە لەو ڕۆژەوە دەسـتی پێ کـردووە کـە ئادەم و حەوا کوڕوکچیان بووە و کۆمەڵی ئادەمزاد دروست بووە. ئەم خوشک و برایە وەک کەسانێک لە ڕووی بیۆلۆژییەوە لە یەکـتـری جـیـاوازن، هەریەکـەیان تەواوکـەری ئەوی دیکەیانە، ئەم جیاوازییە سنووری کردەوەیانی کێشاوە، هەریەکـەیان کـارێکی پێ سـپـێـردراوە، کـۆی هەردوو کارەکانیان پارێزگاری ژیانی مرۆڤایەتی دەکا. توانایی فیزیۆلۆژی ژن بە جۆرێک کەوتۆتەوە لەزۆر شتدا سەلبی و تابیع بێ، بەتایبەتی لایەنی سێکسی، ئەمە بەدرێژایی ڕۆژگـار پیـاوی سەپاندۆتە سـەر ژن، بەوەی یەکـەمیـان ئەسڵ بێ و ئەوی دیکەیان فـەرع بێ. بنچـوبناوانی مەسەلەکە ئەمەیە.

وروژاندنی ئەم مەسەلەیەش لە کۆمۆنیستانی ڕووس لەپاش شـۆڕشی ئۆکـتـۆبەرەوە دەسـتی پێ کـرد. وەکـو نووسـەران و لاوان و هونەروەران بۆ مـافی ژنانیش ڕێکخـراویان دامـەزراند، من ناڵێم کـەڵکی نەبوو، بەڵام دەڵێم نەدەبوو زیاد لە پێـویست دەسـتدرێژی تێـدا بکەن بەوەی ئەم مـەسـەلەیە بە دامـەزراندنی کـۆمـەڵی سۆسیـالیـسـتی و کۆمۆنیـزمی نەبێ جێـبەجێ ناکرێ. ئێـسـتـاش ڕێکخراوی ژنان لە هەمـوو گـێـتـیـدا هەیە، بەتایبـەتی لای ئێـمـەش ڕاگـەیاندن بۆ باس کـردن لەم مەسەلەیە بەکارهێنراوە.

وەک وتم هەندێ لە نیـزامی دەرەبەگی ڕۆژهەڵات و باوکسالاری ژنی کردووە بە کۆیلەی پیاو، ئەمە لەپێش چەند ساڵێک کەمتر کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ژن لای ئێـمـە بە تەواوی نەهاتبـووە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ئێستا کە پەچەی فڕێ داوە داوا دەکـا ببێ بە وەزیر، ئەمـە لەگـەڵ مـانەوەی نەریتی باوکسالاری ڕێک ناکەوێ.

کەوابێ مەسەلەی ژن چەندوچوون نییە لەسەر مافی بۆ ئەوەی داوا لە دەسـەڵات بکا بۆ وەرگـرتنی ئەو مـافـە قـانوونی تایبـەتی دابنێ، بەڵکو گـۆڕانی سیـسـتـەمە دەرەبەگییەکەیە لە ڕەگوڕیشەوە، دیارە ئەمەش بە قانوون جێبـەجێ ناکرێ، دەرمـانی ئەمە پێشکەوتنی کۆمـەڵی کـوردەوارییـە لە ڕووی ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـیـەوە، لەوکـاتەی خـوو و ڕەوشـتی دەرەبەگی دەگـۆڕێ بەبیـر و ئایدیۆلۆژییەتی پێشکەوتوو، ئەوکاتە جیاوازی لە ڕووی مافی ئەدەمزادەوە لەنێوان ژن و پیاودا نامێنێ.

من سەیرم بە ڕۆژنامەگەری کوردی دێ زیاد لە پێویست داوای مـافی ئافـرەت دەکـەن، کـەچی خـۆیان لە هۆی ئەم جیاوازییە بەدوور گرتووە. ئەمە و پێویستیش بەوە ناکا زیاد لە پێویست داوای مافی بکرێ، لەوە دەترسم لە ڕوح دەرچێ و ببێ بە ئالەت.

**ڕامان:** لە ژیانی نووسین و کارکردنتان لە ڕۆژنامەگەری کوردی و تەمەنی ئەدەبی خۆتاندا چەند پشتیـوانیـتان لە بەهرەی لاوەکـان کـردووە؟ دەکـرێ ناوی هەندێ لەو

نووسەرە لاوانەی ئێوە هانتان داون، بۆمان بدرکێنن؟

**مارف خەزنەدار:** پشتیوانی کردنی لاوان و هاندانیان بۆ هێنانەدی بەرهەمی ئەدەبی لە ژیانی ڕۆژنامەگەری و مامۆستایی، من زۆر بەهێز بوو، ئەمە هەمیشە تێکەڵ بەوە کراوە کە من کەم لەسەر شیعر و نووسینی نەوەی تازە دەنووسم، خۆ نەوە هەرە تازەکە ئەوەی لەدوای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەستی بە نووسین کردووە هەر ئاگاداریان نیم، جارێ دەڵێم هاندانی نەوەی تازە لەگەڵ نووسین لەسەر بەرهەمیان دوو شتی جیاوازن لەیەکتری، وەک وتم قوتابیان و هەموو تازەپێگەیشتوانم هان داوە، یارمەتیم داون بۆ دەستخستنی هەموو قۆناغەکانی خوێندن، گرووپی چەند کەسیم لێ دروست کردوون و موحازەرەی تایبەتیم بۆ داون، بەڵام بەشی دووەمی مەسەلەکە کە نووسینە لەسەر تازەکان، ئەمەیان زۆر کەمە و گەیشتۆتە ئەوەی بڵێم نییە. هۆشیاری زانستی ئەم هۆیەی لای من خوڵقاندووە، چونکە بە لای منەوە کەسێتی نووسەر و شاعیر و هونەرەوەر هەتا لە ژیاندایە گۆڕانی فیکری و چێژی لەلای دروست دەبێ، واتە بە تەواوی لەپاش مردن دەچێتە ناو مێژووی ئەدەب و هونەرەوە، لەبەر ئەوە من ناتوانم کەسێک هەڵبسەنگێنم و بڕیاری دوایی لەسەر بلیمەتیەتی بدەم، بەڵام دەتوانم باس لە بەرهەمێکی دیاری کراوی بکەم، لە پاشان من پسپۆڕی کارێکی ئەدەبی نیم هەر شاعیرێکی کوردی تازە ئەگەر شیعرێکی بڵاوکردەوە لەسەری بنووسم. بەم جۆرە هەندێ لە شاعیرانی تازەی کورد لە من ڕازی نین، چونکە لەسەریان نانووسم، نەک تەنیا ئەمە، هەندێکیان دەڵێن تۆ بۆ چیرۆک دەنووسی!

تازە لە ڕووسیا گەڕابوومەوە لە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبیدا ڕووبەڕوو یەکێک پێی وتم کاروبارت ئەوەیە لە زانستگا قوتابیان فێری ئەدەب بکەی و لە دەرەوە لەسەر بەرهەمی شاعیر و نووسەران بنووسی! هەرچۆنێ بێ من لەسەر هەندێ شاعیر وەک دڵشاد مەریوانی و ئەنوەر مەسیفی و هی دیکەم نووسیوە. ئێستا هەندێ شاعیری ڕەسەن لە کۆمەڵی ئێمەدا دەبینرێن لە دوارۆژدا ناویان دەچێتە ناو مێژووی ئەدەبەوە، دوا وشەم لەم لایەنەوە تەماشای مێژووی ئەدەبی کوردی من بکەن، دەبینن فەسڵی تایبەتیم بۆیان تەرخان کردووە، ئەگەر لە ژیان بوونایە، ئێستاش ناویانم نەدەخستە ناو مێژووی ئەدەبەوە، ئەمانە شاعیرانی وەکو پیرباڵ مەحموود، دڵشاد مەریوانی و جەمیل ڕەنجبەر.

**ڕامان:** هەست دەکەیت دوای ئەو تەمەنە درێژەتان لەبواری نووسین، نووسین پەیامی خۆی گەیاندبێ، یان توانیبێتی ئاراستەکان بگۆڕێ، یان بووبێتە مایەی گۆڕانکاری؟ ئەگەر وەڵامەکەتان (بەڵێ)یە چۆن و ئەگەر (نەخێر)یشە ئەی بۆ نووسیوتانە؟

**مارف خەزنەدار:** تا ڕادەیەک نووسین لای من پەیامی خۆی گەیاندووە و بووە بە مایەی گۆڕانکاری. من و هەموو نووسەرێکی دیکەش وەکو حەزرەتی نالی دەڵێ: تەمەن زۆر کورتە بەشی هیوای درێژ ناکا، لەبەر ئەوە دەڵێم تا ڕادەیەک، چونکە تا ئێستاش گەلێ پرۆژەی ناو مێشکم لەسەر کاغەزیش تۆمار کراوە، بەڵام لەوە دڵنیام تەمەن ڕێگە نادا ئەوانە بنووسمەوە.

بەشێکی زۆری بەرهەمی من، بەتایبەتی داهێنانەکانی ئەدەبی کاری تازەن، لە پێشان لە نامەخانەی کوردیدا نەبوون، دیارە ئەمانە دەبن بەسەرچاوەی گۆڕان لە کۆمەڵی ئێمەدا. بەشەکەی دیکەی بەرهەمی ئەدەبی ئەویش شتی تازەی تێدایە، بەڵام تاقیکردنەوەیەکە دەچێتە سەر تاقیکردنەوەکانی پێش خۆم، بۆ بەڵگە، ئەدەبی کوردی لەپێش مندا، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەم و زۆر هەوڵ بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دراوە، ئەوەی منیش دەچێتە ناو ئەو تاقیکردنەوانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی فراوانتر، چونکە شیعر و شاعیری تازەی دۆزیوەتەوە.

ماوەی گۆڕان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زۆر فراوانە. لە نووسینیدا کە هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوە و تەعبیری تازە بەکاردێنم بە قەدەر دنیایەک دڵم خۆش دەبێ کە دەبینم نووسەران بەکاری دێنن و دەبێتە بەشێک لە زمانەکە. ئەمە کاری تاکێکی کۆمەڵە لەگەڵ کاری تاکەکانی دیکە ڕێنیسانس لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دروست دەبێ.

**ڕامان:** تۆ یەکێک بووی لەوانەی لە سەرەتای لاویەوە پاشگەزتان کردمەوە لە هەوڵدان بۆ خوێندنی باڵا و چوونە دەرەوە. دەکرێ بیروڕاتان سەبارەت بەو بۆچوونەتان بۆمان ڕوون بکەنەوە؟

**مارف خەزنەدار:** لە وەزعێکی سایکۆلۆژی تایبەتیدا بەدرێژایی ژیانم هەندێ جار ئامۆژگاری لاوانم کردووە هەوڵ نەدەن بۆ چوونە دەرەوە، بۆ ئەوەی بێن بە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا. ئەم بیروڕایەی من لە ئەنجامی ئەوەوە

هاتووه، چونکه بڕوانامـــەکـــە بوو بە جـــامی جـــەم و ئەمووستیلەکەی حەزرەتی سلێمان. هەڵگری نامەکە وەکو نووســــەرێکی هەڵکەوتوو و زانایـەکی شــــارەزا و ڕۆشنبیرێکی گەورە تەماشا دەکرێ.

ئەگەر وتارێکی سەرپێی و ڕۆژنامەگەرییانەی نووسی، لەبەر ئەوەی «د»ەکـــە نووســـێنراوە بەناویەوە، دەبێ بەفەیلەسووف، هەندێ بۆرە خوێندەواری وەکو ئەویش لە وتارەکە ورد نابنەوە، بەڵکو حسێب بۆ «د»ـەکە دەکەن. ئەمە بووە و لەناو کۆمەڵی ئێمەدا دەبینرێ. جا ئەگەر بە لوتفەوە تەمـاشـای ئەم ئامـۆژگـارییـەی من بکەن، ئەوە دەبێ ئەوە بزانن کە من هەڵەم نەکردووە.

ئینجا ئەگەر بەگشـتی بنوارینە مـەسـەلەکـە چۆن تەواو کردنی خوێندنی بەرز لە دەرەوە خراپ دەبێ، پیاو ئەگەر هیچیش فێر نەبێ، شارەزایی لە زمانێکی تازەدا پەیدا دەکا، هەروەها خووڕەوشتی کۆمەڵێکی تازە وەردەگرێ. ئینجا پێویستە ئەوەش بڵێم کامە زانا و نووسەرانی ئێمە دکـتـۆرایان هەبووە: جـەمـیـل ڕۆژبەیانی، یان عـەلائەدین سـەجـادی!! ئەوجا بۆ تۆش کـە هانم نەدای بۆ خوێندنی بەرز قسەکەم ڕاست دەرچوو، چونکە بووی بە نووسەرێک لە هەڵگری هەندێ لە نامەکان گەورەتری.

**ڕامان:** بەدرێژایی ساڵانی ژیانتان خەڵکانێکی زۆرتان لەناو ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبـیـریدا بینیـوە و ناسـیـوە، دەکرێ ناوی ئەو کەسە گرنگ و داهێنەرانەمان پێ بڵێی؟

**مـارف خـەزنەدار:** ئەو کـەسـانە یەکـجـار زۆرن، ناوی هەندێکیان دەهێنم، بەڵام لەوە دڵنیام زۆری دیکەش هەن و ناویان نایەتە سەر زارم، ئەوانەی دێنەوە یادم ئەمانەن: تۆفیق وەهبی، ڕەفـیق حیلمی، جەمیل ڕۆژبەیانی، مارف بەرزنجی، حـەمـەسـاڵح دیلان، عـەبدولخالیق مەعـرووف، دڵشاد مەریوانی، مەلا شەریف (مەلا عرووس)، دانیـال عــوزێر، حـاجی جندی، شکۆی حـەسـەن، عـەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، ئیبراهیم ئەحمەد، هێمن، ئەحمەد هەردی، حـەفـیـد عـوسـمـان، جـەمـال حـەیدەری، عەبدولڕەحمان قاسملو، محەمەد مەولوود مەم، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، موکەڕەم تاڵەبانی محامی و هی دیکە.

**ڕامـــان:** ئەی کێ لەناو ئەوانە لە هەمـــوویان زیاتر سـەرنجی بۆ لای خـۆی ڕاکێـشـاوی؟ تەئسـیـری لەسـەر کەسایەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریتان چ بوو؟

**مـارف خـەزنەدار:** ئەو ڕۆشنبـیـرانەی من ناسـیـومن دەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیـان زۆر لێیـانەوە نزیک بووم، تاڕادەیەک ڕۆژ نەبووە چاومان بەیەکتری نەکەوێ، بۆ مـــاوەیـەکی زۆر پێکـەوە ژیاوین و لە دەسگـایـەک پێکەوە کارمان کردووە. بەشی دووەمیان پێوەندیان بەهێز بووە، لە پلەی هاوڕێیەتییەکی نزیک بووە.

بەشی یەکـەمـیـان ئـەوانەی زۆریان لێ فـێـربووم و بە مـامـۆسـتـایان دادەنێم ئەمـانـەن: تۆفـیق وەهبی، ڕەفـیق حـیلمی، جەمـیل ڕۆژبەیانی، مـارف بەرزنجی و حـەمـە سـاڵح دیلان، ئـیـتـر ئەم خەڵکانە بەگشـتـی و دایکم و باوکم (دایکم نەخوێندەوار بوو لە فۆلکلۆردا مـامۆسـتـام بوو)، هەروەها مـامـۆسـتـاکـانم لە هەمـوو قـۆناغـەکـانی خـوێندندا سـەرچاوەی بنچـینەیی پەروەردە و فـێـرکـردنم بوون.

**ڕامـان:** ئەگـەر بیـرەوەرییـەکت لەگـەڵ ئەو نـووسـەر و ڕۆشنبـیرانەدا هەبێ و لە یاداشتەکـانتدا باست نەکردبێ چییە؟

**مارف خـەزنەدار:** بێ گـومان بیـرەوەری وا هەیە لەگـەڵ ئەم نـووسـەرانە، ئەوەش، یان ئەوەتە لەبیـرم چووە، یان ئەوەتە قـەوارەی بیرەوەرییـەکان لەوەی هەیە زۆر گەورەتر دەبوو، پێم وایە بیـرەوەری لە دووتوویێی حـەوت هەشت بەرگ ڕەت بکا دوور نییە بێ تام بێ.

**ڕامــان:** ئەگــەر جــارێکی دیکە وەک نـووســەرێک تێهەڵچوویتەوە، چۆن دەست پێدەکەیتەوە؟ ئەو شتـانەی حـەز ناکـەی لەم تێـهـەڵچـوونەوە نوێیـەتدا دووبارەیان بکـەیتـــەوە چیـــیـــە؟ یان ئەوەی بەلاتەوە گـــرنگە و بە پێویستی دەزانی لەسەری بەردەوام بیت چییە؟

**مــارف خـەزنەدار:** بیـرم لەوە نەکـردۆتەوە جـارێکی تر بەســەر بیـــرەوەرییــەکــانمدا بچـــمــەوە. بـابەتەکــە ئەوە هەڵناگرێ، کـارێکی زانسـتی تاقـیگەیی نییـە هەمـوو دەمـــێک ئامـــادە بێ بۆ پێـداچوونەوە، بەڵکو کـارێکی داهێنراوە (إبداعي) شـێـوەی دوایی خـۆشی وەرگـرتووە، هەتا ئەگەر کردەوەی وای تێدابێ ئێستا لێی پەشیمان بم ناتوانم لای ببـەم، چونکە ئەو کـردەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان، یان ئەوکاتەی بیروڕاکە تۆمار کراوە بەڕاستم زانیوە. بەم هۆیەوە دەڵێم ڕەنگە هەندێ کـەس ڕەخنەی لە «ڕۆژگـاری من» هەبێ بەوەی کـردەوەی بێ جـێی ناهەمـواری تێـدا نووسـراوە، بەڵام ناوی کـەسـەکـەم نەهێناوە، چونکە مەبەستم پیشاندانی ناهەمواریەکە بووە، نەک کەسەکە، هەندێ جاری دیکەش ئەگەر پێویستی کردبێ ناو بهێنم

لەوە سڵم نەکردووە و لە کەسیش نەترساوم.

**ڕامان:** چۆن بەشێکی ژیانت، خوێندنت کەوتە شاری کەرکووکەوە؟ چەند ساڵ لەوێ مایتەوە؟ ئەو مانەوەیەتان چەند کەڵکی بۆتان هەبوو؟ کێتان لەوێ ناسی؟

**مارف خەزنەدار:** ئەو ساڵەی خوێندنی قوتابخانەی ناوەندیم لەهەولێر تەواو کرد، بەشی ئەدەبی لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەهەولێر نەکرایەوە. بە هیچ جۆرێ نەمدەتوانی لە بەشی زانستی دەوام بکەم، لەبەر ئەوە ناچار بووم ڕوو بکەمە کەرکووک و لەوێ لەگەڵ باوەژنم و عومەری برام بژین. ئەویش قوتابی قوتابخانەی ناوەندی بوو. بەڕاستی ئەوکاتە من هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵیشم تەواو نەکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە ئەندامی ڕێکخراوی بەچکە شێرانی حزبی هیوا بووم، لەو کاتەدا وەک ئەندامی ڕێکخراو گەیشتبوومە حزبی تەحەرور کە ناوی ئاشکرای پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

ژیانی شاری کەرکووکم پێ خۆش بوو، هەر لەکۆنەوە ئەم شارەم خۆش ویستووە، نەک بە مەفهوومی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی ببێتە پڕۆپاگەندە بۆ پلەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریم. جا نازانم ئەم مەیلە لەچییەوە هاتووە! لەوەوە کە باوەژنم زۆر خوش ویستووە و خەڵکی ئەوێ بووە، یان دووەمین شار بووە لەدوای سلێمانی چاوم پێی کەوتووە!؟

لەم جارەی یەکەمی ژیانی شاری کەرکووکم نزیکەی ساڵ و نیوێک مامەوە، لەم ماوەیەدا لە پۆلی چوارەمی ئەدەبییەوە چووم بۆ پۆلی پێنجەم، هێشتا لە ناوەڕاستی ئەم پۆلەدا بووم، بەهۆی خۆپیشاندانەکانی بیرەوەری یەکەمی ڕاپەڕینی بەغدا (الوثبة) گیرام و شەش مانگ حوکم درام. ماوەی حوکمەکەم لە بەندیخانەی نێوەندی کەرکووک بردە سەر، هەروەها لە قوتابخانەش فەسڵ کرام.

ئەگەر بە ڕووکەش سەیری ژیانی کەرکووکم بکەم، دەبێ بڵێم کەڵکێکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام ئەو جارە لە حەقیقەتی کوردبوونی شارەکە گەیشتم، شیرزەیی ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیستم بۆ ڕوون بووەوە، بەتایبەتی لەناو قوتابیان و کرێکارانی کۆمپانیای نەوت. قازانجی گەورەشی ئەوە بوو زۆر کەسی تازەم ناسی وەکو هەندێ لە تاڵەبانیان، بەتایبەتی موکەڕەم، هەروەها یووسف حەننا (ئەبو حیکمەت) و ئەکرەم عەبدولقادر و فەرەج مەحموود و خەڵکانێکی دیکە. لەوە پێش و هەر لە کۆنیشەوە جەمیل ڕۆژبەیانیم ناسیوە، لەگەڵ بنەماڵەی خانەقا هاوڕێ و برادەری نزیک بووین، لەوانە عەبدولسەمەد و عەبدولعەزیز خانەقا و کاکە حوسێن و کاکە حەمە و کەسانی دیکە.

وەک لەسەرەوە وتم ئەمە جاری یەکەمی ژیانم بوو لە کەرکووک، جاری دووەم وەک مامۆستای زمانی عەرەبی قوتابخانەی ناوەندی کەوتمە کەرکووک، نزیکەی سێ ساڵ لەوێ مامەوە، ڕووداوی هەرە گرنگ لەژیانمدا گۆواری «شەفەق» و کودێتا عەسکەرییەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.

**ڕامان:** ئەی چۆن لە گۆڤاری شەفەق کەوتیتە کار کردن؟ ئەزموونی ڕۆژنامەوانی پێشترتان چەند کەڵکی هەبوو؟

## بەرهەمی ئەدەبی و هونەری داهێنانە و بەڕادان نادرێ

**مارف خەزنەدار:** ماوەی هەرە گرنگ لە ژیانی دووەممدا لە کەرکووک نزیکەی سێ ساڵ وەک مامۆستا لە قوتابخانەی شەرقییەی ناوەندی مامەوە، کارکردنم لە کۆواری «شەفەق- الشفق»ی مانگانە بوو بە زمانانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووک دەردەچوو. ئەمە یەکەمین جار نەبوو کەوتبێتمە دنیای ڕۆژنامەگەرییەوە، بەڵکو جاری سێیەمین بوو. جاری یەکەمم لە هەولێر بوو لە ڕۆژنامەی «هەولێر- أربیل» (١٩٥٠- ١٩٥٣) نزیکەی دوو ساڵ لەو کاتەی قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم لەوێ پەیامنێر بووم ، هەروەها ساڵێکیش لەکارگێڕی زانیاری (دائرة المعارف) لە هەولێر مووچەخۆری میری بووم.

کارکردنم لە ڕۆژنامەگەری بۆ جاری دووەم لە ماوەی خوێندنی زانستگاییم بوو لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا. ئەوکاتە دەوری بەکارهێنانی زمانی عەرەبیم بوو لە نووسیندا. لەو ڕۆژانەدا لە هەندێ کۆواری هەفتانە و مانگانە گۆشەی ئەدەبیم هەبوو، هەروەها وتاری ئەدەبیشم بۆیان دەنووسی، ئەمە هەموویان لە بابەت ئەدەب و ژیانی کوردەوارییەوە بوو، ئەم کارانە هەموویان بە خۆڕایی بوون.

بەم جۆرە کارکردنم لە «شەفەق» بوو بە مایەی خەباتی سێیەمم لە ڕۆژنامەگەریدا، پێش ئەوەی ڕوو بگەمە

ڕووسیا بۆ خوێندنی باڵا لە ئەدەبی کوردیدا.

لە پاییــزی ســاڵی ١٩٥٧ ئاگــاداری جــمــوجــووڵی ئەفــســەرێکی خــانەنشین بەناوی شــێخ عــەبدولقــادری بەرزنجی بووم، بەهۆی تۆفــیق وەهبــیــیــەوە دەمبــیــست خەریکی دەست خــستنی ئیــمتیــازێکە بۆ بڵاوکــردنەوەی کــۆوارێکی مــانگانە بە زمــانی کــوردی و عــەرەبی لە کەرکووک. من ئەمەم پێ خۆش بوو، چونکە پێش ئەوەی ئەمە بزانم، بڕیارم دابوو لە قــوتابخانەیەکی ناوەندی لەو شــارەدا دامــەزرێم، ئیــتــر وابوو لەگــەڵ کــۆمــەڵێک لە ڕۆشنبیــران دەستــەی نووسەرانمان دامەزراند، هەندێ لەو کەسانە پێشتر ناسیاویم لەگەڵیاندا هەبوو، تازەکان بوون بە مــایەی فــراوان کــردنی بواری کــۆمــەڵایەتیم، کــەســانی وەکو مــارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی و عومەر عــارف و عــەلی باپیــری کــەمــالی لەگــەڵ ناســیــاوە کــۆنەکــانم عەبدولسەمەد خانەقــا و عەبدولعەزیز خــانەقــا کۆواری شەفەقیان لە ڕووی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری و ناوەرۆکی دەوڵەمەندەوە گەیاندبووە پلەیەکی بەرز.

**ڕامان:** بەگشتی ئەزموونی کارکردنتان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، چەند کەڵکی پێ گەیاندن؟

**مارف خەزنەدار:** کاری ڕۆژنامەگەری فێری «لە ڕاستی گــەڕان»ی کــردم. من وەکــو هەمــوو کــەســێک ئاگــاداری ڕووداو دەبم، لە پاشــان هەواڵی ڕووداوەکــە لە ڕۆژنامــە و کــۆواردا بە هەڵە و پێــچەوانە دەخــوێنمــەوە، ئەمــە هانی ئەوەم دەدا هەمــیــشــە ســوور بم لەســەر ئەوەی ڕووداو بەڕاســتی بکەوێتــە لاپەڕەی تــۆمــار کــراوەوە، ئەمــە ئەزموونی گرنگم بووە لە گەڕان بەشوێن ڕاستیدا. بۆ ئەمە بەڵگەیەک دێنمــەوە، لەو ڕۆژانەی ئەم قــســانەم بۆ تۆ دەکەم لە کتێبێکدا هەڵەیەکم دۆزییەوە کە لەم ڕۆژانەدا دەرچووە و من شاهیدی مەسەلەکەم.

لە ساڵی ١٩٤١ هەرای ڕەشیــد عالی لە بەغدا ڕووی دا، جــەنگی دووەمی گــێتی لە نــاوەوە بوو، ئینگلیــز و ئەڵمــان لە جەنگدا بوون. لە هەولێر ئاژاوەیەک کەوتەوە مـن نـاوم نا «هەرای بەر دەرکی ســـــەرای هەولێـــــر». ئاژاوەچییــەکــان داوای لابردنی ســاڵح زەکــیــان دەکــرد (موتەسەڕیفی ئەوکاتەی هەولێر)، کەچی لەو کتێبەدا ئەم هەرایە بە هەڵســان و ڕاپەڕین لە قــەڵەم درابوو و ســاڵح زەکــیش بە پیــاوی نازی و دژی ئینگلیــز ناســێنرا بوو. وابزانم ئەم زانیارییە عاجباتیانە لە نامەی خوێندنی بەرز وەرگیرابوون!

هەروەها ڕۆژنامــەگــەری و بەرنامــەی باسی زانســتــیش فــێــری ئەوەیان کــردم لەســەر حــەقــیــقــەتێک ســووربم کــە ئەوەندە ڕوونە گــفــتــوگــۆ هەڵناگــرێ، چونکە ئەوانەی ئەو هەواڵەیان هەڵبەستووە، ئەوانیش سوورن لەسەر بیروڕای خۆیان.

مەسەلەکــە پێوەندی بە حوسێن حوزنی موکریانییەوە هەیە. ئەوەی ئاشکرایە لە ســاڵی ١٩٢٥ لە حــەڵەب یەکەمین کتێبی «غونچەی بەهارستان»ی بڵاوکردۆتەوە. پێش ئەوە هیچ جۆرە نووسینێکی نییە. لە دوای ساڵێک لە ١٩٢٦ چاپخــانەی لە ڕواندز دامــەزراندووە. واتە پێوەندی حــوزنی بە ڕۆژنامــەگەری و نووســینی کــتــێب لە ســاڵی ١٩٣٥ بووە، کــەچی کــەســوکــاری دە ســاڵ بردوویانەتە دواوە بۆ ١٩٢٥ تەنیــا بــۆ ئەوەی یەکــەمین کــەس بێ چاپخــانەی هێناوەتە کــوردســتــان، بۆ ئەوەی سلێمانی و چاپخانە کۆنەکەی هیندستانی ئی. بی. سۆن نەبێتــە یەکــەمین و سلێــمــانی ئەم شــەرەفــە گــەورەیەی بەرنەکــەوێ!! مــاوەی نیــو ســەدەیە من ئەم هەڵەیە ڕاست دەکەمەوە و لە هەر ڕۆژنامە و کۆوارێکی کارم تێدا کردبێ لەم کــارە درێغیم نەکردووە، بەڵام خــوێنەر و خــوێندەواری کــورد گــوێی لەمن نیــیــە و گــوێی لە هەڵەکــەیە کــە ســاڵی (١٩٢٥) کراوە بە ساڵی (١٩١٥)!

**ڕامان:** جێگۆڕکێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە شــارێک بۆ شــارێکی دیکە چەند ئەزمــوونی ئێــوەی دەوڵەمەند کرد و چەند بۆ نووسەران سوودی هەیە؟

**مــارف خــەزنەدار:** جــێگۆڕکێ نــەک تەنیــا بۆ من و نووســەران کــەڵکی زۆرە، بەڵکو بۆ هەمــوو کــەســێک کــەڵکی هەیە. لێرەدا من جــێگۆڕکێ بەگــەشــتــوگــوزار و ســەفــەر دانانێم لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر، بەڵکو ئەمــەیان بۆ بینینی ســەرپێی ئاوەدانی وڵاتانە، کــەچی ئــەوی دیکــەیان کــــــــەم و زۆر ژیــان و ڕابــواردنــە لــەو جێگایانە. واتە کەسێک بەفڕۆکە لێرەوە دەچێ بۆ لەندەن بۆ ئامــادەبوون لە کــۆبوونەوەیەک، لەدوای دوو سێ ڕۆژ بەفڕۆکە دەگەڕێتەوە جێی خۆی. ئەمە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی لە جەزائیــرەوە بە پاپۆڕ دەچێ بۆ مارسیلیــا لەوێوە بە شــەمــەندەفــەر دەچێ بۆ پاریس، ئینجــا هەر بە شەمەندەفەر ڕوو دەکــاتە کالێ، ئینجا بە پاپۆڕ لەمانش دەپەڕێتــەوە بۆ دۆڤــەر لەوێوە دیســانەوە بەشەمەندەفەر بۆ لەندەن. ئەمەش دیســانەوە بە شــەخس دەگــۆڕێ. کــابرا چ کــارەیە! ســیــاســیــیــە، یان بازرگــانە، نووســەرە، یان

هونەروەرە، زانایە، یان دەوڵەمەندی بێ کارە، لەم حاڵەتەدا ڕەنگدانەوەی بینینی شتی تازە بەپێی چێژ و خەیاڵی ئەوکەسە دەگۆڕێ.

لە بابەت منیشەوە ڕاستە جێگۆڕکێم زۆر کردووە، واتە بۆ ماوەیەکی درێژ لە گەلێ لە شارانی ڕووی ئەم زەوییە ژیاوم، هەروەها سەفەرم بۆ زۆر جێگە کردووە، لە کتێبی «ڕۆژگاری من» هەندێکی باس کراوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە فێربوونەوە هەیە، دەڵێم:

پیاو بۆ ماوەیەک لە جێیەک بمێنێتەوە، ئەگەر فێری زمانەکەشی نەبێ زانیارییەک لە بارەیەوە لەلای پەیدا دەبێ، ئینجا لە جوگرافیا و مێژووی دەگا، جۆری خوو و ڕەوشت و ئەخلاق و بیرکردنەوەی دەزانێ، خۆ ئەگەر لە گوندی ئەو ناوچانە نزیک ببێتەوە شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتییان دەبێ. من لە ژیانی کارکردن و خوێندەواریم لە ئاوەدانییە جیاوازەکانی ئەوروپا و ئەفەریقا ژیاوم، بە تایبەتی مەڵبەندی کارکردن و خوێندنم لە نێوەندی ئەکادیمی و زانستگایی بووە، گۆڕەپانی ویستی دڵ و ئارەزووی مێشکم لە نامەخانە و مۆزەدا بووە، لە هەموو جێگەیەکی پێوەندی بە زانستی و زانیاری و ئەدەب و هونەرەوە هەبووە. بەم جۆرە ئەم هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموونەم بۆتە هۆی ئەوەی لە نووسینمدا بەکاریان بێنم، واتە تاقیکرنەوە لە دەرەوەی نەتەوەی کورد بەکاربێنم و لەگەڵ ئەوەی خۆیان بیگونجێنم. بۆ تاقیکردنەوەکانم لە «ڕۆژگاری من»دا باس کراوە، «مێژووی ئەدەبی کورد»یش نموونەی پراکتیکی تاقی کردنەوەکانە.

**ڕامان:** پێت وایە ئەمڕۆکە سەرجەم ڕۆشنبیری کوردی بە گیروگرفت و تەنگژەدا تێدەپەڕێ؟ ئەگەر وایە بە تێڕوانینی خۆتان چیتان پێ باشە بکرێ تا لەو تەنگوچەڵەمە و تەنگژەیە دەربازبین؟

**مارف خەزنەدار:** بەشێوەیەکی گشتی پێش ئەوەی وەرامی پرسیارەکەت بدەمەوە دەڵێم بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران لە هەموو کۆمەڵێکدا لە بەرەی موعارەزەیە بەرانبەر بە دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێک بێ، دیموکراتی، دیکتاتۆری، سوسیالیستی، چونکە ئەمانە هەموویان لە هەر دەور و زەمان و ڕۆژگارێکی جیاوازدا ویست و ئارەزووی ئەم توێژەی کۆمەڵ ناگەیەننە ئەنجام. ئەمانە موعارەزەی چەکدار نین، خەباتیان لە ڕێگەی قەڵەم و کاغەز و پرۆپاگەندەیە بە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی سیاسی.

ئینجا لەلای ئێمە ڕۆشنبیری کورد بە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە تێدەپەڕێ، هۆی ئەم دیاردەیە وەزعی شێواوی هەموو دنیایە. شێواوییەکە لای خۆمان دەست پێ دەکا هەتا دێ و ئاقارەکەی تەسک دەبێتەوە و زۆربەی دەوڵەت و کۆمەڵانی سەر زەوی دەگرێتەوە، لای ئێمەش لە هەموو لایەکی گێتی زیاترە.

لە عیراق چوار پێنج ساڵە ڕۆژانە چەند کەسێک دەکوژرێن. دژکاری لەناو کۆمەڵی عیراق لە پێشان لەگەڵ خۆی و ئەوجا لە ئەمەریکا و ئەوروپا، لە دواجاردا لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ گەیشتۆتە ڕادەیەک هەموو کەسێک هەڵوێستی ڕەشبین دەبێ بەرانبەر دواڕۆژی ئەم عیراقە. لەسەرووی هەموویانەوە گەلێ مەسەلەی بنچینەیی نەتەوەی کورد جێبەجێ نەکراوە. بەلای منەوە بەگشتی چارەسەری ئەم هەموو گیروگرفتانە ئەوکاتە دەبێ کە جێبەجێ دەبن، ئەمەش بێ گومان لە دەست سیاسەتمەدارانە و لە دەست ڕۆشنبیراندا نییە، کە کەسیش پرسی پێ ناکا!

**ڕامان:** لە بەرنامەی لێتوێژینەوەی زانستیدا (کەسایەتی توێژەر) گرنگی زۆری پێدراوە، ئێوە ئەو کەسایەتییەی توێژەری کورد چۆن دەبینن؟ ئایا کەسایەتییەکی ئەوەندە بەهێزە بە جورئەت و بوێرییەوە بیروڕای خۆی بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی سەبارەت بە پرسە ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیرییەکان دەربڕیبێ؟

**مارف خەزنەدار:** لای ئێمە گرنگی زۆر بە لێکۆڵەرەوە دراوە، چونکە لە بواری ئەدەبی و هونەریدا ئەم جۆرە زانایانەمان زۆر کەمە، ئەمە بەگشتی لە ئەنجامی دواکەوتوویی کۆمەڵەکەمان دروست بووە. ڕۆشنبیری کورد زیاتر خەریکی سیاسەت و کوردایەتی بوو وەکو لە سەرانسەری مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەردەکەوێ، بەتایبەتی لەدوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و هەموو سەدەی بیستەمدا تا ئێستاش.

بەلای منەوە ئەو کەسایەتییە زانستییانەی خەریکی کاری ڕەخنە بوون، زۆر کەمن، ئەوانەش ناگەنە پلەی نەتەوە پێشکەوتووەکان، چونکە تائێستاش نەریت و خووڕەوشت و ئەخلاقی دەرەبەگی ڕۆژهەڵاتی تاڕادەیەک باڵی بەسەر مێشکیاندا کێشاوە، بۆیە تاڕادەیەک وەک بەهێز و بوێر و بەجورئەت ناکەونە بەرچاو.

داخی گرانم ئەوەی لای ئێمە بە «ڕەخنە» ناودەبرێ

قسەی سەرپێیە و ناچێتە ناو ئەو زانستییەی ڕەخنەی پێ دەڵێن و خەریکی پیشاندانی جوانی و خەوشە لە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا، ئەوەی لای ئێمە دەکەوێتە بەرچاو تەنیا «چاک» و «خراپ»ە. ئەمە ڕەخنە نییە ستایش و داشۆرینە، بەرادان دەدرێ. ئیتر شاعیرێک ئەگەر شیعرێکی نووسی، دۆستێکی بەشان و باهووی هەڵدەڵێ و هەموو شیعرەکە دەبێتە بەرهەمێکی داهێنراو، کەچی ئەگەر نەیارێک خاوەن کتێبێکی گەورە و گرنگ بێ، لێکۆڵەرەوە لێی ڕاست دەبێتەوە و هەموو ناوەرۆکی کتێبەکە ڕەفز دەکا. من لەخۆمەوە ئەمەم دروست نەکردووە، بەڵکو بەسەرم هاتووە، چەند کتێبێکم کەوتۆتە ژێر قەڵەمی ئەم جۆرە لێکۆڵەرەوانە و هیچیان تێدا نەهێشتووە، ئیتر من دەبێ لە تۆ بپرسم: ئایا ئەوە ڕاستە ئەو کتێبانەی من ڕستەیەکی ڕاست و جوانیان تێدا نییە!؟

بۆ ڕاستی، ئەوە دەگێڕمەوە تاکوتەرا نووسین دەخوێنمەوە بۆنی ڕەخنەی زانستییان لێ بێ، لەوانە ئەوەی پێویستە لای خۆمان ناوی بهێنم ئەوکەسە عەبدولسەمەد خانەقایە، چیرۆکنووس و ڕەخنەگر بوو، بە کوردی کەمی دەنووسی، زیاتر نووسینی بە عەرەبی بوو. لە منداڵییەوە ئاشنام بوو، بەڵام لەو سەردەمەی پێکەوە لە کۆواری «شەفەق» لە کەرکووک کارمان دەکرد و ئەو بەرپرسی بەشی عەرەبی کۆوارەکە بوو زیاتر لەو کەسەدا شارەزای لایەنی ڕەخنە بووم، ئەمە و هەموو نووسینیشی لەسەر کورد بوو و کوردییەکی باشیشی دەزانی.

**رامان:** ئەگەر خۆت ببیتە ڕەخنەگری خۆت و بە سەرجەم کارو بەرهەمەکانی ژیانی ئەدەبی خۆتدا، یان ژیانی تایبەتی و هەڵوێستەکانتدا بچیتەوە، چۆن ڕەخنە لە خۆت دەگریت و دەڵێی چی؟

**مارف خەزنەدار:** پرسیارەکەت دوو لایەنی ژیانی من دەگرێتەوە، یەکەمیان بەرهەمم، دووەمیان هەڵوێستم. لە بابەت بەرهەمەوە دەڵێم: من دوو جۆرە بەرهەمی نووسراوم هەیە یەکەمیان وەک نووسەرێک وتاری ئەدەبی و چیرۆکم هەیە. شانازی بەکتێبی «نالی لە دەفتەری نەمریدا» و کتێبی «کورد یادە»وە دەکەم، بەگشتی ئەو بەرهەمەی لەم لایەنەوە لە دوو توێی کتێب و لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوار بڵاوکراونەتەوە هەموویان بەهی خۆمیان دەزانم، هەرچی لەو نووسینەدا هاتووە تەعبیر لە چێژ و خەیاڵ و بۆچوونم دەکەن، لە هیچ قسە و بیروراوبۆچوونێک پەشیمان نیم، ئەگەر جارێکی تر بە ژیان شاد ببمەوە، هەر ئەوانە وەکو خۆیان و بەبێ دەسکاری دەنووسمەوە.

جۆری دووەمی بەرهەمم وەک مامۆستایەک کارە زانستییەکانە لە بواری ئەدەب وەک مێژووی ئەدەب و کێش و قافیە و ساغ کردنەوەی دەستنووس و گەلێ لایەنی دیکەی ڕۆشنبیری کوردی. لێرەدا هەندێ جار ساتمەم کردووە، لە بنجدا تەبیعەتی زانستییەکان ئەوە هەڵدەگرێ، لە دواییدا هەڵەکانم ڕاست کردۆتەوە. ئەمە بە بەراورد لە هەردوو چاپی دیوانی نالی دەردەکەوێ هەڵەکانی چاپی بەغدای (١٩٧٧) لە چاپی هەولێری (٢٠٠٨) ڕاست کراونەتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی بەرهەمی لەم جۆرەم ملکەچی حەقیقەتی زانستییە بەپێی تەمەن و تاقیکردنەوەم لە گۆڕاندا دەبێ، ئەگەر بێتو ئەو زنجیرە وتارەی بە زمانی عەرەبی لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە زیاتر لەنیو سەدە پێش ئێستا لە ڕۆژنامەی «هەولێر- أربيل» بڵاوم کردۆتەوە بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەوەی ئێستا دەینووسم، جیاوازی زۆرە. سەرچاوەکانی ئەو کاتەم کەم بوون، هەڵەی زۆریان تێکەوتبوو، ئەگەر دووبارە بڵاوبکرێنەوە پێویستە بژارێکی ورد بکرێن.

سەرتۆپی پرسیارەکەت «هەڵوێستم لە ژیاندا» چۆن بووە؟ بۆ ئەمە دەڵێم هەڵەم کردووە، بەڵام لەوە دڵنیام هەندێ لەم هەڵانەم خەڵکی بەڕاستی دەزانن، هەرچۆنێ بێ هی وای تێدایە خۆشم و خەڵکیش بەهەڵەی دەزانن. ئەم هەڵانە بۆ خۆم بە گرنگیان نازانم، بۆ خەڵکیش باسم لە هەندێ لەم هەڵانەی خۆم کردووە و لە «ڕۆژگاری من» تۆمارم کردوون.

کاکی برا کەسی وا هەیە هەڵە نەکا!؟ یەکێ لە هەڵەکانم لەم دواییەدا بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕین (١٩٩١) نەدەبوو قبوولی هەندێ لەو «ڕێزلێنانانە» بکەم، چونکە یەکسانییان تێدا نەبوو و لە ئاستی ڕیشی من نەبوون.

**رامان:** ئایا نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەپێی هەنگاوەکانی سەردەم و نوێ بوونەوە و گۆڕانکارییە گەورە و زەبەللاحەکان هەنگاویان ناوە؟

**مارف خەزنەدار:** ناتوانم بڵێم نا، بەڵام ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە، ئەگەر مەبەست لە نووسەر و ڕۆشنبیر شاعیر و نووسەری وتاری ئەدەبی و چیرۆک و بابەتەکانی دیکەی

پەخشـان بێ، بێ گومـان دەڵێم ئەم بابەتە خەڵکانەمـان بەگشتی نەگەیشتوونەتە پلەی ئەوانەی ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەشدا زانینی زمانی بێگانە لەناو ئێمەدا باو نییە، مەبەستم زمانە پێشکەوتووەکانی ئەوروپایە، زمانی دووەم لای ئێمە لەپاش کوردی زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکییە. دیارە ئەمەش بەشی ئەو بارە قورسە ناکا کە کەوتۆتە سەر شانی شاعیران و نووسەرانەوە. بەم هۆیەوە دەڵێم داخی گرانم ئێستاکە نەوەیەک لای ئێمە پەیدا بووە زمانی عەرەبیش نازانن، ئیتر زمانی کوردی بە تەنیا بەشی چی دەکا؟! هەندێ لەو گەنجانەی تازە پێ دەگەن لەزمانی کوردی بەولاوە سەریان لە هیچ زمانێکی دیکە دەرناچێ، کەچی خەریکە دەبن بە شاعیر.

ئەوە ڕاستە تیۆرییەک هەیە دەڵێ بەرهەمی داهێنراو لە ئەدەبدا ملکەچی زانین و زانیاری نییە، لەو حاڵەتەدا ناچار دەبێ لە سەرچاوە کوردییەکەی خۆی وەریبگرێ، ئەمەشیان کاڵوکرچە، ئیتر ئەگەر بوو بە خاوەن بەرهەمێکی ئەدەبی، لەوەوە ناگۆڕێ و مێشکی پەرە ناسێنێ و لەجێی خۆی ڕاوح دەکا.

**ڕامان:** ڕاستگۆیی بۆ نووسەر و توێژەر و ڕووناکبیر چەندە پێویستە؟ ئایا تۆ چۆن لە بوونی ڕاستگۆیی دەگەیت لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیدا؟

**مارف خەزنەدار:** حەقیقەت دیاردەیەکە پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک ڕەچاوی بکا و بە شوێنیدا بگەڕێ. حەقیقەت حاڵەتێکە نابێ بەدوو، ئیلتیزام کردن لە کاروباردا بە بەرنامەی زانستی پیاو دەگەیەنێتە ڕاستی، بەڵام پێچەوانەکەی، جەوهەری حەقیقەتەکە دەشارێتەوە. ئەم مەسەلەیە لە گۆڕەپانی زانستی پراکتیکی و گۆڕەپانی زانستی مرۆڤایەتیدا بە پێچەوانە دەکەوێتەوە یەکەمیان چەندوچوونی تێدا نابێ، تەبیعەتی ئەوەیە ڕاستی خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێ، بەڵام لە زانستی مرۆڤایەتیدا گیروگرفت پەیدا دەبێ، چونکە ئایدیۆلۆژیەت کاری لێ دەکا.

لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی ڕاستگۆیی لەناو قاڵبیدا نەمەییوە. چاکە و بەرژەوەندی ڕۆشنبیرەکە لە هەڵوێستێکدا بە دیاردەکەوێ لە پێناوی ئەو بەرژەوەندییەدا پشت لە ڕاستگۆیی دەکا. ئیتر بەم جۆرە کەس ناتوانێ لە کۆمەڵی ئێمە و کۆمەڵە جیاوازەکان لە هەمووگێتی نیسبەتێک بۆ ڕاستگۆیی لە نیوەندی ڕۆشنبیریدا دابنێ، بەڵام ئەوە هەیە بەلای منەوە لەبەر هەڵسوکەوتی تایبەتی کۆمەڵی کوردەواری ئەم نیسبەتە کەم نییە.

**ڕامان:** هەست دەکەیت لە ماوەی دوورودرێژی ژیان و مامەڵەی ئێوە لەگەڵ نووسینی کوردیدا توانیبێتتان متمانەی خوێنەری کورد بۆ لای خۆتان و نووسینەکانتان ڕابکێشن؟

**مارف خەزنەدار:** بەڵێ هەست دەکەم. بێ گومان منیش و هەموو کەسێکی خاوەن بەرهەم، یان بەشێوەیەکی دیکە خاوەن کتێب خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی جۆری نووسینی خوێنەرەکانیشی دەگۆڕێن. هەست بەوە دەکەم توێژی ناوەڕاستی خوێنەر و خوێندەوار بایەخ بە بەرهەمە داهێنراوەکانم دەدەن، لەناو ئەوانەشدا زیاتر ئەوانەی بیری کوردایەتی بەسەر مێشکیان زاڵە. هەرچی خوێنەری بەرهەمە زانستییەکانی منن لەناو ئەمانەدا خەڵکی وا هەیە ڕەخنەی سەرزاری دەگرن و بەناوی زانستییەوە هەندێ جار گێرەشێوێنی دەنێنەوە.

مەسەلەیەکی دیکەش لەناوەوەیە مەسەلەی میتۆد لە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەدەبیدا، لەم لایەنەشەوە هێشتا قوتابخانە کۆنەکەی خوێندنی حوجرە باوی ماوە، تەنیا خەریکی لایەنی لێکدانەوەکەی ئیسلامەوییە کە بایەخ بە ڕەوانبێژی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕەنگدانەوەی قورئان و حەدیس دەدا لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمە بۆ تێگەیشتنی تێکستی شیعری کوردی گرنگە، بەڵام لای ئێمە داگیری کردووە و میتۆدی مۆدێرن لە لێکۆڵینەوەی شیعری کوردیدا پشتگوێ خراوە.

لەدواجاردا کارێکی ئاساییە خوێندەوارانی قوتابخانەی حوجرە بایەخ بەکاری من نەدەن و زیاتر ئەوانی دیکە ئاوڕم لێ بدەنەوە.

**ڕامان:** هەست ناکەیت ئێوە وەک کەسێک کە لە بواری خوێندنی باڵادا کارتان کردووە، خۆشتان پێوەرە زانستی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرەکانتان پێشێل کردووە، بەوەی چەندین و چەندین نامەی ماستەر و دکتۆراتان داوە بە کەسانی نامستەحەق و بەشێکی ئەوانەتان لەسەر ڕۆشنبیری کوردی کردووە بە کەڵەگا و مشەخۆر بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیری و زانکۆکانی کوردستانەوە؟ پشکی ئێوە لەو بوارەدا چەند بووە؟

**مارف خەزنەدار:** ئەوەی دەیڵێی هەمووی ڕاستە، من لەگەڵ تۆم لە هەموو ئەم قسانەدا، ئەگەر لەم بابەتەوە لەمەش زیاتر بڵێی پشتگیریت لێ دەکەم، بەڵام من دوو

تێبینیم هەیە، یەکێکیان پێوەندی بەخۆمەوە هەیە، ئەوەی دیکەیان پێوەندی بەو قوتابیانەوە هەیە کە بڕوانامەی بەرزی ماجستێر و دکتۆرایان وەرگرتووە.

ئەوەی لەبابەت خۆمەوەیە من بەرپرسی ئەو هەڕەمەکییە نیم، لە پاشان کە گەیشتە پلەیەک ئیتر تەحەمول ناکرێ، وازم لە زانستگا هێنا و لێی دوور کەوتمەوە، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بیت ئەو قوتابیانەی بەهۆی ڕێبەریی منەوە خوێندیان تەواو کرد وەک مامۆستای بە دیمەن و لێهاتوو لەناو مامۆستایانی زانکۆدا پەنجەیان بۆ درێژ دەکرێ.

دەمێنێتەوە سەر ئەوانەی خوێندنی بەرزیان دەست کەوتووە، وەکو تۆ دەڵێی زۆربەیان نەک هەموویان کز و لاواز نەبوو، هی باش و بەدیمەنیان تێدا هەڵکەوتووە.

**ڕامان:** نیفاق و درۆی ناو ناوەندی ڕۆشنبیری و نووسەران چۆن تێدەگەی؟

ئەمە ئافەتێکی نالەبار و دواکەوتووە لە کۆمەڵی ئێمە و هەموو کۆمەڵایەتی گێتی لە ڕۆژی ئەمڕۆ و لە هەموو ڕۆژگارانی ڕابردوودا. لە نێوەندی خوێندەوار و ڕۆشنبیران ئەم خەسڵەتە لە حەسادەتەوە هاتووە، واتە دووڕوویی و درۆ لەناو ئەم جۆرە کەسانەدا لەوەوەیە هەموو خاوەن قەڵەمێک خۆی بە یەکەم دادەنێ. ئیتر ئاژاوە دەست پێ دەکا، ئەگەر هەردوو لایان دیار و لە ڕووبن، ئەوە خەڵکەکەش دەبن بە دوو بەش، هەر بەشەی لایەنگری لایەکیان دەگرێ، تا هەندێ جار دەگاتە ئەو ڕادەیەی دەکەونە گیانی یەکتری و شەلم کوێرم ناپارێزم، لە خراپە زیاتر لەم جۆرە هەڵوێستانە هیچ شتێکی دیکە ناکەوێتەوە.

بێ گومان جیاوازی لەم ڕەوشتەدا لەنێوان ئێمە و کۆمەڵانی پێشکەوتووی ئەوروپادا هەیە، لای ئەوان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوەیە و هەندێ شاردراوەیە، وەکو لای ئێمە نییە بگاتە ڕادەیەک دوو نووسەر، یان شاعیر درۆ بۆ یەکتری هەڵبەستن و بچنە گژ یەکتری و لایەنگرانیان چەپڵەیان بۆ لێ بدەن. ئەم جۆرە مونافەسەیە هەندێ جار بەهێمنی و هەندێ جار بە تیژیش لای ئێمە دەکەوێتە بەرچاو. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم کە کامەران موکری پەیدا بوو، حەمە ساڵح دیلان لەسەر پێ وەستا بوو. کامەران خۆی وا دەردەخست لە دیلان شاعیرترە، خەڵکەکەش بەهەوەس تەماشای مەسەلەیان دەکرد. لایەنگرانی کامەران بۆ بەرزکردنەوەی مەقامی ئەوەوە شاعیرە بیری کوردایەتییان بەکاردەهێنا، کەچی لایەنگرانی دیلان بۆ بەرزکردنەوەی مەقامی ئەو، مەسەلەی جوانکاری (ئیستێتیک)یان بەکار دەهێنا. هەرچۆنێ بێ دژایەتی یەکتری کردن لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا زۆر تیژ نەبوو، لایەنگرانیان بۆ یەکتری نەدەچوونە مەیدان.

ئەگەر ئەم دیاردەیە لە کوردستانی عیراق هێمن و لەسەرخۆ بووبێ لە کۆمەڵی کوردەواری قەفقاسی ڕووسیا زۆر تیژ بوو و گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی دوژمنایەتی بکەوێتە نێوان دوو نووسەر، یان ڕۆشنبیر نەک قسە لەگەڵ یەکتری نەکەن، بەڵکو دوژمنایەتی یەکتری بکەن.

پێوەندی نالەباری لەم جۆرە لەنێوان جاسمی جەلیل و عەرەبی شەمۆ هەبوو. کابرایەکی وەکو جاسم کەمی خوێندبوو، لە پلەی عەرەبی شەمۆ نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو یەکەم بێ ئەم ناخۆشییە کەوتبووە نێوانیانەوە. جاسم خۆی و منداڵەکانی ناوی عەرەبی شەمۆیان بە چاکە نەدەهێنا. هەر کاروکردەوەیەکی ڕۆشنبیری عەرەبی شەمۆ بۆ کورد کردبێتی، ئەوان بەناوی باوکیانەوە نووسیویانە، بۆ بەڵگە زۆر ئاشکرایە ئەلفوبێی زمانی کوردی بە تیپی لاتینی عەرەبی شەمۆ لەگەڵ ماروگۆلۆڤ دایانناوە، کەچی ئەوان دەڵێن جاسم دایناوە!

**ڕامان:** نەوەی ئێوە لەگەڵ نەوەکەی پێش خۆتان لەچیدا خۆتان بە جیاواز دەبینی؟

**مارف خەزنەدار:** نەوەی پێش ئێمە لە ڕووی خوێندەواری و زانستی و ڕۆشنبیرییەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان دەرچوانی حوجرەی مزگەوت، نموونەی ئەمانە عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و جەمیل ڕۆژبەیانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلا محەمەدی قزڵجی و مەلا ئەحمەدی زەڤەنگی و هی دیکەنە. بەشی دووەمیان کەسانێکن لە قوتابخانە کلاسیکییەکانی دەوری فەرمانڕەوایی عوسمانی خوێندوویانە، لەقوتابخانەی مەدەنی و ڕوشدییەی سوپایی و مولکی پەروەردە بوون، بەشێکیان لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ناوەندی لە بەغدا دەرچوون و خوێندنی ئەرکانی حەربییان لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە. دیارترینی ئەوانە ئەمانەن: تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی، ئەمین فەیزی، ڕەفیق حیلمی، مستەفا پاشا یاموڵکی، سدیق قادری و هی دیکە.

ئەوەی جێی سەرنجدانە ئەوەیە ئەم کۆمەڵە زانایە

زمانانی بێگانەی ئەوروپاییان زانیوە، ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی نەتەوەکانی ئەوروپا بوون. ئەمانە هەموویان بەزانست و زانیاری عوسمانی پەروەردە بوون، لەژێر ڕۆشنایی ئەوە خزمەتی کوردیان کردووە، ئەمە و هەمووشیان خەڵکی شاری سلێمانین. بە لای منەوە نەوەی ئێمە بە هەندێ سیفەت لە نەوەی پێش خۆمان لە مەیدانی ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی دوور دەکەوێتەوە.

لە بابەت بەرنامەی باسی مەلاکانەوە میتۆدێکە تارادەیەک بۆ ئێستاش دەست دەدا، لەبەر ئەوە نەوەی ئێمە پێویست بوو تارادەیەک ئاگاداری ئەو میتۆدە بێ، بەڵام بەگشتی تەنیا بەکارهێنانی ئەو میتۆدە کلاسیکییە لە لێکۆڵینەوەدا هەموو لایەنێکی تێکست ناگرێتەوە، بە شیعر و پەخشان، مەسەلەکە بە تەواوی جێبەجێ ناکرێ.

ئەوەی پێوەندی بە دەرچوانی قوتابخانە ڕەسمییەکانی دەوری عوسمانییەوە هەیە، ئەوەیە ئەوان لە ڕێگەی ئەستەنبوولەوە توانییان تا پلەیەک میتۆدی ئەوروپا بێننە ناو کۆمەڵی کوردەوارییەوە، ئەمە لە قوتابخانەی ڕەسمی میری کەوتە پراکتیکەوە و حوجرەی مزگەوت ڕێگەی نەدا لێی نزیک ببێتەوە. بەگشتی نەوەی تازە قەرزاری نەوەی کۆنە و سوودی زۆرتر لە دەرچوانی قوتابخانە بووە و کەمتر لە دەرچووی حوجرەی مزگەوت.

**ڕامان:** تێگەیشتنی ڕەخنەیی و ئیستێتیکی ئێوە سەبارەت بە داهێنان بەگشتی و شیعر بەتایبەتی چۆنە؟ ئایا چۆن بەرهەمێکی تایبەتمەند و داهێنەرانە لەگەڵ بەرهەمێکی نۆرماڵ جودا دەکەنەوە؟

**مارف خەزنەدار:** «ڕەخنە» و «ئیستێتیکا» دوو زاراوەی جیاوازن و لە یەکترییەوە نزیکن لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەکار دەهێنرێن. یەکەمیان وشەیەکی گریکییە Kritike بە مانای هەوڵدان بۆ نرخاندنی دروست کراو و داهێنراوی ئەدەبی و هونەری لە ڕووی جوانی و ناشیرینی، چاکە و خراپەوە بەکاردەهێنرێ. دووەمیان ئەویش وشەیەکی گریکییە aisthesis بە مانای دەرخستنی لایەنی جوانکاری و نرخاندنی لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەوە هاتووە.

ئینجا هەڵوێستی من بەرانبەر بەم دوو زاراوە زانستییەوە چۆنە، دەڵێم: لە ئەدەبی کوردی، لە هەردوو بەشیدا شیعری عەرووزی و یەکێتی قافیە و شیعری میللی خۆماڵی خاسیەتی تایبەتی هەیە، ئەمە ناوەرۆکی داهێنانی شیعر و چیرۆکی کردووە بە سیفەتێک بەرهەمەکەی پێ دەناسرێتەوە، بەشێوەیەکی دیکە سیفاتی بەرهەمی ئەدەبی لە تێکستەکان خۆیان دەرهێنراون، ئیتر ئەمانە دەبن بە دەستوور و ڕێبەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو کارێکی دیکە. واتە لە دوای پەیدابوونی شیعری عەرەبی بەچەند سەدەیەک، خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی دەستووری هەموو کێشەکانی لەسەر ئەو شیعرانە دانا، ئەمە بوو بە «زانستی عەرووز»، ئیتر لەپاش ئەو هەر شیعرێکی تازەی عەرەبی پەیدابوو، بەپێی ئەو دەستوورە هەڵیدەسەنگێنن کە خەلیل دایناوە. جگە لەمە، بێ گومان من چێژ و خەیاڵ و هەڵوێستی تایبەتی خۆم هەیە، ئەمانە هەموویان فیکرێک بەرانبەر بە دیاردەکە دروست دەکەن، ئیتر ئەمانە هەموویان تێکەڵی یەک دەبن و وەکو دەستوورێکی نەنووسراو لە مێشکی من و هەموو ئەو کەسانەی خەریکی ئەم کارەن دروست دەبێ.

لە بابەت «بەرهەمی تایبەتمەند» و «بەرهەمی نۆرماڵ» بەڕاستی نازانم چی بڵێم، چونکە بەگشتی وابزانم ئەو دوو بەرهەمە هەردووکیان بەرهەمێکن، چونکە بەرهەمی داهێنراو بە کاملی لەدایک دەبێ و زۆر دەژی، لەبەر ئەوە تایبەتمەندە و نۆرماڵیشە، بەڵام ئەگەر لەلایەکی دیکەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین ڕەنگە بڵێین «هاملێت»ی شەکسپیر تایبەتمەندە، بەڵام سۆنێتەکانی نۆرماڵە.

کارێکی ئەدەبی گەورەی وەکو نەعتەکانی نالی لە حەقیقەتدا بە گەورە دەکەوێتە بەرچاو ئەگەر لەگەڵ غەزەلێکی حەوت دێریدا بەراوردی بکەین، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، هەردوو کارەکە دەچنە ناو داهێنانی ئیستێتیکی بەرزەوە، کەچی یەکێکیان گەورەیە و ئەوی دیکەیان بچووکە. ئەوجا ڕەنگە بەم جۆرە بۆمان بکرێ «تایبەتمەند» و «نۆرماڵ» لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاریان بێنین.

**ڕامان:** ئایا خەڵات کردن و ڕێزلێنان لە شاعیران و نووسەران بە پێویست دەزانن؟ ئەی لای ئێمە پێوەرەکانی خەڵات کردن و ڕێزلێنان لەسەر چ بنەمایەکە و بەرەو کوێ دەڕوا؟

**مارف خەزنەدار:** نا بە پێویستی نازانم، هەندێ جار زیانی هەیە و قازانجی نییە، بە تایبەتی ئەگەر ناوە ناوە، یان ساڵانە بێ و بە تەنیا کەسێک بدرێ، چونکە لەناو

هەمـوو كـۆمـەڵێ شـاعـیـر و نـووسـەر و هونەروەران كـە ژمـارەیان زۆرە، دڵـیـان لەخـۆیاندا دەمـێنێ كـە ڕێزلێنان لەتاكە كەسێک دەنرێ. لەم لایەنەوە پێویستە ئەوە بڵێم لە هەمـوو ئەو كـۆمـەڵە گـەورە و پێـشكەوتووەی مـیـسـر تەنیا یەک نـەجیب مەحفووز هەیە، ئەم ڕێزەی لێ بنرێ! ئەدی لە سـەدەی بیـسـتـەمدا تەها حوسێن هەبوو بۆ ئەو پاداشتی نۆبڵی وەرنەگرت!

من كە دەڵێم پێویست بەڕێزلێنان ناكا ئاگاداری ئەوەم سـارتر لە كـاتی خـۆیدا پاداشـتـی نۆبڵـی ڕەت كـردەوە، برناردشۆ پارەكەی وەرنەگرت و بەخشـیـیە ڕێكخـراوانی دەست كورت و هەژارانی كۆمەڵی بەریتانیا.

ئەگەر ڕێزلێنان لە كۆمەڵانی ئەوروپا هەندێ ڕێكوپێک بێ، مـاقـووڵـیـەتێكی تێـدابێ، لای ئێـمـە ئەوە نیـیـە، چونكە هەندێ لە وانەی ڕێزیان لێ دەگیرێ، شایەنی ئەوە نین، لە مـەیدانی پسـپـۆڕی خـۆیاندا كـارێكی وایان نەكـردووە شـایانی ڕێزلێنان بن، چونكە ئێـمـە بەچاوی خۆمـان دەبینین چوار پێنج كـەس خەڵات دەكرێن، ڕەنگە یەک دووانێكیان شایانی ئەو ڕێزلێنانە بن، بەڵام ئەوانی دیكە فریان بەسەر مەسەلەكەوە نییە. لەمە سەیرتر لەلای ئێـمـە نەریتـێكی سەرسوڕهێنەریش باوە، ئەویش ئەوەیە ڕێز لە مـردوو دەنێن، دیاربیـیـەكـە هەندێ جـار پارەشی لەگـەڵدایە لە كـۆبوونەوەكـەدا پێـشكێش بە كـەسێكی نزیكی مردووەكەی دەكەن.

لای ئێمە ڕێزلێنان بەگشتی لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشائیری و حزبایەتی و یەک ئایدیۆلۆژیەتییە، لە هەر جـارێكیـشـدا بۆ ترشوخوێ مـەسـەلەكە كـەسێكی دیار دەخـەنە ڕیزی ئەوانی دیكەوە بە چەپڵـەڕێزان، هەندێ مـاعـیـر و ئۆخب یەزار دەكرێن بە شـاعـیـر خـوێندەواری بەرز.

ئینجا ئەگەر لە منیش دەپرسی لە دەرەوەی نیـشـتـمـان چەند جـارێک ڕێزیان لێ ناوم و خـەڵات كـراوم، ئەگـەر ئەمەیان بەلامەوە گرنگ نەبێ، ئەوەی ناوەوەی نیشتمان لە دوای ڕاپەڕین (١٩٩١) بەلامـەوە گـرنگە، بۆ ئەوەی بڵێم ئەو خەڵاتانە هەموویان ڕەت دەكەمەوە، ئەوەی هەرە دواییـان لە بەشی زمانی كوردی و كولێجی پەروەردە لەو ڕۆژانەدا بوو، كە ئێوە ئەم گفـتـوگۆ كولتووریەتان لەگەڵ مندا كـرد. هەر چۆنێ بێ دەبوو ئەو ڕێزلێنان و خـەڵاتانە قبووڵ نەكەم.

**ڕامـان:** تۆ لە سـاڵی ١٩٧٠ بەدواوە لەناو جـەرگـەی بارودۆخـە ئەدەبیـیـەكـەدا بووی، بەیاننامـەی (ڕوانگە) دەرچوو، ئەو بەیاننامـە ئەدەبییـە چەند بە پێویست زانرا (لانی كـەم بە لای تۆوە)، ئایا لە پاشـانـدا توانی ئەو پەیام و ئامـانج و بانگەشانەی بۆ خۆی دەیكرد هیـچیـان لێ بهێنێتەدی؟

**مـارف خـەزنەدار:** بەیاننامـەی «ڕوانگە»ی كـوردی لە سـاڵی ١٩٧٠ لاسـایی كـردنەوەیەكی بەیانی ئەدەبی هەندێ لە شاعیر و نووسەرانی عەرەبی عیـراق بوو، هی ئەمانەش لاسایی كردنەوەی ئەوروپاییەكان بوو. بەڕاستی بەیان (مانیفێست) هەموو لایەنێكی زانیاریی لە هەموو گـێـتـیـدا گـرتۆتەوە، تەنیـا تایبـەت نەبووە بە ئەدەبەوە. بەلای منە «ڕوانگە» و هەمـوو ئەو مـانیـفـێـسـتـانەی لەهەمــوو لایەک بڵاودەكــرێنەوە وەكــو وتارێک، یان باسـێكی ئاسـایی دەكـەونە بەرچاو لەپێناوی چاككردنی لایەنی كەموكوڕی هەر دیاردەیەكی كۆمەڵ.

ڕوانگە پرۆگرامێک بوو بۆ چاكسـازی و تازەگـەری لە ئەدەبدا، لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو بەڕادان نادرێ، ڕوانگە بەم بانگەوازەی نەیتوانی بە شەووڕۆژێک هەمـوو ئامـانجـەكانی بەیانەكە بهێنێـتە دی، چونكە ئەم كـارە مـاوەی زەمەنی زۆری گـەرەكـە، بۆیە ئەویش دەبێـتە سەرچاوەیەک بۆ چاكسـازی لە هەمـوو قوتاغێكی ژیان و سەردەمی خەباتی ئادەمزاد لەپێناوی ئەو تازە كردنەوەیەی مرۆڤ دەیخوازێ.

لەسـاڵی ١٩٧٠دا بەیانی ڕوانگە بڵاوكـرایەوە، ڕوانگەییەكان سێ ژمارە كۆواریان بەو ناوە بڵاو كردەوە. ئەو كـۆوارە گـۆیا ڕەنگدانەوەی بیـروڕای ڕوانگـەییـەكـان بوو، شـتـی تازەی باش و جـوانی تێـدا بـوو، هەر لەو سـاڵەدا من سێ ژمـارەم لە «دەفـتـەری كـوردەواری» بڵاوكـردەوە. بەلای منەوە هیـچ جیـاوازییـەک لەناوەڕۆكی ئەم دوو كـۆوارەدا نەبوو، هەردووكـیـان بەرهەمی تازە و بەهێـزیان بڵاوكـردەوە، بەڵام هەر لەوكـاتەدا هەندێ لە خـوێندەوار و ڕۆشنبـیـرانی كـورد پلەی دەفـتـەری كوردەوارییان بەرزتر لە ڕوانگە دەخستە ڕوو.

بەڕاسـتی من یەكـێک بووم لەو كـەسە دەگـمـەنانەی خـۆیان لە «ڕوانگە» نزیک نەكـردەوە. ڕوانگەییـەكـان هەمــوویان دۆست و هاوڕێی نزیكم بـوون، بەڵام بە هیچ جـۆرێ نەچووم بە پیـری بەیانەكـەیانەوە، چونكە لە بنەڕەتدا باوەڕم بە «مـانیـفـێـست» نییـە، ئەوەی تێـیدا دەنووسرێ بەجێیە، پێویستە بوترێ، بەڵام نابێ ببێ بە

دەستوور و پیڕەو بکرێ، چونکە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری داهێنانە و بەڕادان نییە.

**رامان:** خراپترین قۆناغێک بۆ نووسین و دانان بۆ ئێوە چ قۆناغێک بووە، دەکرێ بزانین بۆچی؟

**مارف خەزنەدار:** پێم وایە مەبەستت لە خراپترین قۆناغ بۆ نووسین و دانان نییە، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەیە، چونکە من بە درێژایی ژیانم لە هەموو کاتێک و لە هەموو جێیەک بە تایبەتی لەناو شەمەندەفەر و پاپۆڕ و فڕۆکەشدا لە نووسین و خوێندنەوە نەکەوتووم، بەم پێیە ئەوەی لەبیرم بێ دوو ماوەی ژیانی رووسیا و پێنج ساڵی ئەفەریقای باکوور و ئەوروپا بۆ من ساڵانێکی نەهات بوون، نەمتوانی لەو ماوانەدا ئەوەی پێویستە بڵاویان بکەمەوە.

ژیانی خوێندەواریم لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە رووسیا بوو، لەو ساڵانەدا شۆڕش و هەڵسانی کورد لە عیراقدا لەناوەوە بوو، منیش و هەموو کوردێک لە بڵاوکردنەوە وەستا بووین، چونکە رۆژنامە و گۆواری کوردی لە ناوەوە نەبوون، کتێبی کوردی بە دەگمەن لەم ماوەیەدا لە بەغدا چاپ دەکرا، ئەگەرچی لە رووسیا هەندێ جموجووڵم هەبوو و بە رووسی و کوردی هەندێ نووسینم بڵاودەکرانەوە، بەڵام لەو پلەیەدا نەبوون، نەک تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو رۆشنبیرێکی کە لەو وەزعە رازی نەبووبێ.

هەرچی پێوەندی بە ژیانی جەزائیرەوە هەیە (١٩٨٣-١٩٨٨) من خۆم لە بڵاوکردنەوە یاغی بووم. ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٨١ەوە دەستی پێ کرد، لەو کاتەی خانەنشین کرام، بڕیارم دا هیچ شتێک بڵاو نەکەمەوە، نازانم ئەم بڕیارەم ڕاست بوو، یان نا! ئەمە وەکو بەرگرییەک بوو لە خۆم بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەی خانەنشینی کردم و بە دوژمنم دەزانی. لە دوای گەڕانەوەم بۆ وڵات بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆوارەکانی کوردستانی عیراق و شاری بەغدا دەستم کردەوە بە بڵاوکردنەوە.

**رامان:** خوێندنەوە چەند بە پێویست دەزانی بۆ کەسێک بنووسێ؟

**مارف خەزنەدار:** ئەوەی قەڵەمی بەدەستەوەیە پێویستە لە هەموو کەسێک زیاتر بخوێنێتەوە، چونکە نووسین پێویستی بە زانیارییە، هەروەها پێویستە ماوەی خوێندنەوە برێک لە نووسین زیاتر بێ.

**رامان:** سرووت (طقوس)ێکی تایبەتی هەیە بۆ کاتی خوێندنەوە و نووسین لەلای تۆ؟ واتە کەشوهەوایەک زیاتر ئارام و ئاسوودەتان بکات و بۆ خوێندنەوە و نووسین پێتان لەبار بووبێ؟

**مارف خەزنەدار:** ئەو کەشوهەوایە لە نووسینێکمەوە بۆ نووسینێکی دیکەم جیاوازە. بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو (چیرۆک، وتار...) لە هەموو کاتێکدا دەنووسمەوە، چونکە تاقیکردنەوەی هەستی (التجربة الشعورية) ماوەی زۆر لە ناو مێشکمدا دەخایەنێ، جاری وا هەیە بە ساڵ، درێژەی هەیە ئینجا لە پڕ لەناو شەمەندەفەری سەفەرێک دەتەقێتەوە، ئەم جۆرە نووسینە بۆم هەیە لە نیو سەعاتی پشووی موحازەرەشدا بینووسمەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەکانی ئەدەبدا ئەمە کاتی هێمن و جێگەی تایبەتی گەرەکە وەکو نامەخانە بۆ ئەوەی سەرچاوە و بیبلیۆگرافیای باسەکە لەبەر دەست بن. لە کاتی ژیانی دەرەوەی نیشتمانم بە تایبەتی لە ڕووسیا کاری زانستیم بەشەو دەکرد، لەوکاتەی ڕۆژ دوو سەعات بوو، ئەوی دیکە شەو بوو، جاری وا هەبوو ئەوەی بە حسێب شەو بوو خەریکی کار دەبووم و نەدەنووستم.

**رامان:** وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون، هەست دەکەن ئێمە وەک کورد ڕەخنەمان هەبێ؟ سیما و ئادگارەکانی ئەو ڕەخنەیە چۆن و لەچیدا دەبینن؟

**مارف خەزنەدار:** بە مانا گشتییەکەی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریمان نییە، دەتوانم ئەوە بڵێم ئەگەر هەشبێ، لە دەوری گاگۆڵکێدایە، هۆی ئەمە نزمی توانای عەقڵی کورد نییە، لە زۆر لایەنی ژیاندا عەقڵی کوردی پێشکەوتوو و سەرکەوتووە، بەڵکو ئەمە لە ئەنجامی ڕێڕەوی مێژوو و تۆپۆگرافی و شاخاوی بوونی جوگرافییەوە هاتووە، ڕۆشنبیری کورد زیاتر خەریکی سیاسەت بووە، لەو چوار سەدەیەی دواییدا هیچ سەرکەوتنێکی سەری نەگرتووە، لەبەر ئەوە ماوەی ئەوەی نەبووە بپەرژێتە سەر لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری. لەم ماوە دوورودرێژەدا لە دوای هەموو سەرکەوتنەکان لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی کەم هەلی بۆ هەڵکەوتووە بیر لە ڕەخنەی ئەدەبی بکاتەوە، ئیتر ئەم هەموو تاقیکردنەوانەش بەسەریەکەوە ئەوە ناگەیەنن ڕەخنەی ئەدەبیمان هەیە و بەهێزە. ئێستا خەریکە سەر دەردەخا، بە تایبەتی لای ئەو خوێندەوار و ڕۆشنبیرانەی لە کولتووری ئەوروپایان وەرگرتووە.

**رامـــــان:** ئـەی بـارودۆخـی نـووسـین و ئـەی بـاس و لێتوێژینەوە لای ئێمە چۆنە؟ کە بەشێوەیەکی گشتی جێی گلەییە و بە لاواز باس دەکرێ؟

**مــــارف خــــەزنەدار:** بـارودۆخـی نـووسـین و بـاس و لێکۆڵینەوە لای ئێـمـە بـاش نیـیـە، لەبەر ئەوە وەکـو تۆ دەیلـێی جـێی گلەییـە و بە لاواز باس دەکـرێ، هۆی ئەم دیاردەیە ئەوەیە پرۆژەی بەرنامـەی زانسـتی و پێـەو و پێویست بۆ چاککردنی لایەنی بەشەکانی ئەدەب و هونەر دانانرێ. پێویستییەکان لەلایەن پسپۆڕانی ئەم لایەنەی زانیـــارییــەوە بەبێ پلانـدانـان بەڕێوەدەچن. واتە هۆی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا نەبوونی پلاندانانە.

بۆ بەڵـگە دەمـێکە پرۆگـرامـێکم بۆ خـۆم دانـاوە، هەندێکیم خـسـتـە پراکـتیـکەوە، بەڵام کـەس بە قسـەی نەکـــردم. ئەم بیــــروڕایەم بە مـــوحـــازەرە و نـووسین بڵاوکـردۆتەوە. مـەسـەلەکـە ئەمـەیە: ئێـمـە بەرانبـەر بە گـەنجـینەیەکی بێ هاوتاین لە شـیـعـری کـلاسیکی. بەرنامـەکەی من سێ هەنگاو بوو بۆ جێبەجێ کـردنی، هەنگاوی یەکەمیان ساغکردنەوەی تێکستی شیعرەکان و ڕزگـارکـردنیـان بوو لەو هەمـوو هەڵانەی تێی کـەوتبـوون، هەڵەی چاپی و هی دیکەی لە دیوانە چاپکراوەکـــان و دەســـتنووســـە زۆرە پەڕپووتەکـــانی لەبەردەســـتـــدان کـەوتبـوونەوە. هەنگاوی دووەمـیـان دانـانی فـەرهەنـگی زمانی شاعـیر کە لە شیعریدا بەکاری هێناوە، ئەمەیان ئەگەر فەرهەنگێک بۆ نالی بە تەنیا، یان فەرهەنگێکی دیکە بۆ مەلای جزیری و نالی و حاجی پێکەوە لەناوابێ بەکارهێنانی بۆ هەمـوو شاعیرانی کلاسیک دەست دەدا. هەنگاوی سـێیـەمـیـان لێکۆڵینەوە لە شـیـعـری شـاعـیـر، ئەمـەیان تائێـسـتـا نەکـراوە. بۆ شـاعـیـرێکی وەکـو نالی تارادەیەک توانیم هەنگاوی یەکەم و دووەم بهاوێم، بەڵام تائێستا سێیەمیانم بۆ نەکرا، چونکە شەرم لەوە ناکەم بڵـێم لە هەمــوو وتەیەکی نالی ناگـەم، زۆربەی ئەوەی تێیگەیشـتووم لە کـتێبی «نالی لە دەفـتـەری نەمـریدا» (بەغـدا ١٩٨١) و لە هەندێ لە وتار و باس لە ڕۆژنامە و کۆواری کوردی و عەرەبی و ڕووسی بڵاوکراونەتەوە.

لێرەدا مـەسـەلەی ساغـکردنەوەی تێکستی شیـعـر لە ڕووی ڕاست نووسین و ئیـــمـــلاوە گـــرنگە، بەم جـــۆرە شیعرەکە مانا ڕاستەقینەکەی شاعیر دەیەوێ بەدەستەوە دەدا، ئەوجا مانای وشەی فەرهەنگی و زاراوەکان.

بۆ بەڵگەی دواکەوتوویـیان لەم ڕووەوە بۆ جاری دووەم «دیوانی نالی»م (هەولێـــر ٢٠٠٨) چاپ کـــردەوە، سەرچاوە هەمـوو چاپەکانی پێشـووی دیوانەکە بوو، لەگەڵ دەستنووسێکی یەکجار زۆر. بەو مەبەستە ئەمەم کرد ئەو چاپەی من ببێ بە سەرچاوە بۆ وەرگرتنی شیـعـری نالی، بەڵام داخی گرانم نـەک کـەس ئەمەی نەکرد، بەڵکو کـەس بۆ ئەوە نەچوو بۆ ئەوەی دڵنیـا بێ لەناو ئەم هەمـوو جۆرە چاپکراوانەدا کـــامـــەیان لە ڕاســـتـــیـــیـــەوە نزیکن، لێکۆڵەرەوان تاکە یەکێکیان کە شیعری نالی وەردەگرێ خۆی مـاندوو ناکا دێرە شیعرەکەی چاپی من لەگەڵ چاپی مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس بەراورد بکا، بۆ ئەوەی ڕاستییەکە وەربگرێ.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی، لە ئەنجامی ململانێی نێوان کۆن و نوێ هاتبێتە بەرهەم کە پێداویستییەکانی قۆناغەکە سەپاندوویەتی لە ئەنجامی ململانێی نێـوان دوو نەوە و دوو ڕێبـاز و دوو شـێـوازی نووسین و بیـرکـردنەوە و جیـهـانبـینی، یان نـوێبـوونەوەکـە ڕاستـەوخۆ لەژێر کـاریگەریی ئەدەبیـاتی ڕۆژئاواوە بووە و هاتووەتە بەرهەم؟

**مـارف خـەزنەدار:** هەڵـسـوکـەوتی مـەوزووعی، نوێ کـــردنەوەی شـــیـــعـــری هێناوەتە ناوەوە، بەم جـــۆرە ململانێیەکە هۆ نییە، بەڵکو ئەنجامە. نوبشکی بیروڕای من لەم بابەتەوە ئەوەیە دەمێکە وتوومە شیـعـری تازە لە ئەوروپاوە سـەری دەرکردووە، هەروەها چیرۆکی کـوردیش (پەخشان) لەوێوە ڕووی کردۆتە ڕۆژهەڵات.

ئیـتر بەم جۆرە شیعر لە ڕێگەی ئەستەنبووڵەوە هاتووە، شـیـعـری کـلاسـیکی تورکی عـوسـمـانی لە دوا سـاڵانی سەدەی نۆزدەم بە زەبری بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی ئەوروپا، کەوتە گۆڕان، وابوو یەکەم گۆڕانی شیعری تورکی بەناوی «شیـعری تورکی نوێ»، دەستی پێ کرد، مامـۆستـایانی شیعری نوێی کوردی نووری شێخ ساڵح و گۆران و ڕەشید نەجیب ناویان نا «لاسایی شیعری عوسمانی نوێ»، ئەمە لە ڕێگەی ئەسـتـەنبـووڵەوە لە دوای یەکـەمین جـەنگی سەدەی بیستەم گەیشتە سلێمانی.

هەرچی چیـرۆکـیش بوو (پەخـشـان) لەژێر کـاریگەری چیـرۆکی عـەرەبی مـیـسـری لەو مـاوەیەدا گـەیشـتـە کوردستانی عـیراق، بێ گومان ئەویش وەکو دیاردەیەکی هونەری لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بوو.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییـە بڵـێم شیعری نوێ و چیرۆک تاپۆی ئەدەبی نەتەوەکـــانی ئەوروپان، بەڵکو ئەمـــە

پێویستی هەموو ئەدەبێکە و لە هەموو کۆمەڵێکدا، ئەو کۆمەڵە ئەگەر دواکەوتوو بێ، یان پێشکەوتوو. ئیتر لەبەر بارودۆخ و پێشکەوتنی تایبەتی ئەوروپا ئەو گۆڕان و ڕینیسانسانە لەوێ سەریان دەردەکرد، بەهۆی شموولییەت و گەردوونییەتی ئەدەب، گۆڕانی فیکر لە بزووتنەوەدا دەبێ، لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا لە جێیەک ڕوو دەکاتە جێگەیەکی دیکە. ئەو دەربازبوونە لەدوا ساڵانی سەدەی هەژدەم و هەموو سەدەی نۆزدەم تا جەنگی یەکەمی گێتی پێویستی بەسەدەیەک هەبووە.

واتە لەو کاتەی شیعری تازەی ڕۆمانتیکی لەدوا ساڵانی سەدەی هەژدەم لە بەریتانیا و فەڕەنسا پەیدا بووە و لە هەموو ئەوروپا بڵاوبووەوە، لەدوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم گەیشتۆتە ئەستەنبوڵ و گۆڕانکاری لە ئەدەبی تورکی دەستی پێ کردووە.

**ڕامان:** ئەو دەق و تێکستە ئیبداعیانەی تا ئێستا لەلایەن شاعیران، چیرۆکنووسان، ڕۆماننووسان، شانۆنووسانی کوردەوە نووسراون، لە ئاستی داهێنانی میللەتێکدا دەبینی؟

**مارف خەزنەدار:** دەمێکە هەندێ زانیاری لە لام ڕسکاوە لە بابەت هەڵسوکەوت و پلەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و دابەش کردنی بەسەر میللەتانی جیاوازی سەرزەوی لە ڕووی پێشکەوتن و دواکەوتنەوە، واتە، یان دەبێ ئەدەب و هونەر لە کۆمەڵی پیشەسازیدا پێشکەوتووتر بێ لە کۆمەڵی کشتوکاڵی! ئەمە تیۆرییەکە لە هەموو شوێنێک و کاتێکدا بیری لێ ناکرێتەوە. من ئەم تیۆرییەم لە میللەتی کوردی خۆم وەرگرتووە، گومانم لەوەدا نییە پلەی ئیستێتیکی شیعری کلاسیکی کوردی لە پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بەرزترە. جا ئێمە لەم لایەنەوە بەم جۆرە ناتوانین هیچ بەراوردێک لەنێوان وەزعی کورد و ڕووسدا بکەین، ئەوان لە هەموو لایەنێکی ژیان پێشکەوتوون، ئەدەب و هونەریان ڕەنگدانەوەی کولتوور و مەدەنییەتیانە بەگشتی. بێ گومان پێچەوانەی ئەمەش لەناوەوە هەیە، لە ئەفەریقا و جزیرەکانی ئوقیانووسە جیاوازەکان میللەتی وا دەژین هەردوو لایەنی مەتریالی و مەعنەوی، کشتوکاڵی و پیشەسازییان لە پلەیەکی نزمدایە. بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکە بیرکردنەوەی زیاتر و لێکۆڵینەوەی قووڵ و هۆشیارانەی گەرەکە.

**ڕامان:** دەڵێن ڕۆژ دوای ڕۆژ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا جێ بە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لەق دەکات، تۆ پێت وایە شتێ هەبێ جێگەی کتێب خوێندنەوە بگرێتەوە و پاشەکشەی پێ بکات؟

**مارف خەزنەدار:** ڕەنگە ئەم قسەیە تارادەیەک ڕاست بێ. ئەگەر تەکنۆلۆژیا لەمەش زیاتر پێش بکەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتایی بە کتێب و چاپەمەنی دیکەی وەک ڕۆژنامە و گۆوار نایە. وەک وتم لەوانەیە هەندێ هەواڵی ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن مونافەسەی چاپەمەنی بکا، ئەویش تەنیا لەو کاتەی پیاو چاوی بۆ زانینی ڕووداو بەکاردێنێ، ئەگەر نا باوەڕ ناکرێ تۆ کتێبێکت لەبەر دەست بێ، بچی لە ئینتەرنێت بیخوێنیتەوە، ئەمە ڕەنگە لە کاتێکدا ڕووبدا کە چاپکراوەکە لە جێگەیەکی یەکجار دوور بێ و دەستت نەیگاتێ و ناچار بی لەسەر شاشەی ئینتەرنێت بیخوێنیتەوە. ئەمە و ئەگەر کتێب نەبێ ناوەرۆکی چۆن دەچێتە ئینتەرنێت، بەڵام ئەمەیان دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی فراوان.

**ڕامان:** نووسەری کورد کە لە بەرانبەر هەقی نووسین و مافی کتێبەکانی باسی پارە و خەڵاتی لەگەڵدا دەکرێ، هەست بە کەمایەتی دەکات، واتە نووسین پیشەیەک نییە نووسەر بژیێنێ، ئەمە بە پێچەوانەی هەموو پیشەکانی دیکەوەیە، لەکاتێکدا نووسین هەموو ژیانی نووسەرێک دەگرێ و بەدەست و پێ سپی دەیهێڵێتەوە و هیچ بوارێکی بۆ ناهێڵێتەوە کارێکی دیکە بکا. بیروڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟ پێتان وایە دەبێ نووسەر تا ماوە نووسین لەلای (ئارەزوو) هیوایەت بێ، یان ئەویش وەک سایلی پیشەکانی دیکە لە سایەی کتێب و نووسین و بەرهەم و ماندووبوونەکانی باشتر و خۆشتر بژی؟

**مارف خەزنەدار:** دەزانی بۆ هەست بە کەمیەتی دەکا، چونکە لای ئێمە شاعیر و نووسەر پیشەیان نییە بەو مانایەی لەسەری دەژین، ئەمە کارێکە لاوەکییە و بووە بە هەوەس و هیوایەت، کەچی لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەندێ لەم هیوایەتانە دەبن بە پیشە، وەک ئەوەی مووچەی تایبەتییان دەبێ و وەک هەموو مووچەرخۆرێک کە کردەوەیان نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتەکانی دیکەی ئەدەب دەبێ.

نووسەر لە کاتێکدا دەست و پێ سپی دەمێنێتەوە کە کارێکی دیکەی نەبێ، واتە پیشەیەک لەسەری بژی، ئەوکاتە وەکو جۆرە سواڵکەرێکی لێ دێ. لەم حاڵەتەدا

هەر چۆنێ بێ بە زۆری ئەو جۆرە کەسانە لە وەزیفەیەکی بچووکدا دادەمەزرێنرێن بۆ ئەوەی پێی بژین. لەم کاتەدا کارەساتی ویژدانی و ئەخلاقی لە لای دروست دەبێ، چونکە زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکا، نووسەر بە کەسێکی گەورە لە کۆمەڵ لە قەڵەم دەدا، لەو کاتەی پێویستە مەقامی لە پلەیەکی بەرزدا بێ، کەچی مووچەخۆرییەکی بچووکی پێی ڕەوا بینراوە.

مەسەلەی نووسین هیوایەت بێ، یان پیشە، ئەمە بەدەست خاوەنیەتی، ئەوکەسە ئەگەر دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بێ، بێ گومان نووسین دەبێتە هیوایەت، بەڵام ئەگەر هەژار و دەست کورت بێ دەبێ بە پیشە، لێرەدا لەناو کۆمەڵدا هەست بە نزمی مەقامی دەکا، حەز بەوە ناکا ڕێزی لێ بنرێ، بەتایبەتی ئەگەر ڕێزلێنانەکە زیادە لەسەر دیارییەکی هونەری، یان نیشانەیەکی یادگاری بریتی بێ لە هەندێ پارەش، بەتایبەتی ئەو پارەیەش کەم دەبێ.

پێش ئەوەی کۆتایی بە وەرامی ئەم پرسیارە بهێنم بە پێویستی دەزانم هەندێ لە ڕێزلێنانی شاعیر و نووسەرانی لای خۆمان بدوێم. لای ئێمە پەلە لەم مەسەلەیە دەکرێ، دەسگا کولتوورییەکان چاو لە یەکتری دەکەن، ئەگەر یەکێکیان کارێکی وای کرد، ئەوانی دیکەش دەیکەن، ئەگەر دەسگایەک ڕێز لە خەڵکێکی دیاریکراو بنێ، دەسگایەکی دیکە ڕێز لەو کەسانە دەنێ کە دەسگاکەی پێشوو ڕێزی لێ نەناون. بە هەموو جۆرێک لای ئێمە مەرجی ڕێزلێنان بە ڕاستی لە گەورەیی نووسەر و شاعیرەکە نییە، بەڵکو بە بیروڕا و ئیدیۆلۆژییەت و حزب و ڕێکخراوی دیاریکراوی جۆر بەجۆرەوەیە.

**ڕامان:** مەرجی چێژ وەرگرتن لە دەقێکی ناوازە و شاکار لەلای ئێوە لەچی دایە؟ شاکارێکی داهێنەرانە لەگەڵ دەقێکی ئاسایی و لاساییکەرەوە چۆن لەیەکدی جودا دەکەنەوە؟

**مارف خەزنەدار:** جیاوازی لەنێوان بەرهەمێکی گەورە و بەرهەمێکی بچووک نییە، لەنێوان ڕۆمانێک و غەزەلێکی حەوت دێری، ئەگەر هەردووکیان مەرجی ئیستێتیکییان تێدابێ، دەنگدانەوەیان لە پلەی جوانیدا لەبەر ئەوە جیاوازە، چونکە یەکەمیان وێنەی زۆر جوانی تێدایە، بەڵام دووەمیان تەنیا یەک چاوترووکان جوانی تێدایە، ئەمە چۆن وەک ئەوەی پێشوو دەنگ دەداتەوە کە بە هەزاران لەو وێنە جوانکاریانەیان تێدایە.

ئینجا کەسێکی وەکو نالی و کۆمەڵێک شاعیرانی گەورەی کورد لەبەر ئەوەی بە ژمارە شیعری جوانیان زۆرە، ئیتر ئەو شیعرانە وەکو ڕۆمانێک دەکەونە ڕوو لەبەر ئەوە مەقامیان لەناو کۆمەڵدا بڵندە.

**ڕامان:** ئایا چێژ وەرگرتن لە دەق لە ڕێگەی ئەزموونی زۆری خوێندنەوەی دەقەکانەوە دەبێ، یان پرۆسەیەکی ئەبستمی- مەعریفییە، یان هەردووکیانە؟

**مارف خەزنەدار:** بەلای منەوە چێژ بە زۆری خۆڕسکی و ویراسییە مرۆڤ لە دایک و باوک و دەوروبەر و بنەماڵە وەریدەگرێ، لە تەمەنی منداڵی و مێردمنداڵی ئەو چێژە پێدەگا و پتەو دەبێ، لەدوای ئەو تەمەنە بە زۆر خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو چێژەکە بەهێزتر دەبێ، چونکە خوێنەر ئەوکاتە هەر دێت و تێکستی داهێنراوی ئیستێتیکی زیاتر کەشف دەکا، ئەمە هەمووی دەبێتە هۆی دروست بوونی چێژی تایبەتی لای ئەو خوێنەرە. ئەم چێژە لە خوێنەرێک بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی پەروەردەی تایبەتی کەسەکە دەبێ. بەم پێیە کەسێک جوانکاری لە بەرهەمێکی دیاری کراوی ئەدەبی و هونەری لە ڕووی ئیستێتێکییەوە دەبینێ، بەڵام یەکێکی دیکە بەو جۆرە چێژی لێ وەرناگرێ، ئەمە زیاتر پێوەندی بە ئیدیۆلۆژییەتەوە هەیە، پێوەندی بە ئایین و نەتەوەی ئەو کەسەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرز چێژ لە بەرهەمی بەرزی ئەدەبی دەبینێ هەتا ئەگەر لەگەڵ کۆی ئیدیۆلۆژیەتیش ڕێک نەکەوێ، پێم سەیرە ئەگەر عەلمانییەکی کورد چەپڵە بۆ نەعتەکانی (ستایشی پێغەمبەر)ی نالی لێ نەدا، یان موحافیزکارێک گوێ لەجنێوەکانی شێخ ڕەزا نەگرێ و بە جوانی نەزانێ.

**ڕامان:** بۆچی (ڕەخنەی کوردی) کەمتر خۆی لە قەرەی شیعری کلاسیکی کوردی داوە؟ ئایا ئەو لا لێ نەکردنەوەیە پێ نەوێرانە، یان ناشارەزاییە لە شیعری کلاسیکی کوردی، یان هۆی دیکەی لەپشتەوە هەیە؟

**مارف خەزنەدار:** چونکە کادیرێکی مۆدێرنی تازە بابەتی دەرچووی قوتابخانە و دەسگاکانی زانستی لە ئەوروپای بۆ هەڵنەکەوتووە. ئەوەی لەناوەوە بووە تا ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش دەرچووی قوتابخانەکان بوون، لەو ماوەیەدا هەموو ئەو کەسانەی

خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە ئەدەبی کوردی، دەرچووی حوجرەی مزگەوت بوون، ئەمانە دەسکەوتیان لە شیعری کلاسیکی بووە، بەڵام تایبەت بەشێواز و بەرنامەی زانستی حوجرەی خۆیان، لەبەر ئەوە دەبینین کەسێکی وەکو ڕەفیق حیلمی شێوە و شێوازی لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین هەموو دەرچوویەکی قوتابخانەی تازە، ناتوانێ ئەم کارە بکا ئەگەر ئاگاداری لە هەندێ لە زانستییەکانی حوجرەی مزگەوت نەبێ.

بەڵام بۆ ڕاستی پێویستە ئەوەش بڵێم چۆن دەرچووانی حوجرە لە لایەکەوە تەماشای شیعری کلاسیکیان کردووە، هەندێ لە دەرچووانی قوتابخانەی ڕەسمی، ئەوانیش لە لایەکەوە تەماشایان کردووە. ئەمانە هاتوون بەپێوانەیەک لەگەڵ شیعری کلاسیکی هەڵسوکەوت دەکەن زۆر دوورە لە جەوهەری کلاسیکی دروست بوونی ئەو شیعرە. یەکێکیان دێ تەماشای شیعرێکی نالی دەکا بەپێی میتۆدی ئەوروپاییان لەژێر تیشکی زاراوەی فەرهەنگی و ئەینسیکلۆپیدی ئەوان شیعرەکە لێک دەداتەوە، کەچی خوێنەر و خوێندەوار هیچی لێ تێ ناگەن.

**ڕامان:** تۆ ماوەیەک لەژیانتدا خۆت بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شاعیرێکی گەورەی وەک (نالی) تەرخان کرد، پێت وایە هەقی (نالی)ت دابێ و دەرەقەتی ئەو شاعیرە گەورەیە هاتبیت و کارێکی شایان بەخۆیت بۆ ئەنجام دابێ؟

**مارف خەزنەدار:** ماوەیەکی زۆر لەگەڵ گیانی نالی و شیعری نالی بووم، تا ئێستاش لێی دوور نەکەوتوومەتەوە و شەو و ڕۆژ ویردی ناو دڵ و دەروونمە. نە من و نە کەسانی دیکەش ئەوانەی خەریکی نالی بوون لە هەقی نەهاتوون، ئەمە لەلایەک بۆ چاکەی ئەدەبی کوردی دەکەوێتەوە، چونکە ئەو شیعرە موعەممایانەی نالی دەبنە هۆی ئەوەی لێکۆڵەر و ڕەخنەگران لێی دوور نەکەونەوە، واتە هەموو دەمێک لە مێشکیان بێ تا شیعری هەموو دیوانی لە ڕووی ماناوە ساغ دەبێتەوە.

ئەوە ڕاستە تا ئێستاش لە هەندێ مانا و بۆچوونی شاعیر ناگەین لەبەرهەمیدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەمی بۆ کرابێ، بە پێچەوانەوە. ئەو یەکێکە لەو شاعیرە بەختیارانەی زۆریان بۆ کراوە. ئەوەی من کردوومە لەم لایەنەوە کەم نییە، بەڵام هێشتا من بە کەمی دەزانم، ئەگەر بەشی زۆری ژیانی خوێندەواریم بۆ نالی تەرخان بکردایە ئێستا مەسەلەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە.

ئەوەی سەیر بێ لەم مەسەلەیە و پێویستی بە ڕوون کردنەوە بێ ئەوەیە، هەندێ لەوانەی لە نالییان کۆڵیوەتەوە، خۆیان کردووە بە خاوەنی شاعیر و کەسی دیکە هەقی ئەوەی نییە لەم شاعیرە بکۆڵێتەوە. من بەوانە دەڵێم: هەموو ئەوانەی خەریکی نالین دە ئەوەندەی دیکەش ئەمڕۆ و سبەی پەیدا ببن، نالی ئەوەندە گەورەیە هەموویان دەگرێتە خۆی و بەشی هەموویان دەکا.

**ڕامان:** تێکستی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد تا ئەمڕۆکەش بە باشی کۆ نەکراونەتەوە و ساغ نەکراونەتەوە، جگە لە هەوڵەکانی بنەماڵەی (مودەڕیس) تاکوتەرا هەوڵی دیکە بۆ ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرە کلاسیکییە گەورەکان دەبینرێن، تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێی و چی بۆ بەرز ڕاگرتنی شیعری ئەو شاعیرانە پێشنیار دەکەیت؟

**مارف خەزنەدار:** وەکو لە هەندێ لە وەرامەکانی ئەو پرسیارانەی لەم گفتوگۆیەدا هاتووە، هۆی سەرەکی لەدواکەوتنمان لە نووسینەوە و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی کوردی ئەوەیە بەدرێژایی مێژووی میللەت هەلی وا هەڵنەکەوتووە بەرنامە بۆ ئەم کارە و گەلێ کاری دیکەی هونەر و ڕۆشنبیری و کولتووری دابنرێ. دەستکەوت لەم لایەنەوە کەمە ئەویش بە هەوڵ و کۆششی تاکەکەسانێک بووە.

ئێستا چی بکەین بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە؟ چار تەنیا ئەوەیە ڕوو بکەینە دەسگا و ڕێکخراوە زۆر و زەبەندەکانی زانستی و زانیاری پێیان بڵێین: پلان و بەرنامە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە دانێن، لە سەرووی هەموویان زانستگاکان، بەڵام گومان لەوەدا هەیە، ئەم کارەیان بۆ هەڵسووڕێ!!

**ڕامان:** بەلای منەوە ئەمڕۆکە گەورەترین پرۆسەیەک ڕۆشنبیری کورد دەستی بداتێ، پرۆسەی بە خۆداچوونەوەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە لاساییکردنەوە ڕزگاری بێ و گوتارێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، ئێوە چی پێشنیار دەکەن؟

**مارف خەزنەدار:** لە پرسیارەکەتدا وشەی بەخۆداچوونەوە هاتووە، واتە ئێمە پێویستیمان بە کارێک هەیە بیکەین، بەڵام نایزانین، کەوابێ دەبێ فێری بین، ئەم فێربوونە کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە، ڕۆژگاری گەرەکە، لەم حاڵەتەدا دەبێ پرۆگرام دابنێین و چاوەنۆڕ

بین تا ئەو توانایی و پسپۆڕییەمان بۆ هەڵدەکەوێ، ئەمەش بێ گومان کارێکی پراکتیکی نییە! ئەی چی بکەین! پێویستە هانی تاکی کۆمەڵ بدەین ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبین و توانای ناوەوەی ئەوەیان هەیە فێری ئەو زانستی و زانیارییانە بن کە پێویستن.

مامۆستایەک لێی پرسیم و وتی: بیستووتە قوتابی قۆناغی ماجستێر پاش ئامادەکردنی نامەکەی و پێش بەرگری کردن تاقیکردنەوەیەک بکرێ بۆئەوەی بزانن شایانی ئەم کارەیە؟! وتم: ئەمە فێڵێکە قوتابی پێ تاوانبار دەکرێ، کەچی ڕاستییەکە ئەوەیە لاوازی قوتابی لە لاوازی مامۆستاوەیە، پێویستە ئەویان پێش دامەزراندنی تاقی بکرێتەوە. بەم جۆرە لاوازییە کە لە مامۆستایە نەک لە قوتابی، ئەمەیان بەگشتی، بەڵام وەکی دیکە لە هەموو حاڵەتێکدا مامۆستای زیرەک و قوتابی زیرەک لە هەموو دەسگایەکی زانستی و پەروەردەییدا هەیە.

**ڕامان:** بۆچی نەتوانراوە لە زانکۆکانی کوردستان عەقڵێکی ڕەخنەیی دروست بکرێ تا لەوێوە تەکانێ بە ڕەخنەی ئەدەبیمان بدرێ؟

**مارف خەزنەدار:** زانستگاکانی کوردستان لەسەر بنجوبناوانی زانستگەی بەغدا دامەزراون، بە تایبەتی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات لەسەر بەرنامەی بەشی عەرەبی دامەزرا. بەشی زمانی کوردی ئەوەی لە بەغدا بوو (١٩٥٩- ١٩٨١) نیوەی زیاتری پرۆگرامی، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە نەبووە. دەرسە بنچینەییەکانی بریتی بوون لە مێژووی ئەدەب، زمانی کوردی، تێکستی ئەدەبی کوردی. لە پۆلی سێیەم و چوارەم هەفتەی دوو سەعات ڕەخنە هەبوو. ئەویش لاسایی بەشی عەرەبییەکە بوو. بەڕاستی موحازەرەی ڕەخنە بریتی بوو لە مێژووی ڕەخنە لای گریک و ڕۆمان و عەرەب، نەک زانستی ڕەخنە بە پراکتیکەوە، لەبەر ئەوە ئەو موحازەرەیە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ قوتابی نەبوو لە ڕووی ئەوەوە تیۆرییەکانی دەرەوە لەسەر تێکستی ئەدەبی کوردی پراکتیک بکرێ و لە ئەنجامدا ڕەخنە کوردی دروست ببێ. لەبەر ئەوە تا ئێستاش ڕەخنەی ئەدەبی کوردی وەک پێویستە دروست نەبووە. نەک ئەمە بە تەنیا، بەڵکو زانستی ڕەخنە پێویستی بەوە هەیە لەناو تێکستی ئەدەبی تیۆری دەربهێنرێ نەک تیۆری دەرەوەی بسەپێنرێتە سەر.

**ڕامان:** ڕۆشنبیریی ئەدەبیی ئێمە زۆر لە ڕۆشنبیریی فەلسەفی و هزرییەوە دوورە، هەر ئەمەش کارەکانی ڕۆشنبیرانی کوردی بە ڕووکەشی هێشتووەتەوە، تۆ بۆ ئەم پرسە چ دەڵێی؟

**مارف خەزنەدار:** ڕۆشنبیری ئێمە ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژوویی و جوگرافی میللەتەکەمانە، ژێردەستی بەدرێژایی مێژوو لەژێر پەردەی دواکەوتوویی و سیستمی دەرەبەگی ڕۆژهەڵات کۆمەڵی ئێمەی بەڕێوە بردووە. ئەو سەربەستییە کەمەی لە سەدەی بیستەمدا لە کوردستانی عیراق لە ناوەوە بووە، بۆتە هۆی ئەو پێشکەوتنە کەمەی کە بەشی کوردستانەکەی ئێرە ناکا چی جا کوردستانەکانی دیکە.

کولتووری ئەورووپا ڕەنگدانەوەی مەدەنیەتی گریک و ڕۆمانە، کولتووری ئێمە ڕەنگدانەوەی فیکری دواکەوتووی دەرەبەگییە. ئەوان لە ناوەڕۆکی ڕووداو دەکۆڵنەوە، ئێمە وەسفی دەرەوەی ڕووداو دەکەین. تا ئێستا ئێمە خەریکی مێژووی ڕووداوین. لە هۆ و دروست بوون و کاریگەری ناگەڕێین.

**سەرنج:**

**ئەوەی لەو هەڤپەیڤینە ماوە، لەگەڵ ئەو دووبەشەی لەو دوو ژمارەیەدا بلاوکرانەوە، بەسەر یەکەوە لە ئاییندەیەکی نزیکدا لە دوو توێی کتێبێک بلاودەکرێتەوە.**

**«ڕامان»**

# حەکایەتەکانی مەلا سەعید
# «قازیی کوردستان»

د. ئامر طاهر
(ئەمسا)

دیســـــانەوە حـــەکـــایەت. ئەم جـــارەش بەرهەمی بەیەکگەیشــتنی نوخـبـەیەکی کـورد و دیپلۆمـاتێکی ڕووسی، بەڵام نە ئەمـەیان ئەلێکساندر ژابایە و نە ئەوی تریان مـەلا مەحمودی بازیدی. ئەم جارە حەکایەتەکان هەڵقولاوی ئەو ساتەوەختانەن کە مەلا سەعیدی «قازیی کـوردسـتـان» تەرخـانی کـردبوون تا باسیلی نیکیـتـینی قونسوڵی ڕووسیا لە ئێران فێری زمانی کوردی بکات. ڕۆژهەڵاتناســـەکـــە چاک دەیزانی زمـــان دەروازەیەکی سـەرەکـیـیـە بۆ چوونە ناو جیـهـانی فـەرهەنگ و ژیانی گەلێکەوە. وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە، لە دەیەکانی سەدەی ڕابردوودا ماوەیەک نیشتەجێی شاری ورمێی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و دەرفـەتەکەی قـۆسـتـەوە بۆ ئەوەی فـێری زمانی کوردی بێت.

پێدەچێت دوای بەجێهێشتنی یەکجارەکی کـوردسـتـان جانتاکەی نیکیتین پڕ بووبێت لە حەکایەتی کوردی کە لە مامۆستاکەی بە دەستی خستبوون، بەڵام تەنیا فریای لە چاپدانی چوار دانەیان دەکەوێت. خودی مـەلا سـەعید کە بە وتەی نیکیـتین لەدایکبووی ناوچەی گەردیی باشووری شـەمـدینان بـوو، حـەکـایـەتەکـانی بۆ گـێـڕاوەتەوە، بۆیە هەمـوویان بە شـێـوەزاری ئەو ناوچەیە نووسـراون، بەڵام نازانین دەسـتنووسی حـەکـایـەتەکـانیـش لە خـودی مـەلا سەعیدەوەیە، یان نیکیتین گواستوویەتەوە سەر کاغەز.

یەکەمیـان، حکایەتا *سووتۆ و تەتۆ*، کە درێژترینیـانە، پێـدەچێت وەکـو خـودی نیکیـتین باسی دەکـات، ڕووداوێکی ڕاسـتـەقـینە بێت و لەزاری خـودی مـەلا سـەعیدەوە نووسراوەتەوە. ئەمە لەناو دەقەکەشدا بەدیار دەکەوێت، کاتێ خودی بێژەر لە ناوەڕاستیدا دێتە ناو ڕووداوەکـان و ڕۆڵێکی کـارایان تێدا دەبینێت. *حکایەتا ڕەزگـینێ ڕێگر، لاوێ نامـەرد و کـالێ مـەردیش* کـە دووەمیانە لە کەسێکی سێیەمەوە بیستراوە کە خۆی لە ڕووداوەکانیدا بەشدار بووە. دووانەکەی تر بە پێچەوانەوە لە ئەدەبی فـۆلکلۆری کـوردییـەوە سـەرچاوە وەردەگـرن و خـاوەنەکـانیـان نادیارن. *حکایەتا شێخ سلێمانێ پێ ب زەنگل* وەکـو زۆربەی حـەکـایەتەکـانی مـەلا مـەحـموودی بازیدی بە فرمـانە کلێـشـەیـیـەکـەی «دبێـژن» (دەڵێن)ەوە دەست پێـدەکـات و لە سـەرەتای ئەوی تریشـیـانـدا کـە *حکایەتا مـیـرێ هەکـاریان و مـزگـینیـا تەیرێ بهـارێ*یە، دەستەواژەی «زەمانێ بەرێ» (زەمانی پێشوو) هاتووە کە مـێــژووی ڕووداوەکـە بۆ سـاتێکی نادیاری سـەردەمی ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە.

نیکیـتین یەکەم جار تەنیا حەکایەتی یەکەمی لە ساڵی ۱۹۲۳ بە ئەلفـوبێی عـەرەبی لەگـەڵ پێـشـەکـیـیـەکی ئینگلیـزی و وەرگـێـڕانە ئینگلیـزییـەکـەی دەقـەکـەدا بە ناوونیـشـانی «حـەکـایـەتی سووتۆ و تەتۆ: دەقی کـوردی لەگەڵ وەرگێڕان و پەراوێزەکان» بە یارمەتی مێجەر سۆن لە ژمارەی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری قوتابخانەی

لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی لەندەن(١) لە چاپ دا. سێ ساڵ دواتر بە هەمان شێوە سێ حەکایەتەکەی تری بە ئەلفوبێی عەرەبی لە ژمارەی یەکەمی بەرگی چوارەمی هەمان گۆڤاردا بە ناوونیشانی «چەند حەکایەتی کوردی لە بەرهەڤۆکەکەم» لەگەڵ پێشەکییەک بە زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی دەقەکان و کۆمەڵێ پەراوێزدا بڵاوکردەوە(٢). هەرچەندە بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکە لە بواری ئەدەبی کوردیدا بەمە سنووردار نابێت، بەڵام ئەوانی تر زیاتر توێژینەوەن(٣).

ناوەرۆکی ئەم دەقانە زادەی خەیاڵ بێت یان لە ڕووداوی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە، ئەوەیە کە لەو کاتەی خراونەتە سەر کاغەزەوە، وەکو حەکایەتەکانی بازیدی مۆرکی ئەدەبی کوردیی نووسراو دەگرنە خۆیان و لەو سۆنگەیەشەوە پێویستە وەکو دەقی حەکایەتی نووسراوی کوردی بکەونە بەر دەستی خوێنەران و توێژەرانەوە.

هەروەکو حەکایەتەکانی بازیدی، ئەمانەش وەکو گوتمان بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراون، بەڵام بە ڕێنووسێکی جیاواز لەوەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین. ڕێنووسی دەقەکان زیاتر لە هی عەرەبی، یان فارسی دەچێت. واتا بە دەگمەن نەبێت، دەنگە بزوێنە کورتەکان نەنووسراون. نووسەر جیاوازیشی نەخستۆتە نێوان بزوێنی درێژی «ێ» و بزوێنی کورتی «ی» و هەردووکیانی بە «ی» نووسیوەتەوە. لە ڕووی خاڵبەندیشەوە لە حەکایەتی دووەمدا هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندی بەکار نەهاتووە و لەوانی تریشدا تەنیا خاڵ (.) بەکارهاتووە، بەڵام بە نارێکوپێکییەکی زۆرەوە. واتا لە جیاتی ئەوەی تەنیا لە کۆتایی ڕستەکاندا دابنرێت، زۆربەی جاران لە ناوەوەی ڕستەکاندا کەرەستەکانیانی لە یەکتر دابڕیوەتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی یەکەمی حەکایەتی یەکەمدا ئەم ڕستەیە دەخوێنینەوە: «و سوتو. و کوریت وی. و برابیت وی. و همی مزنیت اوجاغا وی گلک ظلم و تعدای لە ریکانیان کرن.» دەقەکانیش بە هیچ جۆرێ پاراگرافبەندی نەکراون و هەموو ڕستەکان بەدوای یەکدا نووسراونەتەوە. کۆی ئەم هۆکارانە کاری گواستنەوەی دەقەکانی دوو هێندەی تر قورستر دەکرد. جگە لەوەش دەبوایە ڕەسەنایەتیی زمانی دەقەکان ڕەچاو بکرێت کە بە شێوەزاری باشووری شەمدینانی سەر بە دیالێکتی کورمانجی سەروو نووسراون. ئەوەی لێرەدا کردوومانە، بریتییە لە وەرگێڕانی پێشەکییە ئینگلیزییەکانی نیکیتین، لەگەڵ خستنەڕووی دەقە کوردییەکان بە گوێرەی توانامان بە ڕێنووسی کوردی هەنوکەیی، بە ڕەچاوکردنی ڕەسەنایەتی زمانییان و ڕازاندنەوەیان بە خاڵبەندی و پاراگرافبەندییەکی سەردەمیانە.

لەبەر ئەوەی بێژەری حەکایەتەکان مەلا بووە، لە قسەکانیدا هەندێ جار وشە و دەربڕینی عەرەبی و فارسی تایبەت بە زمانی نووسینی ئەو کاتی بەکار هێناوە کە پێیان باشتر بوو هەندێکیان وەکو «الحمد لله، والسلام،...» بە ڕێنووسی ڕەسەنی خۆیان بنووسینەوە.

گوتمان لەگەڵ وەرگێڕانی ئینگلیزی دەقەکاندا، نیکیتین پەراوێزگەلێکیشی بۆ داناون کە زیاتر بۆ خستنەڕووی تێبینی و ڕوونکردنەوەی مێژوویی و زمانەوانییەکانن. هەندێ لە پەراوێزەکانی حەکایەتی یەکەم هی مێجەر سۆنن کە خودی نیکیتین بە نووسینی (ئی. بی. سۆن) لە کۆتاییاندا لە هی خۆی جیای کردوونەتەوە. ئەوەندەی بەلامانەوە پێویست و گرنگ دەهاتە بەرچاو، ئەم پەراوێزانەشمان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و ئەوانەی لە وەرگێڕانەکاندا دانرابوون، بۆ هەمان شوێن لەناو دەقە کوردییەکاندا گواستمانەوە. تەنیا چاوپۆشیمان لە وەرگێڕانی دوو جۆر لە پەراوێزەکانی نیکیتین کردووە. یەکەمیان ئەوانەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی مانای هەندێ لە وشە و زاراوە کوردییەکان بۆ خوێنەری غەیرە کورد دانراون و هەندێ جار بەرانبەرە فارسی، ئینگلیزی، یان ڕووسییەکەی وشەکان خراونەتە ڕوو و پێمان وایە بۆ خوێنەری کورد سوودێکی ئەوتۆیان نییە. دووەمیان ئەوانەی نیکیتین بۆ خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی لایەنێکی ڕێزمانی دەقەکان کە بەلای خۆیەوە سەرنجڕاکێش بووە، بە کاری هێناون. لە هەندێ لەم پەراوێزانەدا پشتی بە بۆچوونەکانی ئۆسکارمان بەستووە. لەوانەیە لەو سەردەمەدا کە ڕێزمانی کوردی هێشتا وەکو پێویست ساغ نەکرابووەوە، ئەو بۆچوونانە سوودبەخش بووبێتن، بەڵام بۆ ئەمڕۆ زۆر سادە و ڕووکەش دێنە چاو. بۆ نموونە لە کۆتایی حەکایەتی یەکەمدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە لە کورمانجی سەروودا فرمانی ڕابردووی تێپەڕ نیشانەی بکەر ناگرێتە خۆی و کاتێ بەرکاری کۆی هەیە، نیشانەی بەرکار هەڵدەگرێت، بەبێ ئەوەی بچێتە ناو

وردەکارییە ڕێزمانییەکانی بابەتەکەوە. ئێمە بۆ نموونە تەنیا ئەم تێبینییەمان کە لە کۆتایی پەراوێزەکانی حەکایەتی یەکەمدا هاتووە، وەرگێڕا. خودی نیکیتینیش درکی بە سادە و ڕووکەش بوونی تێبینییە زمانەوانییەکانی کردووە و بەهۆیەوە لە کۆتایی پێشەکییەکەی دووەمیدا داوای لە خوێنەران کردووە بە گیانی لێبوردەییەوە بیانخوێننەوە، بۆیە ئەگەر هاتو ئەو پەراوێزانە بۆ لێکۆڵەرێکی بواری زمانەوانی بە جۆرێک لە جۆرەکان جێی بایەخ بن، پێویستە ڕاستەوخۆ سوود لە دەقی ئینگلیزییان وەربگرێت. خۆشمان لە کاتی پێویستدا هەندێ پەراوێزمان بۆ خستنەڕووی سەرنج و تێبینییە تایبەتەکانی خۆمان بە کار هێناوە و بە (ئا. ط.) لەوانی تر جیامان کردوونەتەوە.

هەندێ جار لە حەکایەتەکاندا ناوی کەسێکی سەر بە گوندێ، ناوچەیێ یان عەشیرەتێ بە خراپ هاتووە. بۆ پاراستنی لایەنی بابەتیی کارەکەمان ناچار بووین دەقەکان بەبێ دەستکاری بڵاو بکەینەوە، بۆیە ڕایدەگەیەنین کە ئەم ناوهێنانانە بە هیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تایبەتی ئێمە نین و مەبەستمان تەنیا بڵاوکردنەوەی دەقەکانە وەکو بەشێک لە سامانی ئەدەبی کوردی.

## حەکایەتی سووتۆ و تەتۆ (٤)

## ب. نیکیتین و خوالێخۆشبوو مێجەر ئی. بی. سۆن

### پێشەکی

حەکایەتی سووتۆ و تەتۆ(٥) بە هیچ شێوەیەک زادەی خەیاڵ نییە. ڕاستییەکی ڕووداوە و هەر کەسێک نەختێ شارەزای ئەم ناوچە دوورەدەستانە، بەڵام جوان و دڵگیرانە و خەڵکەکەیان بێت، ئەم وتەیە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەکتەرە سەرەکییەکان، شێخ محەمەد سەدیق، شێخی بارزان، تەتۆ، ئوسمان (کوڕە گەورەی سووتۆ)، لە ژیاندا نەماون. لەبارەی خودی سووتۆوە دڵنیا نیم(٦). ئەم پیرەپیاوە کە نموونەی تەواوی سەرۆکێکی کوردە و ناوچەیەکی بەرچاوی کوردستانی ناوەڕاست لە ژێر دەستیدایە، لەوانەیە هێشتا زیندوو بێت. هەر چۆنێک بێت، لە ساڵی ١٩١٨دا هێشتا زیندوو بوو. مەلا سەعیدی بێژەر [ی حەکایەتەکە](٧) لە پووشپەڕی ساڵی ١٩١٨ لە ورمێ بە دەست هاووڵاتییانی خۆی کوژرا. گیانی شاد بێت!

ئەم پیاوە [مەلا سەعید] مامۆستای زمانی کوردی من بوو. زمانی خۆی و زۆربەی دیالێکتەکانی بە باشی دەزانی. هەروەک چۆن عەرەبی و فارسی و تورکیشی دەزانی. مەلایەکی زۆر خوێندەوار بوو. بوونی تێڕوانین و شارەزاییەکی وا بەرفراوان لای کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی لە قوژبنێکی دووری وڵاتێکی نەناسراودا بەسەر بردبوو، شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو.

ئەگەر خوێنەر بیەوێت زانیاری زیاتر لەبارەی ناوچەی کوردستانی ناوەڕاست و شوێنی ئەو ڕووداوانەی لە چیرۆکەکەدا باس کراون بە دەست بێنێت، دەتوانێت کەرەستەگەلێکی سەرنجڕاکێش لە کتێبی Cradle of Mankindی Reverend Wigram، هەروەها لە وتارەکانی خوارەوەدا کە لە Journal of the Royal Geographic Societyدا بڵاو کراونەتەوە، بدۆزێتەوە:

Capt. B. Dickson, «Journeys in Kurdistan» , April, 1910 ; Major Maunsell, «Central Kurdistan» , August , 1901 ; Major Kenneth, «Central Kurdistan», December, 1919.

نەخشەی ئەم ناوچەیەی Major Maunsell تا ئێستاش تاقە نەخشەی بەردەستە.

لە ماوەی شەڕدا(٨) ئەو بەختەم هەبوو کەمێ سەردانی ناوچەکانی کوردستانی ناوەڕاست بکەم. گومان لەوەدا نییە کە هورەمار(٩) ناوچەیەکی شایانی بینینە.

لووتکە، کەندەڵان، پەل و لێژگەگەلێکی بێ ڕێگاوبان؛ ئاژاوەیێ لە زلەبەرد و چاڵە بەفراوی و دۆڵە قووڵەکان و ئاوە سەوزەشینەکەی ڕووباری شین؛ دەربەندە ترسناکەکان، [ناوچەیەکی] لە کردەوەدا بەبێ هیچ جادەیێ؛ شوێنێکی تەواو لاتەریک. پاش بینینی هەموو ئەمانە مرۆڤ باشتر لە ڕەوشتی خەڵکەکەی تێ دەگات. کێوی و سەرسەخت، سەیر و ئازا، ئەمانە لەو سروشتەی چواردەوری داون، دەچن. بەبێ ئەم کاریگەریانە لەوانەیە سووتۆ، تەتۆ و هاوتاکانیان بۆمان وەکو جۆرە بوونەوەرێکی تایبەت بێنە بەرچاو.

پێم وایە کە چیرۆکە تەواو ڕاستەقینەکەیان دەتوانێ خزمەت بەو کەسانە بکات کە مەبەستیانە لەنێو کورداندا کار بکەن، یان لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەن.

دەمەوێت لێرەدا سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە

مێجەری خوالێخۆشبوو ئی. بی. سۆن بکەم کە بەبێ یارمەتییە دلۆڤانەکەی نەمدەتوانی وەرگێڕانێکی ئینگلیزی لەم چیرۆکە بلاو بکەمەوە.

### حکایەتا سووتۆ و تەتۆ

سووتۆ ئاغایێ عەشیرەتا دۆسکانی ژ گوندێ هورەمارێ(١٠)، ژ ئوجاغا مالا میرییە. تەتۆ ئاغایێ عەشیرەتا ڕێکانی(١١) ژ گوندێ ڕەزگە ژ مالا میکائیل ئاغا بوو. عەشیرەتا ڕێکانی ژ زەمانێ قەدیم هەتا نووکە دایمی ژێر دەستێ ئاغاییێت هورەماریا بوونە و زەمانێ سووتۆئاغا زێدەتر کەوتنە بن دەستێ هورەماریان و سووتۆ و کوڕێت وی و براییێت وی و هەمی مەزنێت ئوجاغا وی گەلەک زولم و تەعدایی ل ڕێکانیان کرن. زێدە عاجز کرن. ئێدی تاقەتا تەحەمملێ نەما. تەتۆ تازەجاحێل بوو. مرۆوەکێ گەلەک جەسوور بوو دناو ئاغاییێت ڕێکانیاندا. کەسەک وەکی وی پەیدا نەبووبوو. چیدی غیرەتا وی تەحەمملا زولما هورەماریان نەکر. گوتە براییێت خۆ تەمۆ(١٢) و هادی و ڕەسوول، هەر سێ ژ وی مەزنتر بوون: «ئەز وەکی هنگو قەبوول ناکەم؛ خۆ ددەستێ سووتۆدا ناکەمە جوو. بۆ مە مرن خوشترە ژ ژینا هۆ. ئەز بتەوفیقا خودێ پەنجێ خۆ دێ دەمە بەر پەنجێ سووتۆ. چ مرم، چ مام.» براییێت وی و مللەتێ وی گوتن: «تو چاوا مناسب دزانی، ژ خەبەرێ تە دەرناکەوین. ئەمما ئەم دێ مەحو بین. مە تاقەتا هورەماریان نیە.» تەتۆ گوت: «بلا مەحو ببین. هیچ زەرەر نییە. ئەگەر غالب بووین، ئەوە مە هەتا قیامەتێ ناو و نامووس قازانج کر. و ئەگەر مەغلووب بووین، دێ مرین و ڕاحەت بین. ب هەر تەرزێ بیت، ئەز گەلەک ڕازیمە.»

خولاسە هەمییان قرار ئینانە سەر دوژمنیا دگەل هورەماریان. ڕۆژەکێ وەتو قەومی، حەیۆ(١٣) برایێ سووتۆ دیسا ل سرا عادەتێ خۆ هاتە گوندێت ڕێکانی، دەست کر ب خورتی و تشت ستاندنێ. تەتۆ و تەمۆ دگەل دەهـ مرۆوان چوونە نک حەیۆ، گوتن: «دەرکەوە ژ ناو مللەتێ مە. ژ ئەورۆ پاش قەبوول ناکەین هونگ هات و چوونا ڕێکانێ بکەن.» حەیۆ گوت: «ئەم دێ هێین و هنگو ب تشتەکی نزانین.» وەختێ حەیۆ هۆ گوت، تەتۆ دەرێ مارتینێ دا لایێ حەیۆ، فیشەکەک ل وی خسار کر. ل وێ دەرێ حەیۆ کوشت و خولامێت حەیۆ ژی هندەک کوشتن و هندەک هەلاتن چوونە نێرڤەکێ گوندێ سووتۆ، کو مابەینا نێرڤەکێ و ڕەزگە دوو ساعەت کێمترە. ڕۆژا پاشی سووتۆ هەمی عەشیرەتا دوسکانی و هورەماری جما کرن. گوت: «دێ چم مالا میکائیل ئاغایێ ڕێکانی بجارەکێ برینمەوە و جییێ ڕێکانی ب تمامی زەوت کەم بۆ تۆلا حەیۆ.» هەمییان گوتن: «ئەم حازرین تو چاوا ئەمر دفەرمووی، تەجاوزێ ژ ئەمرێ جەنابێ ئاغا ناکەین. ئەلبەتە تۆلا برایێ ئاغا ل سەر مە هەمییان لازمە. بێ گووتنا ئاغا واجبە ئەم شەو و ڕۆژ بخەبتین ل تۆلا حەیۆ.»

خولاسە سووتۆ دگەل لەشکرێ خۆ هاتە سەر گوندێ ڕەزگە. دەست کرن ب شەڕی. مرۆوێت تەتۆ کێم بوون، نەشیان ژ دەروە شەڕ بکەن. خۆ هاوێتنە قەسرا تەتۆ. د قەسرێدا شەڕ دگەل لەشکرێ سووتۆ کرن. کەوتنە موحاسەرێ. لەشکرێ سووتۆ هجووم دکرنە دەرێ قەسرێ. تەتۆ ل سەر تیرئەندازا هنداوی دەری روونشتبوو. هەر جارێ چوار پێنج ژ وان دکوشتن و ددانە پاش. سووتۆ گوت: «هۆ نابیت. لازمە ب چرپە بچینە بن قەسرێ.» چەند دارێت ل گوندێ ڕەزگە هەمی برین، قەد قەد کرن و کرنە چرپە، چوون بۆ بن قەسرێ. شەوێ ساعەت چار و پێنج چرپە گەهاندنە قەسرێ. هندەک مرۆوێت لەشکری ل سەر چرپێ چوونە سەربانێ قەسرێ. مرۆوێت تەتۆ تەنگاو بوون. تەتۆ گوت: «هیچ نەترسن. مێر بۆ ڕۆژەکێ هۆنە. گرتن، کوشتن ڕێکا مێرانە. سەبر کن نوکە دێ وان بەلاو کەم.» تەتۆ چار پێنج لحێف دناو نفتێ هەلینان. بسەرێ جلان وەکرن، درێژ کرنە ناو چرپێ. ئاگر بەردا چرپێ. سواندێت قەسرێ هەمی بەر بوون، نەدسووتن. وەختێ گوریا ئاگری ژ چرپێ بلند بوو، هەمی قراغێت قەسرێ ڕوونا بوون. تەتۆ و خولامان شیلکێت تفەنگان لدوئێک کرنە لەشکرێ سووتۆ. وێ دەفعێ بیست و چار کەس تمام کرن. دیسا لەشکرێ سووتۆ ژ قەسرێ دانە پاش. چرپێ ژی فایدە نەکر. سووتۆ گازی کرە تەتۆ: «هنگی دێ چم، تە مەحو کەم. ئەوە نوکە دێ چرپێ بەران چێکەم. ئێدی تو نەشێی وی بسوژی. دوماهیە.» تەتۆ جەوابا وی دا، گازی کر: «من بابێ تە گا. چرپێ داران فایدە نەکر. حەتا تو چرپێ بەران دگەهینیە قەسرێ گەلەک دێ دوور کێشیت. بەلکو حەتا هینگێ خودێ بۆ مە چارەیەکێ بکەت.» دەست کرن ب چێکرنا چرپێ بەران. ئەمما وەکی چرپێ داران سەنایی نەبوو.

دوێ مابەینێدا خەبەر گەهشتە حکوومەتا ئامێدیێ کو ئەوە دوازدە روژە لەشکرێ سووتۆ ل سەر قەسرا تەتۆیە. و تەتۆ دگەل مرۆوێت خۆ د محاسرێدایە. قائم مقامێ ئامێدیێ زابتێ جەندرمان دگەل بیست جەندرمان هنارنە رەزگە کو ب هەر تەرزێ دبیت لەشکرێ سووتۆ ژ سەر تەتۆ دەفع بکەن. زابت و جەندرمە هاتنە رەزگە، دیتن قەلەبالغەکی مەزنە ل سەر رەزگە. فکر کرن کو ئەو شوولە ب توندی چێ نابیت. ب تەدبیر و حەکیمانە دێ مومکن بیت. چونکو گەلەک مرۆو هاتبوونە کوشتن. ب بیست جەندرمە، ب شەڕ دەفع کرن نەدبوو. و ب هیوی قەبوول کرن ژی ژ عەقلی دوور بوو. زابت گوتە سووتۆ: «ئەز هاتیمە مەخسووس بێژمەتە کو ئەز حەز ناکەم مالا تە خراب ببیت. چونکو تو ئاغایەکێ خاندان و موعتەبەری. ئەوە هندە روژە تە ئەو لەشکرە ئینایە سەر جیێ رێکانی شەڕی دکەی، دەنگ گەهشتیە ویلایەتا مووسلێ. والی خەبەر دایە قائم مقامێ ئامێدیێ من تشتەکێ هۆ زانیە. تەحقیقا ماددێ بکە. ئەگەر راستە، زوو خەبەر بدە من؛ دا خەبەر بدەمە والیێ وانێ، عەسکەرێ شاهانە ژ وانێ بهنێریت بۆ سەر عەشیرەتا سووتۆ. و ژ ولایەتا مووسلێ ژی دوو تابوور عەسکەر دگەل دوو تووپان دێ هێن بۆ تەربیا سووتۆ و محافزا تەتۆ. مادامکێ هۆیە، سەلاحا حالێ تە ئەوەیە یێک ساعەت ئەول وێ جەمعیەتێ بەلاو بکەی. ئەم ژی دێ جەوابا والیێ مووسلێ دەین، کو تشتەکێ مووجبێ ئەهەمیەتێ واقع نەبوویە؛ چەند غولامێت سووتۆ و تەتۆ ل پشتا گوندی ل سەر مەسئەلەیا دزیا رەزان دوو سێ ساعەتان شەڕ کرن و ژ یێک وەبوون، و دوو یا سێ مرۆو هاتینە بریندار کرن. هینگێ تو مەسئوول نابی. ئەوە من گوتە تە. قەبوول دکەی، کەیفا تەیە. قەبوول ژی نەکەی، کەیفا تەیە.» وەختێ زابتی هۆ گوت، هەمی مللەتی گوتە سووتۆ: «ئەم مالا خۆ خراب ناکەین ب شەڕێ دەولەتان. ژ مە زێدەیە. ئەگەر شەڕێ عەشیرەتانە، ئەم هەمی حازرین خۆ بۆ تە بدەینە کوشتن. ئەمما لایێ حکوومەتێ ب مە مومکن نابیت.»

خولاسە سووتۆ قەبوول کر. لەشکرێ خۆ پاشوە بر. زابتی گەلەک پارە ژ سووتۆ وەرگرت و منەتەکێ مەزن ژی دانا سەر سووتۆ، کو «من شوولا تە ب سەنایی چێکر...» و گوتە تەتۆ ژی: «سەلاحا حالێ تە ئەوەیە تو مال و عەیال و خزمێت خۆ هەمیان نەقل کەیە مەرکەزێ قەزا ئامێدیێ؛ خەبەر بدەیە ولایەتێ و بابێ عالی ل ئستەنبۆلێ و مەغدووریەت و مەزلوومیەتا خۆ بۆ هەمی مەقاماتێت لازمە بەر وەجهێ تەفسیل بەیان بکەی. بەلکو حکوومەت تە محافزە بکەت. ئەگەر نە، تو نەشێی خو ژ زولما ئاغایێت هورەماریان حفز بکەی و ئەم هەمی دێ بۆ تە شاهدیێ دەین.»

خولاسە تەتۆ ژی قانع و مەمنوون کر. و مالا وی و مرۆوێت وی هەمی دگەل خۆ برنە ئامێدیێ. و گەلەک پارە ژ تەتۆ ژی قازانج کر. چونکو ل ناو کوردان مەسەلەکی مەشهوور هەیە: روومی خەرتەلن، خوشیا وان ئەوە کەلەش مشە بن. وەختێ تەتۆ ب مرۆوێت خۆوە چوو ئامێدیێ، جیێ رێکانی بێ خودان ما. شێخ محەمەد سەدیق(١٤) ژی خەرتەلەکێ مەزن بوو. جیێ رێکانی ژی کەلەشەکێ گەلەک خوش و قەلەو بوو. تەمەعا جەنابێ شێخ گەلەک غالب بوو. فکرا خۆ کر کۆ ب تەرزەکێ سەنایی جیێ رێکانی بینیتە بن دەستێ خۆ. کاغەزەک مەحرەمانە دگەل دوو سێ مرۆوێت موعتەبەر و زانا و چەند پارە بۆ قایم مقامێ ئامێدیێ هنارن، کو «ئەز خواهش دکەم تو وەتو چێکەی تەتۆ موحتاجی من ببیت، بهێتە ئێرە. ئەز دگەل وی بئاخوم. شوولا وی ئەز بدەمە چێکرن. تو شوولا وی ل وێدەرێ پیچەک تەئخیر بکە.» وەختێ کو خەبەرێ شێخ گەهشتە قایم مقام، گەلەک کەیفخوش بوو. موافقێ مەقسوودا شێخ عەمەل کر. گوتە تەتۆ «رێکەکێ قاهیمتر و بسەناییتر من بۆ تە ملاحزە کریە. ئەگەر چی لێرە ژی شوولا تە مومکن دبیت، ئەمما ولایەتا مووسلێ شوولان پیچەک تەئخیر دکەت. حەتا نەتیجە دەر دکەویت، مرۆو گەلەک عاجز دبیت. ولایەتا وانێ زووتر ئیجرائاتان دکەن. و ولایەتا وانێ هەر چی هەیە، د دەستێ شێخ محەمەد سەدیق دایە. هەر چی حەز بکەت، دکەت. ئەز دبێژم ئەگەر تو و برایێت خۆ و چەند موعتەبەرێت عەشیرەتا رێکانی بچنە نەهرێ لالی شێخ محەمەد سەدیق، شوولا هنگو دێ زووتر چێ بیت. و هەم عەشیرەتی و هەم حکوومەتی زاتێ شێخ شریک و پشتیوان بیت بۆ هنگو، چێترە و پشتا سووتۆ دێ شکێت.»

خولاسە تەتۆ رازی کر و ژ قایم مقام مەمنوون بوو کو رێکەکێ هۆ نیشا وی دا. تەتۆ دگەل بران و موعتەبەران هاتە نەهرێ. نێچیرێ شێخ هاتە داوا وی. وەختێ تەتۆ هاتە لالی شێخ محەمەد سەدیق، گەلەک ئێحتراما وی گرت و مەمنوون کر. شێخ ژ پاوەئیان(١٥) ئەزمان

لووستر بوو. ب هەر تەرزەکی دلێ تەتۆ رازی کر. گوتە تەتۆ: «جیێ قەسرا رەزگە بفرووشە من. ئەز دێ قەسرێ تمام خراب کەم، جارەکی دی ژنوو دێ مەزنتر و قاهیمتر چێکەم. و بیست خولامیێت خۆ دێ دانێمە لالی تە. و سەد تفەنگ، مارتین و سووزەنی، دێ دەمە مرۆڤێت تە. و ژ تەرەفێ حکوومەتێ ژی ئەمرەکێ خسووسی بۆ محافزا تە دێ دەمە تەحسیل کرن. و بەدەل ویێهی، مەزنێن رێکانی دەه یێکا حاسلاتێ خۆ هەر سال بدەنە من.» تەتۆ گوت: «هەر ئەمرێ شێخ بفەرمووت، من قەبووله.»

خولاسە وەتو معاملا خۆ گرێدان و تەتۆ خەلات کر و سوورەچاوش(١٦) دگەل بیست خولامێت بژارە دگەل تەتۆ هنارنە ناو رێکانیان. قەسرا رەزگە ژ بن خراب کرن. هۆستا هنارن دەست کرن ب چێکرنا قەسرێ. تەبەقێت بنی نێزیکی تمام بوونێ بوون. سووتۆ ملاحزە کر، ئەگەر قەسرا رەزگە ب وی تەرزی تمام ببیت و دەستێ شێخی بکەویتە ناو رێکانێ، هنگی قووەتا تەتۆ دێ گەتە دەرەجەیەکێ، ئێدی نەشێت بەرامبەریا وی بکەت. پاشی بۆ ئاغاییێت هورەماری تەنگاویەکێ مەزن دێ پەیدا بیت. چونکو رێکا کاروانێ هورەماریان بۆ لایێ مووسلێ، ئاکرێ، ئامێدیێ ل ناو رێکانێ دچیت. سووتۆ هەمی دۆسکانی و هورەماری گازی کرن. گوتە وان: «هونگ دزانن تەتۆیێ رێکانی چاوا دژمنێ مەیە.» گوتن: «بەلێ ئاغا. چاک دزانین.» گوت: «هونگ دزانن شێخ محەمەد سەدیق چاوا خورت و تەمەعکارە.» گوتن: «بەلێ ئاغا.» گوت: «هونگ دزانن ئەگەر قەسرا رەزگە ل سەر وی ئەساسی تمام ببیت و شێخ دگەل تەتۆ متتەفق ببیت، جیێ دۆسکانی و هورەماری دێ کەویتە محاسەرێ. ئەم هنگی لازمە ببینە جوویێت تەتۆ. ئەگەر نە، ناژین.» هەمیان پێکوە گوتن: «بەلێ ئاغا، دزانین. وەیە و زێدەترە.» سووتۆ گوتە مللەتێ خۆ: «بەس مادام هونگ وانە هەمیان تەسدیق دکەن، هونگ بۆچی تەدبیرا گرتنا پێشیا وانە ناکەن؟ نوکە ئەم دمابەینا مرنێ و ژینێداینە. و مرن نێزیکترە. بەس یان هونگ تەدبیرێ بکەن، و ئەز دێ تابعێ فکرا هنگو بم، یان ئەز بکەم، هونگ موافقێ گوتنا من عەمەل بکەن.» هەمیان گوتن: «حەتا وجوودا زاتێ ئاغا حازرە، کەس ژ مە خودان رەئی نینە. هەر رەئیەکێ ئاغا بفەرمووت، وەزیفا مە ئتاعەتە.» سووتۆ گوت: «مادام کو هونگ هۆ موتیع بن، قەرار بیت ئەز وجوودا خۆ فدای مەسلەحەتا حالێ هنگو بکەم.» ئەولەن گوت: «ئەی مللەت، هونگ دزانن ئەگەر ئەز تەنەززل بۆ شێخ محەمەد سەدیق بکەم، فەقەت گوندەکێ هنگو بدەمە وی، ئەو دێ گەلەک ژ من مەمنوون بیت و ئحتراما من گەلەک دێ ژ ئحتراما تەتۆ زێدەتر بیت.» هەمیان گوتن: «باوەر دکەین. وەیە وەکی ئاغا دفەرمووت.» سووتۆ گوت: «بەس هەرچی بکەم، بۆ خاترا هنگویە. بۆ خۆ نییە. فکرا من نوکە ئەوەیە، هجووم بکەینە رەزگە. سوورەچاوش و خولامێت شێخی بکوژین و نەهێلین قەسرا رەزگە تمام بکەن. هونگ چاوا مناسب دزانن؟» هەمیان گوتن: «ئەم هەمی ل سەر رەئیا ئاغا حازرین. چونکو مادام قەسرا رەزگە تمام بوو، ئەم دێ مەحو بین. بەس بۆ مە شەڕ سەلاحترە، دا ئەگەر محو دبین، ب شەرەف و نامووس مەحو ببین. نەب رەزیلی و بێ نامووسی.»

خولاسە دگەل سپێدێ نەه سەد مێر دۆسکی و هورەماری هجووم کرنە سەر رەزگە. وێ روژێ تەتۆ و مرۆڤێت خۆ چووبوونە ئامێدیێ کو مالێت خۆ بیننە رەزگە. سوورەچاوش دگەل بیست خولامان حازر بوون. قەسر ژی درست نەبووبوو. ساعەتەکێ شەڕ کرن. ژ هەمی قراغان لەشکرێ سووتۆ دەورە ل وان دا. سووره و خولامێت خۆ چوونە خانیەکی. ئەو خانی بۆ شەڕی چاک نەبوو. مرۆڤێت سووتۆ گەشتنە بن دیوارێت خانی. دکولەکاندا سووره دووسێ مرۆڤێت سووتۆ کوشتن. ئەمما فایدە نەبوو. ژ هەمی رەخان ئاگر بەردانە خانی. سوورە دگەل دوازدە خولامان هاتنە سووتن. حەتا شیان، شەڕ کرن و چەکێت خۆ نەدان. حەوت خولامان ئەمان خواستن. دەرکەوتن. سووتۆ گوتە وان حەوتان: «چەکێت خۆ بدەن، هەرنە نک شێخێ خۆ، بێژنە وی جارەکی دی خەیالا جیێ رێکانی نەکەت. حەتا کورەکی مالا میری مایە، مومکن نییە کەس ب راحەتی تەسەرفێ د عەشیرەتا رێکانی دا بکەت.»

ئەو حەوت خولام هاتن، رووس، بێ چەک، کرێت، شەرمندە. هەمی متحەیر مان. گوتن: «ئەوە چ حالە؟» وان ژی حالێ خۆ ب تمامی حکایەت کرن. وەختێ وان حەوت خولامان حکایەتا حالێ خۆ بۆ شێخ محەمەد سەدیق بەیان کرن، شێخ غایەت عاجز بوو، ژ دوو جهەتان. یێک ئەوە بوو، گەنم و برنجێ رێکانی نەهاتە دەستێ وی. یێدی ئەوە بوو، زەرەر و بێنامووسیەکی

مەزن هاتە وی. شێخ کەوتە فکرا تۆلا وی واقعی. هەمی مەزنێت خۆ حازر کرن و مەشورەت ب وان کر. گوت: «هونگ چاوا سەلاح دبینن؟» هندەکان گوتن: «دێ لەشکرەکێ مەزن ژ عەشیرەتان درست کەین چینە سەر وی، هەمیان برینینەوە.» هندەکان گوتن: «سەلاح ئەوەیە ئەحوالێ وی ب تمامی بۆ والییێ وانێ و والییێ مووسلێ بهێتە بەیان کرن و ل حکوومەتێ بهێتە مەحکووم کرن. و بدەستێ حکوومەتێ بهێتە تەربیە کرن.» و هندەکان گوتن: «چاکە حەزرەتێ شێخ عەبدلرەحیم ئاغا تەلتیف بکەت. ئەو ژ مالا مەفی یە. مابەینا وان و مالا میری دایمی نەخۆشە. هنگی ئەو و تەتۆ دێ بنە ییێک. دژمنێ ژدەروە و ناودا کو پەیدا بوون، دێ پەریشان بیت.» هندەکان گوتن: «دێ نژدان بەینە گوندێت وان و چینە سەر رێکێت کاروانێت وان. ناهێلین راحەت بیت، حەتا ب تمامی تۆلا خۆ دکەینەوە.»

خولاسە هەر ییێکی رەئیەک گوت. بەندێ حەقیر مەلا سەعید ل مەجلسێ حازر نەبوو. ل مەدرەسێ بوو، دەرسا فەقیان دگوت. خولامەک هات گوت: «شێخ تە دخوازیت(١٧).» بەندە چوو حزوورا شێخ. فەرمووو: «تو چاوا سەلاح دزانی بۆ تۆلا سوورەچاوش و خولامان؟» بەندە گوت: «ئەز مەلامە. تازەجاحێلم. شوولێت سیاسی نزانم. من نە گەلەک، بەلکی پیچەک ژی تێکلیا ئوموورێت دنیایێ نەکریە. وێت ئەهە ییێت حازر هەمی عەقلدارن؛ مەزنن؛ شوول دیتی نە. ئەوان ئەلبەتە ژ بەندە چێتر دزانن.» شێخ فەرمووو: «وەیە وەکی دبێژی. ئەمما ئەز حەز دکەم رەئیا خۆ بەیان کەی؛ چ چاک، چ خراب. چونکو وانە هەمیان رەئیا خۆ بەیان کرینە.» بەندە گوت: «ژ هەمی رەئیان کیشک مەقبوولی نەزەرا مبارەکێ حەزرەتێ روحنا فداە بوویە؟» شێخ فەرمووو: «هێشتا من چ ئزهار نەکریە، حەتا تو ژی رەئیا خۆ دبێژی.» بەندە گوت: «خواهش دکەم بزانم رەئییێت وان چنە، دا ئەگەر موافقێ فکرا بەندە بن، تەسدیق بکەم. ئەگەر موافق نەبوون، هنگی ب قەدەر عەقلێ ناقسێ خۆ بەندە ژی دێ تشتەکی عەرزێ حزوورا مبارەک کەت.» شێخ رەئییێت مەجلسێ کەت کەت حکایەت کرن. گوت: «ئەوێت هەنە رەئییێت وان. بزانم کا تو دێ چ بێژی.» بەندە گوت: «رەئیا لەشکرێ عەشیرەتێ بێ ئتلاعی و بێ تێکلیا دەستێ حکوومەتێ خرابە. حەرەکاتێت خودسەرانە دومایی باعسێ خسارەت و نەدامەتێ یە. نژدەکرن و کاروان شەلاندن ژی شوولا ئەشقیانە. لایق نیە بۆ مەزناتیا شەئن و شەرەفا حەزرەتێ مەولای بەندێگان. تەلتیفا عەبدلرەحیم ئاغا واقعەن چاکە. ئەمما دوی ئەسنایدا وەختێ موەفەقیەتا سووتۆ، زەحمەتە کو فایدە بدەت بۆ مەقسوودا مە. و ئەگەر فایدە بدەت ژی، دەرەنگ دێ بیت. و بەیانا ئەحوالێ وی بۆ والیان و مەحکوومکرنا وی ل حکوومەتێ ئەلبەتە لازمە و شەرتێ ئەووەلە. بەلێ ئەو هند بتنێ ژی کافی نیە، دەردێ مە دەرمان ناکەت. نهایەت، حکوومەت دێ وی حەبس کەت؛ پاشی مدەتەکی گەلەک پارە دێ ژ وی وەرگریت و وی بەردەت. هنگی سووتۆ دێ خورتتر بیت و شوولا مە دێ ئاسێتر بیت. بەندە هۆ مناسب دزانیت: ئەووەلەن، بەیانا حالێ وی بۆ حکوومەتێ؛ پاشی، تەحسیلا ئەمرێ رەسمی و دانا دەه جەندرمە بۆ تەعمیرا قەسرا رەزگە و ئقرارا تەتۆ ل حکوومەتێ کو گوندێ رەزگە و قەسرا رەزگە من فرووتنە شێخ محەمەد سەدیق. و حکوومەت روخسەت بدەت کو شێخ بۆ محافزا گوندی مرۆوێت خو ب سلاح دانیتە رەزگە. هنگی هەر واقعەیەکێ بقەومیت، سووچ بۆ شێخ نییە، بۆ سووتۆیە. و دیارییێت گەلەک چاک بۆ قایم مقامێ گەوەڕێ و قایم مقامێ ئامێدیێ بهنێرن. دلێ وان چاک خوش کەن. وەتو کو دەرهەق شێخ دایمی ب چاکی و دەرهەق سووتۆ دایمی ب خرابی بنویسن. و چارسەد مێران، سەد شەمدینیان، سەد گەردی، سەد هەرکی، سەد مزووری کە ئەوە خۆ ب محوبێت تە دزانن(١٨)، دگەل تەتۆ رێکە رەزگە حەتا قەسر تمام دبیت. جەندرمە و هۆستا ل سەر قەسرێ بن. ئەوان مێرانە هەر شەوێ بچنە سەر گوندەکێ دۆسکانی. هنگی هەم عەشیرەتی دێ تۆلا مە بیت، هەم حکوومەتی. و مەقسوودا شێخ کو تەسەرفا رێکانێیە، ئەو ژی دێ حاسل بیت. و هەر چار عەشیرەت ژی دێ بنە دژمن دگەل سووتۆ. ئێدی نە ئەو و نە ئەولادێ وی ژ دەستێ وان چار عەشیرەتانە(١٩) راحەت نابن.»

وەختێ بەندە هۆ تەرتیبێ بەیان کر، شێخ وەتو کەیفخوش بوو، وەتو کەنی، مومکن بوو مریشکەک ب هەمی پەڕان بچیتە د دەوێ وی [دا]. شێخ محەمەد سەدیق گوت: «ئافەرین مەلا سەعید. رەئیا تە ژ هەمیا چێتر کەوتە عەقلێ من. دێ عەمەل ب رەئیا تە کەم. و ئەهلێ مەجلسێ ژی هەمیان گوتن، ئەلحەق رەئیا وی ژ هەمیان مناسبتر و ب فایدەترە.» شێخ فەرمووو: «بەس

مادام رەئیا تە ژ هەمیان مناسبتر بوو، ئەز حەز دکەم تو زەحمەتێ بکێشی بچیە رەزگە ل نک مرۆڤێت من بی، حەتا قەسر تمام دبیت. و بێ رەئیا تە کەس چ حەرەکە نەکەت.» هندی بەندە رجا کر وەزیفا من نییە، ئەمما شێخ مجدتر بوو.

خولاسە، چارسەد مێر ب تەرزێ بەندە گوتبوو، و دەھ جەندرمە حازر کرن، تەسلیم بەندە کرن. بەندە عەرزێ شێخ کر: «حەز دکەم شەهابەددین خوارزاییێ شێخ و مەلا مووسا کاتبێ شێخ و قتاس ئاغا وەکیل خەرجێ شێخ، ئەو هەرسێکە ژی بهێن.» شێخ ئەمر فەرموو: «ئەوە بۆ چنە؟ لازم نینە. مادام کو تو چووی، کەسێ دی حاجەت نییە.» بەندە گوت: «کاریتێ گران دبیت گەلەک ملێ خۆ بدەنە بن. ئەگەر نە، ملێ ییێکی بتنێ دێ دبندا شکێت. ئەوە شوولەکێ مەزنە. گەلەک خزمەت هەنە. ئەگەر هەمی خزمەتان ییێک بکەت، فکرا وی دێ مشەووەش بیت. شوول دێ ئالۆز بیت. شەهابەددین چونکو خوارزاییێ حەزرەتێ شێخە، سەهم و سیانەتا وی زێدەترە. لازمە ئەو بهێت بۆ قۆمانداریا خولامان. و مەلا مووسا لازمە بۆ کاغەز نڤیسین و مەشوەرەت کرنا ئوموران. و قتاس ئاغا لازمە بۆ دانا ئەرزاقێ خولامان و جەماکرنا حاسلاتی. ئەگەر وانە هەمیان بەندە بکەت، فکر دێ پارچەپارچە بیت. حەللا موشکلاتان نەشێت بکەت.» دیسا هەمی ئەهلێ مەجلسێ تەسدیق کرن، گووتن: «وەتوبە وەکی مەلا سەعید دبێژیت.» شێخ ژی تەسدیق کر. دیسا ئافەرین گوت و ئەم هنارین.

شەوێ چووینە مەزرە(٢٠) و بێگوز. رۆژا پاشی چووینە شیوا هەرکی. رۆژا پاشتر چووینە دێری. وێ شەوێ پێنجە مێر دەستبژاری مە هنارنە چیای هنداوی پرامیزی کو سەرحەدێ رێکانی و هەرکیان و دوسکیانە. چونکو ئەگەر ئەو چیا بهێتە گرتن، کەس نەشێت بچیتە لایێ رێکانێ. دگەل سپێدێ ئەم رابوورین. ییێک مەنزل مە هاژوو؛ نەروونشتین حەتا گەهشتینە رەزگە. وەختێ ئەم گەهشتینە وێدەرێ، نیو ساعەت مابوو بۆ مەغرەبێ. وێ ساعەتێ سەد مێر، ژ هەر عەشیرەتەکێ بیست و پێنج مێر مە هنارنە گرێ پێش نێرڤەکێ گوندێ سووتۆ. بەندە وەتو تەنبیە ل وان کر کو کەس چ تفەنگان نەهاوێژیت و هجووم نەکەن حەتا سوبە ئەز بخۆ تێم. ئەگەر ئەو شەوە سووتۆ هەلات چوو، چاکە. ئەگەر نە، دێ دەورێ ل گوندی دەین ناهێلین کەس دەرکەویت. وێ

شەوێ خەفییێت سووتۆ ل ناو رێکانێ هەبوون. خەبەر دانە سووتۆ کو وی کەرەدی قووەتەکی وەتو هاتییە رەزگە، هەم عەشیرەتی هەم حکوومەتی، کو ئێدی تو نەشێی ل نێرڤە روونی. وێ شەوێ سووتۆ هەلات چوو هورەمارێ. دگەل سپێدێ ئەم ییێت مای ل رەزگە چووین گەهشتینە ییێت چوویە گرێ پێش نێرڤەکێ. مە پێکوە دەورە ل گوندی دا و شێلکێت تفەنگان کرنە گوندی. چ دەنگ ژ گوندی نەهات. هێدی هێدی خولام پارستنە گوندی. زانین چوولە، کەس تێدا نییە. ئەم ژی چووینە گوندی. مە گوتە تەتۆ: «وێ جارێ نووبەتا تەیە. تۆلا خۆ وەکە.» تەتۆ و مرۆڤێت وی ئاگر بەردانە قەسرێت نێرڤەکێ، گوند هەمی سووت. وەختێ تری بوو. لەشکەر چوو رەزان بارێت تری ئینان بۆ رەزگە. هوستان دەست کر ب چێکرنا قەسرێ. رۆژا پاشتر سەد مێر مە ل رەزگە هێلان؛ سێ سەد مێر دگەل ئەحمەد بەگێ بەرێسووری کو ییێک بوو ژ چاوشێت خولامێت شێخ محەمەد سەدیق، مە هنارنە سەر گوندێ بیرێ و گوندێ چێ. تەمیس تالان کرن و پەزێ وان و هێسترێت وان هەمی ئینان هاتنە رەزگە. و مە کاغەز بۆ شێخی هنار کو: «الحمد لله سایەی همەتا ئەجدادێ عالینژادێ حەزرەتێ شێخ أرواحنا فداه بالکمال موفقیت گەهشتینە رەزگە. و ل دوی ییێک غلبە و مظفرێت با حصول هەر مرام و أخذ انتقام از دشمن بد انجام دکاردایە. و کەیفیەتا حال هۆیە. دام ظله العالی آمین. بەندە سەعید.»

شێخ گەلەک کەیفخوش بوو. تەبریکا فتووحاتێت مە بۆ مە شەرەفێ إصدار فەرموو. نڤیسی بوو: «زاتەن دایمی ئومێدا داعی ژ کەمالا فیراسەت و دیرایەت و جەسارەتا ئەمسالێ هنگو ژ وان فتووحاتێت مەسەررەت ئەنگێز زێدەتر هەیە. وفقکم الله آمین. الداعی صدیق.»

بچینە سەر بەحسێ حالێ سووتۆ. وەختێ سووتۆ چوو هورەمارێ، مەلا حەسەن شووکی کو کاتبێ وی بوو و قازیێ دوسکانی و هورەماری بوو، هنارە لالی طاهرئاغاییێ گەوەڕی. وەختێ مەلا حەسەن هاتە لالی طاهرئاغا، گوت: «سووتۆئاغا ئەز هنارمە خزمەت هنگو. تو ئەسەدئاغاییێ سەرێ مە هەمی عەشیرەتا دوسکیانی. و تو ئەعزاییێ حکوومەتا گەوەڕیی. خزماتی و دوستینی بۆ رۆژەکی هۆیە. نوکە تەدبیرا مە چییە و ئەم چ بکەین چاکە؟» طاهرئاغا مرۆڤەکێ تێگەشتییە. گوتە مەلا حەسەن: «هندی ئەز مولاحزە دکەم، نوکە بۆ سووتۆ ژ

غـەیری رازیکرنا شێخ محـەمـەد سەدیق چ ڕێ نەمـانە. چونکو شەڕێ وی دگەل تەتۆ و دگەل خولامێت شێخی و کـوشتنا سـوورەچاوش دگـەل دوازدە خولامـان مـەعلوومی هەمی مەقـامـاتان بوویە. حکوومەت تەرەفـدارێ شێخی یە. بەس نوکە لازمە دلێ شێخی بێتە خوشکرن.» مـەلا حەسـەن گـوت: «بەلێ، وەیە وەکی دفـەرمـووی. ئەز ژی وەتو دزانم. ئەمما نزانم رێکا دلخوشکرنا شـێخی دێ چاوا بیت.» طاهرئاغـا گوت: «حەقـیـقـەت ب زەحـمـەتە. ئەمما ئەگـەر مـومکن بیت تو بشـێی بچـیـە رەزگـە لالی مـەلا سـەعـیـد ژ وی بپـرسی، مـومکنە کـو ئەو رێکەکێ بۆ تە بێژیت.»

مـەلا حـەسـەن ژ لالی طاهرئاغـا گـەریاوە قـەسـدا لالی بەندە کـر. خـۆ گـەهاندە گـوندێ هیـشێ ژ عـەشـیـرەتا رێکانی. گوندێ مەسیحیانە. ساعەتەکێ دوورە ژ رەزگە. شەوێ مەلا حەسەن ل وێدەرێ مـا. سوبەی زوو مە دیت مرۆوەکێ نەسرانی ژ هیشێ هاتە لالی مە. گوت: «حەز دکەم مـەلا سـەعـیـد بتنێ ببـینم.» وەختێ بەندە دیت، گوت: «مـەلایێ سـووتۆ ل مـالا مـە روونشـتـیـە. دبێـژیت قەوی حەز دکەم بهێمە لالی مەلا سەعید. چەند خەبەر هەنە عـەرز بکەم. ئەمما نەوێرم بهێم. ژبەر قـەراولان نەکو من بکوژن.» بەندە ژی دەه خولام دگەل نەسـرانی هنارن. من گـوت: «هەرن مـەلا حـەسـەن ژ هیـشێ ب سـلامـەتی بیننە ئێرە. موویەک ژ سەرێ مەلا حەسەن بکەویت هنگو هەمیان دێ کەمە ئارمانجێ مارتینان.»

خولاسە، خولام چوون. مەلا حەسەن ئینا، دوو شـەوان مـا لالی مـە. هەمی گـفـتگو مـە کـرن. بەندە گـوتە مـەلا حەسەن: «ئەگەر حەزرەتێ شێخ سووتۆ قەبوول بکەت و ژ کـوشـتنێ عـەفـوو بکـەت، تو وەعـدێ ددەی کـو سـووتۆ بچیتە حزوورا شێخ ؟» گوت: «بەلێ، ئەمما ب شەرتێ کو سووتۆ ئەمین بیت ژ روحـا خـۆ.» بەندە گـوت: «بەس تو هەرە لالی سـووتۆ بتـەمـامی دگـەل وی بئاخـوە و قـەولی ژ وی وەرگرە. حەتا تو تێیەوە، ئەز ژی دێ دگەل حەزرەتێ شـێخ مـوخـابرە بکەم، بزانم رەئیـا شـێخ چیـیـە.» مـەلا حەسەن مە هنارەوە بۆ لالی سووتۆ و بەندە دەست کر ب کاغەز نوبسینێ و سوئال و جەوابێ دگەل شێخی. چونکو بەندە عـادەتێ مـەئمـوورێت عـوسـمـانیـان دزانی کـو چ وەختـان قەول و فێعلێت وان موافق نینە. ژ غـەیری پاتنا کەبابا غەرەزا خۆ چ مەقسوودێ دی نینە. مە دزانی کو مدەتەکی دێ سووتۆ تەنگاو کەن، حەتا پارەیەکێ زۆر ژ شێخی دخۆن. پاشی دومـایی هێدی هێدی دێ سـووتۆ تەلتیف کەن، حەتا گەلەک پارە ژ وی ژی دخۆن. کەسەک بۆ کـەس مـەحو ناکـەن. بەندە وەتو سەلاح و مناسب دیت کو شێخ سـووتۆ قـەبوول بکەت، هێشـتـا شوول ژ دەستێ وی دەرنەکەوتی.

خـولاسـە ب وی مـەزمـوونی بەندە بۆ شـێخ نوبسی و کەیفیەتا هاتن و چوون و ئاخاوتنا مە دگەل مەلا حەسەن ب تەفـسـیـل مـە بۆ حـزوورا شـێخ بەیان کـر و هنار. حـەزرەتێ شـێخ جەواب بۆ بەندە هنار: «هەر تەرزێ کـو مـووجـبێ حـفـزا شـەڕەف و نامـووسـا داعی بیت، دوێ مـادەیێدا تو وەکـیـل و مـەئزوونی. زین پەس(٢١) هیچ حاجەت ب مـراجـعـا داعی نیە. چاوا بفکرا خـۆ دزانی، عەمەل بکە عەزیزم. والسلام. الداعی محمد صدیق.»

وەختێ ئەو جەوابە هات، مەلا حەسەن ژی روژا پاشتر هاتە رەزگە. مەلا حەسەن گوت: «ئەگەر تو ژ لالی شێخی خاترجەمع(٢٢) بی، ئەز ژی ژ لایێ سووتۆ خاترجەمعم، کـو ژ خـەبەرێ من دەر ناکـەویت.» بەندە گـوت: «مـادام وەیە، ئەوە ئەم هەردوو وەکـیلین. ئەز هۆ سـەلاحـا سـووتۆ دزانم، طاهرئاغـا و عـەلی ئەفـەندی پایلانی دگـەل خـۆ ببەت بچیتە نەهرێ، سەر مەرقەدێ سەید طاها(٢٣)، دا شێخ وی عەفوو بکەت. ئەگەر سووتۆ وێهی نەکەت، تو دزانی ئەو ل دەولەتێ مەحکوومە، دێ هێتە مەحو کرن.» مەلا حەسەن گوت: «ئەگەر تو دزانی دێ هۆ چێببیت، ئەز دێ وێهی کەم.» من ژی تەئمینات دا مـەلا حەسەن. ئەو ژی چوو ب وی تەرزی بۆ سـووتۆ گـوت و سـووتۆ ژی قـەبوول کـر. دگـەل طاهرئاغـا و عـەلی ئەفـەندی چوو نەهرێ. شـێخ گـەلەک کـەیفـخـوش بوو. چونکو دایمی مـەقـسـوودا جـەنابێ شـێخ ئارەکێ هوور بوو ژ ناو دوو بەرێت رەق. ئەو د خەمـا سـوورەچاوشدا نەبوو، وی پارە دویا. گوتە سووتۆ: «بۆ خاترا طاهرئاغا و عەلی ئەفەندی و بۆ خـاترا شەڕەفـا مـەرقـەدێ باپیـرێ خـۆ من تۆ عـەفـوو کـری ژ کـوشـتـنێ و گـرتنێ و سـوورگـون کـرنێ. ئەمما هێتـیـمێت سوورەچاوش فـەقیـرن و هێتـیـمێت خولامـان بێچارەنە. خوونا هەر یێکی سەد لیـران، هزار و سێسـەد لیرە بدەت و بخێر بچیتە مالا خۆ.» سووتۆ ژی قانع بوو. دوو جەندرمە و هەشت خولام دانە سووتۆ کو بچیـتە ناو دوسکی و هورەمـاریان کـو هزار و سـێسـەد لیـرە بۆ شـێخ جمـا کـەت، بینیت. خـولاسـە چوو سێ هزار لیـرە زێدەتر پلاتـە کـر ل سـەر عـەشـیـرەتا دوسکی و هورەمـاریان و

تەحسیل کرن. هزار و سێسەد دانە شێخ؛ یێ زێدە بۆ خۆ هەلگرت.

وەختێ کو سووتۆ ملاحزە کر، تێگەشت کو ئەگەر تەتۆ مرۆوێ شێخ بیت و دایمی خولامێت شێخ لالی تەتۆ بن، حالێ وی دێ نەخۆش بیت. مەنفعەتێ وی دێ کێم بیت. گـوت چاکـە تـەدبیـرەکی وەتو بکەم تەتۆ ب دوسـتـینی تەلەف بکەم. پاشی سالەکێ کو جیێ رێکانی تمام کەوتە دەستێ شێخ و حاسلاتێ رێکانێ ژ کەری گوھ نەگەشتە تەتۆ، سـووتۆ زانی کـەولی هەیە کـو تەتۆ بێ لێبـینیت. سووتۆ مەلا حەسەن هنارە لالی تەتۆ کو بێژیتە وی: «هەر چی چویی، چوو. بلا بهێت ئەز و ئەو عەهدەکێ بگرین ژ نوکـە وێڤـە ببـینە دۆست. چ جـاران زەرەرا ئێکودوو ناکـەین. شـێخ مـحـەمـەد سـەدیق ئەژدەهایە، دێ مـە هەردوویان خۆت. ئەوە سالەکە ئەو دزانیت چ مەنفعەت گـەشـتـیـە وی. فـەرقـا وی و کـرمـانجـەکی نیـیـە ل نک خولامێت شـێخی. مادامکێ شێخ دێ مە مەحو کەت، ئەم مسالحە بکەین سەلاحترە. ئەگەر باوەڕ نەکەت، ئەز دێ کچا خۆ ژی دەمە وی دا چاک باوەڕ بکەت کو ئەز ژ دل مەسلەحەتێ دخوازم.»

مـەلا حـەسـەن چوو لالی تەتۆ ب وی تەرزی بۆ تەتۆ گوت. تمام کەوتە ئەقلێ تەتۆ و قەبوول کر. سووتۆ کچا خـۆ دا تەتۆ. رۆژەکێ تەتۆ هەجـەتەک پەیدا کـر. هەمی چەکێت خولامێت شێخ محەمەد سەدیق ستاندن و خولام بێ چەک کرنە دەر. هاتنە لالی شـێخی. شـێخ گـەلەک عـاجز بوو. ئەمما فـایدە نەکر. چونکو سووتۆ و تەتۆ تمام مـتـەفق بوون و شـێـخێ بـارزانی(٢٤) ژی دژمنێ شـێخ مـحەمـەد سـەدیق بوو. سـووتۆ و تەتۆ پێکوە چوونە لالی شـێـخێ بـارزانی، بوونە تـابعـێت وی. دوو سـالان هۆ رابارن. تەتۆ تمام خـاترجـەمع بوو. پاشی شـێخ مـحـەمـەد سـەدیق مـر و شـێـخێ بارزانی ژ حکوومـەتا عـوسـمـانی عـوسیـان کر. هێدی هێدی ئەسبابێت سووتۆ موهەییا بوون. زانی کـو ئێـدی تەتۆ چ پەناه نەمـان و سـووتۆ مـولاحـزە کـر: «چاکـە ل حکوومـەتێ ژی وی مـەحکووم بکەم، دا چ رێ بۆ وی نەمـینن؛ پاشی وی بفـەوتینم.» خەبەردا تەتۆ ئەو هەر سال هندە پارەیێ ئەغنامێ ددەتە حکوومەتێ. چ لزووم هەیە. هەمی عـەشیـرەتا دوسکیـان نیـوەکـا وی نادەن. ئەو سـالە وەخـتێ پەزهەژمـارێ، حـەیوانێ رێکانیـان بهنێریتـە لالی مـە، حـەتا مـەئمـوور دچن. پاشی پەزێ خۆ ببـەن. تەتۆ ژی وەکـر. سـووتۆ ب مـەخفی خـەبەر دا قـایم مـقامـێ ئامـێدیێ: «حالێ تەتۆ ئەوەیە. هندی نەسیـحەت دکەم، قەبوول ناکەت. نزانم چ بکەم. ژ ترسا دەولەتێ نەوێرم تەربیە بکەم. ئەگەرنە، ل نک مـن تەربیـا وی ژ ئاو خـوارنەوەیەکێ سـەنایی ترە.» قـایم مـقـامێ ئامێدیێ جەوابەکی گەلەک ب تەشەکور و مـەمنوونی بۆ سـووتۆ هنار. گـوتبوو: «تو مـەئزوونی هەر کەسـەکێ زەررە قـەدەر خیـانـەتێ دگەل دەولەتا عـللییـەیا ئیسلامییە بکەت، تەربیە بکە.»

سـووتۆ تمام خـاترجـەمع بوو. رۆژەکێ خـۆ نەخـوش کـر. کـەوتە ناو نوینان. خـەبەر بۆ هەمی دوسـتـان و خـزمـان هنار، کـو سـووتۆ نێـزیکی مـرنێ یە. بلا هەمی بهـێن دا وەختێ مرنێ حازر بن. مـەلا حـەسەن ل نک بالگێ وی روونشـتبوو. ل دوی یێک سوورەی یاسین دخوند. هەمی قەومێ وی جما بوو. بۆ وی دگرین. جەواب دانە تەتۆ کو ئەو ژی زاوایێ سـووتۆیە، بلا بهـێت و کـچـا سـووتۆ ژی دگـەل خـۆ بینیت، کـو ئەوە ئاغـا ل سـەر مـرنێ یە. نەکـو جارەکی دی ب ساخی یێکدوو نەبینن. تەتۆ و ژنا خۆ و برایێ وی تەمـۆ دگەل چارپێنج خـولامـان چوونە نێـرڤـەکێ گوندێ سووتۆ. وەختێ چوون، دیتن خەلک هەمی بۆ ئاغا دگـرین. تەتۆ و تەمـۆ ژی گەلەک گـرین. تەتۆ گـازی کـر: «ئاغـا، ئاغـا، پیـچـەک چاوێت خـۆ راکـە، ئەم هەمی قـوربانی تە بین. خوزی جارەکی دی تو ژ وێ نەخـۆشـیێ رابوبای. بلا من چ ل دنیـایێ نەمـابا.» سـووتۆ پیـچـەک چاوێت خـۆ راکرن. ئاهیـەک کـێشا. گـوت: «تەتۆ، ئەزێ مریمە. الحمد لله جارەکی دی من هەمی مرۆوێت خۆ دیتن. مـرن حـوکـمێ خـودێ یە. رێکا مـە هەمـیـانە.» گـوت: «ئوسـمـان، تێلی، خزمـەتەکی چاک بۆ تەتۆ بکەن. ئەوە ئەز دمـرم. تەتۆ برامـەزنێ هنگویە. چ جاران ژ خـەبەرێ تەتۆ دەرنەکـەون.» هەمـیـان گـوتن: «بەلێ، هەر ئەمـرێ ئاغا بفەرمووت، ب جان و دل مە قەبوولە.»

شەوێ مەنزلەک جدا دانە تەتۆ و تەمۆ. وەختێ نوستن، سـووتۆ ئوسـمـان و تێلی گـازی کـرن. هنگی گـوتە وان: «ئەزێ ساخم. فکرا من ئەوەیە...» ئەو ژی سوک چوون. چەند مرۆو لازم بوون، دگەل خۆ برن چوونە مەنزلا تەتۆ و تەمۆ؛ هەر دوو د خەوێدا کوشتن و خولامێت وان ژ چەک کرن. سووتۆ رابوو گوت: «شکر بۆ خودێ کو من دوژمنێ خـۆ تەلەف کـر و تۆلا خـۆ کـرەوە. ئەز مـام سـلامـەت.» والسلام(٢٥).

## چەند حەکایەتێکی کوردی لە بەرهەڤۆکەکەم باسیلی نیکیتین

ئەم حــەکــایەتانەی لەم ژمــارەیەی(٢٦) Bulltinدا چاپ کراون، هەر لەو کۆمەڵە حەکایەتانەن کە بەختم هەبوو چیــرۆکی ســووتۆ و تەتۆی لێ بە یارمــەتی زۆر دلسۆزانەی خوالێخۆشبوو مێجەر ئی. بی. سۆن، کە بە قــوولّی داخــداری مــەرگــە نەبەکــامــەکــەیتین، لە بەشی یەکــەمی بەرگی ســێــیــەم(٢٧)دا لە چاپ بدەم. ئەو کــوردییــەی چیــرۆکــەکــانمان پێی نووســراون، دەکــرێ بە گـــوێرەی پۆلینکردنی ئی. بی. ســـۆن بە دیالێکتی ناوەراســتی گــرووپی باکــوور بژمــێــردرێت. دانەر، مــەلا ســەعــیــد قــازیی کــوردســتــان، کوردێکی زانای خــەڵکی نەهریی پایتەختی شەمدینان بوو. بێ گومان لە دەقەکەدا هەندێ کــەرەســتــە دەبینین کــە تەنیــا لە گرووپی باکووردا دەبینرێن، وەکــو نیــشــانەی کــۆی *ئێــد*، پاشــبــەندی *را*، ئامــرازی پێــوەندی ژ کــە تــەنیــا لــە گــرووپی باکــووردا بەکاردێت و جێی *لەی* گرووپی باشوور کە هەمان مانای هەیە، دەگرێت؛ هەروەها فــرمــانی ڕابردووی *هەبوو* کە لە باشوور لە ڕەواندز دوورتر ناڕوات کە شێوەزارەکەی بەبێ چەندوچۆن ســەر بە گــرووپی بــاشــووره، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێ تــایبــەتمەندی هەن کــە مرۆڤ بۆ ئەو بۆچوونە ئاراســتــە دەکــەن کە شێوەزاری شــەمــدینان شێــوەزارێکی تــەواو ســــەر بــە گـــرووپی باکـــوور نیـــیـــــە، بــەڵکو لە گــواســتــنەوەدایە بۆ ناو گــرووپی بــاشــوور. بۆ نموونە ئەم شێوەزارە بەبێ جیاوازی نیشانەی خستنەسەری *ێ و ی* بەکــار دێنێت؛ هەروەها ئــامــرازەکــانی *ژێ و لە* بە بێ جیاوازی بە کار دێنێت. ئەمانە بێ گومــان بەڵگەگەلێکی کەمن، بەڵام ئومێد دەکرێت لە ئایندەدا تــوێژینەوەگەلێکی ورد بتــوانن بەڵگەی تر [ی لەم چەشنە] بخــەنە ڕوو. بە هەرحاڵ دەبێ ئەوەش بێنینەوە بیــر کــە مــەلا ســەعــیــد لە ناحیــەی گەردی لە خوارووترین بەشی قــەزاکــە لە دایک بووە.

ئەگەر دەرفــەتم پێ بدرێت زاراوەی کوردی بەکــار بێنم، دەڵێم کە دەقەکانی بەرهەڤۆکەکەم سەر بە گرووپی «ژێ بابوو»، (یان گــرووپی گــۆران)ن. کە نازناوێکە لە لایەن «ســۆرانەکــان»ەوە بۆی دانــراوە و خــۆیان لە بەرانبــەردا «کــورکــورە»یان پێ دەوترێت. ئەم پۆلکردنە کــوردییــە بەم شێــوەیەی خــوارەوەیە. هەمــوو کــوردەکــان کــراون بە چوار گــرووپ: (١) لوڕ، (٢) کــەلهــوڕ (هەر دوو ناوچەی کــرمــاشــان و هەورامــان)، (٣) ســۆران (لە سلێــمــانی تا ڕەواندز، شنۆ، ساوجبلاغ(٢٨))، (٤) گۆران (لە ئاکرێ و ئامــێدی تا دیاربەکــر، بەتلیس و بایەزید). ناوی «ژێ بابوو» ئــامـــاژە بۆ زۆری بەکـــارهێنانی ژێ (لە) و ژی (هەروەها) دەکات، هەروەک چۆن نازناوی «کورکورە» لە زۆریی بەکــارهاتنی پیــتــەکــانی ک و ر لە نــاو گـــرووپی ســۆراندا (لکێــدەرێ، لە کــوێیــە، وێدەرێ) ســەرچاوە وەردەگرێت.

لێــرەدا پێــویست ناکــات، هەروەک چۆن بۆ حــەکــایەتی سووتۆ و تەتۆ کردمــان، جەخت لە بەهای ئەم حەکایەتانە لە ڕوانگــەی خــــــــســـــتــنەڕووی وێنەیەکی زینــدوو لە عــەقــڵــیــیــەتی کــوردی بکەینەوە. هەردوو دزەکە ڕەزگــۆ و سلێمــان بە مێرچاک ناو براون (دەقــاودەق بە مانایvir bonus؛ ئەرێ virی لاتینی و مـــێـــری کـــوردی لە پێــوەندییــەکی نزیکدا نین؟) ئەم ئایدیالە کــوردییــە چەند دوورە لە ڕۆمانییەکە

vir bonus nemini nocens vitam honestam vivens ! (٢٩)، کــەچی «شــێــخ» سلێــمــان کــە هەوڵ دەدات لە بەپێ ڕۆیشــتــنیــدا هیچ بوونەوەرێک و تەنانەت مــێــروولەیەکــیش ئــازار نەدات، باوەڕێکی ســووفــیــیــە بوودیســتــەکــان دێنیــتــەوە بیــر کــە وەکــو پرۆفــیــســۆر گــاورۆنسکی(٣٠) پێی وتووم، ڕێوشــوێنی هاوشــێــوە دەگرنە بەر. لە فۆلکلۆری «ڕیوایی» ڕووسیشدا وردەکاری لەو چەشنە لە هەندێ دەقی بەدڕەوشــتدا دەدۆزینەوە. من حەکــایەتی مــیــر حــەســەن بەگی هەکــاریم هەڵبــژارد(٣١) وەکو نموونەیەک بۆ ئەوەی لە فۆلکلۆری کوردیدا بە زانایی لە قــەڵــەم دەدرێت. لەبارەی بابەتەکــەشــەوە، وتارێکی سەرنجڕاکێشی م. س. ستاسیــاک(٣٢) پیشــان دەدات چۆن هەمــــوو وردەکـــــاریـیـــــەکـــــان لەبارەی بابــەتە فۆلکلۆرییەکەی باڵندە خاوەن نوقڵانە باش و خــراپەکان دەتوانن خــــاوەنی بەهای بەرزی خـــۆیان بن. هەندێ پەراوێزی ڕێزمــانی لە کــۆتاییــدا خــراونەتە ڕوو. لەبەر ئەوەی چیـــتـــر ناتوانم خــۆم بە تەواوی بۆ لێکۆڵــینەوە زمــانەوانیــیــەکــان تەرخــان بکــەم، هیــوادارم خــوێنەرانم بەرانبەر بەم هەوڵە «ناپسپۆڕانەیەم» سنگ فراوان بن.

### حکایەتا ڕەزگینێ ڕیگر، لاوێ نامەرد، کالێ مەرد

سێ چار ســـال پێش نوکــە ل نێــزیکێت دیاربەکــرێ مــــرۆوەکێ ئەشــقێ ڕێگرێ مــێـــرچاک هەبوو، ڕەزگین

دگوتنێ. خولامەکێ وی ڕۆژەکێ بۆ مە حکایەتێت حالێ باخێ خۆ دکر، دگوت: ئەم جارەکێ چووبووینە ڕێگرییێ. مە پەزەک دزی بوو، ل شیوگەلی مە بۆ خۆ دبراشت. ئەم چل خولام دگەل مام ڕەزگۆدا بووین. مامێ ڕەزگۆ چوو سەرێ گری ب دووربینێ تەماشای دەشتێ کر، دیت لاوەکێ تازە ل سەرێ دەشتێ دەرکەوت. مارتینەکێ تەلیعەڕەش وەکی چاوێ مامبزێ ب ملوە بوو. دوو ڕەخت فیشەنگێت کارخانە، هەر ڕەختەکی پێنجە فیشەنگ تێدا، یێک پشتا خۆ بەستی، یێک براپیل(٣٣) خو دانای، سوولا دیاربەکری(٣٤) د پێدا، پەستەکێ(٣٥) گرێمووسی(٣٦) د بەردا، رانی بەرگووزێت دهی د بەردا، چەفی و عەگالێت مووسلی ل سەری؛ دەستێ خۆ بربوو بناگەها خۆ، لاوژە(٣٧) دگوت؛ شا ب سەپانێ خۆ حساب نەدکر. مامێ ڕەزگۆ گوت: «گەلی خولامان، ئەو مرۆوە یان گەلە مێرچاکە یان ئەحمەقە. یێک هەرنە پێشیا وی، بشەلینن.» چونکو عادەتێ مەیە یێک دبیت بچیتە پێشیا یێکی، شریک دێ سەیری کەن.

ئەوجار یێک چوو گازی کر: «هۆ لۆلۆ». جەواب دا: «هۆ لۆلۆ». گوتی: «تفەنگا خۆ دانێ، ڕەختا دانێ، سەرسوولێت [خۆ] ژ پێکە، پەستک و رانێ بەرگووز و چەفی عەگالان دانێ، هەرە بخێر بچی.» گوتی: «زور باشە. کراس و دەرپێیان ژی دانێم یان نە؟» گوتی: «نە، ئەو بلا خاترا تە بن.» هەمی شرەمرێت وی ئینان دانانە پێش مامێ ڕەزگۆ.

دیسا مام ڕەزگۆ [بەرێ] دووربینێ هاوێتە دەشتێ، دیت پیرەمێرەک تێت کەرەکی ل بەراییکێ هێدی هێدی دهاژووت. عەبایەکێ کەون هاوێتبوو سەر ملێ خۆ، شیرەک و مەتالەک دبەر خۆ دانای، هەر وشەوش ل کەرێ خۆ دکر. مامێ ڕەزگۆ گوت: «یێک هەرن وی ژی بشەلینن.»

یێک چوو گازی کر: «هۆ لۆلۆ». جەواب دا: «هۆ لۆلۆ قوزلقورت؛ ژەهرەمار؛ هونگ وەکی سا ل وان دەرانە چ دکەن؟» خولامی گوتی: «درێژ نەکە. کەرێ خۆ بهێلە و عەبای و شیر و مەتالی، و هەرە ڕوحا خۆ خلاس کە.» گوتی: «تە کەنگی دێلا دایکا خۆ بۆ من ئینایە، ئەز وانە نەختێ وێ بدەمە تە؟» خولامی فیشەنگ ل تفەنگێ دا؛ دەرێ تفەنگێ ڕاست کرە مامێ کال. ئەما مامێ کال هند موهلەت نەدا. شیرێ خۆ کێشا هجووم کرە سەر خولامی، نەهێلا خولام تفەنگا خۆ ئاگر دەت، گەهشتە سەر. خولام هەلات. مامێ کال ڕدێنا خۆ کرە دەوێ خۆ، سەر دونا هەر وەتو حەتا نێزیکی شیوکێ بوون.

خولام هات بۆ ناو مە. مامێ کال هاتە سەر گری. مە قەسد کر بچینە هەوارا شریکێ خۆ. مامێ ڕەزگۆ نەهێلا. گوت: «قەبوول ناکەم.» مامێ ڕەزگو گازی کر: «هۆ مامێ کال، وەرە دگەل مە کەبابا بخۆ.» گوت: «ئەز دگەل سا ناچمە سەر کەلەشێ مرار.» دیسان خولامان گوتن: «ئاغا دا بچینێ. ئەوی هەتکا مە بر.» مامێ ڕەزگۆ دیسا گوت: «قەبوول ناکەم.» دیسا مامێ ڕەزگۆ گازی کرێ: «وەرە مامێ کال، بەختێ خودێ و پێغەمبەران بۆ تە مام کال.» گوت: «ئەوە هاتم دا نەبێژن نەوێرا.» هات شیرێ وی رووس ددەستیدا، بەرامبەری مامێ ڕەزگۆ ل سەر چووکەکێ خۆ روونشت. گوتی: «دێ بێژە تە چ شوول هەیە، ئەزێ بلەزم. دێ چمە سەر رێکا خۆ.» گوتێ: «کەبابا خۆ بخۆ. پاشی دێ بێژمە تە.» دەست ب کەباب خوارنێ کر. وەختێ کەبابێت خۆ خوارن، مامێ ڕەزگۆ چەند تشتێت ژ لاوێ نامەرد ستاندبوون، هەمی دانە وی و ژ نک خۆ ڕا ژی خەنجەرەک خەلات دا مامێ کال، گوتێ: «هەرە بخێر بچی. تو ل سەر چاوێت مە هاتی. تە حەلال بن. ئەو تشتانە بۆ تە لایقن. تە پیرووز بن.» والسلام.

### حکایەتا شێخ سلێمانێ پێ ب زەنگل

دبێژن وەختەکی ژ عەشیرەتا زێباریان(٣٨) مرۆوەکێ گەلەک مێرچاک هەبوو. ناوێ وی سلێمان بوو. دایمی شوولا وی دزی بوو؛ تالان بوو. جارەکێ دزیەکی گەلەک مەزن ل ئاکرێ کر. ل سەر وی ئاشکرا بوو. حکوومەتێ ئەو گرت. بهەر تەرزێ کو مومکن بوو، خۆ ژ حەبسێ خلاس کر. فکر کر، گوت: «چاکە بچمە بەغدایێ ل سەر مەرقەدێ غەوسی قەدەرەکی روونێم؛ توبە بکەم. ئێعتبارێ پەیدا بکەم. پاشی ئەگەر گەلەک دزیێ بکەم، کەس خەیالا من ناکەت.» رابوو جلێت دەروێشان دبەر خۆ کرن و دەف و کەشکوول ب ملێ خۆ وەکرن. ڕێکا بەغدایێ گرت. چوو سەر مەزارێ شێخ عەبدلقادر گەیلانی(٣٩) کو مەشهوورە دبێژنێ «غەوسێ بەغدایێ». ل وێدەرێ روونشت. دەست ب عیبادەتێ کر. شەوێ و ڕوژێ ژ کونجێ مزگەوتێ دەر نەدکەوت. خەلکێ کو دهاتنە زیارەتێ غەوسی، قەوی موعتەقدێ وی بوون. ژ وی دپرسین: «ناوێ تە چییە؟» دگوت: «ناوێ من

سلێمانێ دەروێشێ دەرگاهێ خودێیە.» خەلکی ژی دگوتن: «خێر. استغفرالله، تو چاوا وە دفەرمووی؟ ئەتو شێخ سلێمانی. تانجێ سەرێ مە هەمیانی.» خەلکی گوتە وی: «ئەم هیوی دکەین جار باران تەشریفا موبارەکا زاتێ هنگو دەرکەون دا هەمی کەس ب دیتنا وجوودا مەسعوودا عالی خودان فەیز و بەرەکەت ببیت.» وی ژی گوت: «نە، وی بەندێ گوناهکار لیاقەتا وێ نینە، و ژ غەیری وی ژی سەبەبەکێ دی هەیە نەشێم دەرکەوم.» گوتن: «چییە؟» گوت: «ئەوەیە ل سەر هەمی رێکان گەلەک مێروو هەنە. ژ خودێ دترسم کو پێ من بکەویتە سەر وی مەخلووقێ بێچارە، بمریت. و ئەز زێدەتر گوناهکار ببم.» خەلکی زێدەتر دەرهەقێ وی ئێعتقاد پەیدا بوو. گوتن: «ئەو ئنساف و سلووکە زەمانێ غەوسی ژی نەبوویە.» گوتن: «قەت نابیت ئەگەر مە تو ب پشتێ بری، لازمە کو تەشریفا خو ببینیە مالێت مە.» وی ژی گوت: «ئەز قەت هاتنا پشتا چ کەس قەبوول ناکەم. بەلێ بۆ خاترا هنگو ب تەرزەکێ دی دێ هێم. بۆ من دوو زەنگلان بینن. دێ ب سەرێ سوولا خۆ وە درووم. دا دەنگ بهێت، مێروو بهلێن، پێ من نەکەویتە سەر وان.» خەلکی هەمیان گوتن: «سبحان الله، چەند فکرەکێ کوور و هوور کر.» زێدەتر موعتەقد بوون.

خولاسە زەنگل ب سوولێت خۆ وەکرن. هەر روژ مالەکی دەولەتمەند ژ مەزنێت بەغدایێ ئەو گازی دکر و مێوانداری بۆ وی دکر. ل باژێرێ بەغدایێ شوهرەتەکی مەزن پەیدا کر. ناوێ وی مەشهوور بوو «شێخ سلێمانێ پێ ب زەنگل». و گەلەک مرید و مەحسووب پەیدا کرن.

دومایییێ کو زانی تمام خەلک موعتەقدێ وینە، ئێدی کەس خەیالا خرابییێ ژ وی ناکەت، گوتە مەزنان: «ئەز حەز دکەم ژ دەروەی باژێری بۆ من خانیەکی چێکەن. ئەز و چەند دەروێشێت فەقیر ل وێدەرێ روونێن عبادەتێ خودێ بکەین. چونکو ناو باژێری قەلەبالغە. قەلبێ مرۆو مشەووەش دبیت. مرۆو نەشێت ب درستی زکرێ خودێ بکەت.» هەمیان گوتن: «سەر چاوان، سەر سەران. هەر ئەمرێ حەزرەتێ شێخ بفەرمووت، ئەم ب روح و مال حازرین بۆ ئتاعەتا وی.» خانیەکێ مەزن بۆ وی چێکرن. دگەل چەند دەروێشێت کو وی حەز دکر، ل وێدەرێ روونشت. ب هەر تەرزەکێ کو بخۆ دزانی، دەروێش ئینانە سەر رەئیا خۆ.

روژەکێ ب هەجەتا زیارەت هاتنە سەر مەرقەدێ غەوسی. شەوێ مانە ل وێدەرێ. بنێ دیوارێ خزینا مالێ تەکیا غەوسی کون کرن. قیاسێ ملیونەک لیرە پارە و جەواهر ئینانە دەر. دوو روژ دی ژی مان. پاشی چوونە خانییێ خۆ. شێخ سلێمان دگەل سێ چار دەروێشان مقدارەکێ کوللی ژ جەواهر و ژ زێر بۆ خۆ هلگرتن. گوتنە دەروێشێت دی: «هونگ ژی پشکا خۆ هەلگرن. هەرچی کو ئەم نەشێین هەلگرین، ببەین ل جیەکی دوور چال کەین. پاشی چەند سال دی ب لباسکی دی و ب شکلەکی دی دێ هێین بۆ خۆ ئینینە دەر و بەین.» گوت: «نوکە چاکە بەلاو بین، بچین هەر کەس بۆ مەملەکەتێ خۆ. ئەگەر نە، ئەلبەتە دێ ل سەر مە ئاشکرا بیت. پاشی ئەم ژ دەستێ حکومەتێ خلاس نابین.» رابوون چوون، بەلاو بوون.

پاشی چەند روژان موتەوەللی و مجێورێت غەوسی زانین. خەبەر دانە حکوومەتێ. ئەمما چ فایدە. کی دزانیت کیوە چوون. وەکی گورگان هەر ئێک چوو چیایەکی و چوو کونەکێ.

شێخ سلێمان هاتە ولاتێ خۆ روونشت. توبە کر. ئەملاک و پەز و دەوار کری. بوو دەولەتمەندەکێ مەزن. نوکە ژی ل ناو زێباریان ل گوندێ پەریسە ئوجاغا وی ماینە. دیسا دەولەتمەندن. ناوێ مەزنێ ئوجاغا وی مەلا حاجییە. هنگی نفوزا حکومەتێ هیچ ل سەر کوردستانێ نەبوو. کەس نەشیا وی مالی ل ناو کوردان تەحسیل بکەت. چوو چوو. پاشی خەلکی دگوتنە سلێمان: «مال خراب، ئەوە گوناهەکێ مەزن بوو تە کر. غەوسێ بەغدایێ دێ تە هنگیویت.» وی ژی دگوت: «نە، خێرەکی مەزن بۆ من کر. چونکو ساخان مال لازمە. مریان لازم نییە. ئەگەر ئەو غەوسەکێ راستە، هیچ علاقەتێ من ناکەت. چونکو ب سەبەبێ مالێ وی من دەست ژ دزیێ کێشا. ئەگەر درۆیە، بەس نەشێت ئەسەر بکەت. مادام وەیە، هیچ ناترسم.» والسلام.

## حکایەتا میرێ هەکاریان و مزگینیا تەیرێ بهارێ

زەمانێ بەرێ هەکاریان میرەک هەبوو، گەلەک ب ئاقل بوو. ناوێ وی میر حەسەن بەگ بوو. ئاخوتنێت وی هەمی مەسەل و ئیشارەت و نەسیحەت بوون. روژەکێ زستان بوو. د مەجلسا ویدا بوو بەحسێ چاکی و خرابی و وەفاداری و بێ وەفائیا دوستان و خولامان. یێکی گوت: «فلان مرۆو چاکە.» یێکی دی گوت: «نە ئەوە

چاکە.» هەر یێکی خەبەرەک گوت. میر ژی گوهـ ددایێ.
پاشی میر گوت: «هەر کەسێ مزگینیا تەیری بۆ من بینیت، ئەز دێ خەلاتەکی ب کەیفا وی دەمێ.» خەلکی ژی وەتو تەخمین کرن، میر بەحسێ مزگینیا تەیرێ بهارێ یە. مەقسەدا میر تێنەگەهشتن چییە.

پاشی کو نیوا هەیوا(٤٠) شواتێ هات، رەشوێلە پەیدا بوو. خولامەک چست هات، گوتە میر: «مزگینی ل میر، رەشوێلە هات. ئەوە بهار نێزیک بوو.» میر هیچ جەواب نەدا؛ دەنگ نەکر. هندەکان گوتن: «چنکو رەشوێلە قەوی زوو تێت. هێشتا زستان گەلەک مایی، ئەو پەیدا دبیت. لەوا میر چ دەنگ نەکر.» سەبر کرن حەتا لەگلەگ هات. مرۆوەک زوو بەزی، هاتە حزوورا میر گوت: «مزگینی ل جەنابێ میر بیت، ئەوە لەگلەگ هات.» دیسا میر هیچ جەواب نەدا. خەلکێ گوتن: «لەگلەگ ژی زوو تێت. وەختێ هاتنا وی هێشتا بەفر و شلۆوەیە. سەرمایە. بهار نییە. لەوا میر دیسا جەواب نەدا.»

چەند روژان خۆ گرتن. وەختێ نەرۆزێ کو هات، هەمیان گوتن: «وەختێ هاتنا کەوی سەرێ بهارێیە. ئێدی ئەگەر میر بۆ کەوی جەوابێ نەدەت، نەهەقە.» مرۆوەک هات، گوت: «مزگینی ل میر ئەوە کەو هات. ئێدی بهارە. زستان چوو.» دیسا میر جەواب نەدا. خەلکی تەعەجب کرن، بۆچی میر جەواب نەدا. قرینگ ژی هات، مزگینی دانە میر، دیسا چ نەگوت.

خولاسە، چەند تەیرێت کۆ زستانێ دچنە گەرمیانێ، هەمی هاتن. بۆ هەمیان کت کت مزگینی دانە میر. ئەمما میر هیچ جەواب نەدا. مەزن و موعتەبەرێت مەجلسا میر چوونە جیەکی بتنێ روونشتن. دگەل یێکودوو ئاخوتن، گوتن: «ئەم نزانین سەبەب چییە میر قەرارا خۆ ب جی نەئینا. قەت ئەو شوولە بێ حکمەت نییە. چ جاران میر هۆ وەعدە نەشکاندیە.»

مرۆوەک هەبوو ناوێ وی مام تال بوو. ترانەکەر بوو. گوتە وان: «راوەستن. ئەز دێ چم بێژمە میر، مزگینی ل میر کەشکلە هات. مادام کو وی بۆ چ تەیرێ بهارێ خەلات نەدابن، ئەم ژی چاکە مزگینیا تەیرێت زستانێ بدەینە وی.» هەمی پێکەنین. گوتنە مام تالی: «تو دینی. دێ چاوا وێ قەباحەتێ کەی؟ میر دێ ژ تە سل بیت. ئەوە نابیت.» مام تال گوت: «بخودێ ئەگەر سەرێ [من] بریە، دێ چم وە بێژم.»

والحاصل، مام تال هات ل ناو دەرێ دیوانخانێ راوەستا. دەستێت خۆ موافقی عادەتێ وی زەمانی ل سەر یێک دانان؛ سەرێ خۆ چەماند، گوتە میر: «مزگینی ل جەنابێ میر، کەشکلە هات.» میر گوت: «های تە مزگینی خۆش بیت. تو قەوی ب خێر بهێی دگەل وێ مزگینییێ. ئافەرین بۆ ئاقل و تێگەهشتنا تە.» مام تال ژی وەتو خیال کر کو میر ترانە ب وی دکەت. ئەمما میر ب ترانە وە نەدگوت. تمام مجد بوو. میر گوتە پێشخزمەتێ خۆ: «هەرە ساکو و شەلوالێت من بۆ مام تال بینە.» ئینان دانە وی. میر گوتێ: «تە ئەو خەلاتە پیرۆز بیت.»

ئەهلێ مەجلسێ زێدەتر تەعەجب کرن. گوتنە میر: «ئەو هندە تەیرێت بهارێ تەمیس و سپەهی هاتن. بۆ هەمیان مزگینی دانە تە و بۆ چیان تە خەلات نەدا. بەلێ کەشکلا گوخۆر هەر چار وەختێت سالێ دایمی ل سەر کلینگان پیێ دخۆت، تە بۆ وێ خەلات دا. ئەوە جیێ تەعەجبێیە.» میر گوت: «نە، ئەگەر بەرعەکس با، جیێ تەعەجبێ بوو.» گوتن: «سەبەب چی؟ ئەم تێناگەین.» میر گوت: «ئەلبەتە حەتا بۆ هنگو نەهێتە بەیان کرن، هنگو ئەو هند فام نییە تێبگەن. سەبەب ئەوەیە، تەیرێت بهارێ هەمی ل دو هەوەسا خۆ دگەریێن. وەختێ خۆشی و راحەتیێ دگەل مە دبن. ئەمما دەما کو پیچەک نێزیکی تەنگاوی و زەحمەتا زستانێ بوون، مە ل ناو زەحمەتا کوستانێ بتنێ دهێلن، دو کەیفا خۆ دکەون. دچن. ئەمما کەشکلە ئەگەر چی یێ پیسە، بەلێ هەمی وەخت دگەل مەیە. ل راحەتیێ و زەحمەتێ دگەل مە رەفیقە. خودان وەفایە. ئەو قەناعەتێ دکەت ب پیسیێ سەرکلینگێت مە. بەس دۆستێ هۆ وەفادار لازمە هەر کەس خەلاتێ مزگینیا وی بدەت. رەفیقێ درست ئەوە یێ ل خوشی و تەنگاویێ رەفیق بیت، نە ل خوشیێ بتنێ.» هەمیان فەرموودێ جەنابێ میر حەسەن ب دل تەسدیق کرن. والسلام.

**پەراوێزەکان:**

**1- B. Nikitine and E. B. Soane, ((The Tale of Suto and Tato : Kurdish Text with Translation and Notes)), *Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London*, Vol. 3, No. 1 (1923), pp. 69-106.**

2- Basile Nikitine, ((Kurdish Stories from My Collection)), *Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London*, Vol. 4, No. 1 (1926), pp. 121-138.

٣- بۆ زانیـــاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: هلكوت حكيم، «باسيلي نيكيتين، مدخل إلى حياته و أعماله ١٨٨٥-١٩٦٠» *الكرد، دراسة سوسيولوجية و تاريخية*، باسيلي نيكيتين، ترجمة نوري طالباني، ئاراس، اربيل، ٢٠٠٣، ص ٢٣ - ٣١.

٤- وەکو لە پێشەکی خۆماندا ئاماژەمان پێداوە، ناوونیشانی ئەم بەشە «حەکایەتی سووتۆ و تەتۆ: دەقی کوردی لەگەڵ وەرگێڕان و پەراوێزەکـــان»ە، بەڵام لەبەر ئەوەی لێـــرەدا وەرگـــێـــڕانە ئینگلیـــزییـــەکـــان بڵاو ناکـــەینەوە، تەنیـــا بەشی یەکـــەمی ناوونیشانەکەمان بە کارهێنا.

٥- پێـــدەچێت ســـووتۆ بچـــووککراوی ســـتـــار و تەتۆش بچووککراوی تەتەر بێت. (ئا. ط.)

٦- سووتۆ لە ساڵی ١٩٢٠ لە ژیاندا بوو. (ئی. بی. سۆن)


٧- هەرچی نووسینێک لەناو [   ]دا بێت، لە دەقەکاندا نییە و بۆ ڕوونترکردنی مانای ڕستەکان، یان پڕکردنەوەی شوێنی وشەیەک بە کـارمـان هێناون کـە لەوانەیە لە کـاتی نووسین یان لە چاپدانی دەقەکاندا کەوتبێت. (ئا. ط.)

٨- پێ دەچێت مـەبەسـتی شەڕی یەکـەمی جیـهـانی بێت. (ئا. ط.)

٩- ئورەماریشی پێ دەڵێن. (ئی. بی. سۆن)

١٠- ئیدارەی تورک هورەماری کردووە بە ناحیـەیەک لە قـەزای گەوەڕی سەر بە سنجاقی هەکاری و ویلایەتی وان. لای باکووری هورەمـار ئیشـتـەزین و گـەوەڕ، لای باکـووری ڕۆژاوای ژیلوو، باز، تخووما، تیاری، لای باشووری ڕۆژاوای ئەرتووش و ڕێکان، لای باشووری بارزان و لای ڕۆژهەڵاتیـشی شەمـدینانە. هورەمـار تاقـە گـوندێ نیـیـە، وەکـو لە نەخـشـەکـەدا دەردەکـەوێت، بەڵـکو پێکهاتەیەکە لە زۆر دێی بچووکی کەم، یان زۆر گرنگ. ئەمانەی خـوارەوە ناوەکـانیـانن: چەمێ پرێزان، ئۆڤـێسکی، حەوشـا دێری، ملێ ئامانجێ، ناوگوند (گەورەترینیـان)، فـراڤینک، ئاڤـیتـیر، بیکەندەلاڤا و بن جێرتە. بن جێرتە شەش دێی بچووکی هەیە: بن جێرتە، بن هناڤا، مەری مەموو، بی مـەمەگا، مەیتەراڤا، بن جانا. هەموو ئەم گوندانە هی سووتۆن، بەڵام جگە لەمانە ئەم شوێنانەی خـوارەوەش مـوڵـکی تایبـەتی خـۆیەتین: هیـارتە، شـاتوونیس، بەناڤـیێ، چەمێ توویان، بیـرێ، چیێ، ئەرتیس، شـێخ مـەمـا، نێرڤە، شووکیا، سێڤێ، بیریێ، کێنیانش. هەموو کەسێ دەزانێ کـە سـەرکـردە کـوردەکـان چەنێ بایەخ بە ڕەچەڵەکی خـۆیان دەدەن.

ئەمەی خوارەوە شەجەرەنامەی «مالا میری»، بنەماڵەی سووتۆیە:




پێم وایە ئەم وردەکارییانە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە.

١١- ڕێکان مـەحـەللێکە لە قـەزای ئامـێـدی سـەر بە ویلایەتی مـووسڵ. گوندە سەرەکییـەکەی ڕەزگەیە. ناوی ئاغـاکەی لە سـاڵی ١٩١٧ دا سـەنعـان بووە. پێـدەچێت کـوڕی حـەیۆ بووبێت کـە بە دەستی تەتۆ کوژراوە.

١٢- پێدەچێت تەمۆ بچووککراوی تەمەر بێت. (ئا. ط.)

١٣- پێدەچێت حەیۆ بچووککراوی حەیدەر بێت. (ئا. ط.)

١٤- شەمدینان بە کوردی «ناوچیا»ی پێ دەوترێت. لە ئیدارەی تورکیـدا قـەزایەکە لە سنجاقی هەکاری. شـەمدینان سێ ناحیـەی هەیە: (ا) زێرزان، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن قایم مەقامی دانیشتووی نەهرێ بەڕێوە دەبرێت؛ (ب) هوومـــەروو، کـــە بەڕێوەبەرێکی دانیشـتووی گوندی بنبۆ یا سوورونیس بەڕێوەی دەبات. (ج) گردێ هەرکی، کـە بەڕێوەبەرێکی دانیـشـتووی گـوندی بێتکار (بی کار) بەڕێوەی دەبات. ناحیـەی دوایی بە سـەر سێ ناوچە دابەش کراوە: (١) گـردێ بەڕۆژێ، (٢) گـردێ ناوپەر، و (٣) گـردێ بن چیـا. ئەوەندەی من بزانم، ئەم وردەکاریانە تا ئێسـتا بڵاو نەکراونەتەوە. لە شەمدینان ١٢٦ گوند هەیە کە بیست و یەکیان مەسیحین. لای باکـووری شەمـدینان گـەوەڕ، لای ڕۆژاوای ئورەمـار، لای باشـووری برادۆست (برادۆسـتی تورکـیـا، نەک هی ئێـران) و بارزان و لای ڕۆژهەڵاتیشی ناحیە ئێرانییەکانی دەشت، مەرگەوەر و شنۆن.

١٥- پاوە گـوندێکە لە جـوانروودی نزیک سنە (کـوردسـتـانی ئێران) کە لە شەرەفنامەدا بە فـاوێژ ناوی هاتووە. دانیشـتووانی بە فێڵبازی بەناوبانگن.

١٦- چاوش: ئەفـسـەرێکی سـوپای تورک. کـوردەکـان بۆ ئەو کەسەی فەرماندەی یەکەیەکی گچکەی چەکدارانە، بەکاری دێنن.

١٧- لە دەقەكەدا «تە خوازیت» هاتووە كە هەڵەیەكی نووسینە و دەبێ «تە دخوازیت» بێت. (ئا. ط.)

١٨- ئەو عەشیرەتانەی لەژێر فرمانی شێخی شەمدیناندان، ئەمانەی خوارەوەن: (ا) هەركی، ئاغاكەیان (لە ١٩١٧) تەمەری كوڕی سەرتیب؛ (ب) گەردی، هی ئۆغز بەگی كوڕی زولفەقار بەگ؛ (ج) شەمدینان (دوو بەشە: زەرزە و هوومەروو) هی سەركردەی دەستنیشانكراو سەمەدخان بەگی كوڕی موستەفا بەگ. ئەم سێ عەشیرەتە ١٣٠٠٠ كەسن. نازانم بۆ لێرە باسی عەشیرەتی مزووری كراوە. ئەوان عەشیرەتێكی شەمدینان نین، بەڵكو سەر بە بارزانن لە قەزای زێبار. گوندە سەرەكییەكەیان شیڤبەنانە.

١٩- لە دەقەكەدا «عەسیرەتانە» هاتووە كە هەڵەیەكی نووسینە و ڕاستەكەی «عەشیرەتانە»یە.

٢٠- ئەم وەسفە سەرنجڕاكێشە. لەبەر ئەوەی نەخشەڕێگای نەهرێ بۆ ڕەزگە دەخاتە ڕوو. پێم وایە كاپتن ب. دیكسن بەو ڕێگایەدا چووە، بەڵام لەو سەفەرەدا لە سەردانی ئورەمار پاشگەز بۆتەوە و چووە بۆ تەنگێ بلندە لەسەر زێی گەورە.

٢١- «زین پس» فارسییە، بە مانای: لەمەودوا. (ئا. ط.)

٢٢- «خاطرجمع» فارسییە بە مانای: دڵنیا، پشتڕاست. (ئا. ط.)

٢٣- خێزانی شێخەكانی نەهری (ساداتی نەهری) زۆر كۆنە و ڕێزی لێ دەگیرێت، لەبەر ئەوەی لە خودی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە دابەزیوە. ئەمەی خوارەوە شەجەرەنامەكەیانە لەماوەی چەند نەوەیەكدا:

مەلا حاجی

|

مەلا ساڵح

|

سەید طاهای یەكەم

|

شێخ عوبەیدوڵڵا (ڕێكخەری سەرەكی هێرشە ناودارەكە بۆ سەر ئێران لە ١٨٨٣)

شێخ محەمەد سەدیق

|

سەید موسلح، سەید شەمسوددینی دووەم

شێخ عەبدولقادر (سیناتۆری توركیا كە ئێستا لە ئەستەمبۆلە)، سەید طاهای دووەم (ئێستا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە وەكو بەڕێوەبەری ناحیە لە ڕەواندزە.)

٢٤- خێزانێكی زۆر بەهێز و دەوڵەمەندی شێخەكانە كە لەسەر زێی گەورە دەژیت. ئەو شۆڕشەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ كراوە، بە سەركردایەتی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان لە دژی ژەنەڕاڵە توركەكەی مووسڵ فازل پاشا ئەنجام دراوە. كوردەكان سوپای فەرمیی توركیان لە دۆڵێكی نزیك گوندی باب سەفان تێكشكاند، بەڵام چارەنووسی ئەم شێخە زۆر غەمبارە. لەبەر ئەوەی لە سەرەتای شەڕ لەلایەن توركەكانەوە لە مووسڵ لە سێدارە درا.

٢٥- دەمەوێت سەرنج بۆ تایبەتمەندییەكی زمانی كوردی ڕابكێشم كە زۆر تایبەت دێتە بەرچاوم. فرمان خۆی لەگەڵ بكەردا ناگونجێنێت، بەڵكو لەگەڵ ئەو بەركارەی لە پێشییەوە دێت. بكەر تاكە؛ كەچی فرمان لەبەر كۆ بوونی بەركار لەشێوەی كۆدا هاتووە. وەكو لەم ڕستانەدا:

سووتۆ هەمی عەشیرەتا دوسكانی و هورەماری جما كرن.
تەتەر هەر جارێ چار پێنج ژ وان دكوشتن و ددانە پاش.
قایم مقام بیست جەندرمان هنارنە ڕەزگە.
بەندە ژی دەه خولام دگەل نەسرانی هنارن.

بڕوا ناكەم ئەمە جۆرێ لە نیشانەی شكۆ بێت. لەبەر ئەوەی ڕستەی لەم جۆرەشم دۆزیوەتەوە:

سووتۆ هەمی دوسكانی و هورەماری گازی كرن گوتە وان.
بەندە ژی دەه خولام دگەل نەسرانی هنارن. من گوت هەرن.

كە تێیاندا فرمان بەو هۆیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا كۆیە و تاكیشە كاتێ هیچ بەركارێك لەپێشییەوە نایەت.

٢٦- لە پەراوێزی پێشەكییەكەماندا سەرچاوەكەمان خستۆتەڕوو. (ئا. ط.)

27- Vol. III, Part I.

٢٨- مەهاباد. (ئا. ط.)

٢٩- مانای ئایدیالە ڕۆمانییەكە ئەمەیە: پیاوچاك ئەو كەسەیە زەرەری بە كەس نەگەیاندووە و ژیانێكی شەرەفمەندانەی بەسەر بردووە.

30- Gawronsky

٣١- بڕوانە

{((Les Féodalités kurdes)) , *RMM*., vol. 1x} ی من.

32- ((Le Çataka)) , Rocznik Orjentalistyczny, t. ii, 1919-24, Lwów.

نیكیتین ئەم سەرچاوەیە و سەرچاوەی پێشووتری لە ناو پێشەكییەكەیدا هێناوە. پێمان باشتر بوو لە پەراوێزەكاندا بیانخەینە ڕوو. (ئا. ط.)

٣٣- بەداخەوە ئەم وشەیەمان پێ نەخوێندرایەوە، بۆیە هەروەكو خۆی نووسیمانەوە. (ئا. ط.)

٣٤- پێڵاوی دیاریەكری.

٣٥- جلێكی لبادیی بێ قۆڵ.

٣٦- ناوی گوندێكی بەناوبانگ بۆ پەستەكەكانی.

٣٧- گۆرانی

٣٨- زێبار قەزایەكە لە سەر زێی گەورە لە ویلایەتی مووسڵ.

٣٩- بنیاتنەری تەریقەی تەسەوفی قادری كە لە سەرەتای سەدەی سێزدە كۆچی دوایی كردووە.


٤٠- لە دەقی نیكیتیندا بە «هویا» هاتووە كە «هەویا» دەخوێنرێتەوە. پێمان وایە «هەیوا» دروستە كە لە كورمانجی سەروودا بە مانای «مانگی» دێت.

# بنەماکانی مانەوەیی و جوانخاسیی
# زوان و شیعری کوردی هۆرامی

**عادڵ محەمەدپوور**
**(مەریوان)**

**وەرایی:**
**هەڵوێستەیەک و خەسارێک**

من دەقێکی مێژوویی - ئەدەبی ئاوا شک نابەم کە بە شێوەی شێوازناسانە و ڕەچەڵەکناسانە ئاوڕی لە شیعری کلاسیکی کوردی دابێتەوە و توانیبێتی تیشکۆی پێکهاتەی قۆناغەکانی مێژووی شیعر و ئەدەبی کوردی پۆلێنبەندی کردبێتن. ئەو دەقانەی کە هەن پچڕ پچڕن، یان تەنیا بایەخیان بە مێژووی ئەدەب و بیۆگرافی شاعیران داوە، ئەمە کەلێنێکی گەورە و خەسارێکی مەزنە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی. ئەڵبەت بێ بەش بووگین لە ڕەخنەڤانێکی تۆکمە و شێوازناسێکی کارامە کە بتوانێ بە شێوەی ڕەوشمەند و ئاکادیمی، قۆناغەکان، کەشف و پێناسە و شێوەی ڕسکانی فورم و ناوەڕۆکی ئەم بزاڤە درمناسی بکاتن. شێوەی سونەتی هاوردەی مەعریفی ئێمە تەنیا بایەخدان بە ڕەهەندی دەرەکی ئەدەبەوە بووگە، واتە چەقداکوتان و سمر لە سەر ناسنامە و بیۆگرافی کەسایەتی شاعیر و دانەر. لایەنی دەروونی دەقەکان و هۆکاری ڕسکانی قۆناغەکان، لە سەر میتۆدی زوانەوانی- شێوازناسی، برشتکاری و پۆلێنبەندی نەکراوە. سروشتییە کە سیمای ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی لەم دۆخە سامناک و تاکدەنگەدا، لێڵ و نادیار بنوێنێ. ڕاستییەکان هەمیشە لە دەمی کەسایەتییە نوخبە پیرۆزکراوەکان بیستراون. لە ڕەوڕەوەی مێژوودا هەمیشە بە شوێنی بتی کەڵە نووسەر و کەسێتی تاکی شاعیرە گەورەکاندا هەڵەتە بووین و تەنیا بیۆگرافی و ئەتۆبیۆگرافی ساڵ و مانگ و ڕۆژی ژیانی ئەوان بە لامانەوە گرنگ بووە، نەک خوێندنەوەو دۆزینەوەو پێناسەی هۆکارەکانی لە دایکبوونی دەقەکە و پرەنسیپی لایەنە دەروونییەکانی. «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، بە شێوەی زانستی و هێرمنیوتیکیانە شیکاری نەکراوە تا لایەنە دراما، دەروونی، تەغەزولی و حەماسیانەی ئەم دەقە دەرکەوێ و لەگەڵ نموونە بیانییەکان بە چاوی ڕەخنە تاووتو بکرێ، تەنیا وەک دەقێکی ئەدەبی و تا ڕادەیەک بۆ مەبەستی سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی و حزبی، ئەویش لە کاتی هەستیاردا، ناوی لێ دەبرێ. ئەم ڕووکردە سونەتییە و ناسەردەمیانە، هیچ کە سوودبەخش نەبووگە، کەرتبوونی کەسێتییەکان و چەواشەکاری ڕەوتەکەی بە دوودا هێناوە، کەچی لە ڕووکردی سەردەمیانەدا، تەنیا «دەق»ەکانن کە دێنە گۆ و دەبنە تاکە ژێدەر و سەرچاوەیەک بۆ توێژکاری و ڕاڤەی ئەدەبی و هەڵاویردی ڕاستییەکان. دەبێ «دەق» بخوێنرێنەوە تا هەوێنە شاردراوەکانیان کەشف بکرێتن، ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ بەرگری لە فەوتان و قەڵاچۆ کردنیان. خوێندنەوەی لۆژیکی و ڕەخنەئامێز و وردەکارییەکانی دەق کارێکی شاز و ماندووکەرە، بۆیە زۆربەمان بەسووک و ئاسان لێی تێدەپەڕین. هیچ کە ڕەخنەی ئەدەبی و



صەیدی هەورامی

خوێندنەوەی دەق بە شێوەی هێرمنیوتیکیمان نەبووە، هاوردە سوننەتییەکەش، ڕوو لە کزی و لاوازی ناوە، هەر لە دەسپێکەوە تا وەک ئێستا لەوا کە هۆکارەکان درمناسی نەکراوە، ڕەوتێکی سیستماتیکی نوبساری بۆ کورد ساغ نەبۆتەوە، پێکهاتە و سەرهەڵدانی دیالێکتەکان بەرچاو نەگیراوە و وامانزانیوە و وایش دەزانین ژێدەری زوانی ستاندارد تەنیا یەک دیالێکتە و بەس، کەچی «لە ڕوانگەی زوان ناسییەوە، هیچ لەهجەیەک لە لەهجەیەکی تر باشتر نییە. هەر لەهجەیەک دەتوانێ ببێتە زوانی ستاندارد. ستاندارد بوون پێوەندی بە بارودۆخی غەیری - زوانی (واتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ...) هەیە. نووسین و ئەدەبیات لە پێشدا بە هۆرامی و کرمانجی دەستی پێکردووە. سۆرانی زۆر درەنگتر، نزیکەی سێ سەدە دوایی، بۆ نووسین دەکارهاتووە، بەڵام لە بارودۆخی دوای یەکەمین شەڕی جیهانی هەلی بۆ ڕەخسا کە ستاندارد بکرێ...» (١) خۆ پیرۆزکردن و سڕینەوەی ئەوی تر، بۆشاییەکی مەزنی بۆ ئێمە فەراهەم کردووە و ئاکامی ئەوە بووە لە ئاستی سەرهەڵدان و پێکهاتەی مێژووی ئەدەبەکەماندا، مێژوویەکی پچڕپچڕ و ئاڵۆسکاو و تەماوی و نادیارمان ببێتن. خوا نەخواسێ ئەگەر مەودایەک بۆ نەوەکانی داهاتوو بڕەخسێ! و پێویستیان به خوێندنەوەی مێژووی زوان و ئەدەب و شیعر بێت، قوتابییەکان و خوێندکارەکان لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، لە کوێوە دەست پێبکەن؟ بە کامە دەق و وانەوە، دەسپێکی مێژووی زوان و شیعری کوردی، بخوێننەوە و یەکەی وانەکان تێپەڕێنن. ئەمە پەتای فەرهەنگی و چییەتی مێژووی سەردەمیانەی ئێمەیە کە خەریکە لە «گۆ»مان دەخات. ئەم خەسارە بە گشتی سیمای مێژووی ئەدەب و ئەدگاری شێوازناسی شیعری کلاسیک و زوانەوانی کوردی تەنیوەتەوە تا بگاتە ئەدەبی ئاوانگارد و پێشڕەو و سەردەمیانەمان. دادوەرانەش نییە، تەنیا لە یەک لایەنی پرسەکە بڕوانین و هۆکاری هەموو خەسارەکان بخەینە ئەستۆی خۆمان. بێ گومان بەشێکی هەرە زۆری ئەم خەسارە بۆ بندەستی و نەبوونی دەسەڵاتی سامان و ئامرازی گەشەپێدانی فێرکاری دەگەڕێتەوە کە بە ڕاستی کاردانەوەی نەرێنی بۆ ئێمە ڕەخساندووە. ئەمە لە ڕەوتی مێژوودا، بووەتە ئاراستەیەک کە نەتوانین توێژکار، ڕەخنەڤان و مامۆستای زوبدە پەروەردە بکرێن بۆ خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوایەتی، ئەگەریش بە ڕواڵەت کەسانی وا هەبێتن، لە ناخدا ڕا نەهاتوون بۆ ئەدەبی نەتەوایەتی گەلەکەی خۆی، بەڵکو بە خزمەت بە زوان و فەرهەنگ و ئەدەبی زاڵ دروست کراون. قەیرانی زوان و شەمزاندنی فەرهەنگی لەم بوارەوە دەست پێدەکات. سەرەڕای ئەم کەلێنە گەورەیە، نابێت لە ئەرکە هەنووکەیی و بزرەکانی خۆمان چاو بنووقێنین. دیمەنی گوڵزاری شیعری کوردی بە تەواو گوڵەکانییەوە جوان و ڕازاوەیە، هەموومان پێکەوە جوانخاسین. چارە نییە جگە لەوەی ڕووناهی بخەینە سەر ڕێگای کەمپی شێوەزوانەکان بۆ بڕینی هەوراز و گەیشتن بە دوندی زوانی ستانداردی کوردی. بە هیوام ئەم وتارە، تیشکاوێژێک بێ بۆ ڕووناک بەخشی ئەم دۆزە ڕەوایە. پێم وایە ئەم نووسراوە، وەک هەر بابەتێکی تر، بێ گرێوگۆڵ نییە، بەڵام چاوی لۆژیکی ڕەخنەی زانستی-بێ دەمارگرژی- دەتوانێ بۆشاییەکان پێشان بدات و بەرەو ئاسۆی ڕووناکی هەڵمان زنێ، لە دوو گۆشەنیگاوە ڕوانیومەتە ئەم بابەتە:

**یەکەم: بەستێنە و سەرهەڵدانی ڕەوتی شیعری هۆرامی(ڕەوتی مێژوویی)**

لە فرە شوێندا، باسم لە سەر زوان و هەروەهاش خانەبەندی شیعری کوردی هۆرامی کردووە و پەیلواکانم (بۆچوونەکانم) بە وتار یان وتووێژ لە گۆڤارەکاندا

بلاوکراوەتەوە. پێم وا بووە و ئێستاش وام لە سەر ئەو پەیلوایە کـە زوان و شـیـعـری کـوردی هۆرامی وەک پرۆسەیەکی زیندوو و نڤیساری هەر لە «گاساکان»ی ئاڤێستاوە تاکو ئەمڕۆ لە برەو و بەردەوامیی و ڕسکاندا بووە.(٢) ئەگەرچی لە بەڵگەکانی پێش ئیسلام، دەقی کۆنکرێتی ئاوامان نییە کە بتوانی پیشاندەری ڕەوتی شیعری کوردی هۆرامی بێ، ناچارین جێ پێی زوان و ئەدەبەکەمان، یەکەی توخمەکانی ئەم زوان و شیعرە لە «گـاسـاکـان»(٣) و «درەخـتـی ئاسـووریک»(٤)، «قـەواڵەکانی هۆرامان»(٥)، «ماتیکان گجستک ابالیش»(٦) و هەندێ بەڵگەی تر... بە شێوەی تاک و جـەوهەری کـەشف و پێناسـە بکەین. نموودەکـان لەم دەقانەدا، ئەوانەی شیعرن »برگەیی«بوونی سیستمی مۆسیقای شیعری و هەندێکی زۆر و زەبەن، توخمی زوانی دەبینرێ(٧) کە ئێسـتـاش لێـدانی ئەم فێرێکانسانە(کرکە) لە بزاڤێتی(سەیروورەت) ڕەوتی شیعری هەزار و چوار سەد ساڵە و ئاخافتنی زارەکی جەماوەری هۆرامانـدا، بەرفراوان پێڕەو دەکرێن، بێ ئەوەی شارەزایانی زوان و ئەدەب، تا ئێستە ئاماژەیان بەم فاکتە زوانییە کردبێ، یان لانی کەم بیانکردبا بە سووژەی لێتوێژینەوە. بە پەیلوای من بمانەوێ قۆناغەکانی زوان و ڕەوتی شیعری هۆرامی بە شێوەی ڕەچەڵەکناسانە و شێوازناسانە، خانەبەندی بکەین، دەبێ بیکەین بە دوو کەرتی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام. پێش ئیسلام تەنیا ئەو توخمانە کە ئاماژەیان پێدرا، فاکت و ژێدەرن بۆ سەرچاوە، بەڵام پاش ئیسلام لەوا کە دەقەکان بە شێوەی کونکرێت دیارن بە پێی توانستی زانیاری، نووسەری ئەم دێرانە هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە ڕەوتی زەمەن و تایبەتمەندی زوانی-ئەدەبی-فیکری هەر قـۆناغێک و لووتکە بوونی شاعیری خاوەن شێواز و بەراوردکاری نیشانە ئەدەبی-زوانی - فیکرییەکانی ئەو شاعیر، یان شاعیرانە کە کۆکن لەگەڵ باری ئەو دەمەی کە تێیدا ژیاون، شیعری هۆرامی بە حەوت قـۆناغ نیشان کرد بکات.

لێرەدا مـەودای ئەوە نییـە بەرفـراوان باس لە بەراوردکاری تایبەتمەندییەکان بکەم، تەنیا بە کورتی ئاماژە دەدەمە قۆناغەکان:

١- قـۆناغی «سـەرهەڵدان» بۆ پاراستنی توخمی ڕەسەنی نەغمە(کرکە)ی شیعری نڤیساری (دەیەکانی سـەدەی هەوەڵی ک.م). بەڵگە بۆ ئەم سـەردەمـە، تێکستی شیعری «هورمزگان»(٨) و شیعرەکانی پیرشالیارە سیاوی هۆرامییە «ماریفەتوو پیرشالیاری، ماریفەتی پیرشالیار»(٩) و سەرهەڵدانی شیعری «یارسان»ە لە سەدەی دووەم سەرهەڵدەدا و تا چەندین سەدە دواتر هەر لە ڕسکاندا بووە.

٢- شیعری «ئوورامەن، مەلحوناتی فەهلەوی یا فەهلەویاتی هۆرامی»(١٠)، چەشنێکی تر لە سستمی برگە. وەک سەرچڵ: دەقەکانی دایە تەبریز هۆرامی(٤ ک.م)(١١)، جەلالە خانم لوڕستانی(٤ ک.م)(١٢)، دایە خەزان سەرگەتی(٥ ک.م)(١٣)، بابا تایەر(٤ ک.م)، شێخ سەفی هەردەوێلی (٧-٨ ک.م)(١٤) و صەیدی هۆرامی(١٣ ﻫ.ق)(١٥) و...ئەم شێوازە شیعرە بە هەڵە عەرووزوانەکان، قاڵب و پێوانەی پێیەکانی عەرووزی «مفاعیلن»یان بۆ داناوە و تەنانەت دوایی لەحنی شیعرەکانیان فارسیزە کردووە(١٦)، ئەگینا کێشە ڕەسەنەکەی سەر بە نەغمەی برگەی هۆرامی(١٧) دانراوە نە چیتر.

٣- شیعری ئایینی «یارسان» کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا سەری هەڵدابوو، تا سەدەکانی دوایی بەردەوام بووە. وەک نموونە: بهلوول ماهی (نیمەی دووەم سەدەی دووەمی ک.م) بابا سەرهەنگ دەودانی(سەدەی چوارەم ک.م)، شاخوشین لوڕستانی(سەدەی ٤و٥ ک.م) بابا ناوسی سەرگەتی(سەدەی ٥ ک.م) و سان سەهاکی بەرزنجی(سەدەی ٦و٧ ک.م)(١٨) و ...

٤- قۆناغی «داهێنان و بزاڤی (کرکە)»، لە لیریکای هۆرامیدا. لووتکە بێسارانی و شاعیرانی پاشڕەو (سەدەی ١١-١٢ ک.م).

٥- «بەردەوامی و فرە دەنگی» لە فۆرمی لیریکای هۆرامیدا. لووتکە سەیدی هۆرامی (١١٩٩/١٢٦٥ ﻫ.ق ١٧٨٤/١٨٤٨-م) و شاعیرانی هاودەم و شوێنکەوتوو (سەدەی ١٢-١٣ ک.م).

٦- «هارمۆنیای فۆرم و ناوەرۆک» لە لیریکای هۆرامیدا. لووتکە و زایەڵەی بەرزی ئەم خولە: مەولەوی تاوەگۆزی(١٢٢١/ ١٣٠٠/ک.م) و باقی هاوبەندانی ئەدەبی و شاعیرانی پاشڕەو(سەدەی ١٣ - ١٤ ک.م)..

٧- سەرەتای دەسپێکی نوێخوازی شیعری هۆرامی. ئەم بزاڤە چەند ساڵێکە سەری هەڵداوە و هێشتا ساوایە و بۆ ڕسکانی زیاتر نیازی بە کات و مەودا هەیە.

لەم پرۆسە زەمەنییەدا، هەر لە سەرەتای دەیەی هەوەڵ و دووەمی کۆچی و ڕەگەکانی لە شیعری پێش ئیسلامەوە، شیعری هۆرامی بە پشت بەستن بە تێکستی «هورمزگان»، «ماریفەت»، «یارسان» و «ئوورامەن» و... لێدانی توخمی جەوهەری کرکە دەنگ (نەغمە، شدت صوت، intensite) و (تەکیە، accent) و ڕەنگدانەوەی لە شێوازی برگە (هیجا)دا، بە درێژایی پتر لە «چواردە سەدە» لە حەوت قۆناغی بەردەوام و لێک نەپچڕاودا، لە ئەفراژوون و ڕسکاندا بووە و گەورە شاعیرانێ -کە لووتکەی شیعری کلاسیکی کوردین- دەقە دیوانیان ئاراستەی ئەدەبی نەتەوەیی کردووە.

**دووەم: کرکە (Kirke، intensite و تەکیە/ accent) توخمێک بۆ چەسپاندنی خەلاقییەتی جەوهەری شیعری کوردی هۆرامی (پرۆسەی دەنگسازی)**

بەر لەوەی بچینە نێو جەرگەی باسی سەرەکی توخمی «کرکە»وە، پێویستە چەند زاراوەیەکی زوانی بورووژێنین کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە باسەکەمانەوە هەیە:

زوان: «بەکاربردنی کۆمەڵێ هێما و نیشانە یان دەلالەتی وەزعین کە لە ڕووی مەبەستی تایبەتییەوە، لە نێوان تاکەکانی گلێرگە، بۆ گەیاندنی ئەندێشە یان پەیامێک بەکار دەبرێت» (١٩). لەم پێناسەدا ئاراستەی «وەزعی» و «مەبەست» شێوازێ تایبەتیتر بۆ مرۆڤ دەگرێتە خۆی و دەبێتە جیاکەرەوەی زوانی مرۆڤ و ئاژەڵ. لە ڕاستیدا زوان پێکهاتەی نیشانەکانە. جا بابزانین بە «نیشانە» چی دەڵێین. نیشانە هەمان دەلالەتی لەفزییە، کە پێوەندی لەگەڵ «زوان - گوتار»دا هەیە. نیشانە دوو توخمی هەیە: دال (لەفز، دەنگ ئاماژە) و مەدلوول (مانا، واتا ئاماژە). پێوەندی لە نێوان دال و مەدلوول نیشانە ساز دەکرێ(٢٠). بەم شێوە دەردەکەوێ، کە هەر واژەیێ لە دوو توخم پێکدێ. لەفز «دەنگ ئاماژە» کە هەمان «دەنگ یان دال»ی واژەکەیە. و «واتا ئاماژە»، یان مەدلوول کە مانای دەنگەکەیە. جا با بزانین «دەنگ» چییە؟

دەنگ: «لەرینەوەی (ارتعاش) هەوایە کە بەر پەردەی گوێ دەکەوێ (صماخ) و مێشکی ئینسان دەرکی پێدەکات. ئەم (لەرە)یە ئەگەر هەڵگری ڕێکوپێکی و ئاهەنگ و ڕیتم بێ، پێی دەڵێین «مۆسیقا» کە ئەم توخمە هەم لە فرێکانسی واچەکاندا هەستی پێدەکرێ و هەم بە واتا هونەرییەکەی لە نۆتە مۆسیقاکاندا. ئەگەر ئەو دەنگە هەڵگری ڕێکوپێکی نەبێ، دەنگەکان زبر و نامۆسیقایی دەبیسترێن و پێیان دەڵێین: «خشە». وەک دەنگی مشار یان خشەی سەر شیشە و ئاسن یان بەرد. لە هەر دەنگێکی سانا یان سەرەکیدا، چوار سفەت هەست پێدەکرێ: بەرزی دەنگ (ارتفاع صوت) یان هەمان «زیڵ و گڕی» دەنگ (زیر و بم)، کێشیای دەنگ (امتداد یا کمیت صوت)، کرژی دەنگ (شدت صوت)، زڕەی دەنگ (زنگ صوت).

-بەرزی دەنگ: (ارتفاع صوت)، وا لە ژێر ڕکێفی ژمارەی لەرەینەوەی (ارتعاشات) هەوادا لە یەکەی زەمان یان لە چرکەیەکدا، هەرچەندە ڕادەی لەرەی دەنگەکە لە چرکەیەکدا کەمتر بوو، ئەو دەنگە «گڕ، بم» دەبیسترێ و هەرچەندە فرەتر بێت، دەنگەکە، «زیڵ» دەبیسترێ(٢١). ئەو (واچەگەلە، دەستە واژە) کە لە فۆنیمی «خ، ژ، ڕ، چ، و غ و...» دێنە گۆکرن، لەرەی هەوا بەرزە، کەواتە: «زیڵن»، وەک ئەم ڕستانەی خوارەوە: «خوای خوۆ: پێدەکەنێ، زارۆ جە ئەدا بی ژەک وەرۆ: کورپە لە دایک بوو ژەک دەخوات، چەمەڕات کەرێنێ: چاوەڕێم دەکردی و...« یان ئەو واچەگەلە کە جە واکەی» و، ب، پ، د، ت، و... « دێنە زار، دەنگەکانیان «گڕ، بەم»ە وەک ئەم ڕستانە: «واران وارۆ: باران دەبارێ، بۆرێ با بلمێ: وەرە با بڕۆین، دەورییەکەم دەپەنە: دەورییەکەم پێ بدە، تەوەنی وارۆ!: بەرد ببارێ! و...»

کێشە دەنگ (امتداد صوت)، ڕادەی چەندایەتی و بارستای دەنگەکەیە، چە ماوەیێ بەردەوام بووە.

کرژە دەنگ (سرعت صوت)، بریتییە لە کرژی لەرەکان لە یەکەی زەماندا. پێوەر بۆ ئەم سفەتە، مەودای «بیستن»ە. هەرچەند مەسافەت و مەودا کەمتەر بێ، کەمترین کرژی هەیە، و هەرچی ماوە فرەتر بێ، فرەترین کرژی دەنگ بە خۆیەوە دەگرێ.

کرکە دەنگ یا زڕە دەنگ (زنگ صوت)، (پرۆسەی دەنگسازی، فرایند واجی، phonemic process)

ئەم توخمە لە تێکالاوی دەنگی سەرەکی (اصلی) و پاژە دەنگەکان (فرعی) فەراهەم دەبێ. چما دوو دەنگ کە لە «زیڵ و بم»ی و کرژیدا، وەک یەک بن، لە «زڕە دەنگ»دا، لە یەک جیا دەکرێنەوە. وەک نموونە ئەگەر بە دوو ئامێری مۆسیقا «پیانۆ و تار» یەک ئاهەنگ بژەندرێت، یەکەی جیاکەرەوەیان، تەنیا زڕەی پاژە

لەرەکانە (ارتعاشات فرعی) کە دەسەلمێنێ کامیان دەنگی «تار»ە و کامەیان دەنگی «پیانۆ». ئەم دیاردەیشە لە ناو «زوان» دێتە هەست پێکرن. نووسەر بە پشت بەستن بەم توخمە زوانییەدایە، جەخت بۆ ڕەهەندەکانی ئەرێنیی ئەم نووسراوە دەکات. پێی وایە تەنیا جیاکەرەوەی جەوهەری ڕیتمی شیعری هۆرامی لەگەڵ عەرەبی، فارسی و سۆرانی، وا لە ناواخنی ئەم توخمە زوانییەدا، واتە کرکە دەنگەکانی کە تایبەتن بە پرۆسەی دەنگسازی لە زوان و شیعری هۆرامی. ئەم توخمە ئەوەندە کاریگەر بووە، شیعری هۆرامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نەکەوتە بەر لێشاوەی عەرووزی عەرەبی. گەرووی سیاوچەمانبێژی هۆرامی بە باشی لەگەڵ ئەم توخمەدا ڕاهاتووە و بەردەوام بە درێژایی زەمەن وتراوەتەوە و ڕەنگە هیچ گۆرانیبێژێکی سۆرانی نەتوانێ بەم شێوەیە بین بخواتەوە. ئەم توخمە لە سەر «شیعر و سیاوچەمانە»دا، ئەوەندە کاریگەر بووە کە بلێین ئەم دوو ژانێرە، دوو بابەت و دوو خاڵی سەرەکین بۆ فاکتیزە کردنی ڕەسەنایەتی و حاڵ و هەوای تازە(٢٢) لە پێکهاتەی مۆسیقای شیعر و ئاوازی هۆرامیدا. من شارەزای زانستی مۆسیقا نیم، بەڵام پێم وایە ئەم توخمە (کرکە) پێشنیار بکرێن بۆ گەڵاڵەڕێژ کردنی مۆسیقای کوردی. مۆزیسێنەکان، تیۆری مۆسیقای کوردی پێ بڕازێنێتەوە، لانی کەم بەم پێوەرە جیامان بکەنەوە لە ئاڵوزکاری و تێکەڵاوی دەزگاکانی مۆسیقای نەتەوەکانی تر. لە دوورەوە یەکێ خەریکە گۆرانی دەڵێ، یەکێکیش گوێی بۆ گرتووە دەڵێ: «بیبیە ئاکرکەیە، گوێگرە بۆ ئەو کرکە»، یان «کرکەش مێ، کرکەی تێ» و «کرکەش چننە وەشا، کرکەی چەنێ خۆشە». کرکە لە گۆرانی هۆرامیدا، مەجازە بۆ بینخواردنەوە و دەنگ خۆشی و زڕەی دەنگ و ....، ئەم ڕێسایە تەنیا پێوەندی بە گۆرانی و ڕیتمی شیعرەوە نییە، بەڵکو توخمێکە وەک ڕەوتێک لە ناو جەرگەی زواندا حزووری هەیە، توخمێک هەتا هەتایی و مانەوەیی بۆ زوانی کوردی. جا با بزانین «کرکە دەنگ» چییە و چ ڕۆڵێکی لە پێکهاتەی زوان و شیعری هۆرامیدا بووە.

**جمەی مێژوویی ئەم توخمە:**

هەمووومان دەزانین کە زوانی فارسی و کوردی هۆرامی-بە تێکرا زوانی کوردی- لە یەک بنەماڵەن، واتە لە(ئاریایی)ەکانن کە نزیکایەتی خێزانی و ڕەچەڵەکیشیان لەگەڵ هێندو ئوروپاییەکان هەیە. عەرەبی لەگەڵ ئەم کۆما زوانانە پێوەندییەکی ڕەچەڵەکی و ڕێخەناسانەی نییە، کەچی بە هاتنی ئیسلام ، زوانی فارسی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم زوانە و هەندێ خسڵەتی جەوهەری و ڕووکاری هەم لە «فۆرم و هەم لە ناوەرۆک» ، لە دەست دا.

لە لێتوێژینەوەی دەقە بە جێماوەکانی ئەم کۆما زوانانەدا ( پارسی باستان-فارسی، هۆرامی- سنسکریت، ڤێدا، یۆنانی کۆن، لاتینی و ... ) دەرکەوتووە کە ئەم چەن زوانە خاوەنی سێ توخمی زوانین: یەک: ئاهەنگ(Ton) دوو: کێشاندن (امتداد، Duree) سێ: تەکیە(Accent) سەرەتای ڕاڤە و خوێندنەوەی ئەم ڕەوتە زوانەوانییە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. لەم بارەوە ئەم نووسەرانە ڕوانگە و بۆچوونیان بڵاو کراوەتەوە: ئێلێکساندر خۆدزکۆ: A . chodz ko، چارل زالێمەن: carl salemann، ژۆکۆفسکی: V. zhukovski، بێنوێنیست، Benveniste، ئانتوان میە، ڕۆبێرتۆ گوتیۆ(شاگردی ئانتوان مییە)(٢٣). یەک لەوانە«ئانتوان مییە« زوانەوانی مەزنی فەرانسەوی بوو کە بۆ یەکەم جار پەی بە توخمێکی زوانی بە ناو «تەکیە، Accent» برد. بەم شێوە بوو بەخاوەن پەیلوایەکی زانستی-زوانەوانی لە پێکهاتەی زوانە هیند و ئوروپاییەکاندا. ڕاژەی ئەم توخمە بوو بە هۆی ئەوە زوانی فارسی و کوردی، بە تایبەت کوردی هۆرامی لە ڕێچکەی زوانە چەندییەکان(زبان های کمی) بە تایبەت عەرەبی جیا بکرێتەوە و تایبەتیتر ئاوڕ لە جەوهەری زوان و مۆسیقای شیعرەکەی بدرێتەوە. پەیلواکەی «ئانتوان مییە» بوو بە سووژەی لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەم دێرانە تا چەقدابەسێت و بڵێت: بەڵێ، زوان و شیعری کوردی هۆرامی خاوەنی هەندێ مۆرک و مۆراڵی زوانەوانی تایبەت بە خۆیەتی و لە زوان و شیعری فارسی و تەنانەت لە کوردی سۆرانیش جیا دەکرێتەوە. دوایی«ئانتوان مییە « بە دۆزینەوەی توخمی تەکیە (Accent) ڕازی نەبوو و لە شرۆڤەکاری دەقەکاندا، باسێکی تری بە ناو(شدت صوت، خێرایی دەنگ، ( Intensite) لە توخمی «تەکیە» هێنایە ڕۆژەڤی زوانەوانییەوە. پێی وابوو (تەکیە) هەمان خێرایی دەنگە و ئەم توخمەش، لەگەڵ ئاهەنگ جیاوازە، کە زاراوەیەکی

مۆسیقاییە و پێی دەگوترێ بەرزی دەنگ (ارتفاع الصوت) و پێوەندی بە «زێڵ»ی و «گڕ»ی دەنگەوە هەیە. بە پێی ئەم لێتوێژینەوە «زوانی ئەوێستا» لەگەڵ زوانەکانی سنسکریت و یۆنانی کۆن جیا دەکرێتەوە و دەبێتە خاوەنی پرەنسیپی جەوهەری خۆی. لە کێشانەی شیعریشدا، «کێشی چەندی» (وزن کمی) جێی خۆی بە «کێشی زەربی»، یان بە چەشنێکی تر «برگەیی» لە سەر لێدانی فرێکانسی توخمی تەکیە گۆڕییەوە.(٢٤)

بزاڤەکە بەمەوە نەوەستا، ئاڵوگۆڕی زوانی تر هاتە ئاراوە. شاڵاوگەرییەکەی ئەسکەندەری مەقدوونی بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت ئێران و دامەزراندنی ناوەندە فەرهەنگی و کولتوورییەکان لەم وڵاتانەدا و دانووساندن و پێواژۆ لە نێو زوانەکاندا، کاریگەریی زوانی یۆنانی بە سەر زوانە «کۆنە هیندو ئوروپاییەکاندا»ی لێکەوتەوە و کاردانەوەی خۆی بە سەر ئەم کۆما زوانانەدا چەسپاند. ئەم بابەتە بوو بە هۆکاری ئەکتیڤ کردنی باری زوانەوانی لە سەدەی نۆزدەمدا. لەم باسە زوانەوانیانەدا (بێنڤێنیست، Benveniste) زوانەوانی فەرانسەوی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە پێکهاتە زوانە ئێرانییەکاندا (پەهلەوی ئەشکانی و ساسانی). لێتوێژینەوەکەی بێنوێنێست، ڕوانگەی «زرە دەنگ، کرکە دەنگ»ی لە زاراوە کوردییەکاندا، بۆ ئێمە ئاوەگۆز کرد، بە تایبەتی لە بارەی زوان و شیعری کوردی هۆرامی کە لە سستمی عەرووزی عەرەبی جیاوازە و پێوەندی ئەندامی و جەوهەری لەگەڵ ئەو کۆما زوانانەدا هەبووە. ئەم پەیلەوایە بوو بە هۆی ئاڵقەیەکی توندوتۆڵی نێوان ئەم دوو زوانە و هۆکاری یەکاڵاکردنەوەی باسەکە و پەی بردن بە توخمی(تەکیە) کە دان پێدانانێک بوو بە پەیلواکانی زمانەوانەکانی تر، بە تایبەت «ئانتوان مییە» کە پێشتر باسیان لەم توخمە کردبوو(٢٥).

«بێنڤێنیست» وتارێکی لە بارەی «درەختی ئاسووریک» نووسیبوو، کە دەقێکی چاخی پالەوی ئەشکانی بوو، لەم وتارەدا پێی وابوو: ئەم دەقە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە لایەن بنووسان (کاتبان)ەوە، ئاڵوگۆڕێک بە سەریدا هاتووە، دەبێ پێکهاتەی ساغ بکرێتەوە، پاش ساغکردنەوە و لێتوێژینەوەی توخمە ڕەسەنەکان و پەیبردن بە ڕێسای هۆنراوەبوونی (منظوم) ئەم دەقە، پەی بە توخمێکی جەوهەریتر برد بە ناوی «زرەدەنگ، کرکە دەنگ». ئاکامی دۆزینەوەی ئەم ڕێسا زوانییە، بوو بە وتارێکی زانستی-زوانەوانی کە دوایی لە ڕۆژنامەی «ئاسیای»دا چاپی کرد. هەروەها لە بارەی شرۆڤەی «ئەیاتکاری زەریران، یادگار زریران» -دەقێکی پالەوی ئەشکانی- پێی وابوو پێوەندییەکی ئەندامی و ڕەچەڵەکی نێوان ئەم دوو دەقە پالەوییە و شیعرە فۆلکلۆرییەکانی زاراوە کوردییەکان، بە تایبەت دیالێکتی گۆراندا هەیە. لەم بارەوە دەڵێ: «سەرجەمی ئەو نموونە شیعرییە فولکلۆرییانەی کە یاسای داسەپاوی «عەرووزی عەرەبی» نەیتوانی بە سەریاندا کاریگەر بێ، لەلایەن ڕاڤەکاران لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا کۆ کراونەتەوە، هەموویان لە ڕێسای «برگە» پێڕەوی دەکەن و زۆربەیان «تەکیە»دارن. لە پێکهاتەی دەقە شیعری زاراوە کوردییەکان: (گۆرانی، هۆرامانی، خوراسانی کە هەموویان سەر بە زاراوەکانی باکوورن) چەندایەتی برگە (کمیت هجا)- یەکسانی برگە کورت و درێژەکان لە دوو دێری بەرانبەردا- هیچ ڕۆڵێک نابینێ ... لە واقیعدا هەموو ئەو کێشانەی کە تا ئێستا لە زوانی پالەویدا دۆزراونەتەوە، هەر لە سەر ئەم شێوازە مۆسیقاییە بووە و هەروەها سەرجەمی ئەو زاراوە باکوورییانە (باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا) لەم ڕێسا زوانییە پێڕەوی دەکەن. لە واقیعدا ئەم توخمە دەبێتە ئاڵقەی پێوەندی ئەندامی و گرێبەستی نێوان یادگاری زەریران و شیعری هێجایی ئەمڕۆی ئێران»(٢٦). لێمان ڕوونە لە شیعری نقیساری ئەمڕۆی گەلانی ئێراندا جگ لە گۆران (هۆرامی) و بن زاراوەکانی ئەم شێوە زوانە لە هیچ دەڤەرێکدا بە شێوازی برگە شیعر ناگوترێتەوە- ئەڵبەت شیعرە فۆلکلۆرییەکانی دەڤەرەکانی ئێرانی لێ قوتار بکەن. بە پێی ئەم بەڵگە زانستییە زوانەوانییە و خستنە ڕووی توخمی «کرکە دەنگ»، دەقە شیعرییەکانی هۆرامی: هورمزگان، یارسان، فەهلەویات(ئوورامن)، بێسارانی، مەولەوی، صەیدی و... شاعیرانێک کە ئێستاش شیعری کلاسیکی هیجایی هۆرامی دەهۆننەوە، دەبەسترێتەوە بە تەمەنی چەن هەزار ساڵەی سەرهەڵدانی «گاساکان»ی ئاوێستاو زوانە کۆنە هیندو ئێرانی- ئوروپاییەکانەوە.

## ڕێژەی جیاوازییەکان لەم پرۆسەیەدا (فرایند واجی) کامانەن؟

بە پێی ئەم ڕوانگە زوانەوانییە کە ئاماژەمان پێدا،

کێشانەی شیعری هۆرامی، لە عەرەبی، فارسی و کوردی سۆرانی جیا دەکرێتەوە. ئەمەش بۆ جیاوازی چەشنی کێشاندنی لە بزوێنەکانی ئەم زوانانەدا دەگەڕێتەوە. میکانیزمی جیاکەرەوەی ئەم دۆخەش، توخمێک بوو بە ناو (زڕە زەنگ، کرکە دەنگ) لە پێکهاتەی دەنگەکاندا. «بۆ وێنە لە عەرەبیدا، لە دوو واچە(واژە)ی (ضَربَ، ضارَبَ) بزوێنی (a) لەسەر (ض) هاتووە و لە واچەی (ضارَبَ)، ( á )دانراوە. لە واژەی (ضَربَ)، (a) لە چۆنیەتی (Ton)دا (بە قەدەر یەک پلە لە زەمەن) کێشراوە، بەڵام هەر ئەو بزوێنە لە واچەی (ضارَبَ)ەدا بە هەمان ئەندازەی کات (دووپلە) بەرزتر کێشراوە، ئەم کێشاندنە لە یەک چرکەدا بووەتە هۆی جیاوازیی واتایی دوو واژەکە. ئەم تایبەتمەندییە لە هەمووو زوانە چەندییەکاندا( سنسکریت، یۆنانی کۆن، لاتینی، عەرەبی) دا دەبینرا»(٢٧)، بەڵام زوان و شیعری کوردی هۆرامی لەم ڕێسایەدا، پێگەی خۆی جیادەکاتەوە و دەبێتە خاوەنی توخمێکی جەوهەریتر و دەبێ لە مۆسیقای شیعر و تەنانەت زواندا، حسابی جیاوازی بۆ بکرێتن. لە زوانە چەندییەکاندا، نایەکسانی دەنگ، تەنیا هۆکارێک بوو بۆ جیاکردنەوەو هەڵاواردنی واچەکان، کەچی لە هۆرامیدا، «کرکە دەنگ» یەکەی مۆسیقای زوان و شیعر هۆرامییە. لە پێوانەی شیعردا کاتێک بزوێنە(کورت و درێژ)ەکان، بۆ پێکهێنانی (بڕگەی کورت و درێژ) لە دوو دێردا دەکەونە بەرانبەر یەک، هەست بە جیاوازییان ناکرێت، «زڕە دەنگ»ەکان، جیاوازی بڕگەی «کورت و درێژ»دا دەشارن، ئیتر دیاردەی «قەید تەساوی» کە هۆکاری خەفەکردنی فەزای شیعری عەرووزییە، ڕەنگی نامێنێ، ئەمە لە کاتێکدایە بە هۆی زڕەدەنگەکان، هیچ بەردەنگێک هەست بە قەڵسی ئاهەنگەکە ناکات. وەک وترا تەنیا جیاوازی نێوان ئەم سێ زوانە(عەرەبی، فارسی و هۆرامی) چۆنیەتی لێدانی (کرکەدەنگ، زڕە دەنگ)ە کە دەبێتە پێوەری کێشانەیان(٢٨).

وەک نموونە ئەم واچەگەلانە:(دەر، دار)، (خەو و خاو)، (مەس و ماس)، ئەگەر بکەونە بەرانبەر یەک لە دوو دێردا، بەردەنگ وێڕای نایەکسانی دەنگ، هەست بە لێکنەچوونی واتاکەشیان دەکات، کەچی لە شیعری هۆرامیدا، نایەکچوونی کێشاندنی دەنگی ناڤین(مصوت میانین) لەم دوو واژە (á/a) ناتوانێ بەر بەم شەپۆلە دەنگانە بگرێت، ئەگەریش بزوێنی درێژی (á) لە ناڤینی ئەم واژانەدا(دار، خاو، ماس) بە قەدەر بزوێنی کورتی( a) لە واژەگەلی(دەر، خەو، مەس) کورت بکەینەوە و خێرا بیانخوێنینەوە ، دووبارە هەمان جیاوازی واتاکی هەست پێدەکرێ بێ ئەوەی خەوشێک لە ئاهەنگی دێرەکاندا ببینرێت، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێسایە لە کێشانەی شیعری کلاسیکی فارسی و سۆرانیدا، ڕەچاو نەکرێ، یانی (یەک پلە بۆ بزوێنی کورت a و دوو پلە بۆ بزوێنی درێژی ( á)لە ڕێچکەی شیعردا قایل نەبین و بە خێرایی دەنگ (شدت صوت، intensite) لە سەر جەوهەری لەحنی شیعری هۆرامی، نەخوێنرێتەوە ، خێرا جیاوازی نێوان کێشی دوو بڕگەکە دێتە هەست پێکرن. لێرەدایە کە ڕیتمی زوانی هۆرامی لە شیعردا لە کێشی شیعری کلاسیکی عەرەبی، فارسی و کوردی سۆرانی جیا دەبێتەوە. کۆی ئەم کرکە دەنگانە لە سستمی «بڕگەیی شیعری هۆرامی» و لەحن و بینخواردنەوەی «سیاوچەمانە»دا دەبن بە هێشووەدەنگ. فارسی و کوردی سۆرانی، کە پابەندی دیاردەی عەرووزن، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم هەرۆڵییە (بۆشایی) پەنا دەبەنە بەر (ئیختیاری شاعیرانە) کە جۆرێکی فێڵی ئەدەبی و ئاڵۆزی مۆسیقاییە لە کێشانەی شیعردا و هیچی لەگەڵ واقیع و نۆرمەکانی زواندا تەبا نییە(٢٩)، بەڵام «هێشووە دەنگ» لە زوان و شیعری کوردی هۆرامیدا، زڕە دەنگ سازدەکات و جیاوازی (بزوێنە کورت و درێژ)ەکان لە پێکهاتەی بڕگە و مۆرفیم و واژەدا، دا دەشارێ و گوێمان هەست بە ئاڵۆزی مۆسیقا ناکات و ئیتر پێویست بە دیاردەی عەرووز، یان هەر چەشنە قاوغ و قاڵبێکی دەرەکی-ساختەیی ناکات. ئەمە هەر هەمان کێشی سروشتی و خۆماڵی کوردەوارییە و مامۆستا گۆران-یش بە ناچار پەنا دەباتەوە بەم ئۆخژنە مۆسیقایە خۆڕسکە کە لەگەڵ زوان و ژیان و ژیار و سروشتی کوردستاندا تەبا و گونجاوترە و بەر ئەم شێوەیە ڕێسای سواو و ڕزیوی تەفعیلەکانی عەرووزی «سێ کوچکە»ی خستە پەراوێزەوە. شیعری هۆرامی تا نەخوێنرێتەوە ، توانستەکانی دەرناکەون، بۆیە ئەم چەشنە شێوازەمان بە ناو شیعری «مەلحوون» واتە خوێندراوە کە هەڵێنجراوی شیعری فۆلکلۆریکە و لە هەناوی جەماوەر و سروشتدا لە دایک بووە و ڕسکاوە و ماوەتەوە و دەمێنێتەوە، ناودێر کرد. ئەلفبای عەرەبی کە ئێستا نویساری پێدەکرێ بەم

دەنگە بەر تەسكانەوە ناتوانێ توانستـــەكـانی زوانی هۆرامی لە خۆیدا پیشـان بدات، دەبینین هەندێكی زۆر لەم قابلییەتە زوانیانە لە بنووسدا زەوت دەكرێ، دەنگە بزۆزەكان تەنیا لە خوێندنەوەدا هەست پێدەكرێن.

ئێستـا نموونەیەكی عـەمـەلی لە كێشـانەی شیـعـردا دەخـەینە بەرچاو. لە چامـەی«ئەز ئورۆمـۆن»ی صـەیدی هـۆرامی بـەیتــــێک بـە هەر دوو ئـوسلـووبی لـەحنـی برگـە«تەكـیـە و كـركـە دەنگ» و رێسـای «عـەرووزی» دەخوێنینەوە تا جیاوازی پرۆسەی واچەكان دەركەوێ.

پێشـتـر بەم خـاڵە ئاماژەم دا كە برێک پێیـان وایە كە فەهلەوییەكانی بابا تاهیر، یان هەر ئوورامن بێژێكی تر وەک شێخ سەفی ئەردەبیلی، یان هەر ئەم (لەحن)ە كـە صـەیدی چەن چامـەی لە سـەرداناوە ، عـەرووزین و لە سەر: مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعی (/- -U- / - - -U- -U -)، دەبێ كـێـشـانە بكرێن و ناوی دەنێن (دەریای هەزەجی شـەشی قـرتاو)، بەڵام بە بڕوای من ئـەمـانـە هۆنراوەگەلێكی كۆنن، كە لە سەر لەحنی «كركە دەنگ» دانراون و بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێنەوە كە پێیـان دەگـوترا «فەهلەوی ، فەهلەویات» یان «ئورامن»(٣٠):

ئەز ئورۆمۆن مەكانم بێ وڵاتم

سەروپیری خوای گێرەن خەڵاتم(٣١)

**خـوێندنەوەی یەكـەم لە سـەر رێسـای عـەرووزی:**

(مفاعیلن/مفاعیلن/مفاعی (فعولن)

ئە/ زوو/ رۆ/ مۆن/ مە/ كا/ نم/ بێ/ و/ ڵا/ تم

ب--/ب---/ب--

سە/ روو/پێ/ رێ/ خُ/ وا ی/ گێ/ ڕەن/خە/ ڵا/ تم

ب---/ب/---/ب--

**دەركەوتی ناتەباییەكان لەگەڵ نۆرمی زوانی دایكی:**

١- برگەی (ئەز) كە تەكیەی وا لە سەر، كەرت دەكرێ بە( ئە- زوو، ب--) بۆ ئەوەی پایەی مفاعیلن:

(ب---) دروست بێ، بەم شێوە داسەپاوە پێوەندی نێـوان نۆرمی زوان و دەلالەتی مـۆسـیـقـایی و پەیام دەپچڕێ.

٢- برگەی ( رۆ ، ب)بە پێی خوێندنەوەی عـەرووز ، كە لە هۆرامیدا ، (دوولانە، دیفتۆنگ، مركب)ە-دەبێتە دوو واک و برگـەی كـورت (ب) كـە ناچار ئیـخـتـیـاری شـاعیـرانە وەردەگرێ و دەبێ ببێ بە برگـەی درێژ ( - ) تا ببێ بە ب--- هەروەهاش برگەی سێیەم لە پێی (مە كا نم بێ ) .

٣- (خـوای گێ ڕەن): لەسـەر ئەژمـاری پیـتـە عـەروزییـەكـان : خُ وا ی گێ ڕەن (xo wây ge ren)

دوازدە پیـتـە(بزوێنی درێژ دوو پیت حسـاب كراوە).

دەبن بە ٥ برگە(ب-ب--) لە كـاتێكدا پێی (ب---) چوار برگەیە .

٤- لێرەدا دینامیزم (بزاڤێتیی زوان)، عەمەلەن ئیزولە دەكـرێ، كـركـە دەنگەكـان دەپووكێنەوە و وزە و ورس و هەناسـەیان لێـدەچنرێ و دەمـۆچێنەوە. بۆچی؟ بۆ ئەوە تەنیـا لە تەنگیـبـەرانی بازنەی «تەفعـیـلەی عـەرووز»دا ئیجازەیان هەیە هەناسە بكێشن.

٥- كـورتی دێر لە سسـتـمی (٥+٥)دا سـازە لەگـەڵ مۆسیقای سروشت و نۆرمی زوانی شەقام.

**چەشنی دووەم خوێندنەوە لە سەر كێشانەی تەكیـە و خێرایی دەنگ ( كركە) :**

ئەز/ ئوو/ رۆ/ مـۆن/ مـە/ كـا/ نم/ بێ/ و/ ڵا/ تم

-/-/-/-/ب-/-/-/-/ب-/-

سـە/ روو/ پی/ ری/ خـو/ وای/ گێ/ڕەن/خـە/ڵا /تم

ب/-/-/-/ب/-/-/-/-ب/-/-

لێرەدایە بە خوێندنەوەی لەحنی دەنگەكـان و پێداگری تەكـیـە و شـاردنەوەی برگـەی درێژ و كـورت، دەلالەتی مۆسیقا و نۆرمی زمان و مانا و پەیام، نابن بە قـوربانی شپرزكاری و حیلەی شاعیرانە بۆ چەپاندنە نێو قاڵبێكی دەرەكی. «تەكـیـە»كـانن كـە فـەزا درووست دەكـەن بۆ هەناسەكێشان، شەپۆلە مۆسیقایەكی سروشتی كە تەبایە لەگـەڵ نۆرمی زوان، سـاز دەكـرێ و دێرەكـە بە سـانایی دەخوێنرێتەوە، كەچی خوێندنەوە شیعرە عەرووزییەكانی «صەیدی» كە هۆرامی، یان هۆرامی و فارسین، قەڵسی ئاهەنگ هەست پێ دەكرێ و بوونەتە بەڵگەی جاڕدانێک كــە هەندێک ناشــارەزایانە «صــەیدی دووەم»ی بۆ دابتاشن.

ئەم نموونە عەرووزییە:

نەک تۆ پەریش دێڤـۆنە بی، هەكـڵـێت برە بێگانە بێ(٣٢)

تە پەی (شـەمـەی) پەرڤـۆنە بی ، پەی تە نە داسـۆتارە بە(٣٢)

١- لە سەر چوار كـەرەت (--ب-) رەجـەزی هەشـتی

تەواو ، کێشراوە.

٢- لەم کێشانەدا زۆربەی بڕگەکان دەبێ حیلەی شاعیرانەیان بۆ بدۆزرێتەوە تا کۆک بێ لە سەر چوار کەڕەت مستفعلن. وەک بڕگەی: (تۆ) دەبێ درێژ کرێت. ڕێش(rêS) کە چوار پیتە(بزوێنی درێژ دوو پیتە) و هاوسەنگی بڕگەی لێکدراوە(مرکب، -ب)، کەچی بەرانبەرەکەی بڕگەی درێژە، یان (تە) بڕگەی ئەوەڵی دێری دووەم، یان (ڤۆ) هەر لەو دێرەدا.

٣- درێژ بوونی دێر لە کێشاندنی پایەکان، لەگەڵ مۆسیقای سروشت و نۆرمی زوانی هۆرامی و پرەنسیپی ڕێسای چڕی توخمی مۆسیقای کرکە ناتەبایە.

٤- با فەرایەندی واچەکانی ئەم شیعرە بە هەمان پێوەری(--ب-) بەراورد کرێ لەگەڵ شیعرێکی فارسی، یان عەرەبی ، تەنانەت سۆرانیدا، بزانین چەندە ڕوحی مۆسیقای جەوهەری ئەم دێرە هۆرامییە لەگەڵ چەپاندنی (--ب-)دا دوورە و ناتەبایە و تەنانەت دژبەرە. ئەمە پارادۆکسێکی زوانییە تەنیا لەو توخمە زوانییە سەرچاوە دەگرێ ئاوڕمان لێدایەوە و پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زوانی زگماکیدا هەیە. کە هەندێ بە پەی نەبردن بەم ڕێسا زوانییە کەسایەتی صەیدی یەکەم(کۆن) و دووەم(نوێ)یان بۆ داتاشیوە. ناخوداگای شاعیر کە لیپان لیپە لەگەڵ خوداگای سروشتی زوانەکەیدا و لە میکانیزمی خەلاقدا، گوڕەپانی بۆ نەڕەخساوە کە بیخاتە نێو بازنەی دەستکردەوە ئاوا ناشارەزایانە کەسییەتی دوو کەرتە دەکرێ. صەیدی لە دیوانەکەیدا هەرچی شیعری هۆرامی بە شێوەی عەرووز هۆنیوەتەوە، بێ توانستی هۆنینەوە، ئاڵۆزی جوانخاسی و لاوازی تەکنیکی- زوانی بە ڕاشکاوی دەبینرێ.

فارسی :

ای رستخیز ناگهان ای رحمت بی منتها
ای آتشی افروخته در بیشەی اندیشه ها(٣٣)

سۆرانی :

عاشق دەبێ مەستانە بێ، خاکی دەری مەیخانە بێ
ساقی لە کن پەیمانە بێ، (هذا طریق العاشقین؟) (٣٤)

چوار کەڕەت (مستفعلن) تێهەڵکێشی ئەم دێرانە (فارسی و سۆرانی) بکەن و بیانخوێننەوە، بزانن چەندە ئەم دوو زوانە لە چاو هۆرامییەکەدا نۆرمەکانی لەگەڵ بازنەدا ڕاهاتووتر و کۆکترە، هەر بەو ڕێژەیە لەگەڵ چامە هۆرامییەکاندا ناکۆکترە(٣٥).

**پەراوێزەکان:**

(١) حەسەن پوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد/ ڕوانگە

(٢) محەمەدپوور، هەڤپەیڤین، سروە/ ٢٦٣و محەمەدپوور ، در ستردن زنگار کهنگی، زریبار/٦٨-٦٧

(٣) «سروودی گاسەکان (گازە) سروودگەلێکی ئاهەنگدارن، لە سەر فۆرماسیۆن و پێکهاتەی شیعری هیجایین، لە واقیعدا دەبنە کۆنترین و ڕەسەنترین پاژێک لە یەسنای ئەوێستا، بەر لە نووسینەوەیان و گەلاڵەبوونیان لە ئەوێستادا، لە لایەن گۆرانیبێژان و سترانچڕانەوە «گوسان»ەکان، وتراونەتەوە و دەماودەم و سینگ بە سینگ گەیشتوونەتە نەوەی دوارۆژ تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئێستایش لەسەر زاران گۆدەکرێن». (جامی/٥٨ )، بەڵام ناوونیشان و شمەکێکی تریان بۆ دیاری کراوە و بە «هۆرە» و «سیاوچەمانە» و «لاوژە» و «لاوک» و... نێوزەدکراون و ئێستایش لە قامووسدا پارێزەری هەمان واتا و هەمان پەیامی کۆنن.

(٤) درەختی ئاسووریک، یەکێکە لە بەرهەمەکانی زوانی پەهلەوی ناڤین چاخی ئەشکانی، کە لە ناوەرۆکدا هەڤپەیڤینێکە نێوان دارخورما (هێمای ئاسووری) و بزن (هێمای بێ پەروایی ئایینی زەرتەشت) بە شیعری هیجایی (دوازدە هیجایی) لە شاعیرێکی نەناسراو، ئەم دەقە پێکهاتووە لە ١٢١ بەیت شیعر (٨٠٠ واژە)، تەنیا دەقێکی پەهلەوی باکوورە کە لەگەڵ پەهلەوی باشوور جیاوازی زۆری هەیە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو). زوانی پالەوی ئەشکانی، تایبەتە بە ئازەربایجان، خوراسان، کوردستان، ئیسفەهان و ئەرمەنستان. (بهار محمد تقی، سبک شناسی شعر/١٠٨) لەم دەقەدا هەندێکی زۆر و زەبەن واژە و دەستەواژەی هۆرامی دەبینرێ، بۆ نموونە: ئەز (من، ئەم واژە لە شاعیرانی گۆراندا نموونەی زۆرە، بەتایبەت شیعرە کۆنەکانی صەیدی هۆرامی: ئەز ئورۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم/سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم. وەرگ (وەڵک، برگ)، ورازیدن (لە چاوگی هۆرامی وراستەی، دوورین)، وینا (چاوگی ویناى، دیتن)، هیزم (هێزمێ)، بەشن (بەژن و باڵا)، بر (بەر)، بروگ (بروێ، برۆ، ئەبرۆ)، زرە (زەریا، دەریا)، پێڵ (فێڵ، فیل)، گیس (گیز، مو)، سەرد (سارد)، انم (ئانە منم) ، ژیوای (ژیان)، وراز (بەراز، گوراز)، یەو (یەوێ، جۆ)، گیواو (گیواو، گیا)، کرند (کەرا، دروست دەکەن) هەڵگ سەخوەن (هەڵگ هەمان هەڵەی کوردی هۆرامییە، سەخوەن یانێ سوخەن و قسە، ئەم لێکدراوە یانێ قسەی هەڵە و بێ کەڵک) ... (صفریان، متنی ز ما در

باستان/٤٦٤)

(٥) تەمەنی قەواڵەکانی هۆرامان کە بۆ ساڵەکانی (٨٨ و ٢٢ و ٢١ ی پ.ز) دەگەڕێتەوە، لە چاخی «فەراتیش» یان فەرهادی چوارەم، کە سێ دانە پێست بوون، ساڵی ١٩٠٥ز دۆزراونەتەوە لە تەنگیبەری ژاوەرۆ، لە لایەن «دکتۆر سەعید خان»ەوە گەیبونەتە دەست پرۆفیسۆر «ئیلیس منس E. H. Mins و کاولی A. Couley ئەم قەواڵانە، لە بارەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەوە بووە، کە هەم ناوی کڕیار و هەم ناوی فرۆشەر و ناوی شاهیدان، نووسراوەتەوە. ئەم قەواڵانە، بە پێی وتەی «د. پ. خانلەری، محەمەد ئەمین هۆرامانی و دوکتۆر جەمال ڕەشید»، بە دوو زوانی «یۆنانی و پەهلەوی» وەرگرتە لە ئارامی (هۆزواریش) لە سەدە هەوەڵی پ.ز نووسراون (ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی/١، ٢٤٢) کە هەندێ واژە و دەستەواژەی هۆرامی ئێستای تێدایە: وەک: «مەی وان، زەڕین، زەڕ = بوون، ڕەزەوان، هەمە» ، ئیک، یەک، چش، چارە». جەمال ڕەشید/٣٣١

(٦) «ماتیکان گجستک ابالیش» دەقێکە بەجێما و لە فارسی میانە (پەهلەوی ناڤین) کە لە ساڵەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی مانگی نووسراوە. لە ناواخنی ئەم دەقەدا هەندێ واژە و دەستەواژەی هۆرامی تێدایە، ئەمانەش توخمەکانن:

«Marte veh (مـردی)، Roc (روز، ڕۆ)، Danakan (دانایان)، Pat (پەی، برای)، Ush (جێناو او)، Oyshn، Ashmah، Ushan، بە مانای ان ها، ئادێشا)، Socaih (سوزندە، سۆچنای)، Asenkar( ئاسنگەر)، Ezm (هێزمێ)، Viray (وراستەی، دوختن)، Xva (خودا، خدا)، Gomez (گمێز، پیشاب)، Vir (ویر، یاد، فکر، حافزە)، Vicaram (کارواژەی وجارای یانێ: جوبران کردن و ترمیم خرابی)، Namac (نما، نوێژ، نماز) Vas (وەش، خوب)، Rosn (روشن) (صفریان، گجستیک ابالیش متنی هورامی از دوره ساسانی، سروه/ ژ ٢٧٥) و (میرزای نازر ابراهیم، ماتیکان گجستک ابالیش)

(٧) بڕوانە: (پەراوێزی ٦، ٧ و ٨ ئەم لاپەڕە)

(٨) بە وتەی «محەمەد تەقی بەهار» دەقێکی چەن بەیتی دە بڕگەیی، لە نزیکی شاری سلێمانی کوردستانی باشوور، دۆزراوەتەوە. لە لایەن دکتۆر سەعیدی کوردستانییەوە، گەییوەتە دەست ئەو و پاشان بۆ توێژینەوەی زوانەوانی گەیشتووەتە ئورووپا. مامۆستا ڕەشیدی یاسمی وەک بەڵگەیەک لە کتێبی (کرد و پیوستگیهای نژادی او) بۆ کۆنیەتی زوانی کوردی باسی کردووە (یاسمی/١١٩)، هەروەها مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەو پارچە هەڵبەستەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار کردووە. د. جەمال ڕەشید لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی... ل ٥١٦ دا دەڵێ: «هەندێ نووسەری تریش لە کتێبی خۆیاندا باسی ئەم هۆنراوانەیان کردووە، بۆیە بووەتە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژوو و ئەتنۆگراف نووسی ڕووسی بە ناوی «ڤلچیڤسکی» کە بڵێت: «ئەم هۆنراوە لە ساڵانی بیستدا لە ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە» و بە شێوەیەکی درێژتر باسی ئەو ڕەوشتانە دەکات کە پێوەندی بە دەقی هۆنراوەکەوە هەیە. هەروەها «ڕۆدینکۆ» ئەم هۆنراوەیەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زوانی ڕووسی». لێتوێژەرانی ئەم دەقە سوورن لە سەر ئەوەی کە بەسەر پێستە ئاسکێک نووسراوە و لە ئەشکەوتی هەزارمێرد دۆزراوەتەوە و هۆنراوەی «دە بڕگەیی و قاڵبی مەسنەوی» ڕەسەنن هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ساختەکاری ئەم دەقە لە دەستدا نییە. بێ گومان ئەم دەقە، پێگەیەکی تۆکمەیە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی، شیعری نویساری کوردی. بۆ ئەوەی هەڵگری توخمی «کرکە» پرەنسیپی ڕەسەنایەتی مۆسیقای شیعری کوردییە. (بهار محمد تقی، سبک شناسی شعر/٤٤-٣٩) و (یاسمی/ ١١٩) و (جمال رشید احمد/٥١٦ و ١٢٥ تا ١٢٨) و (محەمەدپوور، هورمزگان سەرەتای دەسپێکی مێژووی شیعری کوردی، ڕامان/١٢٩)

ئەو تایبەتمەندیانە کە کۆکن لەگەڵ فۆرم و ناوەرۆکی شیعری ئێستای هۆرامی:

أ - ساکاری ڕوخسار و واتا کە بەڵگەیەکە بۆ سادەیی زوانی ئەو کاتە.

ب - پاراستنی پرەنسیپی توخمی نەغمە - کرکە - «هیجایی بوون» کێشی پەنجەی دەبڕگەیی کە جەوهەری زوانی «خێرایی دەنگ، Intensite و تەکیە، Accent» ڕەوتێک بووە لە گاتاکانی ئەوێستا دەستی پێ کردبوو و لە دەقەکانی پەهلەوی ناڤیندا ڕەنگی دابوویەوە و هورمزگانیش بوو بە پردی نێوان پێش ئیسلام و ئورامەنی باباتایەر، پاشان یارسەکان و بێسارانی و مەولەوی و شیعری هاوچەرخ.

ج - بەرجەستە کردنی سەروا بۆ دەربڕینی هەستی ناوەکی و ڕادەی دەلالەتی بەیانی پەیام کە خەسڵەتێکی مۆسیقایی پێش ئیسلام بووە و لە ئەدەبی عەرەبەوە وەرنەگیراوە.

د - بەکارهێنانی مەسنەوی کە فۆرمێکی ڕەسەنی ئاریبیە و موناسیبە بۆ فەزایەکی ڕەوایی و ڕەها و ئازاد لە وتنەوەدا، دواتر دەبێتە نەریتێک بۆ هۆنینەوەی شاعیرانی هۆرامی.

هـ - ڕوخساری ئارکائیکی واژە و دەستەواژەی ئەو دەمە: هورمزگان (ئاورگەکان)، ئاتران (ئاورەکان)، گنا (گوند)، شەن (ژن)، کەنیکانەکەنیشکەمان)، بەشینا (گیران)، هوونینا (خوێنین)، بەزیکا نەیکا (بەزەییان نەهات).

و – ڕەنگدانەوەی باری هەستـــەکی و دەروونی لە هەمـبـــەر شالاوگەران بە لەحنێکی حەماسی – خۆڕاگریانە و بەرگریانە و یادەوەری و پێداگری ئاییِنی ئەو دەمە.

دەقی هورمزگان:

**هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**

**هۆشان شاردەوە، گەورە گاوران**

**زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور**

**گنای پالەیی، هەتا شارەزوور**

**شەن و کەنیکان وە دیل بشینا**

**مێرد ئازا تلێی وەڕووی هوونینا**

**ڕەوشت زەردەشترە، مانۆوە بێ کەس**

**بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس**

(محەمەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا .../٢٢)

(٩) مـاریفـە تـوو پیـر شـالیـاری: پیـر شـالیـار لە مـوغـە زەرتوشتییەکانی هۆرامانی تەخت بووە، هەڵگری هەندێ سرووت و تقووسی ئامۆژگاری و ئەخلاقی تەنانەت نهێنی: گۆشت جە واتەی پیرشالیار بۆ/ هۆشت جە کیاستەی زانای سیمیار بۆ، واتە: گوێ گـرە بۆ پەندەکـانی پیـرشـالیـار و هۆشت ڕاسـپـێـرە بۆ دانای سیـمـیـار(دانی ڕەمـزگـۆ، زردەشت). (هەمـان پێـشـوو/٣٥) و (اوشیدری/٢٠٨)

(١٠) لە بارەی لەحنی «ئورامن و فـەهلەویاتی ئورامن» بروانە : الف) ابوترابیـــان/٩ ب) هورامـــانی/٢١٥ ، ج) ژێر واژەی «اورامن، اورامنان، اورامە و اورامن» لە «لغت نامـەی دهخدا» ، بە نەقل لە «لغت نامەی برهان قاطع» د) منصوری، دوو صەیدی لە یەک دیواندا/ ٣٢/٣٣ .

(١١) صفی زادە، تاریخ ادبیات کردی/١، ٧٦

(١٢) هەمان/١، ٩٧

(١٣) هەمان/١، ١٣٠

(١٤) کسروی احمد/٣٤٩ و صفی زادە١/ ٣٩٨

(١٥) لە بارەی خـوێندنەوە و ڕاڤـەکاری دەقـەکـەی صـەیدی و دەرخـسـتـنی ڕیتـمی شـیـعـرەکـان و فـەهلەوی بوونی بەشێـک لە شیعرەکانی صەیدی بڕوانە: محەمەدپوور، یەک صەیدی لە یەک دیواندا، سروە/ ٢٥٩-٢٥٨

(١٦) لەم بارەوە ئاماژە دەکەین بە بەڵگەیەکی زانستی لە زاری د. مێهرردادی بەهار، زمانەوان و ئوستوورەناسی توکمەی ئێرانی لە کـتـێبی: جسـتـاری چند در فرهنگ ایران، ل: ٢٧٩ – ٢٦٧ د. مـێـهـرداد دەڵێ: «مـجـتـبی مـینوی لە ژمـارەی دووەمی سـاڵی چوارەمی گـــۆڤـــاری ئەدەبیـــاتی زانکۆ تاراندا ٢٥ بەیت لە شیعرەکانی بابە تاهیر چاپ کرابوو – ئەم چەند بەیتە بەشێکن لەو ٢٥ بەیتـە کـە بەهار ئامـاژەی پێـدەکـات – و بریتی بوون لە دوو پارچە سێ بەیتی و شەش بەیتی و هەشت دوو بەیتی. لە ئەم چەند شیعرەدا، جگە لە دوو دووبەیتی ئەویش بە جیاوازییەکی ئەوتۆوە، لە ناو دیوانەکەی باباتاهیـردا نین، بەڵام ئەم شیـعـرانە بە ژمـارەی ٢٥٤٦ لە مـــۆزەخـــانەی «قـــونیـــە»دا بە بەرواری (٨٤٨ک.م) تۆمـارکراون. بەراوردکـاری ئەم شیـعـرانەو ئەوانەی لە دیوانەکـەی بابادا هەن، دەردەکەوێ جیاوازی زەمین تا عاسمانە. هەرچەند لەم دەقە ڕەسـەنانە نموونەیان نییە لە هەوێڵدا، بەڵام بە توێژینەویەکی تەنانەت مـــامناوەندی زوانەوانی دەردەکـــەوێ کـــە ســـەرجـــەمی دیوانەکـەی باباتـاهیـر کـە گـوایێ هی ئەوە، ئاڵۆزە و گـومـاناوییـە بەدەسـەوە بوونی ئەم نموونە شیـعـرییـە ڕەسەنانە، ئێـمـەی توێژەوان یـاری دەدات کــە دیوانەکـــەی بابا لە ســـەر پێـــوەرە زوانیـــیـــە ئێرانییەکانی ڕۆژاوای ئێران (کوردی)، بە تایبەت زوانی پاڵەوانی و یـاســـای گـــۆڕانکاری لەم زوانانەدا و بە چاوکـــردن لە دەقـــە نووسراوەکانی دەورەی ئیسلامی ڕۆژاوا – باکووری ڕۆژاوای ئێران یانێ کـوردی، بەراوردکـاری بکەین، تا ئەم دیوانە لە بەندی دەست تێوەردانی بە ئەنقەست و ئاشکرای هەندێ کە تەنیا مەبەستیـان بە فارسی کردنی ئەم دیوانە بووە، ڕزگاری بکرێ، کە ئەم گۆڕەپانەیش سوارەی چاکی دەوێ». بە پەیلوای من بە پێی ئەو توێژینەوە و ئەو توخـمە زوانیـانە لە دیوانەکـەی بابا–دا هەن سەرەڕای فـارسـیـزە کـردنیـان، بەڵگەیەکی حـاشـا هەڵنەگـرە بۆ چەسـپـاندنی لەحنی هۆرامی بوونی دیوانەکەی بابا تایەر. (محـەمـەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا .../٢٨-٢٧)

(١٧) هەندێ لە توێژکاران ئەم شێوازە شیعرییانە بە ناو "سبک هۆرامی در اواز کـردی، شـێـوازی هۆرامی لە ئاوازی کـوردی" ناو بردووە. بە پەیلوای ئەوان "هۆرامی" لە زوانی کوردیدا، بە شێوازی تایبـەت "اوازە خـوانی" ناو دەبرێ کـە ڕیشـە و ڕەگـەکـانی وا لە ڕابردووی ئەم گەلەدا، ئەمڕۆژە لە ناو ئەم گەلەدا، جگە لە دەگمەن هونەرمەندانێک نەبێ کـە سـینە بە سینە لە پێشـینیـان وەریان گـرتووە، کـەسی تر ناتوانێ ئەم شـێـوازە لە وتنەوەدا دابەزێنێ و "اجـــرای اواز" بکاتن. (ابوترابیـــان/٩). کـــە وابوو زاراوەی مـۆسـیـقـای کـوردی "هۆرامی" و توخـمی پەهلەوی "هورمی" و تەرجـەمـەکـانی ئەوێسـتـایی "اورامن" و "اورامنان" و "اورامـە"، بەڵگەی تۆکمەن بۆ شێوازی "ملحونات فهلوی". و چەسپاندنی ئەم ڕووکـردە کـە دوو بەیتـیـیـەکـان «بابا تایەر، شـێخ سـەفی و صەیدی هورامی» و... یان هەر دەقـێکی تر لە شاعیـرانی کـورد نـاتوانێ ئوسلووبی عـەرووزی بۆ داتاشـرێ، بەڵکو ئەم فـۆرمـە شـیـعـرییـە دیاردەیەکی ڕەسـەنە و لە سـەر عـونسـوری زوانی

نەغـمـەدەنـگ (کـرکـەدەنـگ، intensite) و (تەکـیـە accent) چێ کراوە و هەر لە پێش ئیسلامیشدا هەبووە و پاش ئیسلامیش وەک فاکتێکی زیندوو لە شیعرماندا ماوەتەوە. (هەمان/ ١٠)

لە ڕابردووی دووردا تەنیـا کـەسـێک بە شـێـوەی هونەری و زانستی و بەرفراوان دەربارەی (مەلحونات فەهلەوی) کوڵراوەتەوە، خـوێنندنەوەی هونـەری عـەرووزوانی ناوداری سـەدەی (٧ کـۆچی) شەمسی قەیسی ڕازییـە (کۆچ ٦٤٠ ک.م). لە بەشێک لەم ڕاڤە ئەدەبییـەدا دەڵێ: «جەمـاوەری هەمـەدان (مـەبەست کـوردەکـانە، جەخت لە نووسەری ئەم دێرانەیە) و زەنجان (مەبەست ئازەرییەکانە کە زوانەکەیان سەر بە بنەماڵەی کوردە، نەک تورکەکان کە دوایی هاتوون و لە ناوچەکـەدا جـێنیـشـتـە بووگن) کـاتێک دەیانەوێ شیـعری (پەهلەوی) بهۆننەوە، ناخۆداگا دووچاری هەڵەی زەقی خـوێندنەوە دەبن. لەم شـێـوازەدا، دێرێک بەم پێیـە (مـفـاعـیلن، مفاعیلن، فعولن، ب---/ ب---/ ب--) کێشانە دەکەن و پاشان ئەو دێرە کە بە پێوەری (فاعلاتن، مفاعیلن، فعولن، ب-- -/ ب---/ -ب--) دادەنـێن، هـەروەها زۆربـەی پێـــــوانـەی (فاعیلاتن، ----) لە جێی (فاعـلاتن، -ب--)و (مفعولاتن، ----) لە جێی (مفاعیلن، ب---) چێدەکەن. (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشـوو، از هورامی تا ارومـیـه، ل١١و... ) ئامـاژەی (شـمس قـیس رازی) بە هەمـان توخـمی کـرکـە دەنگ (شـدت صوت)ە و توخمی(تەکیە) لە پێکهاتەی شیعری هۆرامییدا کە ئێسـتـاش جگە لە کەسانێکی زوانزان و شارەزا و هونەرمـەند لەم بارەوە، شـارەزاییـان نـیـیـە و ئەم کـرکـە دەنگانە تا دروست وەک خۆیان نەخوێنرێنەوە (ملحون) پەی بە ئوسلووبی ڕەسەنایەتییـان نابرێت، بۆیە عــەرووزوانێکی تۆکــمـە وەک (شــمس) بە دیدی پێوانەی (قـیـد تسـاوی) و بەرانبـەری بڕگـە کـورت و درێژەکـان و ڕێسای عەرووز لەم دیاردەیە دەکۆڵێتەوە و ئەم ڕووکردە زوانییەی (همــدانی)یەکــان و (زنجــانی)یەکــان بە لادان لە ڕێســاکــان و پێوانەکـانی عـەرووز و هەڵەی زەق وەسف دەکـات. نووسـەری ئەم دێرانە پێی وایە ئەم چەشنە شـیـعـرانە پێـیـان دەوترێ «ملحون»، خـوێندنەوەی دروسـتـیـان مـەرجی سـەرەکـیـیـە بۆ دەرخـسـتـنی کێشـەکەیان. «خانلەری» لەم بارەوە دەڵێ: هەروەها کە لە شیعری زاراوەگـەلی جـۆراوجـۆری ئەمـڕۆی ئێـران وەک (کـوردی، لوڕی، تەبەری و...) تا دروست وەک زارەکـەی خـۆیان نەخـوێندرێنەوە، ناگەینە کێشی دروستی ئەو شیعرانە. (ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٦٢)

(١٨) صفی زادە، تاریخ ادبیات/٢، ٤٩

(١٩) ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی/ ج ١، ٥

(٢٠) ئەمـە ڕوانگەی «سوسـور»ە کە بە بڕوای ئەم بیرمـەندە: «دال» بۆ «مـەدلوول» دەگـەڕێتـەوە و پێـوەندی «دال و مـەدلوول» دەبێـتـە نیـشـانە. لەم ڕوانگەدا، حەرەکـەتی دەلالەت لە مـەدلوولدا کۆتایی پێدێ، کەچی لە بیروڕای بیرمەندانی پاش بنەماخوازەکاندا (پسـا سـاخـتـارگـرا)، مـەدلوول دەخرێتـە پەراوێزەوە، تەنیـا دال جێگای مـەبەسـتـە. لەم بۆچوونەدا، دال بۆ دال دەگـەڕێتـەوە، چون ژێدەر هەمـان «دال»ە، پەیتا پەیتا ئەم کارەساتە زوانییـە دووپات دەبێـتـەوە «دال»ێک بۆ «دال»ێکی تر کە وابوو پڕۆسـەی دەلالەت کـۆتایی پێ نایەت تا بێ کۆتایی هەر بەردەوام دەبێ. (سـجـودی، نشــــانەشناسی ادبیـــات و نگاهی تازە بە ترجـــمــە ادبی/ ژ ٤٤،٤٥،٤٦)

(٢١) ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی/ج١، ١٢

(٢٢) «هەمیشە سەرکەوتن بو شاعیرانێکە کە لە پێکهاتەدا زەمـینەی حـاڵ و هەوایەکی تازە بو شـیـعـر دەڕەخسـێنن، یان پێکهـاتەیەکی نوێی شـیـعـری دابهـێنن.» (شـفـیـعی کـدکنی، تازیانەهای سلوک/ ٢١)

(٢٣) ناتل خـانلری، تاریخ زبان فـارسی/ج ١، ٦٣ و وزن شعر فارسی/ ٥٥-٣٢

(٢٤) ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٤٠

(٢٥) مـحـەمـەدپوور، سـۆزی لیـریکا لە ئەزمـوونی شـیـعـری کوردیدا/٧٦

(٢٦) ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٤٧-٤٦

(٢٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٢٨) مـحـەمـەدپوور، سـۆزی لیـریکا لە ئەزمـوونی شـیـعـری کوردیدا/٧٣

(٢٩) هەمان سەرچاوە/ ٧٤

(٣٠) بۆ زانیـاری زۆرتر لەم بارەوە، بڕوانـە فــەرهەنگگەلی بورهانی قـاتیع ، مـوعین و سـبک شناسی تەقی بەهار لە بارەی ئوورامەن.

(٣١) هورامی صەیدی/١٣

(٣٢) هەمان سەرچاوەی پیشوو

(٣٣) شفیعی کدکنی، گزیدە غزلیات شمس/٢

(٣٤) وەفایی/٩٩

(٣٥) مـحـەمـەدپوور، سـۆزی لیـریکا لە ئەزمـوونی شـیـعـری کوردیدا/٨٢-٧٨ و ڕامان، ساڵی دوازدەم، ژ١٢٨، ٢٠٠٨م

**سەرچاوەکان:**


**ابو ترابیان د. محمد رضا، از هورامی تا ارومیه، تهران، نشر دلارنگ، ١٣٨٥ ە. ش.**

**اوشیدری د. جهانگیر، دانش نامه مزد یسنا.**

ایوب رستم، یارسان، سلیمانی، مەڵبەندی ڕوشنبیری هورامان، چاپی دووەم، ۲۰۰٦ز.
بهـار د. مـهـرداد، جسـتـاری چند در فـرهنگ ایران، تهـران، انتشارات فکر روز، زمستان ۱۳۷۳ه. ش.
بهار ملک الشعرا، سبک شناسی شعر یا تاریخ تطور شعر فارسی، به کوشش علیقلی محمودی بختیاری، تهران، مؤسسه مطبوعاتی علمی، خرداد ۱۳٤۷ه.ش.
بهـرامی ایرج، اسطوره اهل حق، چاپ اول، تابستـان ۱۳۷۸ه.ش.
جامی مؤذن، ادب پهلوانی، نشر قطره
جمال رشید احمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، بەغداد ۱۹۸۸ز.
حەسەن پوور ئەمیر، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد، ۲۲ آوریل ۲۰۰۸، سایتی ڕوانگە.
خلف تبریزی، برهان قاطع، محمد معین، ج۱، تهران، امیر کبیر، ۱۳٦۱ه.ش.
ڕامان، ساڵی دوازدەم، ژ۱۲۸، ۲۰۰۸م.
رضا جمشیدی، قالب های ویژه در ادبیات یارسان، زریبار، شماره ٦٤، تابستان ۱۳۸٦ه. ش.
زریبار، شماره ٦٤، تابستان ۱۳۸٦ه. ش.
سجودی فرزان، نشانەشناسی ادبیات و نگاهی تازه به ترجمه ادبی، گزارش فرهنگ توسعه، ژ ٤٤، ٤٥، ٤٦، سال نهم، تیر ۱۳۷۹ه.ش.
سلطانی محمد علی، قیام و نهضت علویان زاگرس در... یا تاریخ تحلیلی اهل حق، نشر سها شفیعی کدکنی د. م. رضا، تا زیانه های سلوک، انتشارات اگاه.
شفیعی کدکنی. م. رضا، صور خیال در شعر فارسی، ۱۳٦٦ه.ش.
شفیعی کدکنی د. محمد رضا، گزیده غزلیات شمس، چاپخانه سپهر، تهران ۱۳٦۵ه.ش.
شفیعی کدکنی د. محمد رضا، موسیقی شعر، انشاراتی اگاه، چاپ دوم تهران ۱۳٦۸ه.ش.
صفریان کامل، «متنی ز ما در باستان»، سیروان، سال نهم، ش٤٦٤، تازەر ۱۳۸٦ه.ش.
صفریان کامل، «گجستک ابالیش متنی اورامی از دوره ساسانی» سروەش ۲۷۵، سال ۲۵، دی ۱۳۸۸ه.ش.
صفی زاده صدیق، مێژووی وێژەی کوردی (تاریخ ادبیات کردی) ج۱ و ۲، بانە، انتشارات ناجی، ۱۳۷۰ه. ش.
صفی زاده صدیق، نامه سرانجام، کلام خزانه، یکی از متون کهن یارسان.
کسروی احمد، کاروان کسروی، به کوشش یحیی ذکاء، تهران، انتشارات فراکلین، ۲۵۳٦ش.
محەمەدپوور عادل، پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی، زرێبار، سال هشتم، شماره ٥٤، پاییز ۱۳۸۳ه. ش.
محەمەدپوور عادل، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، ژێر چاپ.
محەمەدپوور عادل، شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا... سلێمانی، چاپخانەی بابان، ۲۰۰۸ز.
محەمەدپوور عادل، یەک سەیدی لە یەک دیواندا، سروە ساڵی ٢٤، ژمارە ٢٤٨– ٢٥٩، مرداد و شهریور ۱۳۸۷ه.ش.
محەمەدپوور عادل، در ستردن زنگار کهنگی، وتووێژ، زرێبار، ژمارە ٦٨–٦٧، بهار و تابستان ۱۳۸۷ه.ش.
محەمەدپوور عادل، هەفپەیڤین، سروە، ساڵی بیست و چوارەم، ژمارە ۲٦۳، دی ماه ۱۳۸۷ کۆچی هەتاوی محەمەدپوور عادل، پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی، زرێبار، سال هشتم، شماره ٥٤، پاییز ۱۳۸۳ه.ش.
مەنسووری خالید، دوو صەیدی لە یەک دیواندا، ئاوێنە، ژمارە ۳۳/۳۲، ۱۳۷٦ه.ش.
میرزای ناظر ابراهیم، ماتیکان گجستک ابالیش، انتشارات هیرمند، چاپ اول ۱۳۷٦ه. ش.
ناتل خانلری د. پرویز، تاریخ زبان فارسی، ج اول، تهران، چاپ دوم، نشر نو ۱۳٦٦ه. ش.
ناتل خانلری د. پرویز، تاریخ زبان فارسی، ج اول، چاپ دوم، نشر نو تهران ۱۳٦٦ه. ش.
ناتل خانلری د. پرویز، وزن شعر فارسی، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ۱۳٥٤ه. ش.
هورامانی محمد امین، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا، هەولێر، مرکز فرهنگی دانشگاه صلاح الدین، بی تاریخ.
هورامی صیدی، دیوان شعر، محمد امین کاردوخی، سلیمانیه، چاپخانه کامران، ۱۹۷۱م.
وەفایی میرزا عبدالرحیم سابلاغی، دیوان شعر، تصحیح: محەمەد عەلی قەرەداغی، سنندج، انتشارات کوردستان، چاپ یەکەم ۱۳۸۸ه. ش.
یاسمی رشید، کرد و پیوستگی های نژادی و تاریخی او، تهران، انتشارات امیر کبیر ۱۳٦۳ه. ش.

# هێرمینۆتیکا و تەنگژەی ڕاڤەی دەق

**نەسر حامد ئەبو زەید**
**لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد**

**(٢ – ٢)**

دیاردەناسییەکی لەم جۆرە، هێرمینۆتیکییە، بەواتای ئەم دیاردەناسییە ئەوە لەخۆ دەگرێت کە تێگەیشتن لەسەر بنەمای کاتیگۆرییەکان و هۆشیارییەکانی مرۆییە دانامەزرێ، بەڵکو لە دەرکەوتنی شتەکەوە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، لەو حەقیقەتەوە کە دەرکی پێدەکەین، هەڵدەقوڵێ(٢٣)، بەڵام ئایا دەرکردنمان بۆ شتەکە، دواتر لێ تێگەیشتنی لە بۆشاییەوە دەست پێدەکات؟ مرۆڤ – وەک هایدەر دەڵێ– لە بوونیدا و لەمەودای ئەم بوونەدا، تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ چییەتی بوونی کامڵبوو، دەدۆزێتەوە. ئەم تێگەیشتنە –وەک ئاماژەمان پێدا– تێگەیشتنێکی جێگیر نییە، بەڵکو تێگەیشتنێکە مێژوویيانە دروست دەبێت و لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکاندا گەشە دەکات. بوونی مرۆیی –بوون لە جیهاندا– لەسایەی ئەم تێگەیشتنەدا پرۆسەیەکی بەردەوامە لە تێگەیشتنی دیاردەکان و بوون لەیەک کاتدا. بەم جۆرەش (فینۆمینۆلۆژیا) لای هایدیگەر دەبێتە هێرمینۆتیکی و هێرمینۆتیکاش –پرۆسەی تێگەیشتن– دەبێتە وجوودی. تێگەیشتن توانايیەکە بۆ دەرک کردنی پۆتاسیۆنە وجوودییەکانی تاک لە ڕەوتی ژیان و بوونی لە جیهاندا. تێگەیشتن وزە، یان بەهرەیەک نییە بۆ هەست کردن بە هەڵوێستی کەسێکی دی، هەروەک چۆن توانايیەک نییە بۆ دەرککردنی واتای هەندێ لە گوزارشتی ژیان بەشێوەیەکی قووڵ. تێگەیشتن شتێک نییە بتوانرێت بەدەست بهێنرێت و خاوەنگیر بکرێت، بەڵکو تێگەیشتن شێوەیەکە لە شێوەکانی بوون لە جیهاندا، یان توخمی دامەزرێنەرە بۆ ئەم بوونە. لەسەر ئەمەوە تێگەیشتن – لەڕووی وجوودییەوە– بۆ هەر کردەیەکی وجوودی بە سەرەکیانە و پێشانە دادەنرێت.

بەڵام ئەگەر تاک لەمیانی بوونییەوە – لەمەودای ئەم بوونەدا– دەست بە تێگەیشتنی واتای کامڵبووی بوون بکات، ئەی چۆن چۆنی لەبوونی خۆی لە جیهان تێدەگات؟ جیهان –لای هایدیگەر– کۆمەڵێک لە گشتەکییە entities لێک جیاوازەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵێکە لە پێوەندییەکان کە بەسەر خودخوازی و بابەتیبووندا باڵا دەبێت. تەنیا مرۆڤە کە خاوەنی جیهانە، بەو واتایە نا کە جیهان لەمیانەی دەرککردنی مرۆییەوە بوونی هەیە، خۆ ئەگەر وا بووایە ئەوە هایدیگەر لەگەڵ خۆیدا دژە بۆ ئەو خودخوازییە گەڕاوەتەوە کە لە کانتیزمی نوێدا ڕەخنەی لێ دەگرت. مرۆڤ جیهانی هەیە بە واتای کە ئەو تێیدا دەژی دەرک ناکات تەنیا لەمیانەی جیهانەوە نەبێت. ئەو لەمیانەی دەرککردنی بوونی خودی خۆیەوە دەست بە دەرک کردنی جیهان

# لۆژیکی نویَ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

(۱ – ۲)

## بەشی یەکەم

۱– لۆژیک وەک هەمـوو بابەتەکانی تری کـولتـوور و هزری مـرۆڤ، مـێژووی تایبەتی خۆی هەیە کە گـۆڕان و پەرەسەندنەکانی بەرجەستە دەکات. ئەو مێـژووە ئەگەر میـتـۆدە و بابەتی توێژینەوەکە لەبەرچاو بگیـرێن، دەکرێ دوو قـۆناغ تێـیـدا لەیەکـتـر جـیـا بکرێنەوە. ئەو جیاکردنەوەیە لەو هەلومەرجانە کەوتۆتەوە کە پەرەسەندنی لۆژیکەکەیان ڕەوا کردووە. قۆناغەکانیش بەو جۆرەن:


**یەکەم**: لۆژیکی ڕوخسارەکی، لەسەردەمی کۆنی یۆناندا ئەرستـۆ ڕەنگی ڕشـتـووە و دوا ناوەرۆک و ڕوخسـاری پێ بەخشیوە. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ و ناکرێ قسەی لێـوە نەکـرێ، بڕیارەکـەی کـانتــە لە بارەی لۆژیکی مـامـۆسـتـای یەکـەم داویەتی، گـوایە لۆژیک لەو ڕۆژەوە ئەرستۆ دایناوە بە تەواوەتی خەتوخاڵی داوە و هیچ جۆرە گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەخۆیەوە نەدیوە(۱).!

ئەو بڕیارەی کـانت دەکـرێ بە دوو لادا لێک بدرێتـەوە، هیچیشیان بنەمایەکی پتەویان نییە.

– لۆژیـک لە خـۆیدا گـۆڕان و پەرەسـەندن هەڵناگـرێ، بۆیە وەک خۆی ماوەتەوە.

– ئەرسـتـۆ هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێکی ئەوتۆ لۆژیکی داناوە لە هەمــوو لایەکــەوە تەواو بێ و پێـویســتی بە خستنەسەر و گۆڕین و چاکسازی و پترکردن نەبێت.

هەردوو خاڵەکەش نە پەسند دەکرێن و نە ساغ دەبنەوە. ڕاستە لۆژیکی نویَ (بە سیمبۆڵی و بیرکاریش ناودەبرێ) سەرەتاکەی بە هێرش بردنە سەر بەرهەمەکەی مامۆستای یەکەم دەستی پێ کردووە، بەڵام ئەو هێرشە خۆی هاندەر و یەکـەم هەنگاوی پەرەپێدانی لۆژیکەکـە و بەپێزکـردنی میـتۆد و ئامراز و ناوەرۆکەکەی بووە، بۆیە دەکرێ بوترێ



ئەرستۆ

لۆژیکی نوێ لەو سەردەمەدا گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر ڕوخسار و ناوەڕۆکیدا هێنراوە تا ئەو ڕادەیەی بەبێ سڵ کــــردنەوە دەتوانرێ باسی دوو جـــۆرە لۆژیک بکرێت یەکەمیان هی ئەرستۆیە.

**دووەم**: لۆژیکی نوێ لە دوای ئەرســتـۆوە بە هێــمن و لەســەرخۆ و بە هەنگاوی ڕێکوپێک دەستی پێکردووە، پەرەی ســــەندووە و بەرەو پێش چووە. ڕاســــتــە ئەو هەلومــەرجــە ســـیــاسی و ئابووری و کـۆمــەڵایەتی و تارادەیەکـیش ئایینیــیــەی بوونەتە مـایەی پەیدابوونی لۆژیکی نوێ لەگەڵ ئەوەی ئەرستۆدا ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازبوون، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو هێرشانەی براونەتە سەر لۆژیکی مامۆستای یەکەم ئەو هەلومەرجە نوێیەیان بە ڕوخسار و ناوەڕۆک و ئامانجەوە بەرجەستە کردووە. بەرجەستەکردنەکەش پتر خۆی لەو خاڵە ڕەخنەییانەدا ڕەنگ دەدەنەوە کـە ئاراســتــەی لۆژیکی ڕوخســـارەکی کراون:

– ئەرستۆ لەو شاکارەیدا بایەخی بە جۆرێک لە کلاس و پۆل داوە و لایەنی پێوەندییە لۆژیکییەکانی پشتگوێ خستووە.

– لە لۆژیکی ڕوخسـارەکیدا پەنابراوەتە بەر زمـانێک بەپێی پێـویست سیـمـبۆڵی نەبووە، وردەکـاریی زمـانی بیرکاری تێدا بەدی ناکرێت.

– ئەگــەرچی لۆژیکەکــە بە ڕوخســـارەکی و فـــۆرمی ناوبراوە، بەڵام ئەو لایەنە بە تەواوەتی خەتوخاڵی نەداوە و ساغ نەکراوەتەوە.

– پێــوانە Syllogism بەشــێکی ســـەرەکی ئەو لۆژیکەیە، کەچی هیچ ئەنجامێکی لەبار و نوێی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە کە سوود و قازانجی پێشکەوتنی زانستی تێدابێ(٢) و زانین بە پێزتر بکات.

٢– یەکەم سنووربەزاندنێکی لۆژیکی مامۆستای یەکەم لە بەرهەمەکـانی ڕێبـازی ستـۆیسیـزمـدا کە لەسـەردەمی عـەبباسییـەکـانەوە بە (ڕیواقییـەکـان) ناسـراون، بەدی دەکرێ. ڕابەرانی ئەو ڕێبـازە ئەگەرچی لۆژیکیـان لەگـەڵ بابەتی پرۆســەی زانیندا تێکەڵ و ئاوێتــەی یەکــتـری کـردووە، جۆرە بەشـدارییـەکیـان لە پەرەپێـدانی بابەتی لۆژیکدا کـردووە، ناکـرێ پشـتگوێ بخـرێت. جگە لە بایەخـدان بە بابەتی زمـان، لۆژیک لێـرەدا، بە جـۆرە زانسـتـێکی مـەتریالییـانە کـە دەبێ بچـێـتـە ژێر باری تاووتوکـردنی چەند کێشە و پرسیـارێکی زانین، سەرنج دراوە(٣). بەلای ڕێبـازی سـتـۆیسـیـزمـەوە لۆژیک لەو چوارچێوەیەدا ڕەنگ دەداتەوە:

**یەکـەم**: ئەگــەر لەلای مـامــۆسـتــای یەکـەم لۆژیک دەروازەیەکی زانست بووبێ، لەلای ئەو ڕێبـــــازە بە سیـسـتـمێکی سـەربەخـۆ دانراوە، کەوتنەوەی ئەنجـامی دیاریکراو لە پێشەکی گریمان کراوەوە دەستەبەر دەبێ.

**دووەم**: لەجیاتی وشەی زمانی ئاسایی، پێویستە جۆرە سیمبۆڵ و هێمایەک بەکاربهێنێ.

**سێیەم**: دوو گریمانەی نوێیان خستۆتە سەر خەرمانی لۆژیک:

– گریمانەی دانەبڕاوی مەرجەکی:

هێمایەکەی بەو جۆرەیە: ئەگەر... ئەوا.... کەوابوو.

بۆ نموونە دەگوترێ:

ئەگەر خۆر هەڵات دەبێ بە ڕۆژ

ئەوا خۆر هەڵات

کەوابوو بوو بە ڕۆژ.

بە سیمبۆڵ بەو شێوەیە دەبێ:

ئەگەر (A) (B) بێ ئەوا (C)

(A) (B)یە

کەوابوو (A)(C)یە

– گریمانەی دابڕاوی مەرجەکی:

دەکرێ بەو شێوەیە ئەو گریمانە نیشان بدرێت:

یان .... یان ... کەوابوو..

ئێستاکە ڕۆژە، یان شەوە
بەڵام ئێستا ڕۆژە کەوابوو
ئێستا شەو نییە.
بە سیمبۆڵ بەو جۆرەیە:
(A) (B)یە، یان (C)یە
بەڵام (A) (B)یە کەوابوو
(A) (C) نییە.

٣- دوای بڵاوبوونەوەی ئایینە سەرتاپاگیرە ئاسمانییەکان، بە تایبەتی عیسایی و ئیسلام و دەستپێکردنی قۆناغی درێژخایەنی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، لۆژیکیش بەمەرەی فەلسەفە چووە، کراوە بە ئامرازێکی بێنازی پشتگیری کردن و پشت ڕاستکردنەوەی دۆگم و بنەماکانی ئایین و کڵێسە.

ئەوی بەلای ئێمەوە مەبەستە ئەو ڕۆڵەیە لۆژیک لە چوارچێوەی فەلسەفەی مەسیحی ئەوروپادا گێڕاویەتی. مەسیحییەت نزیکەی هەزار ساڵ لە ئەوروپادا فەرمانڕەوابووە، لەو ماوە دوورودرێژەدا بووە بە ئایدیۆلۆژییەکی سەرتاپاگیر و هەموو کون و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردووە، هیچ شتێک نەماوە دەستی بەسەردا نەگرێت. ئەگەر جۆرە گۆڕانێکی کردبێ گۆڕانەکە دەڵەمەیی ڕوخسارەکی بووە. بۆ نموونە جاران، پێش هاتنی مەسیحییەت مرۆڤ بەندە و کۆیلەی ڕۆم بووە، مەسیحییەت مرۆڤی کردووە بە بەندە و کۆیلەی «ڕەب»!. لە چوارچێوە گشتییەکەدا ڕەوشەکە وەک خۆی ماوەتەوە. گۆڕانێکیش ئەگەر مەبەستێکی دیکەی هەبووبێ تەنیا لە چوارچێوەی ئەو جیهاندیدەدا کە مەسیحییەت ڕەنگی ڕشتووە ڕێگا دراوە، ڕێگادانێک بازنەی سنوور دیاریکراو نەبەزێنی. بەپێی ئەو ڕەوشە پەرەسەندنی لۆژیک تا ئەو ڕادەیە سست و لەسەرخۆ بووە، بەدەگمەن نەبێ هەستی پێ نەکراوە و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە، لە پرۆسەی ئەو پەرەسەندنە هێمن و سیستمییە سێ قۆناغ لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:

**یەکەم**: چالاکییە لۆژیکییەکان لە چوارچێوەی ئیساغۆچی فیرفوریوس و چەمکەکانی ئەرستۆدا گیربان خواردووە.

**دووەم**: بازنەکە تۆزێک فراوانتر بووە، ئۆرگانۆنی ئەرستۆ کراوە بە سەرچاوە و سوودی لێوەرگیراوە. ئیتر لۆژیک کراوە بە ئامرازێکی گەیشتن بە ئەنجامێکی لە چوارچێوەی ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی ئاییندا دیار و دەستنیشان کراودا.

**سێیەم**: لەو قۆناغەدا لۆژیک لە چوارچێوەی بازنەی ئایینی- لاهووتی- میتافیزیکدا سەری دەرهێناوە و جۆرە سەربەخۆییەکی بەخۆیەوە دیوە. پێوانەی مامۆستای یەکەم وەک جاران باوی نەماوە و بایەخی پێ نەدراوە(٤)، بەڵکو بابەتی هەمەکییەکان سەرلەنوێ هاتوونەتەوە سەرخوانی باس و قسە لێکردن. کۆشش کراوە ساغ بکرێتەوە ئایا پێنج هەمەکییەکان (ڕەگەز، جۆر، جیاکار، تایبەتمەندی، ڕووکەش) لە دەرەوەی مێشکدا بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، یان هەر چەند وێنە و چەمک و بۆچوونێکن لە ناخ و مێشکدا؟ شاکاری ئیساغۆچی فیرفوریوس سەرچاوە و هۆکاری توێژینەوەی ئەو بابەتانە بووە.

٤- ولیەم ئۆکامی لە سەدەی چواردەدا ڕابەری ئەو ڕێبازە بووە کە چەمکەکانی بە چەند ناوێکی گشتی داناوە، بۆیە فەلسەفە- لۆژیکەکەی بە نۆمینالیستی ناسراوە. وشەکە خۆی واتای ناو دەگەیەنێ و لەوەوە سەپێنراوە گوایە ئەو چەمکانە لە چەند ناوێک بەو لاوە نین و ئەوی هەیە تەنیا شتی هەندەکییە.

ئۆکامی (١٢٨٥- ١٣٤٨ز) هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی شاکاری ئیساغۆچی بداتەوە، لە ئەنجامدا هەردوو بابەتی (تیۆری) زانین و لۆژیکی ئاوێتەی یەکتری کردوون و پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە هەمەکی بوونی نییە و «لە دەرەوەی ژیر و مێشکدا تەنیا هەر چەند بابەتێکی تاک بە چەند خەسڵەتێکی تاکەوە هەن.(٥)»

کەوابوو چۆن ئەو هەمەکییانە پەیدابوون؟ لە وەڵامدا ڕابەری ڕێبازی ناوەکی گوتوویەتی: کاتێک تێگەیشتن (فام) ئەو تاکەشتانە دەزانێ و پەیان پێدەبات دەستوبرد لێیانەوە چەند چەمکێکی گشتی- هەمەکی دادەڕێژێ و ئەو چەمکە گشتییە ڕۆنراوانە بە سمیبۆڵێکی سروشتی دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانە دادەنێ و بەکاریان دەهێنێ.

٥- شاکاری «ئۆرگانۆنی نوێ»ی فرەنسیس بیکۆن (١٥٦١- ١٦٢٦ز) بە کۆششێکی بوێرانەی ڕەخنەگرتنی لۆژیکی ئەرستۆ دادەنرێت. بەرهەمەکە خۆی لە دوو بەش پێکهاتووە:



کانت

- بەشێکی نێگاتیڤ- نالەبار-.
- بەشێکی پۆزەتیڤ- لەبار-.

ئۆرگــانونی نوێ Neues Organon لە بەشــە نالەبارەکەیدا قسـە لە چوار هەڵە- وەهم- دەکات گوایە زمان و هزر و کرداری مرۆڤیان بارگران کردووە، بوون بە جۆرە بتێک Idoles. بتیش لەسەردەمێکی دیاریکراودا پیرۆز بووە و پەرستراوە! بەڵام ئێستاکە ئەو سەردەمە بەسەرچووە، بۆیە پێویستە ئەو هەڵە- بتانە دووربخرێنەوە بۆ ئەوەی هزر و فەلسەفە و زانست لەسەر بنەمای پتەوی ڕاست و دروستی ئەزموونی دوور لە تێڕامانی میتافیزیک دابمەزرێن.

ئەو ئەرکە- ئەگەرچی واسووک و ئاسان نییە- کاتێک ڕادەپەڕێنرێ و ئەنجامی لەبار و دروستی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بێتو تیشک بخرێتە سەر لایەنە لاواز و کەموکورتی و نالەبارییەکانی لۆژیکی ئەرستۆ کە بە ئۆرگانون ناسراوە. بەلای بیکۆنەوە لۆژیکی ئەرستۆ لەو خاڵانەدا گازندە هەڵدەگرێ:

- لە جیاتی توێژینەوەی شت و دۆزینەوەی قانوونە سروشتییەکان، سەرگەرمی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی وشە و چەمک بووە، ئەم ئەرکەش چاوەڕێی سوودێکی ئەوتۆی زانستی لێناکرێت و هیچی بەدواوە نایەت!
- پێوانە لە لۆژیکی کۆندا پشکی سەرەکی و بگرە سەرپشک بووە، کەچی لە چەند دەستەواژەیەک پێکهاتووە، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە لە چەند گوتەیەک پێکهاتوون، کە برێک واتا و هزری نێو مێشک دەردەبڕن، بۆیە شتێکی ئەوتۆ نادەنە دەست و بایەخێکی زانستییان نییە، ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات پەنا ببردرێتە بەر ئیندەکشن و میتۆدەی ئەزموونی. ئەو میتۆدەیە دەبێ لە دوو هەنگاوی سەرەکی پێک بێت:

**یەکەم**: مشتومالکردنی هزر و پرۆسەی بیرکردنەوە، پاک کردنەوەی لە گشت بڕیارێکی پێشیانە و ئەو هەڵانەی بۆ مرۆڤ ماونەتەوە. ئەو هەنگاوە لە تێپەڕاندن و وەلانانی چوار هەڵە- بتەکان پێکدێت:

- بت و هەڵەی خێڵ:

ئەمە هەڵەیەکی ناوکۆیی و هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤاندا هەیە. بەوەدا دەردەکەوێ کە مەیلی ئەوەمان هەیە شت بەگشتی بەدی بکەین و ئینجا بوونی نەزم و ڕێکوپێکی لەخۆمانەوە لە سروشتدا گریمانە دەکەین.

- بت و هەڵەی ئەشکەوت:

ئەو جۆرە هەڵەیە تایبەتە بە تاکەکەسان و مرۆڤی تاک دەگرێتەوە. هەرکەسە جیهانێکی تایبەتی خۆی و هەیە وەک ئەشکەوت وایە تێیدا دەژی و لە سۆنگەی تایبەتی خۆیەوە سەرنج دەدا و بڕیار دەردەکات.

- هەڵە و بتی بازاڕ:

پێوەندی بە وشەکانی زمانی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە کە مرۆڤ ڕۆژانە هەڕەمەکی و بەبێ سەروپا بەکاریان دەهێنێ.

- بت و هەڵەی شانۆ:

مەبەست لەو کارەیە پێشینان لە نەوەی نوێ دەکەن. ئەو کارە لەوە دەچێ چۆن ئەکتەر لەسەر شانۆ بەهۆی چالاکییەکان لە چوارچێوەی شانۆگەرییەکەدا لە بینەرەکانی دەکات(٦). ژیانی مرۆڤ خۆیشی لەو نواندن و کارتێکردن و شانۆگەرییە بەو لاوە شتێکی دیکە نییە!

**دووەم**: زانین و پرۆسەی جێبەجێکردنی میتۆدەی ڕەوا و ڕاست و دروستی بیرکردنەوە و توێژینەوە دەگرێتەوە(٧). ئەوەش خۆی لەخۆیدا میتۆدەی ئەزموونی- ئیمپیریبە و پشت بە ئیندەکشن دەبەستێ کە ئۆرگانی زانستە سروشتییەکانە.

٦- فەیلەسووف و هزرمەند و سیاسەتمەدار و قانووننناسی ئەڵمان گوتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس (١٦٤٦- ١٧١٦ز) بەو ڕابەرە دادەنرێ بۆ دانانی بنەڕەتی لۆژیکی بیرکاری هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە. بیرکاری (ماتماتیک) ئەو بنەمایە بووە جیهاندیدە

فـەلسـەفـەییە- لۆژیکـیـیـەکـەی لەسـەر ڕەنگرێژراوە و دامەزراوە. ئەو جیهاندیدە پشتی بە تیۆرییەک بەستووە لە دوو بنچینە پێک بێت:

– هەمەکی و گشتی بێت.

– سیستمێکی شرۆڤە هەڵنەگری بەڵگەنەویست(٨) بێت (axiomatic)، بەڵام بۆ شرۆڤەکردن دەست بدات و بەکاربهێنرێت و کاکڵەی زانستی لێ پێک بێت. ئەوەش لە ژمێرە «کەلکول KalKul» بەو لاوە نییە. ئەو بۆچوونەی لایبنیتس، وەک سەرچاوەکانی قسەیان لێکردووە- لە بڕیارێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە فەلسەفەی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستەوە خواستوویەتییەوە. بڕیارەکە ئەوەیە:

«ڕەب هەمـوو شتێکی بەپێی کێش و پێوەر و ژمارە داهێناوە(٩).» خۆ ئەگەر هەندێک شت نەکێشرێ، لەبەر ئەوەی بچووک و بێ کێشە بن و قورس نین، هەندێکی تر نەپێورێن، چونکە پارچە و بەش و کوتیان نییە، ئەوە شتێک نییە لە بوون و جیهاندا ئەگەر نەژمێردرێ! لەو کەلکول- ژمێرەیەی لایبنیتس پەرەی پێداوە، ئەو سیمبۆلانەی بە «گۆڕاو و پێوەندی» ناودەبرێن شرۆڤە کراون. ئەو دوو بابەتەش کەرەسەی سەرەکی لۆژیکی نوێیان لێ پێکهاتووە. ئامرازەکانی پێوەندی خۆیان تەنیا هەر بەهۆی چەند پرۆسەیەکەوە کە لە ژمێرەدا لەگەڵ ئەواندا جێبەجێ دەکرێن، دیار و دەستنیشان دەکرێن. لەو پرۆسەیەدا لەجیاتی گۆڕاوە لۆژیکییەکان پیتی نووسینی وشەی لاتینی بەکارهێناوە و بەشێوازی جیاواز شرۆڤەی کردوون و دەربارەی ئامرازی پێوەندییەکانیش هەمان ڕێگای گرتۆتەبەر.

بۆ نموونە:

$A = A$، لێرەدا پێوەندی = بە واتای «یەکسان» بەکارهێنراوە.

$A = A$ پێوەندی = لەجیاتی ناکردن بەکارهاتووە، کە واتای جیاواز دەگەیەنێ.

ئیتر گۆڕاوی A لە $A =$ جیاوازە، دەکرێ بەو جۆرە شرۆڤە بکرێت: کە مرۆڤ دەڵێ ئەو پیتە «گۆڕاوە» مەبەست لەوەیە بەهایەکی دیاریکراوی نییە و بەپێی هەلومەرجی بەکاربردنەکەی بایەخ و بەهاکەی گۆڕانی بەسەردا دێت.

$A = A$، گۆڕاوی A چەمکێکی ئاسایی بێ ناکۆکییە، بەڵام $A = A$ شتێکی دیکەیە، چونکە گۆڕاوی A لەو هاوکێشەیەدا لەخۆیدا ناکۆکە، چۆن دەکرێ شتێک لەگەڵ خۆیدا جیاواز بێت؟! لایبنیتس لەوە دڵنیا بووە نموونەی دووەم هیچی لێ ناکەوێتەوە و سوودی لێ وەرناگیرێ، چونکە چەمکەکە لەخۆیدا لەگەڵ خودی خۆی ناکۆک و ناتەبایە!. هەنگاوێک لەو گۆڕەپانەدا سەرکەوتووانە هەڵیگرتبێ کۆششەکەی بووە سیمبۆڵەکانی نێو ژمێرە کەلکولەکە بە شێوازی جیاواز لێک بداتەوە و شرۆڤە بکات، بۆ نموونە: پیتەکان بە قەوارە، یان بە ژمارە دانراون. بەم پێیە دەرگای چوونە نێو جیهانی بەرینی ئەریتماتیک، جەبر خراوەتە سەر پشت.(١٠)

خۆ ئەگەر پیتەکانی بە «خاڵ» سەرنج بدرێن دەرگای چوونە نێو جیهانی بەرینی ئەندازە باز دەبێ و دەکرێتەوە. لایبنیتس دوو ڕێتێچوونی لەبەردەم دابووە:

– ئەگەر لە هەردوو ئەو نموونانەدا پیتەکان بە چەمک دابنرێن جۆرە ژمێرە- کەلکولیک دەستگیر دەبێ کە دەبێ ئەو بەشەی زمانە زانستییەکەی تێدابێ کە کاتی خۆشی لە پێوانەی لۆژیکی مامۆستای یەکەمدا قسەی لێکراوە.

– خۆ ئەگەر وادابنرێن خاڵی پراکسیسی ئەندازیارین، ئەوە ژمێرەیەکی کەلکولی لە جەبر جیاواز دێتە ئاراوە. هەرچۆنێک بێ وەڵام بەلایەکدا خستنەکە، ئەو خاڵە بۆ ئەو فەیلەسووفە تۆمارکراوە کە بەردی بناغەی جۆرە جەبرێکی لۆژیکی و لۆژیکی بیرکاری داناوە.

٧- لە دەستپێکی ئەو پرۆژە زانستییەیدا لایبنیتس بیرۆکەی دانان و ڕەنگڕشتنی زمانێکی گشتی- سەرتاپاگیر کە ئەوسا بە لاتینی ناوی [Characteristica Universalis]ی بۆ دانراوە، وروژاندووە و کاری بۆ کردووە. ئەو زمانە دەبوایە، ئەو وای بۆ چووە، ئەو مەرجانەی تێدا بێت:

– لە جیاتی وشەی ئاسایی زمانی ڕۆژانە سیمبۆڵ و هێمای جەبر بەکاربهێنێ.

– توانا و لێهاتوویی و مەرجەکانی زمانی بیرکاری تێدابێ و هەبێ بۆ ئەوەی شتی لێبکەوێتەوە.

– لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو زمانە تایبەتمەندی خۆی هەبێ و لە زمانی بیرکاری (ماتماتیک) جیابێ. ئەو جیاوازی و سەربەخۆییەی خۆی بەوەدا پشت ڕاست بکاتەوە، زمانێکی سەرتاپاگیری هەمەکی بێت و چەند

چەمکی گشتی لۆژیکی بەکاربهێنێ(١١).
ئەو هەنگاوەی ئەو فەیلەسووفە، کە بۆی تۆمارکراوە، ڕێچکەی ئەو دابونەریتەی شکاندووە کە لەسەردەمی ئەرستۆوە پەیڕەوکراوە و بۆ قسەکردن لە لۆژیک زمانی نەتەوەیی بەکارهێنراوە. لەلای لایبنیتس و دواتر لەلای زانایانی لۆژیک ئەو دابو دەستوورە بە تەواوەتی گۆڕاوە، لەجیاتی زمانی ئاسایی (سروشتی) کە شتی پێ نووسراوە، زمانێکی تەکنیکی جیهانی بەکارهاتووە. ئەو زمانە نوێیە تەکنیکییە بەبێ پەنابردنە بەر دەربڕینی وشەی ئاسایی، خۆی ڕاستەوخۆ بیرۆکەکە دەردەبڕێ و بەرجەستەی دەکات. جگە لەوەی ئەو زمانە نوێیە ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنەی هەیە پابەندی کات و شوێن نییە!. بۆ نموونە ئەگەر بنووسرێ:

B = A

بە زمانی ئاسایی دەگوترێ: A یەکسانە بە B

ئەو وەرگێڕانە بە زمانی ئاسایی لە ڕوانگەی لۆژیکی نوێوە دروست نییە، چونکە لە یەکەمدا کاتی تێنەپەڕ مەبەست نەبووە و بەشێوەیەکی دوور لە کات بەکارهێنراوە، هەر ئەوەندە کراوە یەکەمیان شێوازی ناوی هەیە، کەچی بۆ دەستەواژەیەکی شێواز کردار گۆڕاوە.

A یەکسانە بە B

وادەگەیەنێ بنە A ئەو ڕۆڵە کە یەکسانە بە ڕۆڵی B دەگێڕێ و دەستبەکار دەبێ(١٢). گۆڕینی زمانی وشە بە زمانی سیمبۆڵی ئیدیوگرافی ideographic زمانەکەی لە بگرە و بەردە و کێشمەکێشی دەنگ و گێڕانەوەی چیرۆک ئاسا ڕزگار کردووە و لە جێگایدا نەزم و سیستمێکی ژیرەکی دەستووری پێکهاتەی سمبۆڵ و دەستەواژە ڕۆنان و ڕەنگڕشتنی داناوە، تێیدا هەر پیتێک چەمکێک نیشان دەدات. بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانە دەکرێ بگوترێ:

«زمانی ئاسایی ڕووی گوفتار لە گوێچکە و زمانی سیمبۆڵی ڕوو لە چاوی خوێنەر دەکات»(١٣).

ئەو زمانە کە پتر سروشتی تەکنیکی هەیە، ڕاستەوخۆ بە شەمەکی دەوروبەرەوە بەندە بەبێ ئەوەی پەکی لەسەر وشەی ئاسایی بکەوێت. ئەو دوو جۆرە زمانە:
- زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە.
- زمانی سیمبۆڵی تەکنیکی (زمانی زانستی).

لە هەردوو لایەنی پێکهاتە و مەبەست و ئامانجدا لە یەکتری جیاوازن، تایبەتمەندی زمانی ئاسایی پتر ئەو جیاییە دەردەخات:

زمانی ئاسایی لە بنیاد و واتا و دەلالەت Be-deutung پێکهاتووە، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە و لەنێو ئەوانەی پێی دەئاخڤن جێبەجێ دەکات، ئامرازی لە یەکتری گەیشتنە و بەهۆیەوە ئەوی دەویسترێ بە کەسانی دیکە دەگەیەنرێ.

بەکارهێنانی زمانەکەی دیکە کە بە زمانی زانستی ناوبرا بۆ ئەو مەبەستەیە بە شێوازێکی ورد و بێ کەموکوڕی ئەنجام و پرۆسە زانستییەکە دەربڕێ، بە هیوای کێشانی وێنەیەکی وردی ڕێکوپێکی زانستی ئەو بابەتەی کراوە بە کەرەسەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکە.

٨- لایبنیتس هەر لەسەردەمی چالاکی لاویەتییەوە گرفت و جیاوازی و ناکۆکی نێوان ڕێبازەکانی فەلسەفە سەرنجیان ڕاکێشاوە، سەرگەرمی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەبووە. لە بەرهەمێکی سەردەمی لاوێتیدا پێشنیاری کردووە زمانێک بەو جۆرە دابهێنرێت بە شێوازی جەبر ژمێرەیەکی ژیرەکی بێت، بەڵام پیتەکانی لەجیاتی وشە ئەلف و بێی هزری مرۆڤ بن و بەرانبەر بەو هزرە شیاوەکیانە بن کە سادە و ساکارن. ئەو هزرە ساکارانەش ئەو چەمکە سەرەتاییانە بن کە بەهۆی ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی ڕێزمان و پێکهێنان و ڕۆنانەوە چەمکە لێکدراوەکانیان لێوە بکەونەوە. بەو پێیە:

بۆ هەر چەمکێکی نێو دەستەواژەی زمانی ئاسایی ڕۆژانە، ژمارەیەک دیار و دەستنیشان دەکرێت، ئینجا هەوڵ دەدرێت بەپێی نموونە ژمێرە (کەلکول)ی بیرکاری(١٤) کەلکولێکی لۆژیکیانە لە جۆری جەبری چەمکەکان بێت ڕەنگ بڕێژدرێ. ئەو پرۆژەیە دوو خاڵ دەگرێتە خۆی:

- دەکرێ لۆژیک لە میتۆدە (پەیڕەوەکەی)دا وەک ئەندازەی ئیکلیدس ببێ بە سستمێکی دیدەکشنی ئەنجامگیرییانە. ئەو سیستمە لە چەند دەستەواژە-پرۆپۆزیشن-ێک پێکدێت بەهۆی چەند پێناسە و بەڵگەنەویست و بنەمایەکەوە ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە.

- لۆژیک لە زمان و بابەتەکەیدا دەکرێ زانستی جەبر بە نموونە پەیڕەو بکات(١٥): زمانەکەی سیمبۆڵی بێت و

بەچەند هاوکێشە و قانوون و ڕێسایەک پشت ببەستێ. بەو پێیە لەو پرۆسە زانستییەدا لیستەیەکی پێناسە و بنەما و بەڵگەنەویست دادەنرێ، بۆ بەدەستهێنانی چەند تیۆرییەک پشتیان پێدەبەستری. هەروەها لە پرۆسە لۆژیکییەکەدا چەند نەگۆڕێکی ژمێرەی بیرکاری: (+ ، × ، =) و هەندێک نەگۆڕی لۆژیکی: پەیوەست، جیاکار و یەکسان (٨ ، ٧، =) بەکاردەهێنرێن:

بۆ نموونە دەگوترێ:

$A\ \ B = B\ \ A$ یان

$A + B = B + A$

بەپێی سەرچاوەکان ئەو پێشنیار و کۆششەی لایبنیتس بەنیوەچڵی ماوەتەوە و کۆچی دوایی پێشوەختی دەرفەتی تەواوکردنی نەداوە.

٩- جۆرج بوول Boole دوای لایبنیتس سەرکەوتووانە هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕۆنانی جەبری لۆژیکی داوە. بوول (١٨١٥- ١٨٦٤ز) لە چەند بەرهەمێکدا کۆشاوە جەبر و بیرکاری و لۆژیک هەرسێکیان توندوتۆڵ پێکەوە ببەستێتەوە. لە جیاتی پرۆسە و ئۆپەراسیۆنە لۆژیکییەکان هاوکێشەی بیرکاری و سیمبۆڵی (+، - ، ×) کە لە جەبرەوە خوازراونەوە، کردوونی بە نموونە، پیتی وشەکانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو کۆششە هەر لە سەرەتاوە ئەو گازندەیە کراوە کە پتر دەچێتە خانەی جەبرەوە نەک هی لۆژیک. بەکارهێنانی هەردوو سیمبۆڵی کۆکردنەوە و لێدەرکردن (+ ، -) کە بوول بەکاری هێناون، ناچنە کایەی لۆژیکەوە، چونکە لە لۆژیکدا هێمایەک، سیمبۆڵێک نییە بەرانبەر بەو دوو سمبیۆڵە دابنرێت.

سیستمی سیمبۆڵی لۆژیکی نوێ شێوازی ئەنجامگیری هەیە. تیۆرییە لۆژیکییەکان لە چەند بنەمایەکی سەرەتاییەوە کە بە سیمبۆڵ دەردەبڕدرێن و بە چەند پرۆسەیەکی ورد و ڕێکوپێک کە بەوپەڕی وردی دادەڕێژرێن، دەکەونەوە. بە واتایەکی دیکە، سیستمی ئەنجامگیریی لۆژیکی واداڕێژراوە، لە سەرەتادا چەند گوتەی Term پێناسە نەکراو و پێناسە و گریمانە دادەنرێن، لێیانەوە هەنگاو هەڵدەگیرێ بە جۆرێک تیۆرییە خوازراوەکان بە ڕێکوپێکی لەو سەرەتایانەوە بکەونەوە. جۆرج بوول دوای لایبنیتس درێژەی بەکارەکە داوە و بە دامەزرێنەری جەبری لۆژیک دادەنرێ، بەڵام ئەو گازندەیە دەکرێ و ئەو ڕەخنەیەی لە پارسەنگ دەنرێ کە لەو باوەڕەدا بووە بیرکاری بنەمایە و لۆژیک(١٥) لقێکە لێیەوە کەوتۆتەوە، کەچی دواتر بەپێچەوانەوە توێژینەوەکان ساغیان کردەوە بیرکاری خۆی لۆژیکێکی پەرەسەندووە. بوول یەکەم بیرکارە میتۆدەی جەبر و پرۆسەی ژمێریاری- بیرکاری هێناوەتە نێو لۆژیکەوە.

## بەشی دووەم
## لۆژیکی بیرکاری

ئەگەرچی وا سووک و ئاسان نییە سنوورێک و جۆرە دابڕانێک لەنێوان لۆژیکی کۆن (ئەرستۆ) و لۆژیکی بیرکاری (نوێ) بەرجەستە بکات، بکێشرێ، چونکە کۆششە زانستییەکەی مامۆستای یەکەم سەرچاوەی هەڵهێنجانەکە و ئەو بنەمایە بووە، دواتر لۆژیک لەسەری دامەزراوە، پەرەی سەندووە. خۆ ئەگەر دان بە بوونی جیاوازی نێوان هەردوو بابەتدا بنرێت، ئەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، پەیڕەو و ئامانجی هەر یەکێکیان بەهۆی ئەو هەلومەرجەی مایەی پەیدابوونیان بووە، ئەو مەبەستەی ڕەنگی بۆ ڕێژدراوە جیاوازبوون. لۆژیکی کۆن لە کەشوهەوایەکی تایبەتیدا شین بووە و هاتووەتەبەر، لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانی ئاساییەوە پەنای بۆ شیکردنەوەی هزر بردووە، بەڵام کێشەکە لە لۆژیکی نوێدا بە تەواوەتی لە ڕەوشێکی دیکەدا پێگەیشتووە، ڕەوشی هیچی تر بڕنەکردنی ئەندازەی ئیکلیدس و دەرکەوتنی ناکۆکی و کێشە لەنێوان پێکهاتەکانی بیرکاری (ماتماتیک)دا. بۆیە ئەو هزرمەندانە پەنایان بردۆتە بەر میتۆدە و بابەتی لۆژیک تاوەکو بتوانن ئەو کێشە و بەرانە بەلایەکدا بخەن. پەنا بردنە بەر لۆژیکەکە ئەگەرچی لە سەرەتادا واپێویستی کردووە لۆژیک بخرێتە نێو بیرکارییەوە، ئەو هەنگاوە بۆتە مایەی ئەوەی ئامراز و ئۆرگانە کۆنەکەی لۆژیکی مامۆستای یەکەم کە لە توانایدا نەبووە ئەو ئەرکە نوێیەی پێی سپێردراوە ڕای بپەڕێنێ، نوێ بکرێتەوە، بەڵام چەند خاڵێک لەم بوارەدا نابێ پشتگوێ بخرێن:

**یەکەم:** لۆژیکی نوێ ئەگەرچی لە ڕوخسارەکەیدا جیاوازبێ هەر لقێکە لە درەختی لۆژیک خۆی و لەو دەڤەرە ناچێتە دەرەوە، بەڵام ڕاستیشە:-

**دووەم:** ئەو لۆژیکە نوێیە لە زەمینەی بیرکاریدا شین

بووە و کەمتر لە فەلسەفەوە کەشوهەوای هاتنەبەری بۆ دابین کراوە(١٨).

**سێیەم:** ئەو بڕیارە ڕەوا نییە کە وای داناوە لۆژیکی نوێ بە هەموو بەشەکانییەوە بابەتی سەرەکی فەلسەفە بێ، بەڵکو لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە.

**چوارەم:** هەردوو لۆژیک خاڵی لەیەکتری چوون پێکەوە کۆیان دەکاتەوە و خاڵی جیاوازیش (میتۆدە و بابەت و ئامانج) لە یەکتری جیایان دەکاتەوە. هەردووک لق لایەنی لەبار و نالەباریان هەیە.

**پێنجەم:** ئەگەر لۆژیکی نوێ لافی جیاوازی بابەت و ڕوخسار لێ بدات هەمان شت، بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاواز، لە لۆژیکی کۆندا دەبینرێ. هەردووکیان بەهۆی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنی ئامرازی دەربڕینی هزر کە زمانە بەو ئاست و پلەیەی گشتی کردن و هەمەکی بوون و ئەبستراکت گەیشتوون.

## کە لەبەرەکانی لۆژیکی کۆن لە ڕوانگەی لۆژیکی نوێوە

دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین لۆژیکی ڕوخسارەکی مامۆستای یەکەم بەشێکی بچووکی ئەو جیهانە پانوبەرینەیە پێکدەهێنێ کە لۆژیکی نوێ دایهێناوە، بۆیە هەر لە دوای پێچرانەوەی دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و پەرەسەندنی زانست بەگشتی و بیرکاری و ئەندازەی نائیکلیدسی و جەبر، ڕەخنەی لێگیراوە و تۆمەتی ناتەواوەتی و کەموکورتی خراوەتە پارسەنگییەوە. هێرشێک کە لەو کایەیەدا سەرنج ڕادەکێشێ لۆرد بیرتراند ڕەسڵ کردوویەتی. ڕەسڵ وتوویەتی: «ئەوی لەو سەردەمەماندا بخوازێ لۆژیک فێر بێ، تەنیا هەر کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات ئەگەر ئەرستۆ، یان بەرهەمێکی قوتابییەکی بخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی بەرهەمە لۆژیکییەکانی گەواهی توانایەکی زۆروزەبەندە و گەورەن، بۆ مرۆڤایەتی سوودبەخش دەبوون ئەگەر لەکاتێکدا نووسرابانایە و دەرکەوتبانایە کە ڕەسەنێتی گیانی زیندووی داهێنان هەر لە ئارادابووە، بەڵام بۆ بەدبەختی ئەو بەرهەمانە لە کۆتایی قۆناغی بیری داهێنەرانەی یۆنانیدا بڵاوکراونەتەوە، بۆیە بە چەند بەرهەمێکی گرنگی بەلایەکدا خەرانە پەسندکراون. تا ئەو کاتەی جارێکی دیکە هێزی گیانی ڕەسەنی لۆژیک ژیاوەتەوە، ئەرستۆ دوو هەزار ساڵ لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بووە و سەخت بووە تاجەکەی لەسەر سەری لابردرێت(١٩)».

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو ڕەخنە و گازندەیەی لۆرد ڕەسڵ بدات، خۆیشی گازندە و ڕەخنە لە دوو لاوە هەڵدەگرێ:

**یەکەم:** ئاواتەکەی ڕەسڵ لە چوارچێوەی نامێژوویی Ahistorisch ناچێتە دەرەوە، چونکە هەلومەرجی هەڵکەوتی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەی باسی دەکات نە بەهەند دەزانێ و نە لەبەرچاو دەگرێ. گریمانەکەشی لە خۆزگە و ئاوات بەو لاوە نییە. دەبێ چۆن بکرێت بابەتێک لە چلەپۆپەی پەرەسەندنی هزری فەلسەفەدا داهێنرابێ، هیوای ئەوەی بۆ بخوازرێ لە سەرەتای سەرهەڵدانی هزرەکەدا بووبایە!؟ دەبێ چۆن هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموون و پەرەسەندە ڕیشەگر و سەرتاپاگیرەی فەلسەفەی یۆنان و هەلومەرجی ئەو پرۆسەیەی بۆتە مایەی داهێنانی لۆژیکەکە لەبەرچاو نەگیرێ و خۆزگەی سەرەتاکەی بۆ بخوازرێ؟! لە چ سەردەم و هەلومەرجێکدا ڕووی داوە داهێنان لە سەرەتادا بێ و هەبووبێ؟!

**دووەم:** ڕەسڵ لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە کە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری تایبەتی داوە و ئامانجی دیاریکراوی لە دڵدابووە سەرنجی لۆژیکی ئەرستۆی داوە. ڕەسڵ خۆی ڕابەرێکی لۆژیکی بیرکارییە و ئەم دووانە لە ئامراز و ئامانج، لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لە یەکتری جیاوازن، بۆیە نابێ بڕیارەکەی ڕەسڵ پەسندبێت، چونکە داواکارییەکەی دەبێ ڕووبەڕووی لۆژیکی بیرکاری بکرێتەوە نەک هی ئەرستۆ.

ڕاستە لۆژیکی ئەرستۆ بەشێکە لەو جیهانەی لەو سەردەمەماندا بە لۆژیکی مودێرن دادەنرێ. لەلایەن ڕابەرانی ئەو مەیدانەوە چەند کەموکورییەک دەخرێتە پارسەنگییەوە بە تایبەتی:

**یەکەم:** تەنیا بایەخ بەیەک بابەت دەدات، بابەتی ئەنجامگیری کە پێوانەیە. پێوانەکەش لایەنی تایبەتی و بچووکی بابەتەکە دەگرێتەوە.

**دووەم:** سیستم و نەزمێکی سیمبۆلی تێدا نییە پێوەندییە لۆژیکییەکان دەربڕێ، چونکە خۆی لەخۆیدا بریتییە لە لۆژیکی بنەوبار. بکەرێک خەسڵەتێکی

دەدرێتی و لێیەوە ئەنجامێک دەکەوێتەوە پێشییانە لە پێشەکییەکەدا گریمانەی بوونی کراوە.

**سێیەم**: بە شێوازێک کە بە زانستی بیرکاری پشت ئەستوور بێت، ئەو پێوەندییە لۆژیکییانە شیناکاتەوە(٢٠).

**چوارەم**: زۆرجار لە جیاتی سیمبۆڵ و هێما وشە و گوتە بەکاردەهێنێ، پەنادەباتە بەر زمانی ژیانی ڕۆژانە.

لاری لەوە نییە ئەو گازندە و ڕەخنانە جۆرە ڕەوایی و دروستییەکیان تێدایە، بەڵام لەو چوارچێوەیەش ناچنە دەرەوە کە ڕەنگەکەی لۆژیکی نوێ ڕشتوویەتی. ئەگەر لۆژیکی مامۆستای یەکەم بریتی بووبێ لە:

- چەمک Begriff
- بڕیار (حوکمدان) Urteil
- ئەنجامگیریی(٢١) Schlussfolgeruny

ئینجا ئەگەر زمانی ژیانی ڕۆژانەی کردبێ بە بابەتی ئامرازی توێژینەوە، ئەوە وەک لۆژیکی نوێ لایەنی فۆرم و ڕوخساری ئەو بابەتەی بەلاوە گرینگ بووە و ڕوخسارییە ڕووت و بێگەرد و سیستم و نەزمییەکەشی، ئەگەرچی لێرەدا ڕێژەیی بووبێ، بەهۆی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنی بیر و هزرەوە و لە ڕێگای ئەبستراکت و بە پەتی و گشتی و هەمەکی کردنەوە پێی گەیشتووە و بە دەستی هێناوە.

لۆژیکی کلاسیکی بابەتی فەلسەفە خۆی بووە، لۆژیکی نوێ لەلای خۆیەوە بابەتی بیرکاری و زانست و تەکنۆلۆژی و ئەندازە و جەبر و زانستە ستراتیژییەکانە ئینجا هی فەلسەفەیە. لۆژیکی نوی ئەگەر بشێ بە زانست ناوببردرێ کۆشاوە بنچوینەماکانی بیرکاری جێگیر بکات، تێکڕای چەمک و هاوکێشەکانی بیرکاری لە چەمک و ڕاستییە لۆژیکییەکانەوە بخاتەوە و وەربگرێ. لۆژیکی نوێ دەستەبەری بنەماکانی بیرکاری دەبێ و پرنسیپ و بنەماکانی دەداتە دەست(٢٢).

دەمێنێتەوە لایەنی فۆرم و ڕوخسارەکی لۆژیک. مامۆستای یەکەم لە شاکاری «شیکردنەوەی یەکەمدا» قسەی لە پێوانە کردووە. ئەو بابەتە ئەو شێوازە ڕوخسارەکییە، فۆرمییەی کە لۆژیکی نوێ سوودی لێ وەرگرتووە، جێگیری کردووە، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو بۆچوونانە جیاوازی نێوانیان لە دوو خاڵەوە کەوتۆتەوە:

**یەکەم**: بابەت و پەیڕەو و ڕێباز و مەبەستی لۆژیک خۆی، چۆن تەماشای دەکرێ و بەچی دادەنرێ؟!

**دووەم**: ئەو پێوەندییەی لۆژیک بە فەلسەفە و بیرکارییەوە هەیەتی چییە و چۆنە؟!

لەگەڵ ئەو لایەنە جیاوازانە هەردوو جۆری لۆژیکی کلاسیکی و نوێ، پەیڕەو (میتۆدە) پێکەوە کۆیان دەکاتەوە کە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕوخساری هزر و بیر. هزر چالاکییەکی نامادی- گیانی مرۆڤە، چوارچێوە و دەفریکە هەستونەست و هۆش و ئاواتی مرۆڤ تێیدا دادەڕێژرێن و بەهۆی ئامرازێکی تایبەتییەوە دەردەبڕدرێن و بە کەسانی تر دەگەیەنرێن. ئەو ئامرازە لە زمان بەولاوە نییە، بۆیە لۆژیک هەر لە سەرەتاوە کردوویەتی بە کەرەسەی شیکردنەوە. زمان چەندین پێکهاتەی جیاوازی هەیە، لەنێوان ئەو پێکهاتانەیدا لۆژیک ئەو لایەنانە هەڵدەبژێرێ و دەیکات بە کەرەسەی توێژینەوە:

**یەکەم**: گوتە: بە زمانی عەرەبی (حد)ی پێدەگوترێ و چەند واتایەکی پەتی (ئەبستراکت) و گشتی دەگرێتەوە و تاکەکان و دەلالەتی هەیە. بە لاتینی (Term)ی پێ دەگوترێ.

**دووەم**: دەستەواژە (پرۆپۆزیشن): ئەو پێکهاتەی زمانە بڕیار و (حوکم) دەردەبڕێ بەوەی پێوەندییەکانی نێوان گوتەکان ئارێ، یان نارێ دەکات.

**سێیەم**: ئەنجامگیری: لە چەند پێشەکییەکی گریمانە کراوەوە ئەنجامێک دەکەوێتەوە(٢٣).

هزریش کاتێک بە بابەتێکی دروست و لۆژیکی دادەنرێ، ئەگەر پەیڕەوی ئەو سێ بنەمایە بکات کە بە سێ بنەڕەتە گشتییەکانی ئەنجامگیری لۆژیکییانە ناودەبرێن، بە هیچ جۆرێک ناکرێ هزری ڕاست و دروست دەستبەرداریان بێت:

**یەکەم**:

بنەمای خۆیەتی: ئەو بنەمایە ئاکردن بەگشتی لە دەستەواژە و بڕیارداندا پشت ڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە دەگوترێ: مرۆڤ هەر مرۆڤە. ڕاستی هەر ڕاستییە. لێرەدا هەردوو بابەتی کات و شوێن بەلاوە دەنرێن و ئەو بنەڕەتە گشتییە ڕۆدەنرێ کە پرۆسەی ئاکردن و ڕەواکردن پەیڕەوی دەکەن و پابەندی دەبن. ئەو بنەمایە بە شێوازە سیمبۆڵییەکەی دەنووسرێ:

هەمیشە A هەر A یە.

ئەو بنەمـایە ڕێگا نادات بڕیار (حـوکـمـێک) بدرێت تێیدا «بار» بە پێچەوانەی «بنەوە» بێت، یان یەکێکیان بەوی دیکەیان ناکۆک بێت. بۆیە دەگوترێ لەو بنەمایەدا ئەنجامی دەسـتەواژەکە لە دەستەواژەکە (پڕۆپۆزیشنەکە) خۆی بەولاوە نییە. دەستەواژە و بڕیاری ڕاست هەمیشە هەر ڕاستە. سپی هەر سپییە. لە لۆژیکی نوێدا بەو جۆرە بنەمـا- دەسـتـەواژەیە دەگـوترێ: هەمـان گـۆیی Tau-tologie، تێـیـدا یەک شت هەر خـۆی دووجـار دووبارە دەبێتەوە(٢٤).

**دووەم**: بنەمای بێ ناکۆکی:

ئەو بنەمایە، ڕێسا و بنەڕەتی ناکردن دادەنێ.

هیچ کـاتێـک A نا A نیـیـە. لێـرەدا «نا A نیـیـە» دەستەواژەکە نا دەکات. بۆیە دەکرێ بگوترێ بەپێی ئەو بنەمایە ناکرێ دوو بابەتی بەیەکتری ناکۆک هەردووکیان پێکەوە ڕاست بن. ئەگـەر بابەتێک ئابکرێ، ناکـرێ لە هەمان کاتدا نابکرێ. بۆ نموونە: ئەگەر بگوترێ:

هەموو مرۆڤێک دەمرێ ناکۆکەکەی ئەوەیە:

ڕاست نییە بگوترێ هەمـوو کەسێک دەمرێ.. لەمەوە ئەو بڕیارە دەکـەوێتـەوە: نا «هەندێک کـەس نامـرن»، کەچی پێچەوانەکەی ئەوەیە:

هیچ کەسێک نامرێ. بە سیمبـۆڵ بەو جۆرە دەنووسرێ $\neg(A \neg A)$

**سێیەم**: بنەمای بێ مامناوەندی(٢٥):

دەســـتـــەواژەیـەک، بڕیـارێک ڕاســـتـــە، یان چەوتە لەنێـوانیـاندا ڕەوشێکی دیکە نیـیـە. شت سپـییـە، یان سپی نییە. گەرمە، یان گەرم نییە ڕێتێچوونێکی دیکە لەنێوانیاندا نییە.

دوو بڕیار، دوو دەستەواژە و بڕیاری ناکۆک بە یەکتری ناکرێ هەردووکیان چەوت و ناڕاست بن.

لەنێوان (A نا A)دا ڕێتێچوونی سێیەم، مامناوەندی نییە. خوێندکار زیرەکە، یان زیرەک نییە. ناکرێ ئەو دوو دەستەواژە دژ بەیەکترییە هەردووکیان پێکەوە چەوت بن. ئیتر دەبێ یەکێکیان ڕاست و ئەوی دیکەیان چەوت بێ. ئەگـەر یەکـێکیـان نـابکرێ ئەوی دیکەیان دەبێ ئاکـراو و ڕاست بێ. بە سیـمبـۆڵ بەم جۆرە نیشـان دەدرێت: $(A$ ٧ $\neg A)$.

**لە لۆژیکی ئەرستۆوە بەرەو لۆژیکی نوێ**

١- لە یەکتری جیاوازبوونی هەردوو لۆژیکی ئەرستۆ و لۆژیکی نوێ شتـێکی ئاسایی و سروشـتـیـیـە، ڕەوشی مێژوویی پەرەسەندنی ژیان و زانست و کۆمەڵگا پاساوی دەدەنەوە و ڕەوای دەکەن.

ئەو هەلومەرج و ڕەوشەی مامۆستای یەکەم تێیدا ژیاوە و چالاکانە دەستبەکار بووە، بۆتە مایەی پەیدابوونی ئەو جۆرە لۆژیکە کە بە فۆرمی- لۆژیکی بنەوبار ناوبراوە. بە هەمان شێوە و جۆر، دوای گۆڕانی هەلومەرجەکە گۆڕانیش بەسـەر بابەتی لۆژیکدا هاتووە، با ئەو گـۆڕانە بچـووک و هەندەکـیش بـووبێ. ئەگەر لۆژیکی نوێ پتـر بەلای بابەتی پێـوەندییـە لۆژیکیـیـەکـاندا بچێ و بابەتی بنەوباری پشتگوێ خستبێ، ئەنجامێکە لە پەرەسەندنی بیرکاری و ئەندازە و زانست بەگشتی کەوتۆتەوە.

ڕاستە لۆژیکی ئەرستۆ لەم سەردەمەماندا بایەخێکی مـێـــژوویی هەیە، بەڵام تایبـــەتمەندی دیار و بەرچاوی قـۆناغـێکی دیاریکراوی پەرەسـەندنی هزر و زانست و کۆمەڵگای ئەوسای یۆنانی تۆمار کـردووە. لۆژیکی نوێ بەرهەمی هەلومـەرجێکی دیکەیە کـە دوای زنجیـرەیەک پەرەسەندنی ئەڵقە جیاواز پێی گەیشـتووە، بۆیە ئاساییە کە هەردوو لۆژیکەکە لە یەکتری جیاوازبن. دوو بابەت لە یەکـتـری جیـا دەبن ئەگـەر هاتو مـیـتـۆدە و کـەرەسـەی توێژینەوەکەیان لەیەکتری جیابوو. جیاوازییەکەش نەک لە یەکـتـری چوون کـارەکـتـەر و کـەسایەتی و سـروشـتی ڕەسـەنی بابەتەکە پشت ڕاست دەکـاتەوە. بۆیە ئـاسـاییـە ئەگـەر بگوترێ لۆژیکی کلاسیکی کە داهێنانی ئەرسـتـۆ بووە لە لۆژیکی نوێ جیا بووە. هەلومـەرجی پەیدابوون و مـەبەست و ئـامـانجی داهێنـان و پەرەپێـدانەکـەیان جـیـا بوون، چونکە:

**یەکـــەم**: بەهۆی ڕەوشی ئـایینی و کــۆمـــەڵایەتی و فـــەرهەنگی ســـەدە دووروودرێژەکـــانی ناوەڕاســـتـــەوە پەرەسەندنەکە ئەوەندە هێدی و هێمن و لەسەرخۆ بووە بە دەگمەن نەبێ هەستی پێ نەکراوە.

**دووەم**: ئەو دەسەڵاتەی ئەرستۆ لەو سەردەمەدا هەیبووە و لە دوای قـۆناغـی خـۆشی ڕەوشـێکی دەروونی لەلای لاهووتی و فـەیلەسـوفـەکـان دەسـتـەبەر بووە وای دابنێن ئەوی پێـویست بـووە، ئەرسـتـۆ لە لۆژیکدا گـوتوویەتی و کـردوویەتی، بۆیە نـاکرێ ئەو لۆژیکە دەسکاری بـکرێت و شتی لێ کەم بکرێت، یان بخرێتە سەری!

**سێیەم**: بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لۆژیک شان

به شانی بابەتی ئەندازە و مێژوو و لاهووت لە خوێندنگا ئایینییەکاندا خوێنراوە، بەڵام چۆن خوێندنێک کە سوود و قازانجی بنەما و دۆگمەکانی کڵێسە و ئایینەکەی تێدابێ. ئەمەش وای کردووە لۆژیک ببێ بە چەند دەق و تێکستێکی وشکی بێ گیان و لەلایەن خوێندکارانەوە ئەزبەر بکرێ، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی لێی حاڵی بن. ئەنجامەکەی ئەو ڕەوشە دوور لە زانستییە بووە کە بریتی بووە لە بەشدارییەکی بچووکی دەسکاری کردنی ئەو بنەما سەرەتاییەی زمانی تەکنیکی لۆژیکی ئەرستۆ کە کاتی خۆی مامۆستای یەکەم ڕەنگی ڕشتووە. ئەو دەسکەوتە بچووکە کە شایانی باسکردن نییە هەزار ساڵی سەدەکانی ناوەڕاستی خایاندووە.

**چوارەم**: لاوازبوونی دەسەڵاتی ئایینی کڵێسەی مەسیحی بەسەر کۆمەڵگادا وردە وردە ئازادی کەوتۆتەوە و کۆمەڵگا سەربەست بووە کەشوهەوای لە باری پەرەسەندنی کولتووری ئازادی و پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دابین بووە. پەرەسەندنی زانست پێویست بە ئامرازی زانستی هەبووە ئەوەش لە لۆژیک و بیرکاریدا دۆزراوەتەوە ئەو ڕەوشەی بۆ زانست هەڵکەوتووە، بۆتە مایەی بەدی هێنانی گۆڕان لە لۆژیکی کلاسیکی، بە تایبەتی و لە لۆژیکدا بەگشتی، بۆیە دەکرێ باسی جیاوازی هەردوو لۆژیکەکە بکرێت. جا ئەو جیاوازییە لە ئەرک و فرمان و ئامانجی پێ سپێردراوبێ، یان لە ئامراز و بابەتەکەدا بێ، لێرەدا بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و سەرنج ڕادەکێشێ.

٢- ئایا ئەو گۆڕانە بوو بە مایەی ئەوەی لۆژیکی نوێ لۆژیکە کۆنەکە بەلاوە بنێ و جێگاکەی بگرێتەوە، یان پەرەسەندنی داهێنانەکەی مامۆستای یەکەمە، پەرەسەندنێک لەگەڵ ڕەوش و هەلومەرجی نوێی دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا بگونجێ؟!

ئایا پتر هەمەکی و گشتی بوون و ئەبستراکت (پەتی بوون) کە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی سەرنج ڕاکێشی لۆژیکی نوێیە بەهۆی پەنابردنە بەر بیرکاری و پێداویستی پەرەسەندنی زانست بووە؟!

وەڵامەکان هەرچۆنێک بن، لەو ڕاستییە لاری نییە کە لۆژیکی مامۆستای یەکەم لە جیهانی میتافیزیک و ئۆنتۆلۆژیدا و نوێیەکە لەسەر بنەمای بیرکاری دامەزراوە. لۆژیکی کۆن بەلاوە نەنراوە و نوێیەکە جێگای نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەها و بایەخی خۆی هەرماوە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تری خۆی هەیە کە پاساوی بوونە سەربەخۆییەکەی دەدەنەوە.

دوو بابەت لە ئارادان هەردووکیان شایستەی ناوی لۆژیکن، بەڵام لە دوو ڕەوش و کەشوهەوا و ژینگەی جیاواز و بۆ مەبەست و ڕازونیازی جیاواز داهێنراون.

پشت ئەستوور بەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی لەو کایە و بوارەدا لەبەردەستدان، پەرەسەندنی لۆژیکی نوێ کە لەسەردەمی نیوتن و لایبنیتسەوە دەستی پێ کردووە بەهۆی ئەو گۆڕانانەوە بووە کە بەسەر بابەتی بیرکاری و جەبرو ئەندازەدا هاتوون. لە لایەکەوە ئەندازەی نائیکلیدس بووە بە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر. لەلایەکی ترەوە، ڕودۆڵف کارناپ وتەنی: گرنگترین هاندەری پەرەپێدانی لۆژیکە نوێیەکە ئەو پێویستییە ناچارییەی سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بنچینەکانی ماتماتیک بووە. ئەگەرچی بیرکاری گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتووە، بەڵام زامنکردنی بنچینەکانی بەپێی ئەو گۆڕانە خێراییەی پێکهاتەکەی هەنگاوی نەهاویشتووە، بۆیە هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە بنەڕەتییەکانی بیرکاری (ماتماتیک) هەوڵی جوامێرانە دراوە. بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششانەوە توانراوە چند چەمکێک بە وردی پێناسە بکرێن وەک:

ڕادە (گوتە)، ژمارەی داڕژاو و لێکدراو... ئینجا پێداویستی جارێکی تر بنیادنانەوەی لۆژیکی نوێ پتر بووە بە شتێکی ناچاری ئەوکاتەی هەست بە بوونی چەندین ناکۆکی لەنێو بینای بیرکاریدا کراوە. ئەو ناکۆکییانەی دەرکەوتن، سروشتێکی گشتی لۆژیکییان هەبووە، هەر بۆیە بەهۆی داڕشتنەوەیەکی بنچینەیی لۆژیکەوە چارەسەر دەکرێن.(٢٦)

ئەو کۆششەی دامەزراندنی لۆژیکی نوێ بەوە سەری گرتووە، ساغ کراوەتەوە، یان هەوڵ دراوە ساغ بکرێتەوە بیرکاری لۆژیکێکی پەرەسەندووە. لەسەرەتادا چەمکە جیاوازەکانی شیکاری ماتماتیک براونەتەوە سەر چەمکەکانی ژمارە، بەتایبەتی ئەو چەمکانەی بە چەمکی بنەڕەتی بیرکاری ناسراون. ئینجا ئەو چەمکانەی ژمارە بە ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکییانە پێناسە و ڕوون کراونەتەوە.

ئەو کۆششە زانستییەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی

بنەڕەتە لۆژیکییەکانی ژمێرەکاری و مەبەست و ئامانجی شیکردنەوەی لۆژیکییانەی ژمارە پێویستییەکی ناچارییان بە هەبوونی سیستمێکی سەرتاپاگیرو بەتوانا هەبووە. ئەو جۆرە توێژینەوانە هاندەری پەرەسەندنی ئەو لۆژیکە نوێیە بوون. کەسانێکی بلیمەت و ژیری وەک: پیانۆ، فرێگە، لۆرد ڕەسڵ، دیڤید هیلبەرت لە نووسین و توێژینەوەکانیاندا ئەو ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ و چوونەتە ژێر باریەوە و هەوڵی جێبەجێ کردنیان داوە.(٢٧)

٣- ئەو پرۆسە سەرتاپاگیرە زانستییەی بیرکاری و لۆژیکی توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستۆتەوە، چەمکی بابەتی یەکەمیانی بردۆتەوە سەر هی دووەمیان، تارادەیەکیش لۆژیک خۆیشی گرتۆتەوە. ئەو گرتنەوەیە پتر ڕوخسارەکی بەبابەتەکەی بەخشیوە و ناوەرۆکەکەی گۆڕیوە. گۆڕانەکە ڕێسا و بنەماکانی ئەنجامگیری تایبەت بە گرووپ و کلاس، پێوەندییەکانی گرتۆتەوە.

مامۆستای یەکەم کلاس و گرووپی بەکۆ و هەمەکییەکان داناوە: بۆ نموونەی کۆی مرۆڤ، ئەسپەکان..

نموونەی: «سوکرات مرۆڤە» لە لۆژیکدا نموونەی ئەندامێتی بوونە لە گرووپ و کلاسدا.

ئیتر سوکرات ئەندامە لە گرووپی مرۆڤدا. ئەو ئەنجامگیرییەی کە پێوەندی بە ئەندامێتی گرووپەوە هەیە بە پێوانە ناودەبرێت، نموونە سادە و ساکارە باوەکەی لۆژیکی مامۆستای یەکەم (کە بەسەدان جار و پتر دووبارە کراوەتەوە) پاساوی ئەو بڕیارە دەداتەوە:

لە هەردوو پێشەکی:

- هەموو مرۆڤێک دەمرێت.
- سوکرات مرۆڤە.

ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە

- کەوابوو سوکراتیش دەمرێ.

لە لۆژیکی نوێدا ئەو بابەتە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە لۆژیک و ئەنجامگیری پێوەندییەکان. ئەو جۆرە ئەنجامگیرییە لە لۆژیکی کلاسیکی جێگای نابێتەوە، چونکە بەهۆی ئامرازەکانی ئەو لۆژیکەوە ناکرێ دەربڕدرێ. لۆژیکی کلاسیکی ناتوانێ پشت ڕاستی بکاتەوە کە «زانا باوکی لارەیە» و «لارە کچی زانایە»(٢٨) چونکە ئەو ئامرازەی دەربڕینی ئەو پێوەندییەی وێنە و ڕوخساری ئەو ئەنجامگیرییەی داناهێناوە.

بابەتی «پێوەندی» ڕۆڵێکی سەرەکی لە لۆژیکی نوێدا دەگێڕێ. دەکرێ هەمان ڕەخنە ئاراستەی بابەتی پێوانە بکرێت. لە لۆژیکی ئەرستۆدا وا قسە لە پرۆپۆزیشن (دەستەواژە) و بڕیاردان (حوکمدان) کراوە کە پێوەندی بن لەنێوان بنەوبار، پێوەندییەک بریتی بێ لە «چوونەژێر» لەنێو تاکەکاندا، بەڵام لۆژیکی نوێ وای داناوە کە ئەوان پێوەندییەکی ناچارەکی نێوان چەمکەکانن.(٢٩)

لۆژیکی نوێ کە لە دوای کۆنگرەی نێودەوڵەتی فەلسەفە ساڵی (١٩٠٤ز) ناوی لۆجستیکی (Logistik) بۆ پەسندکراوە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەرەو سەربەخۆ بوون دەچێ و هەندێ جار لافی ئەوە لێدەدات کە شان بەشانی بیرکاری و فیزیک زانستێکی سەربەخۆیە. ئەگەر جاران پێکهاتەی لۆژیک چەند بەڵگە نەویستێک بووبێ، ئێستا خۆی بووە بە زانستی بەڵگە نەویستەکان.

ئەوەندە لە میتۆد و شێواز و بابەتی بیرکاری نزیک بۆتەوە دەکرێ بگوترێ بیرکاری بە تێکڕایی، بەکوڵک و پێستەوە دەشێ بهێنرێتەوە سەر زمانی لۆژیکی نوێ. هیچ پرۆسەو هاوکێشەیەکی بیرکار لە ئارادا نییە ئەگەر بە پرۆسەی لۆژیکی شرۆڤە نەکرێ و لێک نەدرێتەوە. لە لۆژیکدا پێکهاتە هەیە دەکرێ بەرانبەر بە هەژماردن، ژمێرە، شیکردنەوە و شیکاری و جەبر خۆیشی دابنرێت و لێکیان بداتەوە.

ئەو دیاردەیە دووخاڵی لێ کەوتۆتەوە کە تارادەیەک پسپۆڕانی فەلسەفەی نیگەران کردووە:

**یەکەم**: خۆ خەریک کردن بە بابەتی لۆژیکی نوێ پێویستی بە شارەزاییەکی تایبەتی شێوازی سیمبۆلی بیرکاری هەیە کە زۆربەی پسپۆڕانی فەلسەفە بەدەستییەوە گیریان خواردووە. ئەو شێوازە تەکنیکییە سیمبۆلییە بیرکارییە ئەوپەڕی وشک و بێ گیانە و بۆتە مایەی ئەوەی کەمایەتییەکی پسپۆڕ نەبێ دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێ، بۆیە ئەگەر کارەکە وابڕوات دوور نییە ئەو لۆژیکەش ماڵئاوایی لە فەلسەفە بکات و ماڵی خۆی بکات!!.

**دووەم**: ئەگەرچی هەلومەرجی پەرەسەندنی زانستی نوێ مایەی جێگیرکردنی پایەکانی بابەتی لۆژیکی نوێ و

پەرەسەندنی بووە، ئەو زانستەش خۆی ئەنجامێکی دابین کردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بووە، ئەو لۆژیکە نوێیەش بەمەرەی زانست و تەکنەلۆژی چووە، وردە وردە لە مرۆڤ و کۆمەڵگە دوور دەکەوێتەوە و خەریکە وەک تەکنۆلۆژی دەبێتە کەرەسە و بایەتێکی تایبەتی دوور لە سوود و قازانج و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئاسایی و بەشدارییەکی بەرچاوی داهێنانی ڕەوشی نامۆ بوون دەکات!!

### بنەماکانی لۆژیکی نوێ

لە چوارچێوەی بابەتی لۆژیکی نوێدا ئەگەرچی ڕێبازی جیاواز کە هەریەکەی ناوێکی هەیە، بەرچاو دەکەون، بەڵام لە ناوەرۆک و ڕوخساریدا لەسەر بنەماکان یەکڕەنگن، ئەو ڕێبازانە بەگشتی ئەوانەن:

– قوتابخانەی وارشۆ بە ڕابەرێتی پرۆفیسۆر ئەلفرێد تارسکی.

– قوتابخانەی بۆ هاتن– سۆسە (حدس) In-tuitionis بەسەرۆکایەتی برۆویر (١٨٨١– ١٩٦٦ز) Brouwer

قوتابخانەی ڕوخسارەکیFormalism بەڕابەرێتی دێڤید هیلبەرت و پرۆفیسور ڤیلهێلم ئاکەرمان. لە هەندێ سەرچاوەدا ئەو ڕێبازە بە قوتابخانەی گۆتنگن ناودەبرێ.

– قوتابخانەی لۆجستیکی بە ڕابەرێتی گۆتلوب فرێگە، ئینجا لەلایەن لۆرد بێرتراند ڕەسڵ و وایتهێدەوە پرۆگرامەکە جێبەجێ کراوە و پەرەی پێدراوە.

ئەگەر چاوپۆشی لە هەندێک جیاوازی نێوان ئەو ڕێبازانە بکرێت، لە تواناندا دەبێت بنەما هاوبەشەکانی ئەو لۆژیکە نوێیە بەو جۆرە بخرێتە بەرچاو:

ئەو لۆژیکە بەگشتی بە لۆژستیک، لۆژیکی سیمبۆڵی و لۆژیکی بیرکاری ناودەبرێ بەپێی ئەو قوتابخانەی قسەی لێوە کردووە، ناوەرۆکەکەی لەو بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

**یەکەم**: تیۆری دەستەواژە Theory of Proposi-tions

**دووەم**: تیۆری هاوبەندی دەستەواژە، یان: Theory of Propositional Functins or Predicates تیۆری بار

**سێیەم**: تیۆری کلاس و گرووپەکان Theory of Classes

**چوارەم**: تیۆری پێوەندی(٣٠) Theory of Re-lations

لە هەندێ سەرچاوەدا خاڵی دووەم خراوەتە پاڵ خاڵی یەکەم و ناوەرۆکەکە بەوشێوەی لێ هاتووە:

**یەکەم**: لۆژیکی دەستەواژەکان (پرۆپۆزیشن)

**دووەم**: لۆژیکی کلاس و گرووپەکان

**سێیەم**: لۆژیکی پێوەندییەکان (٣١).

### فەسڵی یەکەم:

لۆژیک و تیۆری دەستەواژە

– پێناسەی دەستەواژە.

– خشتە لۆژیکییەکانی ڕاست و چەوت.

– گۆڕاوە لۆژیکییەکان.

– نەگۆڕاوە لۆژیکییەکان.

**پێناسەی دەسەواژە:**

لێرەدا دەستەواژە لە جیاتی وشەی لاتینی Proposi-tion بەکارهاتووە.

مەبەستمان لە دەستەواژە ئەو جۆرەیە کە واتایەک دەبەخشێ و ئەو واتایەش دوو بەهای هەیە: ڕاستە، یان چەوتە.

وشەکە خۆی بە زمانە ئەوروپاییەکان چەند واتایەک دەگەیەنێ: گریمانە، پێشنیار، کێشە، گوزارە، دەستەواژە. ئەوی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە دەستەواژە یەکەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی بابەتی لۆژیکە، ئەو یەکەیەی لە دوو بەها بەولاوەی نییە، ڕاستە، یان چەوتە. لەو پێناسەیە ئەو خاڵە جیادەبێتەوە:

– دەستەواژە بەوە لە ڕستە Senten ces جیا دەکرێتەوە کە دوو بەهای هەیە و لە هەست و سۆز دەربڕین و پرسیار و فرمان و سەرسوڕمان و هەلومەرجی هەواڵ گەیاندن دوورە. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ بڵێ:

سوکرات مرۆڤە:

بە ئاشکرا ڕاستی ئەو دەستەواژەیە دیارە و پێویست بە بیرکردنەوە و ڕامان ناکات، بەڵام ئەگەر بوترێ:

سوکرات کوردە.

دەبێ مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر سەرچاوە مێژووییەکان بۆ ئەوەی بۆی ڕوون و ساغ بێتەوە ئایا لە کوردستاندا

مرۆڤێکی پیشە فەیلەسووف بەو ناوە هەبووە لەسەر بیروبۆچوون و جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی دادگا بڕیاری مردنی بەسەردا داوە و لە نەتەوەی کورد بووە. لەوکاتەدا- دوای پشکنین و گەڕان دەردەکەوێ دەستەواژەکە چەوتە!.

ئەو دەستەواژانەی ئەو سروشتە دوو بەهاییەیان نەبێ (ڕاست، یان چەوت) بەکەرەسە و بابەتی لۆژیکی نوێ دانانرێن و لەو خانەیە دەچنە دەرەوە و بەپێی سروشتەکانیان دەبن بە بابەتی لقە زانستییەکانی دیکە: ڕێزمان، دەروونناسی.

لە بابەتی دەستەواژەدا، بە پێچەوانەی پێوانەی ئەرستۆوە، بایەخ بە بنەوبار نادرێ، بەڵکو پێکهاتەکانی دەستەواژە و ڕوخسار و بەشەکانی بەهەند دەگیرێن.

بەپێی سروشتی ڕاستی و چەوتی، دەستەواژە دەکرێ بەسێ بەشەوە:

١- دەستەواژەی سادە کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە «دووبارە» و لە هەندێکی دیکەدا بە «دەستەواژەی هەمانگۆیی» Tautologie ناودەبرێ:

- سوکرات مرۆڤە. (س م).
- بەفر سپییە. بەفری سپی سپییە.
- ڕەبەن بێ ژنە.

ئەو جۆرە دەستەواژانە دەستەواژەی شیکارین، چونکە شتێکی نوێ نادەنە دەست، بەڵکو ئەوەی لەبنەدایە دەگوترێ، یان دووبارە دەکرێتەوە. ئینجا هیچ زانیاری و زانینێکی نوێیان تێدا نییە. بەهاکانیان (ڕاست، چەوت) لە شێواز و جۆری پێکهاتەی دەستەواژەکە دەکەوێتەوە کە ڕوخسار و وێنەکەیەتی. خەسڵەتی مرۆڤ لە سوکراتدایە و بەفریش سپییە، ئەو جۆرە دەستەواژە ساکارانە پەیوەست بەکات و شوێن نین و لە هەموو سەردەمێکدا ڕاستن.

پێوانەی ڕاستی و ڕاست بوونی دەستەواژەی سادە ئەگەر دووبارەیی، یان هەمانگۆیی بێت، ئەوەیە کە دەبێ لە پێکهاتەکەی خۆیدا بێ ناکۆکی بێت و گونجاو بێت. ئەگەر هاتو جگە لەو گونجاوییەی بەشەکانی، وشە و گوتەکانی بێناسەکرا، نابێ پێناسەکە بۆچونێکی لێ بکەوێتەوە پێچەوانە و نەگونجاوبێت. لەهەر کات و جێگایەکدا مرۆڤی کوردیزان وشەی «ڕەبەن» ببیستێ یەکسەر بۆچوونی (بێ ژن)ی بەبیردا دێت، بۆیە ئەو ڕستەیە سادەیە و دووبارەیی و هەمانگۆییە. ئەوی لە بنەدایە لەباردا دووبارە دەردەکەوێتەوە و بنەکەش بارەکە دەبێژێ.

٢- دەستەواژەی لێکدراوە: ئەو جۆرەی دەستەواژەیە پتر لە بابەتێکی تێدایە، بەڵام هەردوو بەهای ڕاست، چەوتی هەیە. بەپێچەوانەی دەستەواژەی سادەوساکارەوە، ئەو دەستەواژە لێکدراوە زانینی نوێ بە مرۆڤ دەبەخشێ. بۆ نموونە دەگوترێ: قازی محەمەد یەکەم سەرکۆماری کوردستانە.

لەو دەستەواژەیەدا بنە کە لێرەدا قازی محەمەدە لەگەڵ بارەکەدا کە یەکەم سەرکۆماری کوردستانە بەوە لە دەستەواژەی سادە جیا دەکرێتەوە کە مەرج نییە لە واتا و دەلالەتی بنە (ناوی) قازی محەمەد دا باری سەرکۆماری کوردستان هەبێ، بەڵام دەستەواژەکە خۆی زانیاری نوێ دەداتە دەست کە لە بنەکەدا نییە و ئەوە هەڵدەگرێ کە بڕیاری لە بارەوە بدرێ و بگوترێ ناوەرۆکی دەستەواژەکە ڕاستە. لەو پرۆپۆزیشنەدا بەتایبەتی شتێک کە لە بنەدا بووبێ لە باردا دووبارە نەبۆتەوە، بۆیە دروستی و نادروستی ئەو جۆرە دەستەواژەیە پشت بەو پێودانگە دەبەستێ: تا چەند ناوەرۆکی دەستەواژەکە لەگەڵ ئەو هەڵکەوتەی دەوروبەردا گونجاوە کە ئاماژەی پێ دەدات. ئایا سەرچاوە مێژووییەکان ئەو ڕاستییە پشت ڕاست دەکەنەوە کە لە ناوچەیەکی وڵاتێک کە بە کوردستان ناودەبرێ لەسەردەمێکی دیاریکراودا ڕێژیمێکی سیاسی فەرمانڕەوا بەناوی کۆماری کوردستانەوە لە ئارادابووە و سەرکۆمارێکی هەبووە ناوی قازی محەمەد بووە، یان نا؟!

٣- دەستەواژەی پووچ و بێ واتا: ئەو جۆرە دەستەواژانە بۆ جاری یەکەم لەلایەن ڕابەرانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەنناوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەرنجیان بۆ ڕاکێشراوە، بە تایبەتی کە هەوڵ دراوە بابەتی میتافیزیک بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکییانەی زمانەوە پووچەڵ بکرێت و لە مەیدانی چالاکی فەلسەفەدا دوور بخرێتەوە.

ئەو دەستەواژانە بە جۆرێک ڕۆنراون و داڕێژراون کە بە پێچەوانەی ڕێسا و دەستووری سینتاکسی زمانەوە بێت (Syntax). بۆ نموونە لە دەستەواژەکەدا چەمکێک، وشەیەک بەکاردێت کە نەک هەر تەمومژاوییە و واتاکەی

دیار نییە، بگرە بە تەواوەتی پێناسە و دیار ناکرێت، ئینجا ناکرێ ڕاستی، یان چەوتییەکەی بەهیچ پێودانگێک ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، بۆیە دەکرێ ئەو دەستەواژانە بە زڕە دەستەواژە ناوببرێن. بۆ نموونە هایدیگەر لە بابەتی: «میتافیزیک چییە»دا قسە لە «هیچ» دەکات و ئەو دەستەواژەیەی نووسیوە:

- ئێمە لە کوێ هیچ دەدۆزینەوە. هیچەکە خۆی بە هیچ دەکات.

ئەو دەستەواژەیە بە پێچەوانەی بنەماکانی سێنتاکسی زمانەوە بەکارهاتووە، چونکە وشەی «هیچ» لەو دەستەواژەیەدا جارێکیان بە واتای بار- خەسڵەت و جارێکی تر بە واتای بنە- بکەر- ناو بەکارهاتووە، بۆیە ناکرێ ساغ بکرێتەوە و ئەوەی لە توانادایە لێرەدا تەنیا هەر ئەوەیە بگوترێ ئەو دەستەواژەیە زڕە دەستەواژەیە و Schein بێ واتایە.

ئەو دەستەواژانەی کانت لە شاکاری «ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد دا» بەکاری هێناون و قسە لە «شت لە خۆیدا» دەکەن دەکرێ بەو جۆرە دەستەواژانە دابنرێن.

## بەندە لۆژیکییەکان

لە لۆژیکدا، بۆ ئەوەی لە ڕێزمان جیا بکرێتەوە، ڕستە لە دەستەواژە جیاکراوەتەوە. ڕستە کە پتر بابەتی ڕێزمانە، یەکەیەکە لە چەند وشەیەک پێکهاتووە بەپێی ڕێسای تایبەتی ڕۆنراوە بە مەبەستی دەربڕینی هەستونەست و ئامانج و هزری ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێ و ئەوی لە دڵ و دەروون و ناخیدایە بیگەیەنێ بە کەسانی دیکە کە بۆیان دەدوێ، بەڵام دەستەواژە «Proposition» ئەو واتا و دەلالەتە دەگەیەنێ کە ڕستەکە مەبەستیەتی، بۆیە دەکرێ هەردوو بەهای ڕاست- چەوتی بدرێتە پاڵ. ئەو واتایەی پێکهاتەی ڕستەکە دەری دەبڕێ، دەکرێ ڕاست بێ و دەکرێ چەوتیش بێت. لۆژیکی نوێ لە جیاتی زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە زمانی سیمبۆڵ و هێما بەکاردەهێنێ ئەو سیمبۆڵانە لەلای خۆیانەوە گۆڕاو و نەگۆڕاوی زمانی سیمبۆڵی پێکدەهێنن. جگە لەو زمانە سیمبۆڵییە پەنا دەباتە بەر نەزم و سیستمی ئەنجامگیری بیرکاری. بەو پێیە ئەگەر دەستەواژە لۆژیکییەکان لەبەرچاو بگیرێن و شی بکرێنەوە دەردەکەوێ کە لەنێوان پێکهاتەکاندا جۆرە بەندێک هەیە کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. ئەو بەندە بە بەندی لۆژیکی Logical Connectives ناودەبرێن، ئەو بەندانە دەکرێ لە چەند دەستەواژەیەکی سادەو هی تر، دەستەواژەی لێکدراو پێک بهێنن، دەستەواژەی لێکدراو ئەوەیە دەکرێ بۆ چەند دەستەواژەیەکی سادە و ساکار شیبکرێتەوە، چونکە خۆی لە چەند دەستەواژەیەکی ساکار پێکهاتووە کە بەهۆی بەندی لۆژیکەوە پێکەوە بەند کراون.

ئەگەرچی بەندی لۆژیکی ئامرازی بەیەکەوە بەستنەوەی چەند دەستەواژەیەکی ساکار و سادەیە، بەڵام ڕۆڵێکی دیکەش دەگێڕێ کە بریتییە لە گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی بەهای دەستەواژەکە. ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بوو، بەهۆی بەندی ناکردنەوە دەبێ بە چەوت و بە پێچەوانەشەوە دروستە.

بەندە لۆژیکییەکان ئەوانەن:

١- ناکردن Negation هێمایەکەی بەو جۆرەیە:

——

٢- جیاکار Disjunction سیمبۆڵەکەی بەو شێوەیە: ٧

٣- پەیوەست Conjunction سیمبۆڵەکە وەهایە:

٨

٤- گرتنەخۆ Implication بەو جۆرەیە دەنووسرێ:

——

٥- یەکسان Equivalence هێمایەکەی بەو جۆرەیە: ——

لە کاتی نووسین و بەکارهێنانی زمانی سیمبۆڵدا پیت و وشەکان لادەبرێن و لە جێگاکانیاندا هێما و سیمبۆڵ دادەنرێن.

سەرچاوەکان:

**1- Immanuel Kant: Kritik der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlag. Hamburg 1976. Vorrede Zur Zweiten Aufloge. B. Vlll.**

٢- دكتور محمد مهران: مقدمة في المنطق الرمزي. القاهرة- ١٩٧٨. ص٢٧.

3- Johannes Hirschberger: Geschichte der Philosophie. Bd.I. Komet 1980. S.249.

٤- روبير بلانشي: المنطق و تاريخه من أرسطو حتى راسل. ترجمة: د. خليل احمد خليل، ط٢، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع (مجد) بيروت ٢٠٠٢، ص١٩٢- ١٩٣.

5- Jan Pinborg: Logik und Semantik im Mittelalter Probemata frommann- holz boog. 1972. S. 127 ff.

6- Francis Bacon: Neues Organon. Teilband. I. (Hrsg) Von W. Krohn. Hamburg 1990. Par. 38. 41. 42. ff.

7- Hans Joachim Storig: Kleine Weltgeschichte der Pilosophie. Stuttgart 1961. S.349.

8- Franz Schupp: Geschichte der Philosophie im Uberblick. Neuzeit. Bd.3. Meiner. 2003. S.243.

9- Oswald Kulpe: Vorlesungen Uber Logik. Leipzig 1923. S.128. ff.

10- Franz Schupp.: Ebenda. 244.

١١- دكتور ياسين خليل: محاضرات في المنطق الرياضي. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد ٢٠٠٧، ص٣٣٧.

١٢- روبير بلانشي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

١٣- هەمان سەرچاوە. ل٢٧٧.

14- Johannes Hirschberger: Ebenda. S.180. ff.

١٥- دكتور محمود فهمي زيدان: المنطق الرمزي نشأتة و تطوره. الاسكندرية ٢٠٠٢، ص٥٣.

16- Kulpe.: Ebenda. S.131.

١٧- رودلف متس: الفلسفة الانجليزية في مائة عام. ت: د. فؤاد زكريا. مراجعة: د. زكي نجيب محمود. الاسكندرية ٢٠٠٩، ص٣٩٨.

١٨- رودلف متس، هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٣٨٦.

19- Bertrand Russell: Philosophie des Abendlandes. Europaverlag. Wien 2000. S.223.

٢٠- رودلف متس، هەمان سەرچاوە. ل٣٨٩.

21- A. Riehl: Beitrage Zur Logik. Leipzig 1912. S.16. ff.

٢٢- روبير بلانشي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٣.

٢٣- پول موی: المنطق و فلسفة العلوم. ت: الدكتور فؤاد زكريا. الاسكندرية بدون تاريخ. ص٢٧.

٢٤- پول موی: هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

26- Rudolf Carnap: Die alte und die neue Logik. In: Erkenntnis. Bd. I. Leipzig. 1930- 1931. S.13.

27- Rudolf Carnap: Ebenda. S.14. ff.

٢٨- هانز ريشنباخ: نشأة الفلسفة العلمية. ترجمة: د. فؤاد زكريا الاسكندرية ٢٠٠٧، ص١٩٧ فما بعد.

٢٩- عبدالرحمن بدوي: المنطق الصوري و الرياضي. ط٣، القاهرة- ١٩٦٨، ص١٢.

٣٠- د. ياسين خليل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨. فما بعد.

هەروەها: د. محمود فهمي زيدان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

31- Rudolf Carnap.: Uberwindung der Metaphysik durch Logische Analyse der Sprache. In: Erkenntnis. Bd. 2. Leipzig 1932. S.229. ff.


# فەلسەفە لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانەوە

د. میر عەبدول حسەین نەقیبزادە
لە فارسییەوە: ئیبراهیم ئیسماعیل پوور
(سەقز)

کـە دەپرسین فـەلسـەفـە چییـە، وەڵامی جـۆراوجـۆر دەبیسـتین، وەڵامـگەلێک وەک جـۆراوجـۆریی ڕوانگەی فەیلەسووفەکـان. هەرچەندە هەمـوو فـەیلەسووفـەکان ئەم پرسـیـارەیان نەهێناوەتە ئاراوە، بەڵام دەتوانین لە باسەکانیاندا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە.

کە بۆ سەرەتای فەلسەفە بگەڕێینەوە، دەبینین فەلسەفە حـەز و هەوڵ و تێکۆشـانە بۆ گـەیشتن بە ناسین، بە بێ ئەوەی ئەم حـەز و هەوڵ و تێکۆشانە ڕووی لە ئاقـارێکی دیاریکراو بـووبێت، یان سنوورێکی جیـاوازی لەگـەڵ ئەو شتـەدا بووبێت کە دواتر ناوی عـیرفـان و دینمـان لێ نا. نووسـراوەی زانایانی هیند- واتە ئاپانیـشـادەکـان- و قـسـەکـانی لائوتسـەی فـەیلەسـووفی چینی و سـروودە ئاسـمـانییـەکـانی زەردەشت، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم تێکۆشـانەن. هەمـوو ئەمـانە لەو ڕوانگە قـووڵەوە سـەرچاوەیان گـرتووە کـە بە زمـانی هەڵبـەست و کـورتە چیـرۆک و ڕەمـز و ڕازەوە داڕێژراون و بەشـێـوەی وتەی کورت وێژراون. هەروەک پێشـتـریش باسمـان کـرد لێرەدا سنوورێکی ڕێکوپێک لەنێـوان ئایین و عـیـرفـان و فەلسەفەدا نابینین.

کە دەگـەینە یۆنان، هەرچەندە چۆنیـەتییـەکـان کـەم تا کورتێک لە کاردان، بەڵام لەگەڵ جیـاوازیشـدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەگـەر ڕوانینی ڕۆژهەڵات، زیاتر ڕوانینێکە بۆ دەروون و ئەوەی کـە دەربارەی جـیـهـان دەگـوترێ لەسـەر بنەمـای ڕوانگە و تاقـیـکاری دەروونی و ئەم ناو و چەمکانەیە کـە لەم چۆنیـەتییـە دەروونیـانەوە سـەرچاوە دەگـرن، ڕوانینی یۆنانی دەرەکـییـە. هەر ئەو ڕوانینە دەرەکییەی کە وەدەستی هێناوە، بەسەر هەموو هەستیدا دەکێشێ.



**سوكرات**

یەکەم کەسێ کە ئەم ڕەوتە دەگۆڕێ، واتە زیاتر لە هزر و بیرەکان دەپرژێتە سەر چۆنیەتی ڕامان و ئەندێشەکردن، سوقراتە. بەر لە سوقراتیش هزر و بیری قوولمان هەیە، ئەو هزروبیرانەی کە زیاتر ڕوانگەن. لە قالبی هەلبەست و کورتە چیرۆکیشدا دەربڕینی تایبەتمان هەیە، بەلام لە پرسیاری ڕێکوپێک و فامکراو بێ بەش بووین و پرسیاری «فەلسەفە چییەش؟» لە ئارادا نەبووە.

کە دەگەینە سوقرات ئالوگۆڕێکی مەزن دەبینین. سوقرات ڕای خۆی دەرنابڕێ، ئەندێشەیش ئاراستە ناکات و بیروبڕوایەکیش بەدی ناهێنێ: بەلام پرسیار دەکات، ڕادەمێنێ و پرسیارەکانی بەشێوەیەک ئاراستە دەکات کە فێردەوسی گوتەنی لە ئەندێشە سەختەکاندا دەگونجێ. ئەوانەی کە لەسەر بیروراکان پێ دادەگرن، بە هاسانی ناتوانن سوقرات بخەنە ڕیزی فەیلەسووفەکانەوە. هەروەک ئاشکرایە سوقرات بۆ ئێمە بۆتە مەتەڵ، چونکە بەشێوەگەلی جۆراوجۆر وێنا کراوە، خەلکانێکیش هەن کە بیروڕایەک دەخەنە پاڵ سوقرات و ئەو ئەندێشانەی کە ئەفلاتوون لە زمان سوقراتەوە باسیان دەکات بەهی ئەوی دەزانن. هەروەها کەسانێکیش هەن کە پێیان وایە سوقراتێک لە ئارادا نەبووە و سوقرات دروستکراوی ئەفلاتوونە.

بۆچوونێکی تر- کە بەڕای من دروستترە- ئەوەیە ئێمە سوقراتێکی مێژوویمان هەیە کە چۆنیەتییەکەی لە کتێبەکانی ئەفلاتوون (کتێبەکانی سەرەتای نووسینیدا) هاتووە و هەروەها سوقراتێکیشمان هەیە کە ئیتر سوقرات نییە و ئەفلاتوونە، کە لە کتێبەکانی دواتری ئەفلاتووندا تووشی دەبین.

ئەو سوقراتەی کە لە کتێبە پێشووەکانی ئەفلاتووندا باسی لێکراوە، خۆی خەلکی دەهەژێنێ و بیریان دەورووژێنێ و وەلامی پرسیارەکانی خۆی ناداتەوە. ئەگەر بۆچوونی سێیەم قەبووڵ بکەین و بلێین فەیلەسووف ئەو کەسەیە کە لەسەر کارەکان و شتەکان بیروباوەڕ و ڕای ڕێکوپێک و تایبەتی هەیە، ئەوە ناتوانین سوقرات بە فەیلەسووف لە قەلەم بدەین، بەلام کە فەلسەفەیان بە سەرنجی ڕێکوپێک و قووڵ لەسەر کارەکان و شتەکان و ئەندێشەی قووڵ و بنەڕەتی پێناسە کرد، ئەوە سوقرات فەیلەسووفە، فەیلەسووفێک کە لە هەموو فەیلەسووفەکانی بەر لە خۆی و پاش خۆی جیاوازە، لەم پێناسەیەدا، فەیلەسووف بوون، واتە هەلسەنگاندن و ئەندێشەی قووڵ و لە بنەڕەت و ئاکامی هەر ئەندێشەیەک ورد بوونەوە. ئەمە وێناکردنێکە لە فەلسەفە کە لەگەڵ سوقرات سەرهەلدەدات.

کە بە ئەفلاتوون دەگەین، ئەو دوو چۆنیەتییە، واتە ڕوانین و هەلسەنگاندن ئاوێتە دەبن. شیاوی باسە کە ئەفلاتوون هەموو کتێبەکانی خۆی بە شێوەی وتووێژ دەنووسێ و لە کتێبی سووفیستدا دەلێ: بیرکردنەوە وتووێژی بێ دەنگ و خامۆشی ڕەوانە لەگەڵ خود. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە وتووێژی سوقراتیانە بۆ ئەو، هەمان بیرکردنەوەیە و هەمان ئەندێشەیە. فەلسەفە لەلای ئەفلاتوون لە ڕاستیدا دیالکتیکە، واتە دیالکتیک لە هەنگاوی یەکەمدا بیرکردنەوەیە و پاشان لە ڕاستیدا فەلسەفەیە. تا ئێستا زۆر سەرنج نەدراوەتە سەر ئەوەی کە ئەفلاتوون فەلسەفە بە دیالکتیک ناو دەبات. نەک هەر بەرهەلستکارانی ئەفلاتوون، بەلکو لایەنگرانیشی نەپەرژاونەتە سەر ئەم سەرنجە، واتە لایەنگرانی ئەفلاتوون لە فەلسەفەکەیدا، ڕاوبۆچوون و ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی دەبینن و وەری دەگرن و بەدوایدا دەچن، بەلام باس لەوە ناکەن کە ئەو جەختی لەسەر دیالکتیک کردۆتەوە و ئەمە بە گومانی من چاوپۆشییەکی زۆر زەقە. ڕەنگە بتوانین بلێین کە ئەم چاوپۆشییە خەتایە و لە

زەمانی ئەرستۆوەوە دەستی پێکردووە و تا هەنووکەش بەردەوامە. ئێستا بیستنی ناوی ئەفلاتوون بیرۆکەی ئیدەکان و ئەندێشەگەلی ئەخلاقی و سیاسی و هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر میتافیزیک و زانستناسی گوتوویەتی، دێنێتە یاد، بەڵام سەرنج نادرێتە ئەو خاڵەی کە فەلسەفەی بە دیالکتیک هێناوەتە ئەژمار.

دیالکتیک بۆ ئەفلاتوون چ واتایەک دەبەخشێ؟ واتە گەڕان و جووڵە. واتە تێپەڕین لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی والاتر. گەڕانێک کە لە هیچ شوێنێک حەجمینی نییە، لە ڕێدا مانەوەمان نیشانەی کۆتایی ڕێگا نییە، بەڵکو نیشانەی لەپێ کەوتوویمانە. کاتێ لە کتێبی پولیتیادا دەڕوانینە چیرۆکی ئەشکەوت، دەبینین ئەم گەڕانە لە ڕوو وەرگێڕان و ڕووتێکردندایە. ڕوو وەرگێڕان لە قۆناغێک و ڕووکردن لە پلەوپایەیەکی بەرزتر، تا ئەو جێیەی کە لە قۆناغێکدا سەقامگیر بێ. کە ئەم قۆناغە بۆ ئێمە دەبێتە حەقیقەت و بنەما. بەم جۆرە حەقیقەت، هەروەک هایدیگەر لە ڕاڤەی ئەم چیرۆکەدا دەڵێت: هەر ئەو شتەیە کە لەم قۆناغەدا بە سەرماندا دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەورازتر بچین و لەم قۆناغە بەرزتر ببینەوە، لەو حەقیقەتە پاشگەز دەبینەوە کە پێشتر بە حەقیقەتمان دەزانی. هەر ئەمە دەری دەخات کە بۆچی ئەفلاتوون جاروبار ئەندێشەگەلێکی هێناوەتە ئاراوە کە لەسەر یەک بابەت نە تەنیا جیاوازن، بەڵکو ناکۆکیشن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر بیرۆکەی ئەندێشە سەرەتاییەکانی لە کتێبی فەدووندا. لەم کتێبەدا، سوقرات ئەم بیرۆکەیە بە ڕێکوپێکترین شێوە بەیان و جێگیر دەکات.. هەم دژبەران و هەم لایەنگرانی ئەفلاتوون، هەرچی لەسەر بیرۆکەی ئیدەکان دەیڵێن هەر ئەمەیە. واتە، ئەفلاتوون لەم قۆناغەدا چی هەڵسەنگاندووە، کردیانە بنەما و بە تەواویان زانی، بەڵام ئاشکرایە کە ئەفلاتوون لە کتێبەکانی دواتردا پرسیاری تازەتری هێناوەتە ئاراوە. ئەم پرسیار و ڕەخنەگرتنانە بە جۆرێکن کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکەن. لە کتێبی پارمەنیدیدا بەجۆرێک هێرش دەکاتە سەر بیرۆکەی ئیدەکانی خۆی، وەک ئەوەی کە کەسێکی تر ئەم بیرۆکانەی هێنابێتە ئاراوە و کۆمەڵێ پرسیار دەورووژێنێ کە دەبنە مەتەڵ و وەڵامیشیان ناداتەوە.


نموونەیەکی تر، قسەکانی ئەون لەسەر خودا. لەلایەکەوە بەپێی میتۆلۆژی یۆنانی دەجووڵێتەوە و هەمیشە لە خوداکان دەدوێ و تەنانەت هەر لە کتێبی پولیتیادا، هێرش دەکاتە سەر هۆمەر، لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو، بە قسەکانی خۆی بنەمای دین وێران دەکات. ئەفلاتوون دەڵێ: هۆمەر بەو شتانەی کە دەیخاتە پاڵ خوداکان، هەوڵ بۆ لەنێو بردنی دین و مۆراڵ دەدات. کە بەسەرنجەوە بۆ چیرۆکی ئەشکەوت بڕوانین و لەو ڕاڤەیە ورد بینەوە کە ئەفلاتوون بۆ ئەو چیرۆکە کردوویەتی، دەبینین بە جۆرێک لە چاکە دواوە کە لە والاترین واتایدا، هەمان خودایە.

بەم جۆرە لەگەڵ ئەم پرسیارە ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ئاخۆ بۆچوونی ئەو لەسەر خودا لەو بەشانەدایە کە لەسەر خودا دەدوێ؟ یان لەو بەشانەدایە کە ئیدەی چاک بە بنەمای هەر جۆرە بوون و زاتێک دەزانێ؟ بەڵام بەسەرنجدان بە زاتی دیالکتیک دەتوانین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین: ئەفلاتوون لە شوێنێکدا حەقیقەتێک دەبینێ و تێپەڕ دەبێت، لە شوێنێکی باڵاتر ئەو حەقیقەتە ڕووناکتر و بەشێوەیەک مەزنتر دەبینێ.

بەم جۆرە، لەگەڵ ئەو پرسیارە ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە ئاخۆ بۆچوونی ئەو لەسەر خودا لەو بەشانەدایە کە لە ئایین و خوداکان دەدوێ؟ یان لەو بەشەدایە کە ئیدەی چاک بە بنەمای هەر جۆرە بوون و زاتێک دەزانێ، بەڵام بەسەرنجدان لە زاتی دیالکتیک دەتوانین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین: ئەفلاتوون لە شوێنێکدا حەقیقەتێک دەبینێ و بەلایدا تێدەپەڕێ و لە شوێنێکی باڵاتر، هەمان حەقیقەت ڕووناکتر و مەزنتر دەبینێ.

بەم جۆرە، دەتوانێ حاڵەتی یەکەم بەهەڵە بزانێ، بەڵام ئەو کارە ناکات، چونکە مرۆڤەکان دەتوانن لە ئاستە جیاوازەکاندا لەسەر یەک ڕێگا بن. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەفلاتوون بە بەرزترین لووتکەی فەلسەفی و عیرفانی دەگا، هیچ کات دژ بە ئایینی یۆنان ناوەستێ و تەنانەت وەک گوتمان ڕێزیشی لێ دەگرێ.

بەم شێوەیە، وەرگرتنی مانای ئەم چۆنیەتییە تەنیا ئەوکاتە مسۆگەر دەبێت کە سەرنج بدەینە ئەو خاڵەی کە فەلسەفە بۆ ئەفلاتوون دەزگایەکی داخراو و نەگۆڕ و کۆتایی پێ هاتوو نییە، بەڵکو گەڕان و ڕوانینە، گەڕانێک کە نە تەنیا بۆ مرۆڤە جیاوازەکان جیاوازە، بەڵکو بۆ تاکە کەسێکیش لە ساتە جۆراوجۆرەکاندا،



ئەفلاتوون

جیاواز دەبێت. بە کورتی جەختی ئەفلاتوون لەسەر دیالکتیک بۆ بە فەلسەفەکردنە، نەوەک فەلسەفە. واتە شرۆڤەگەلی جیاواز کە لە دەزگایەکی ئەندێشەدا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. یەکێ لەو نموونانەی کە ئەفلاتوون بۆ دیالکتیک دەیهێنێتەوە، دیالکتیکی جوانییە کە لە کتێبی میوانی، بەشێوەی فێرکردنێکە کە یەکێک لە ژنانی پەرستگەیەک- دیوبتما- بە سوقراتی دەدا. خودی جوانی، چەمک نییە و هەر لەبەر ئەوەیە کە جەختی ئەفلاتوون لەسەر وەرگرتنی جوانی- وەک نموونەیەک لە گەڕانێکی دیالکتیکی- خۆی شاهیدی ئەوەیە کە ئەفلاتوون، دیالکتیک بەهاوتای فەلسەفە بە واتای دەزگایەکی تەنیا چەمکی و لۆژیکی نازانێ. بەم جۆرە لەڕێی نامەی حەوتەمەوە- کە بۆ خزمانی دیونی دەنووسێ- دەڵێ: حەقیقەتی فەلسەفەی من ناگوترێ، ئەوە دەگەیەنێ کە لەگەڵ هەموو ئەو خاڵانە بە تەواوی هاوئاهەنگ و سازگارە.

کە دەگەینە ئەرستۆ، فەلسەفە بەشێوەیەکی نوێ وێنا دەکەین. ئەرستۆ پیاوێکی لۆژیکییە. ئەو ڕێگایەی کە ئەو دەیگرێتەبەر، ڕێگای لێکدانەوەی چەمکییە. لە هەموو فەلسەفەی ئەفلاتوون، کە دەڵێی بوونەوەرێکی زیندووە، چەند بەشێکی جیا دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە لە شکاوی توێکاریی لەش (کالبد شکافی) بکات و لەم ڕێگایەوە بەو چەمکە جۆراوجۆرانە لە نەریتی فەلسەفە دەگات کە لەسەردەمی ئەووەوە تا ئێستا لەگەڵیدا ئاشنا بووین. ئەرستۆ پشتی بە بەڵگەهێنانەوە بەستووە، بەڵگەهێنانەوەی تاکی. واتە دیالکتیکێک کە دوو لایەنە و وتووێژە- تەنانەت کەسێک کە بە تەنیایی بیردەکاتەوە لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە لەگەڵ خۆیدا وتووێژ دەکات- جێگای خۆی دەدا بە بەڵگەهێنانەوەی تاکەکەسی. ئەرستۆ لە واژەی دیالکتیک، تەنانەت بۆ ناونانی یەکێک لە جۆرەکانی بەڵگەهێنانەوە کەڵک وەردەگرێ. ئەفلاتوون لە هەر جێیەک کە بتوانێ بە زمانی لۆژیکی بدوێ، قسەی لۆژیکی دەکات، لە هەر جێیەک کە بتوانێ وەک زانایەک بدوێ، وا دەکات. هەربۆیە کە دەبینین کاتێ پەنا دەباتە بەر میتۆلۆژی، چیرۆک دەڵێ و دەڵێی خەریکی شیعر نووسینەوەیە، دەبێ ئەوە بزانین کە قسەکانی لەسەر بنەمایەکی تر و لەسەر خاڵگەلی جیاوازە.

لەم ڕوانگەیەدا هەر قسەیەک لە هەر ئاستێک، بە هەر زمانێک و بە هەر شێوەیەک ناتوانین بێژین، بەڵام کە بە ئەرستۆ دەگەین، تەنیا لەگەڵ ئاستێکدا ڕووبەڕووین و ئەویش ئاستی فامە. هێندێ جار لە جێی فام، ئاوەز دەگوترێ، بەڵام کە بمانەوێ وردتر بدوێین، بەسەرنجدان بەو جیاکارییەی کە لەسەردەمی کانتدا هاتە ئاراوە و یاسپرێسیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەشێ بڵێین: کاری ئەرستۆ لەنێو سنوورەکانی فامدایە و بەس. ئەو بەو چەمکە جیاجیانەوە سەرقاڵە کە لە ڕێی لێکدانەوەوە بە دەستی هێناون، ئەو چەمکانەی کە لە دەزگایەکی لۆژیکیدا بە یەکیانەوە دەبەستێ.

بەم جۆرە بەهاتنی ئەرستۆ، فەلسەفە دەچێتە قۆناغێکی تازەوە. قۆناغێک کە بۆ زۆر کەس تەنیا بە قۆناغی فەلسەفە دێتە ئەژمار. لەم ڕوانگەیەدا، فەلسەفە واتە زانستی بەڵگەیی، واتە هەڵسەنگاندنی چەمکی، واتە سیستمی هزری و ئەمەش وێنەیەکە لە فەلسەفە کە ئەرستۆ دەیکێشێ. هەڵبەت ئەرستۆ ئەوەندە پابەندی لێکدانەوەیە کە ناپەرژێتە سەر دامەزراندنی نیزامێکی سیستماتیک، بەڵام بۆ هەموو فەیلەسووفە سیستم سازەکان ڕچەشکێن بووە. کاریگەریی ئەم شێوەیە تا ئەو ڕادەیەیە کە تەنانەت لایەنگرانی ئەفلاتوونیش ڕووی تێ دەکەن. واتە زۆرجار ئەندێشەکانی ئەفلاتوون بە زمان و

شێوەی ئەرستۆ بەیان دەکرێن.

کە بە پلووتینوس دەگەین، لەگەڵ فەلسەفەیەک ئاشنا دەبین کە دەیەوێ فەلسەفەی یۆنانی ئاوێتەی ئایین و دینە ڕۆژهەڵاتییەکان بکات. ئەو لە ئەرستۆ و لە ڕەواقییەکان و ئایینەکانی ڕۆژهەڵات زۆر شتی هەڵگرتووە، بەڵام دایمە نیگای ڕوو بە ئەفلاتوون بووە و سەرنجی تایبەتی داوەتە ڕۆشنگەریی فەلسەفەی ئەفلاتوون.

ئەندێشەی ئەفلاتوون کە پڕ و فرە ڕەهەندە، لە کاری پلووتینوسدا تەنیا بە ئاقاری عیرفاندا دەڕوات و لەو بوارەدا گەشە دەکات. هەرچەندە عیرفان لەبیری ئەفلاتووندا بەزەقی خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی وەک فەیلەسووف نەمێنێتەوە، چونکە نەدەربڕینی ئاوەزمەندانە فەرامۆش دەکات و نە ئاستەنگەکانی مرۆڤ. پلووتینوس وا نییە، لە کاری ئەودا فەلسەفە و عیرفان ئاوێتە دەبن و تەنانەت ئایینیش لەم ئاوێتەبوونە بێ بەش نابێت، چونکە شناسایی بۆ ئەو ڕزگاری دەرە.

لە هەنگاوێکی تردا بە کەسانێک دەگەین کە ئایینیان قەبووڵ کردووە و دەیانەوێ فەلسەفە لەگەڵ ئایینەکەی خۆیاندا سازگار بکەن.

ئاگۆستینی قدیس پێی وایە کە لە نووسراوەکانی ئەفلاتووندا ئایەتەکانی ئینجیلی بەدی کردووە. واتە لەگەڵ ئەوەدا کە جەخت دەکاتەوە سەر ئیمان- ئەو خاڵە نوێ و گرینگەی کە پێشتر و بە تایبەت بۆ یۆنانییەکان لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک ئیمان لەگەڵ ڕوانینی ئاوەزمەندانە بە سازگار نازانێ. ئەم تایبەتمەندییە لە کەسانی تریشدا بەدی دەکرێ و هەر ئەم سەرنجە تایبەتەی ئاگۆستین بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون و نوێ ئەفلاتوونییەکان لە تۆماس ئاکوێیناسیشدا بۆ ئەرستۆ دەبینرێ و ئەو گەرەکیەتی باوەڕە ئایینییەکان لە دەزگایەکی عەقڵانی سەرچاوە گرتوو لە چەمکەکانی ئەرستۆدا ڕێک بخاتەوە.

بۆ فەیلەسووفە موسڵمانەکانیش هەروایە. بۆ ئەوانیش ئەو شتەی کە وەک فەلسەفە، یان حیکمەت ناوی لێدەبرێ، تەنیا بە باوەڕە بنەڕەتییەکانی ئایینەوە ناوەستێ و خاڵە گرینگەکانی عیرفانیش لەخۆ دەگرێ. هەر لەم سۆنگەوەیە کە فەلسەفە بە ڕێگایەک دەزانن کە مرۆڤ بەرەو ناسینی زاتی هەستی و کامڵ بوونی مەعنەوی دەبات، هەربۆیە ئەفلاتوون بە فەلسەفەکردنی، بەوەک خودا لێهاتن دێنێتە ئەژمار و ئەمانەش لەوێچوون لە خودا دەدوێن. هەر بەم هۆیەیە کە فەیلەسووفانێکی وەک فارابی و ئەبوعەلی سینا بە مەشایی، واتە ڕێڕەوانی ئەرستۆ ناودەبرێن، بەڵام کاتێ کە بە وردی دەڕوانین، دەبینین ئەم فەیلەسووفانە لەگەڵ ئەرستۆدا جیاوازییان زۆرە. ڕەنگە بنەڕەتی ئەم چۆنیەتییە، جیا لە هۆکارە مێژووییەکان (واتە ئەوەی کە ئەمانە لە چاوی نوێ ئەفلاتوونییەکانەوە دەڕواننە ئەرستۆ، کتێبی ئۆسوولۆجیا کە چەند بەشێک لە کتێبی ئەنادپلوتینووسە بەهی ئەرستۆی دەزانن) ئەمەیە کە سروشتی ئەم فەیلەسووفانە لەگەڵ چۆنیەتییەکانی عیرفانی ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرچاوەکارییەکانی پلوتینووسە، لە بنەڕەتدا خزمایەتییان هەیە. ئەم خاڵە لە حیکمەتی ئیشراقدا ئاشکراترە: ئەو حیکمەتەی کە بە وتەی سوهرەوەردی ئاکامێکە لە بەهرەی خوداوەندی و بەهرەی ڕوحی پیرۆز، ئەو بەهرەیەی کە سەرەتا بیری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆشن کردەوە، ڕۆشنبیرانێکی وەک زەردەشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە بنەڕەتی ئەندێشەی سوهرەوەردی لەسەر وەرگرتنی زەوقی و ڕوانینی مەعنەوییە، شێوە بەیانی کتێبە سەرەکییەکەی واتە حیکمەتولئیشراق لەسەر هەمان ڕەوتی لۆژیکی ئەرستۆیە.

خاڵێکی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە سەرەڕای نزیکی و وێکچوونی فەلسەفە و کەلام، فەیلەسووفە موسڵمانەکان- لانی کەم تا زەمانی مەلاسەدرا- لە تێکەڵ کردنیان خۆ دەپارێزن و کەسێکی وەک خاجە نەسیر کە هەم پسپۆڕی کەلامە و هەم فەیلەسووفی مەشاییە، لە کتێبی جیادا دەیانهێنێتە گۆڕێ. لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا وا نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە لەو سەردەمەدا فەلسەفەی ناولێدەنرا، زیاتر تیۆلۆژی، یان زانستی کەلام بوو. ئەگەر فەیلەسووفێک، لەگەڵ فەلسەفە، ئەو باوەڕانە هاوئاهەنگ بکات کە لەسەر بنەڕەتی ئیمانن، ئاکامی کارەکەی دەبێتە فەلسەفە، بەڵام ئەگەر تەنیا فەلسەفە بخرێتە خزمەت بیروبڕوای مەزهەبییەوە و بەرگێکی فەلسەفی بە بەر ئەو بیروبڕوایانەدا بکات، ئەوە لە ڕاستیدا فەلسەفە نییە. ئەم چۆنیەتییە کە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زەقی ئاشکرایە. هەر بۆیە ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بەناوی فەلسەفە ناودێر کرا لە

ڕاستیدا فەلسەفە نییە.

لەسەرنجدان بەم خاڵەدایە کە هۆی ناڕازی بوونی کەسانێکی وەک بیکۆن و دیکارتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەم فەیلەسووفانە تێدەکۆشن تا فەلسەفە لەسەر بنەڕەتی خۆی، واتە ئاوەز بنیاد بنێنەوە. ئەم کەسانە وێناکردنێکی نوێ لە فەلسەفە بە ئێمە نابەخشن، بەڵکو ئەوەی کە لە بارەی فەلسەفەوە بە ئێمەی دەبەخشن، هەمان شتە کە ئەرستۆ گوتوویەتی. دەزانین کە ئەفلاتوون جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان زانست و فەلسەفەدا دانا. ئەرستۆ ئەم جیاوازییەی سڕییەوە. ئەفلاتوون دەڵێ فەلسەفە لەگەڵ دیالکتیک دەیەوێ پەی بەناسینی جەوهەری کار و شتەکان بەرێت و خۆ لە هەر جۆرە گریمانە و تێز بنەمایەک ببوێرێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر زانستێک لەسەر تێز بنەمایەک دامەزراوە. تێزبنەما واتە ئەو شتەی کە قەبووڵمان کردووە بەبێ ئەوەی جەوهەرەکەیمان ناسیبێت.

کەوابوو بە وتەی ئەفلاتوون لەنێوان تێکنە techne و دیالکتیک، یان زانست و فەلسەفەدا جیاوازی هەیە، بەڵام ئەرستۆ بە شێوەیەکی گشتی لە زانایی دوا و بە بەشەکانی هزری و زانستی و پێکهێنەر دابەشی کرد. زانستی هزریشی بە بەشەکانی زانستی یەکەم (میتافیزیک)، زانستی بیرکاری و زانستی سروشتی دابەش کرد. ئەم چۆنیەتییە پاش ئەویش هەر بەردەوام بوو.

بەم جۆرە کە بە کەسانێکی وەک دیکارت دەگەین، لەگەڵ فەلسەفەیەکدا بەرەو ڕوو دەبینەوە کە کەم و زۆر لەژێر نەخشی هەمان وێنەدایە کە ئەرستۆ پێی داوین. واتە پێکهاتەیەکی هزری کە خاوەنی بابەتگەلی جیاوازە، چونکە ئەرستۆ جیاوازی ڕاستییەکان بۆ جیاوازی بابەتەکانیان دەگێڕێتەوە. هەر زانستێک خاوەنی بابەتێکی تایبەتە و گرینگترین بەشی فەلسەفە واتە میتافیزیک (کە خۆی ناوی میتافیزیکی لێ نەنا، بەڵکو ناوی زانستی یەکەم و تەنانەت خواناسی لێنا) تاووتوی بوونە وەک بوون.

لە قۆناغە تازەکاندا، یەکەم بیچمی نوێی فەلسەفە، لە کاری نوێنەرانی قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەبینین. لە کاری ئەواندا، ئیتر فەلسەفە پێکهاتەیەکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو بنەمای ئاگایی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆر ئاگاییەیە کە دەتوانێ پێشکەوتنی مرۆڤ دابین بکات. لەم ڕوانگەیەوە، بە فام، یان بە وتەی ئەوانە بە ئاوەز پشت دەبەستێ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە هورمی پێشکەوتن لەفام، لەبیرکردنەوە و ڕووناکبیریدایە. بەم جۆرە کاری فەلسەفە هەمان ڕۆشنگەرییە. هەر بەم هۆیەوەیە کە نوێنەرانی قۆناغی ڕۆشنگەری بە تایبەت لە فەڕانسە، ڕەهەندی میتافیزیکی فەلسەفە وەلا دەنێن و فەلسەفە بە وزەیەک دەزانن کە تیشک دەخاتەسەر ئەندێشەی مرۆڤەکان لەژێر نەخشی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

کە دەگەینە کانت، وێنەی فەلسەفە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت، واتە کانتیش لە هەمان چوارچێوەی بەجێماو لە ڕابردوو و سوننەتدا دەڕوانێتە فەلسەفە، بەڵام بە ناتەواوبوونی ئەو هەوڵانە دەزانێ کە لەو بوارەدا دراون. کانت ئەو ناتەواویانەی مرۆڤەکان زەق دەکاتەوە کە بە تەوێڵی دامەزراندنی پێکهاتەکانی خوازەی ناسیاری و بەیانی حەقیقەتەوەیە. هەر بەم هۆیەوەیە کە فەلسەفە بۆ ئەو زیاتر ڕەخنەگرتنە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەگرتن تەنیا ڕەهەندی فەلسەفە نییە و بنەما و دەسپێکی فەلسەفەیە. لەسەر کارەکانی کانت دوو جۆر شرۆڤە هەیە کە لە ڕاست ناچن. یەکێک ئەوەیە کە کانتیان بە دژی میتافیزیک ناساندووە و وێنەیەکیان لە فەلسەفەی ئەو نواندووە کە گوایە ڕوانینێکی پۆزیتیڤتی هەیە. وێنەیەکی تر ئەوەیە کە کانت فەلسەفە لە دوو بەشدا تاووتو دەکات، یەکیان ئەو بەشە لە فەلسەفەیە کە لە چوارچێوەی تیۆریدایە و ئەوەی تریشی بەشی کردەوە و مۆراڵە و ئەوەی کە لە چوارچێوەی کردەوە و مۆراڵدا سەلماندوویەتی، بەڵام هیچ کام لەم بەشانە لە دروست ناچن، چونکە کانت لە لایەکەوە میتافیزیک بەگراوی خۆی دەزانێ- گراوێک کە لوتفێکی پێ نەکردووە- لەلایەکی تریشەوە دایمە وەبیرمان دێنێتەوە کە وتەکانی ئەو لەسەر ئەندێشەگەلی وەک نەمر مانەوەی ڕەوان و خودا لە ڕەخنەی عەقڵی بە کردەوەییدا «سەلماندن» نایەتە ئەژمار. خاڵێکی نوێ کە لە کارەکانی کانتدا دەبینرێ، ئەوەیە کە ئەو دوو چەمکی فەلسەفە لە یەک جیا دەکاتەوە. چەمکی مەدرەسی، یان زانستگایی و چەمکی جیهانی کە لە ڕاستیدا وەک مرۆڤ لە چارەنووسی مرۆڤ دەڕوانێ. بە بۆچوونی کانت واتای قوولی فەلسەفە لە چەمکە جیهانییەکەیدایە،

چونکە فەلسەفەی زانستگایی پێوەندی پێویستی لەگەڵ جەوهەر و چارەنووسی مرۆڤدا نییە، ئەو بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم خاڵە دەڵێ ئەگەر بزانم هەوڵەکانم یارمەتی مرۆڤ نادات تا ڕێگای خۆی باشتر بزانێ و لەم ڕێگایەدا هەنگاوەکانی بە دروستی هەڵبێنێتەوە، هەمووی بە بێهوودە دەزانم. لەم ڕوانگەیەوە، لە دەزگایەکی تۆکمەی عەقڵانی زانستگایی و قوتابخانەیی سەرتر دەچێ و لایەنی گشتی بەخۆی دەگرێ، کەم و زۆر بە هەمان شێوە کە فەیلەسووفەکانی قۆناغی ڕۆشنگەری وێنایان کردبوو، بەم جیاوازییەوە کە ئەوانە ئەم تێڕوانین و وێناکردنەیان سادەگرتبوو و هەر لە ڕووپەڕدا مانەوە، کەچی کانت و ئەندێشەکانی لە قووڵایی ڕۆچوون. کانت زۆرجار کاری خۆی بە دەسپێکی فەلسەفە دێنێتە ئەژمار. ئەو فەیلەسووفانەی کە ئایدیالیزمی ئەڵمانیان وەدی هێنا واتە فیختە، شلینگ و بەتایبەت هیگڵ هاتنەسەر ئەو بڕیارەی کە ئەو فەلسەفە وەدی بێنن کە کانت لەسەریدا بوو. ئەمانە هەرچەند لە سەرەتادا خۆیان بە شوێن کەوتووانی کانت لە قەڵەم دا، بەڵام بنەڕەتیترین خاڵە فیکرییەکانی کانتیان خستە پشتگوێ، یان حاشایان لێ کرد. کانت دەیەویست ڕادەی توانایی شناسایی مرۆڤ ئاشکرا بکات، بەڵام کە دەڕوانینە هیگڵ، دەبینین ئەو شتەی کە لەپێش شتەکانی تردا دەیخاتە پشتگوێ، هەر ئەم ڕادە و سنووردارکردنەیە. ئەو تاڕادەیەک دەچێتە پێش کە تەنانەت سنوورێک لەنێوان مرۆڤ و خوا دانانێ. بۆ ئەو فەلسەفەناسینی ڕەهایە، زانست ڕەهایە، زانستێک هەیە کە فەیلەسووف دەیگاتێ و زانستێکیش هەیە کە لە خۆی ڕەها دەبێت. خاڵێکی نوێ کە لە هیگڵدا دەبیندرێ، ڕوانگەی مێژوویییە کە لە کانت و پێشینیانی ئەودا نەبوو. بەلای هیگڵەوە هەموو شتێک لەبەر تیشکی گۆڕانکاری مێژووییدا دەبیندرێ. خودی ئاوەز و زانست و فەلسەفەش لەبەر تیشکی ئەم گۆڕانکارییەدا دەبیندرێن و فەلسەفە کە ماڵی ئەم گۆڕانکارییەیە. فەلسەفە پێکهاتەیەکە کە لەودا، هەموو «بوون» بە خۆناسینەوە دەگات.

شوێن دانەری هێگڵ مەزن بوو و دژکردەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەوا نەدەتوانین ئاماژە بکەینەسەر دژکردەوەی مارکس کە دەڵێ هێگڵ ڕاستییەکانی خستۆتە لاوە و تەنیا خۆی بە سیستمێکی چەمکییەوە خەریک کردووە. ئەمە خاڵێکە کە بەر لە مارکس، شلینگ باسی لێ کردووە و گوتوویەتی فەلسەفەی هێگڵ نەرێنییە، چونکە لەگەڵ هەستیدا سەروکاری نییە و تەنیا لە کۆڕی چەمکەکاندا ماوەتەوە. بەلای مارکسەوە فەلسەفە ئەو بەشە لە ئاگاییە کە دەتوانێ بەشێوەی وزەیەکی کۆمەڵایەتی دەربێت. بە وتەی ئەو فەلسەفە وەک سەر وایە و پرۆلیتاریا وەک دڵ. فەلسەفە ڕۆشنگەری بە پرۆلیتاریا دەبەخشێ و لە دروست بوونی پێوەندییەک کە بەم شێوەیە دروست دەبێت، وزە وەردەگرێ. واتە وزەی فەلسەفە لە خەڵکەوەیە، یان لە زمانی هێگڵەوە لە پرۆلیتاریاوەیە. بەم جۆرە سەرەڕای ئەوەی کە فەلسەفە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانەوە وەدی هاتووە و لەژێر نەخشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە سەری هەڵداوە، دەتوانێ لەسەر ئەم ژێرنەخشانەش کاریگەریی هەبێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە وتە بەناوبانگەکەی گوت کە فەیلەسووفەکان هەمیشە ویستوویانە جیهان بناسن، بەڵام باسەکە لەسەر گۆڕانکاری پێکهێنان لە جیهاندایە. لەم ڕوانگەوە، فەلسەفە واتا بەرینەکەی خۆی لە دەست دەدات و سنووردار دەکرێت کە کەم و زۆر هەمان شتی لێ دەدرێت کە لەکاری فەیلەسووفانی قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەبیندرێ.

لە دژکردنەوەکانی تری کە ڕووبەڕووی پێکهاتەی هێگڵی بوونەوە، دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر کیرکەگۆر کە ڕێگایەکی گرتەبەر کە بە فەلسەفەی ئێگزیستانس (فەلسەفەی هەستی) گەیشت و لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بە کاری ئەو فەیلەسووفانە بکەین کە کەم و زۆر حاشایان لە فەلسەفە، یان بەشێکی زۆر کرد. بۆ وێنە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا پێکهاتەی هێگڵی، شوێنەواری فەیلەسووفە ئینگلیزییەکانی وەک بوزانکیت و براولی بەخۆیەوە بینی و لە ئینگلتەرەدا پەرەی سەند و کەسانێکی وەک موور و ڕەسەل لە دژکردەوە بەم جۆرە ئایدیالیزمەدا، بە ئەندێشەیەک گەیشتن کە لە ڕێی تێکدانەوەی چەمکەکانەوە، توانیان زۆر لە لێڵییەکانی پێکهاتەگەلی ئایدیالیستی و میتافیزیکی بڕەوێننەوە. کەم، یان زۆر ئەم چۆنییەتییە لە کاری پێشڕەوانی پراگماتیزمدا دەبینین، بۆ وێنە پییێرس فەیلەسووفی ئەمریکی ئەم ڕەوتەی گرتەبەر. بۆ پێناسەی هەر

چەمکێک، سەرنجی دایە بەکارهێنانەکانی و گوتی کە دەشێ هەر چەمکێک بگێڕینەوە سەر زمانی کردەوە و تاقیکارییەکانی. سەرەتا پییێرس زۆر ناسراو نەبوو تا ئەوەی کە ویلیام جیمز، تیۆرییەکەی ئەوی بەناوی پراگماتیزم گشتی کرد و پەرەی پێدا. جیمز لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە نە تەنیا چەمکەکان، بەڵکو تەنانەت ڕاستی ئەندێشەکانیش دەشێ لە تەرازووی کردەدا هەڵسەنگێندرێن (پییێرس بۆ نیشاندانی جیاوازی لەنێوان بیری خۆی و بیری جیمزدا، ئەندێشەکەی خۆی ناونا پراگماتیسیزم Pragmaticism تا لە Pragmatism جیا بکرێتەوە). بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئەم چۆنیەتییە لە جۆن دێوییدا دەبینین کە لە پشت بەستن بە کردەوە و ڕاستی بە کردەوەدا هەموو شتەکان بە بارودۆخەوە (Situation) دەبەستێتەوە، واتە دەڵێ فەیلەسووفەکان لە بارەی چەمکە زۆر گشتییەکانەوە قسە دەکەن، کەچی دەشێ لەسەر مرۆڤی دیاریکراو، کۆمەڵگای دیاریکراو و بارودۆخی دیاریکراو قسە بکرێ. ئێمە هەمیشە لە بارودۆخی تایبەتداین و فەلسەفە دەبێ بتوانێ ژیانی ئێرە و هەنووکەییمان باشتر بکات. واتە پشت بە ئێرە و هەنووکە بەستنە و ئەمە لەو ڕوانینە زۆر گشتییە جیاوازە کە جاروبار بە جێگەیەکمان دەگەیەنێ کە تەنانەت بۆ سەرتر لە زەمانمان دەبات و بە ڕاستی نازانین. لە ڕوانگەی دێوییەوە، هزر هەڵقوڵیوی بارودۆخی تایبەتی ئێمەیە. واتە ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەیە. ئەو هزرەی کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و بەستراوە بەوەوە نەبێ، بە وتەی دێویی لە ڕاستیدا هزر و تێفکرین نییە. ئەم ڕوانگەیە، دروست لە بەرانبەر ڕوانگە و ئەندێشەی کەسانێکی وەک پارمیند و ئێسپینۆزا دا دەوەستێ کە لە بوونی جاویدانی و سەرتر لە زەمان دەدوێ. لێرەدا قسە لەسەر بوون نییە، قسە لەسەر پایەدارێکی (باشندە) دیاریکراوە: پایەدارێک کە هەمیشە لە بارودۆخە تایبەتەکاندایە. مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ پرسیارگەلێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە، وەڵامیان پێ دەداتەوە و هەروەها سوودمەند بوونە کە بایەخی پرسیارەکانی ئەو دیاری دەکات، ئەگەر توانی کێشەکان چارەسەر بکات، ئەو وەڵام و هزرە دروستە و ئەگەریش نەیتوانی، ئەوە نادروستە. بەم جۆرە ئەو بیروڕایەی کە پییێرس، تەنیا بۆ پێناسەی چەمکەکان بەکاری برد، جیمز پەرەی پێدا و لە بواری ئایینی و مۆراڵدا بەکاری برد و دێوییش لەژێر نەخشی پەروەردە و فێرکردن و فەلسەفەی سیاسی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاری هێنا.

لەلایەکی ترەوە، هەروەک گوتمان، کاری کەسانێکی وەک بێرتراند ڕەسەل بزاڤێکی نوێی بەدی هێنا و وێنەیەکی تازەی لە فەلسەفە خوڵقاند. ئەمانیش هەروەک پییێرس پشتیان بە پێناسەی ئەو چەمکانەوە بەست و هەرچەند لە ڕێی گێڕانەوەیان بۆ حاڵەتی چۆنیەتییەکانی ئەزموونی ئەو کارەیان کرد، بەڵام هەموویان دژ بە میتافیزیک نین، بەڵکو لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆرجار بیرە میتافیزیکییەکان لە تەمولێڵیدان و ئەم لێڵییەش لە زمانی ناڕێکوپێکەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر ئەمە بوو بەهۆی کە بیرتراند ڕەسەل زمانێکی ڕێکوپێک بۆ فەلسەفە و هزر دابین بکات. مووریش هەر هەمان هەوڵی دا، بەڵام ئەو دەیویست بە لێکدانەوەی زمانی ئاسایی ئەم کارە بکات. ڕەسەل پشت بە زمانێکی وەک زمانی بیرکاری دەبەستێ. ئەو لە کتێبی بنەمای بیرکاریدا کە بە هاوکاری وایتهێد نووسی، هەوڵی دا وەها زمانێک وەدی بهێنێت. ڕەسەل پێی وابوو کە لە ڕێی زمانی ورد و ڕێکوپێکەوە دەتوانین لە بارەی ڕاستەقینەشەوە دادوەری بکەین. واتە لە ڕاستیدا زمان وێنەیەکە لە ڕاستەقینە و تاکەگەلی زمان نیشاندەری تاکەگەلی ڕاستەقینەیە. ئەم هزرە کە بە ئەتۆمیزمی لۆژیکی ناودێر کراوە، بە تایبەت بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی فەلسەفی- لۆژیکی ڤیتگۆنشتاین گرینگییەکی زیاتر بەخۆیەوە دەگرێ و ڤیتگۆنێشتاین زمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینە دێنێتە ئەژمار.

لە درێژەدا ئەم جوولەیە بە پۆزێتیڤیزمی لۆژیکی دەگات. پێشڕەوانی پۆزێتیڤیزمی لۆژیکی سەرەڕای ئەوەی کە دڵ لەدوای ئەندێشەکانی ڕەسەل و ڤیتگۆنشتاین بوون، بەڵام بە ڕادەی ڕەسەل سەرنجی لایەنەکانی تر و تەنانەت میتافیزیکیان نەدا. ئەوانە لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە تەنیا زانست دەتوانێ ئەندێشەی نوێمان پێ ببەخشێ. فەلسەفە بابەتێکی بۆ بیرلێکردنەوە نییە. کە بابەتێکیشی ببێ، بابەتێکی ڕاستەکی نییە. زانستەکە دەپەرژێتە سەر تاووتوکردنی جیهانی ڕاستەکی و بابەتگەلی ڕاستەکی. ئەگەر فەلسەفە شتێکی بۆ تاووتوکردن ببێ، ئەوە زمانە و

بژارەکـانی. ئەوانە هەوڵی ئەوەیان دا کـە پێـوەرێک بدۆزنەوە بتوانێ میتافیزیک لە گۆڕەپانی ناسین وەدەر بنێ و تەنیـا دادوەرییـە زانسـتـیـیـەکـان بە دادوەری ڕێکوپێک بزانێ. لە ئاکـامی ئەو هەوڵەدا بوو کـە بە بنەمای هەڵسەنگاندنگەر گەیشتن کە ڕواڵەتە سادەکەی بەم جۆرەیە کە هەر بژاردەیەکی واتادار، یان شیکارانەیە، یان دارشتەیی. ئەگەر شیکارانە بێت لە جۆری لۆژیک و بیرکارییە و تەنیا بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئەندێشە دەتوانین پەی بە هەڵە، یان دروست بوونی بەرین و ئەگەریش دارشتەیی بێ دەشێ بتوانین لە ڕێی تاووتو و ئەزموونییەوە پەسەندی بکەین. بژاردەیەک کە لەم دووانە بەدەر بێت، لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسووفانەوە بێ واتایە. بەم شێـوەیە نە تەنیـا مـیـتـافـیـزیک، بەڵکو زۆربەی لایەنەکـانی فـەرهەنگی ئینسـانی، کـە لەم ڕوانگەوە سـەیری کـرا، بێ واتا دەبێت. هەڵبـەت گـۆڕانی ئەم تیۆرییە و سەرنجی زۆری فەیلەسووفەکان نیشانی دا کە ئەم چۆنیەتییە بەم ساکارییەش نەبوو کە بیری لێدەکراوە تەنانەت هەر ئەم بنەمای هەڵسـەنگاندنگەرە بە بنەمای هەڵسـەنگاندنگەر هەڵناسـەنگێندرێ. بە هەرحـاڵ، وێنەیەک کـە لێرەدا لە فـەلسـەفـە هەمـانە، ئەوەیە کـە فەلسەفە بوارێکی بۆ ناسین و دادوەری نییە و ئیشی ئەو تەنیا لێکۆڵینەوەی چەمکەکانە و هەڵسەنگاندنی بژارە زانستییەکانە و بەس.

ڕەوتێکی تر کە ڕوخسارێکی جیاوازمان لە فەلسەفە نیشان دەدا، فەلسەفەی هەستییە کە هەروەک ئاماژەی پێکرا بەجۆرێک کیرکەگۆر دەستپێکەری بووە. کیرکەگۆر پشت بە تاک دەبەستێ. ئەویش پشتی بە ڕاستـەقـینە بەسـتـووە، بەڵام ئەو ڕاسـتـەقـینەیەی کـە ئەو سـەرنجی داوەتێ، تاکی مرۆڤ و ئەزموونە قـووڵەکانی مرۆڤە و ئەمەش شتێکە کە بە وتەی ئەو لە سیستمدا ناگونجێ. لەم ڕووەوە بوونی خـودی کـیـرکـەگـۆر حـاشـالێکەری لە سیستمی هێگڵە، چونکە سیستم وا دەخوازێ کە تاک ببێتە پاژێک لە پاژە گشتـییەکان و لەنێویاندا ون و فەنابێت. لە ئەندێشەی کیرکەگۆردا جیا لەوەی کە پشت بە دەربڕینێکی عەقڵانی نەبەستراوە، بەڵکو پشت بەو شتانە بەستراوە کە بە ڕێکوپێکی دەرنابڕدرێن، چونکە ناچنە چوارچێوەی چەمکەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لە چوارچێوەی چەمکەکاندا جێناگرن، تاقیکردنەوەیان لە ژیاندا دەرەخسێ و گرینگترین شتەکان بۆ مرۆڤ لە گرینگترین ساتەکانیدا، هەر ئەم تاقیکردنەوانەن، هەر بۆیە ئەو فەیلەسووفانەی کە پشت بە زانست دەبەستن، لەسـەر ڕاسـتـەقـینە و ئەزمـوون جەخت دەکـەنەوە، لە فـەلسـەفـەی هەسـتـیـشـدا هەر بەم جۆرەیە، بەڵام بەم جیاوازییە بنەڕەتییەوە کە لێرەدا قسە لەسەر هەر جۆرە ئەزموونێک نییە، بەڵکو لەسەر ئەزموونە قووڵەکانی هەستی شێوەیە. سەرەتا ئەم چۆنیەتییە لە نیتشە دەبینین. نیـتـشـە ئەو کەسەیە کە وێنەی فەلسەفە بە یەکجاری دەگۆڕێ، چونکە فەلسەفە وەک لایەنێکی ژیان و وەک ژیوەر دەبینێ. لەم ڕوانگەوە فـەلسـەفـە زۆر لە فێرکردنەکانی قوتابخانە و زانستگا سەرتر دەنوێنی، چونکە پشت بە زانستی گشتی نابەستێ، بەڵکو پشت بە بایەخەکان و تاک و ژیان دەبەستێ.

هەر بە سەرنجدان لەم خاڵەیە کـە دەتوانین تێبگەین چلۆن دەکرێ یاسپـرێس کـەسـانێکی وەک نیـتـشـە و کیرکەگۆر لە ڕاستاییەکدا ببینێ کە لە ڕوانگەیەکەوە لە بەرانبەر یەکدا وەستاون، واتە ئەو کەسەی کە گوتوویەتی «خودا مردووە» و ئەو کەسەی کە گوتوویەتی من تەنیا ئەوکـات بوونم هەیە کـە ڕووبەڕووی «ئەوی دی ڕەها»، واتە خودا ڕاوەستابم.

سـەرەڕای ئەم جـیـاوازییـە گـەورە و ئاشکرایە، لە ڕوانگەی یاسپرێسەوە دوو شتی هاوێرن، وێکچوونیان لەوەدایە کـە پشت بە ژیان و تاقـیکردنەوە قـووڵەکـانی مرۆڤی خاوەن هەستی دەبەستن. هەر ئەم پشت بەستنە، خاڵی بنەڕەتی فـەلسـەفـەی هەسـتـیـیـە کـە بە ڕای من یاسپرێس باشترین نوێنەری ئەم فەلسەفەیەیە لە سەدەی بیستەمدا. ئێمە هایدیگەریشمان هەیە، بەڵام هەروەک بێـردیایۆفـیش دەڵێ: هایدیگەر لەگـەڵ جـۆرێک لە بووناسیدا سەروکاری هەیە- ئەو بوونەی کە هایدیگەر بەدوایدا وێڵە، لە ڕوانگەی مرۆڤی خاوەن هەستـییەوە دەبیندرێ- هەر بۆیە ئەم وتارە بە ئامـاژەکـردن بە یاسپرێس کۆتایی پێ دێنین.

بیری یاسپرێس لەلایەکەوە لە بواری کاری کانتدایە و لەلایەکی تریشـەوە لە بواری ڕوانینی دوو فـەیلەسووفی هاوێر واتە کـیرکـەگـوڕ و نیـتـشـەدایە. یاسپـرێس لە سێ تاقیکاری قـووڵ و بنەڕەتی دەدوێ. ئەو تاقیکارییانەی کە لەواندا بەدوای خۆمان و جیهان و خودادا دەگەڕێین،

بەڵام ئاکامی هەموویان شکستە و ئەم خاڵە هەمان شتە کە کانت بە زمانێکی تر لێی دەدوێ: ناسینی خودا و جیهان و خود بۆ ئێمە نالوێ. یاسپرێس دەڵێ: تەنانەت وێناکردنی ئەمانەشمان بۆ نالوێ. ئەم شتانە ناکرێنە بابەت، هەر بۆیە ڕوانینێک کە زانایان و زانستەکان بە ئێمەی دەدەن، زۆرجار سەر لێ شێوێنەرن، چونکە زۆرجار دروستکەری ئەم گومانەن کە زانست دەتوانێ هەم لە مەڕ جیهان و هەم لە مەڕ «خود» بە ناسینی تەواو بگا و جەوهەری ئەمانە بناسێ، واتە بەو شتە بگات کە فەیلەسووفە سوننەتییەکان بە میتۆدی عەقڵانی بە دوای وێڵ بوون و ئەمە ئەو شتەیە کە یاسپرێس بە خورافاتی زانستی ناودێری دەکات، واتە لە زانست خواستن کە لە توانایی ئەو بە دەرە. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەڵێ زانینی شتگەلێک لە مەڕ جیهان و خود ناسینی جیهان و خود نییە.

کە دەڕوانینە کانت، فەیلەسووفێک دەبینین کە هێشتا لە چاوی زانستگاوە دەڕوانێتە جیهان، بەڵام کە دەگەینە یاسپرێس لە سۆنگەی کەسگەلێکی وەک کیرکەگۆر و نیتشەوە لەگەڵ کەسێکدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە هەموو ئەندێشەکانی لە تاقیکارییەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ. ئەو شکستەی کە باسیشی لێدەکات هەر لەم تاقیکاربیانەوەیە، تاقیکاری داچڵەکێنەر. هەر کەس لەو تاقیکارییە بێ بەش بێت لەبێ ئاگاییدا بەسەر دەبات. هەربۆیە تاقیکاری شکست کۆتایی ڕێگا نییە، بەڵکو دەسپێکی لە خەو ڕاپەڕین و بەخۆ داهاتنەوەیە. ئەمە تەنیا شکست نییە، بەڵکو هەموو دۆخە سامانییەکان بەم جۆرەن. دۆخگەلی وەک ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ و ڕەنج و عەشق. لە وەها دۆخکدایە کە هەستی دەپشکوێنێ و ئێمە خۆمان دەدۆزینەوە و تێدەگەین کە لە ڕاستیدا کێین.

یاسپرێس لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا بەناوی ئاوەز و هەستی، کە پشت بە ئاوەز و هەستی دەبەستێ، دەڵێ ئەم دوو چەمکە یەکیان هی کانتە و ئەوی تر هی کیرکەگۆرە. کانت ئاوەزی هەڵسەنگاند و وێڕای ڕەخنە لێ گرتنی، بە بەرزترین توانایی ئێمەی لە قەڵەم داو کیرکەگۆریش سەرنجی ئێمەی بۆ لای قووڵایی هەستی ڕاکێشا. ئەم دووانە لە بەرانبەری یەکدا نین. ئەو ئاوەزەی کە لە هەستییەوە وزە وەرنەگرێ، خاوەن هێز نییە و ئەو هەستییەش کە بە تیشکی ئاوەز ڕوون نەبێتەوە بەرەو لارێ دەچێ، هەربۆیە مرۆڤی ڕەسەن فەیلەسووف لە ڕوانگەی یاسپرێسەوە کەسێکە کە لەلایەکەوە سنووری ئاوەز دەناسێ و لەلایەکی تریشەوە حاشای لێ ناکا، بەڵکو دەیکاتە ڕێ پیشاندەری خۆی. ئەو خاڵە کە یاسپرێس جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە دەشێ لە هەستیدا سۆراغی بنەما و هەوڵەکانی ئاوەز برێ، چونکە ئەو وزەیەی کە ئاوەزی لێوە سەرچاوە دەگرێ، هەستییە و ئەمەش واتای ئەم وتەیەی ئەوە کە دەڵێ: کانت ئەو هەمووە لەسەر ئاوەز دوا، بەڵام بەم خاڵە پەی نەبرد کە ئاوەز بە واتایەک، هەمان عەشقە.

هەروەک فەیلەسووفەکانی تری هەستی، یاسپرێسیش زیاتر لەوەی کە لەسەر فەلسەفە بدوێ، لە بە فەلسەفەکردن دواوە و فەلسەفە زیاتر لەوەی کە سیستمێکی ئاوەزمەندانە لە زانستی گشتی بێت، لایەن و ڕواڵەتێکە لە ساتەکانی بێداری و تژی بوون. کاری ڕاستەقینەشی هەمان ڕۆشنگەری و لە خەو ڕاپەڕاندنە. بە فەلسەفەکردن لە ڕێدا بوونە و فەلسەفە هەموو کات لە ڕێدایە.

**سەرچاوە:**

**گفتارهایی در فلسفه و فلسفەی تربیت؛ دکتر میر عبدالحسین نقیب زادە؛ نشر طهوری، تهران؛ چاپ اول ۱۳۷۷.**

# ڕاپەڕینی یەزدان شێری بۆتانی (١٨٠٣-١٨٦٨)

کونی ڕەش
لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر
(سلێمانی)

**دەروازە**

ئەو کتێب و بەڵگەنامە مێژووییانەی باسی ڕووداوەکانی ناوچەی کوردستانی باکووریان کردووە، بۆمان ئاشکرا دەکەن کە کوردان بەدەست زەبروزەنگی تورکەکان و دڵڕەقی و مامەڵەی نامرۆڤانەیان و چەوساندنەوەی دڕندانەیانەوە ناڵاندوویانە، ئەمە لە کاتێکدا کە کوردان لە چەندین وەرچەرخانی گرنگی مێژوودا هەڵوێستی ئیجابیانەیان لە بەرانبەر ئەواندا نواندووە، کورد لە شەڕی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤)ی زایینی لە دژی فارسەکان پشتیوانی سوڵتان سەلیمی عوسمانییان کرد و لایەنگریی کۆنفرانسی ئەرزەڕۆمی ساڵی (١٥١٩)یان کرد، هەروەها لە بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورک کە مستەفا کەمال بانگەوازی بۆ دەکرد، هەڵوێستیان ئیجابی بوو. بەروبوومی ئەم هەڵوێستانەشی، ئێستاشی لەسەر بێت هیچی تر نەبووە جگە لە دوژمنایەتی و ناردنی سوپا و هێزی داگیرکەر و ئاراستەکردنی لوولەی تۆپە خاپوورکەرەکانیان بۆ کوردستان، بەمەبەستی دەمکوتکردنی ئەو گەروانەی بانگەشەی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین و ناسنامەی نەتەوەیی و دادوەری و یەکسانی و کۆچ پێکردنی بەزۆریان بۆ ئەنادۆڵی خۆرئاوا کە مەبەستیان گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردییەکان و چۆڵکردنیان لە دانیشتوانە کوردەکەی بوو کە ڕەگوڕیشەیان بۆ هەزاران ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئەمە کورتەی ئەو ئەزموونە مێژووییەیە کە کورد لەگەڵ تورکدا تاقی کردۆتەوە کە بریتییە لە بەخراپ چاکەدانەوە و ئیستیغلالکردنی گیانی ئایینی موسڵمانەیان و سەرکوتکردنی خواستە ئازادیخوازانەکانیان و مکوڕ بوون لە سەر مانەوەی خاکی کوردستان وەک چێڵێکی

شیربەخش کە ناوچەکانی ئەنادۆڵ بە سەروەت و سامان یارمەتی بدات، نەک بە شۆڕش. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانە لەلایەن گەلی کوردەوە دژ بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان. ڕاپەڕینەکەی میر (یەزدان شێری بۆتانی) کە دەکرێت هەر بە ڕاستی بە (میرە هەڵخەڵەتێنراوەکە) وەسفی بکەین، لە ماوەی نێوان هەر دوو ساڵی (١٨٥٤-١٨٥٥) لە ناوچەکانی بۆتان و هەکاری هەڵگیرسا، یەکێکە لە گرنگترین ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لە مێژووی نوێیدا.

### بارودۆخی گشتی بەر لە ڕاپەڕینەکە

لەگەڵ سەرەتای بەهاری ساڵی ١٨٤٧دا سەرکردایەتی گشتی سوپای تورک بێ هیوا بوو لەوەی سەرکەوتنی خێرا بەسەر هێزەکانی میر (بەدرخانی ئازیزی) میری جزیرەی بۆتانی سەربەخۆی کوردی بەدەست بهێنێت، بۆیە بەو هیوایەی درز بخاتە ڕیزی کوردانەوە و وەک هۆیەکی ئاسان و سەرکەوتوو بەمەبەستی بالادەستبوون بەسەر کوردستان و نەهێشتنی میرنشینی بۆتانی کوردی، پەنای بردە بەر شێوازی هەڵخەڵەتاندن و چاندنی تۆوی ناکۆکی لە نێوان میرە کوردەکان و کڕینی ویژدانی ئەوانەیان کە کۆڵیان دابوو.

بەم شێوەیە تورک ئەو دوژمنایەتی و ناکۆکییانەیان بە هەل زانی کە لەنێوان میر بەدرخان و یەزدان شێری سەرکردەی باڵی ڕاستی هێزەکانی کورددا هەبوو، کە چاوی بڕیبووە فەرمانڕەوایەتی بۆتان. لە بەهاری ساڵی (١٨٤٧) دا عوسمان پاشای سەرکردەی هێزەکانی تورک توانی بە پاڵپشتی یەزدان شێر کە ١٥ هەزار جەنگاوەری لەگەڵدا بوو، کەلێنێک بخاتە بەرەی سوپای کوردییەوە(١) پاش ئەوەی توانی وەلائی یەزدان شێر بکڕێت، لەبەرانبەر ئەوەی پاش ئەوەی میر بەدرخانی لەناوبرد ئەم فەرمانڕەوایەتی بۆتان بگرێتە دەست. لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە توێی گفتوگۆ دەربارەی کەسایەتی یەزدان شێر دەگەڕێینەوە سەر ئەو هۆکارانەی کە وایان کرد یەزدان شێر بەلای عوسمانییەکاندا دایشکێنێتەوە و لایەنیان بگرێت.

لە تەممووزی ساڵی ١٨٤٧دا میر بەدرخان پاش ئەوەی بۆ ماوەی هەشت مانگ بەرگری کرد، قەڵای ئاروخی ڕادەستی تورکان کرد و خۆشی لەگەڵ هەردوو براکەیدا (میر سەعد و میر ساڵح) و دەستەی ئەرکانەکەی بۆ ئەستەنبووڵ دوورخرانەوە.

دوای لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی میر بەدرخان و بەمەبەستی ڕێگری کردن لە هەڵگیرساندنی هەر ڕاپەڕینێکی دیکە لەپاشەڕۆژدا لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی تورک دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی چەندین هێزی تورکی لە سەرجەم ناوچە کوردییەکان و گۆڕانکاریگەلێکی نوێیان لە دامودەزگا کارگێڕییەکاندا ئەنجام دا و جەزیرە و هەکاری و بەرواریان لە ولایەتێکدا لە ژێر دەسەڵاتی میر (یەزدان شێر)دا کۆکردەوە و میراتگرانی میر و فەرمانڕەوا کوردەکانیان لە ئیمتیازە میراتییەکانی خۆیان بێ بەری کرد، هەروەها دەسەڵاتدارانی تورک بەردەوام بوون لە ڕاونان و شوێنی هاوپەیمانە بەهێزەکانی میر بەدرخان کەوتن کە تا ئەو ساتە مابوونەوە، ڕاوەدووی (خان مەحموود)یان نا و شوێنی کەوتن تا لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٤٧دا گرتیان و دەست بەسەریان کرد، هەروەها بەردەوام بوون لە ڕاوەدوونان و شوێن کەوتنی هاوپەیمانێکی دیکەی میر بەدرخان کە ئەویش (نوروڵڵا بەگ) بوو، تا ناچار بوو ساڵی ١٨٤٩هەڵات بۆ ئێران(٢)، هەر لەو سەروەختەدا چەندین بەشداربووی دیکەی شۆڕشەکە هەڵاتن بۆ ئێران و پشتی قەوقاز(٣). هێزەکانی تورک بەردەوام بوون لە چۆڵکردنی ناوچە کوردییەکان لەو کوردانەی کە لە سیاسەتەکانیان نارازی بوون.

پاش ئەوەی بارودۆخی کوردستان تاڕادەیەک سەقامگیر بوو، هێزەکانی تورک میری بەدلیسی کوردی (شەریف بەگ)یان بۆ ئەستەنبووڵ دوورخستەوە، لە جێی ئەو فەرمانڕەوایەکی تورکیان کردە فەرمانڕەوای بەدلیس. بەم شێوەیە بابلعالی کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی هەموو میرنشینە کوردییەکان هێنا.

ساڵی ١٨٥٠ هێزەکانی تورک بەبیانووی وەفادارنەبوونی یەزدان شێر لەبەرانبەر دانی ئەو باجانەی کە گوایە لەسەری کەڵەکە بووە، قەسابخانەیەکی ترسناکیان لە ناوچەی ئومریانی ژێر دەسەڵاتی (یەزدان شێر)دا بەرپاکرد. بەهۆی بێزاری گشتیی کوردان لە گەیشتنی چڕوپڕی هێزەکانی تورک بۆ کوردستان و ناچارکردنی دانیشتوانەکەی بۆ ملدان بە خزمەتکردنی سەربازی بەزۆر و کۆکردنەوەی باج و کۆمەکی جەنگی بەشێوەیەکی تۆپزی، تێکهەڵچوون و وردە شەڕی ڕۆژانە لەنێوان دانیشتوانە کوردەکە و هێزەکانی تورک هەروا

بەردەوام بوو، بۆیە زۆربەی کات پیاوان بەمەبەستی هەڵاتن لە خزمەتی سەربازی و دانی باجە زۆرەکان و پێشکەشکردنی کۆمەک بە سوپای داگیرکەر، پەنایان دەبردە بەر لووتکەی چیا دووره چەپەکان.

لەگەڵ سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە و هەڵگیرسانی جەنگی قەرەم لە ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٦) لەنێوان ڕووس و تورکەکاندا (بەریتانیاش لە پاڵ تورکیا بەشداریی لەو جەنگەدا کرد) پێوەندییەکانی نێوان کورد و ڕووس زیاتر لەوەی کە لە سەرەتا هەیانبوو پەرەی سەند، هەر لە هەمان کاتدا خەبات دژی تورک لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەرەی گرت، بەشێکی گەورەی فەرمانڕەوا و دەرەبەگەکانی کورد پێوەندییان بە نوێنەرانی حکومەتی ڕووسیای قەیسەرییەوە کرد و بەشێکیان لەپاڵ هێزەکانی ڕووسدا بەشداریی شەڕەکانیان کرد. لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە هێزە ڕووسییەکان لە تەمموز و ئابی ١٨٥٤ لە داگیرکردنی شاری (بایەزید)دا بەسەر هێزەکانی تورکدا تۆماریان کرد، بەشێکی گەورەی کورد ڕیزەکانی سوپای تورکیان بەجێ هێشت. لەکۆتایی ساڵی ١٨٥٤یشدا و پاش ئەوەی هێزەکانی ڕووس فیرقەیەکی سوپای تورکیان لە نزیک (وان) بەزاند بەشێکی دیکەی کوردانی ناو هێزەکانی تورک ڕیزی سوپای تورکیان جێ هێشت و بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە. لەم ماوەیەدا ڕەوتێکی پێکهاتوو لە سەرکردە کورد و ئەرمەن و ئاسوورییەکان دەرکەوت کە بانگەشەیان بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووس و دژایەتی کردنی تورکەکان دەکرد، دیارترین سیمای ئەم ڕەوتە هەر دوو سەرکردەی کورد (قاسم خان) و (جافر خان) بوون(٤).

لەو کاتەدا یەزدان شێر لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ کەسانی وەرس و بێزاری کورد و ئاسووری و ئەرمەن و عەرەب و کەمینەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی تورکیا (کوردستان)، ئەو لە چاوەڕوانی ڕۆژێکی گونجاو بۆ شۆڕشکردن لە دژی ئیمپراتۆیەتی عوسمانی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، چاودێری ڕەوتی پەرەسەندنی پرۆسە جەنگییەکانی بەرەی قەوقازی دەکرد. لەم ماوەیەشدا بابلعالی ئەمیان لە ئیدارەی فەرمانڕەوایەتی کوردستان (بۆتان، هەکاری، بەرواری) وەلاناو لەکار خست، پاشایەکی تورکییان لە شوێنی دامەزراند، ئەمەش بەهۆی ئەو هەوڵانەوە بوو کە یەزدان شێر لەپێناو یەکخستنی هێزە کوردییەکان و دژایەتییە ئاشکراکانی بۆ تورکەکان و ترسی بابلعالی بوو لە دەرکەوتنی بەدرخانێکی دیکە لە کوردستان.

ئەم وەلانان و لە کارخستنە، بەدوور لە گۆڕەپانی کردە جەنگییەکانی قەوقاز، هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ هەڵگیرسانی یەکێک لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی کورد بە ڕابەرایەتی یەزدان شێری ئازیزی لە ناوچەکانی بۆتان و هەکاری، دژی زوڵم و زۆری تورکەکان کە بەناوی سەرۆکەکەیەوە ناونرا بە (ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر).

### ڕاپەڕینەکە

لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕینەکەدا یەزدان شێر، جاڕی بۆ لایەنگرانی خۆی دا کە بە ئاشکرا شۆڕش بکەن و چەک بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تورکدا بەرز بکەنەوە، بەتایبەتی لەدوای ئەو بێزارییە گشتییەی کە دژی کار و کردەوە دڕندانەکانی تورکەکان لەنێو گەلی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا دروست ببوو. ئەو دروشمەی یەزدان شێر بەرزی کردبۆوە کە بریتی بوو لە پاکتاوکردنی دەسەڵاتی تورکی، پاڵپشتی و پشتیوانییەکی بەرفراوانی لەلایەن کوردانی بۆتان و هەکاری و بەرواری و موتەکان و هەرێمە کوردییەکانی دیکەوە لێکرا، ئاسووری و ئەرمەن و عەرەبەکانیش چوونە پاڵی. خەباتی هاوبەش لە دژی دەسەڵاتدارانی تورک پاڵپشتییەکی گەورەی لە ڕاپەڕینەکە کرد و وای کرد ڕاپەڕینەکە لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجەکانی بەدی بهێنێت. لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشەکەدا یەزدان شێر بە سەرۆکایەتی دوو هەزار چەکدارەوە بەرەو بەدلیس کشا و بە ئاسانی و بە پشتیوانی دانیشتوانی ناوچەکە داگیری کرد و ئیدارەی تورکی لەناوبرد، لە ڕێگەشیدا بۆ باشوور کە شاری مووسڵ بوو، هێزێکی تورکی بەزاند کە لە سێ هەزار سەرباز پێکهاتبوو. یەزدان شێر چووە ناو مووسڵەوە کە کارگەیەکی دروستکردنی چەک و عەنبارێکی گەورەی تەقەمەنی و تۆپ و خەزێنەی شاری تێدا دۆزییەوە. بە داگیرکردنی مووسڵ، یەزدان شێر توانی هێزی شەڕکردنی خۆی بەهێز بکات، هەروەها ڕاپەڕینەکە ناوچەگەلێکی نوێی گرتەوە، دانیشتوانی ناوچەکانی باشوور لەوانەیش وان و میکس بە سەرکردایەتی زەعیم (تیلی بەگ) دایانە پاڵ ڕاپەڕینەکە، هەندێ لە کوڕەکانی میر بەدرخانیش کە لەلایەن بابلعالییەوە بە دەسەڵاتی ڕەهاو بە پارەی زۆرەوە نێردرابوون بۆ کوردستان تا هێز بۆ بابلعالی کۆبکەنەوە، ئەوانیش ئەو پارە و سەلاحیەت و دەسەڵاتە ڕەهایەیان بۆ

دامـەزراندنی سـوپایەکی کـوردی بە هەل زانی و پاشـان دایانە پاڵ ڕاپەڕینەکە.

بەم شێوەیە ژمارەی ڕاپەڕیوەکان گەیشتە (٣٠) هەزار جـەنگاوەر، سنووری ڕاپەڕینەکـە بەرفـراوان بووەوە و شـێـوەیەکی مـیللی وەرگـرت، دەسـەڵاتدارانی تورکـیش سەربـاری هەوڵەکانیـان، نەیانتوانی ئەو سەرکردە کوردانە لە دژی ڕاپەڕینەکە یەک بخەن کـە نەیاری یەزدان شـێـر بوون.

لە کـانوونی دووەمی سـاڵی ١٨٥٥دا لە دەوری شـاری سیرەت جەنگێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی یەزدان شێر و هێـزەکانی تورک بە پاڵپـشـتی هێـزەکـانی والی بەغـدا (کـەنعـان پاشـا) و هەر بە سـەرکـردایەتی خـۆیشی ڕووی دا، بەڵام لەم جەنگەدا هێزەکانی کورد هێزەکانی تورکیان تێک شکاند، شاری سیرەت داگیرکرا، بە داگیرکردنیشی چەندین هۆز و دەسـتـەی نوێ دایانە پاڵ ڕاپەڕینەکـە، لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵیش زیاتر لە ٢٠٠٠ عەرەب و ژمـارەیەکی زۆر یۆنانی دایانە پاڵ ڕاپەڕینەکـە، لە باکووری خۆرهەڵاتیشەوە ئەرمەنییەکان هاوسۆزیی خۆیان بۆ ڕاپەڕینەکـە دەربڕی. بەم شـێـوەیە ڕاپەڕینەکـە ناوچەگـەلێکی فـراوانی لە مـووسـڵەوە بۆ وان گـرتەوە و ژمـارەی ڕاپەڕیوەکـان لە شـوبـاتی سـاڵی ١٨٥٥دا زیادی کرد بـۆ ٦٠ هەزار جەنگاوەر، بەپێی هەندێ سـەرچاوە بۆ ١٠٠ هەزار جەنگاوەر(٥).

لەو سـەروەخـتـەدا دەسـەڵاتدارانی ڕووس هەوڵیـان دا هەڵوێستی یەزدان شێر بێ لایەنانە بهێڵنەوە، بـانگیـان کـرد بۆ دۆسـتـایەتی لەگـەڵ ئیـمـپـراتۆریەتی ڕووسی، لە نامەیەکی سەرکردەی هێزی یەریڤانی سوپای ڕووسی کە بۆ یەزدان شـێـری ناردووە هاتووە: ڕێگە بە سـوارەکـانت بدە بگەڕێنەوە بۆ کارە ئاشتەواییـەکانی خۆیان(٦). لە پتروسبۆرگیش ڕووسەکان ئارەزووی بێ لایەنیی کوردیان دەکـرد، واتە دەتوانرێت بوترێت سـەرکـردایەتی ڕووسی نەیتـوانی ڕاپەڕینی کـوردان نە لە بەرژەوەندی خـۆی نە لە بەرژەوەندی کـوردانیش بەشێوەیەکی گونجاو بقـۆزێتەوە، ئەگەرچی دەشیتوانی ئەم کارە بکات.

وێڕای ئەوەی کـە یەزدان شـێـر هەوڵی دا هاوڕێکی لەگـەڵ هێـزەکـانی ڕووسـدا بکات، وەک لەو پێـنج نامـەیەیدا دەردەکـەوێت کـە لە دوای داگـیـرکـردنی بایەزیدەوە بۆ سەرکردەی هێزەکانی ڕووس ناردوویەتی و داوای لێکردووە هێرشێکی هاوبەش بۆ سەر تەبلیس و ئەرزەڕۆم ڕێک بخـەن، بەڵام جـووڵەی هێـزەکـانی ڕووس لەدەرەوەی سنووری ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی و دابەشـبـوونی بەسـەر شوێنە زستـانییـەکـانیـدا بووە هۆی تێکچـوونی هاوسـەنگی هێـز و نەگـەیشـتـنی ئەو نامانەی(٧).

لەگەڵ فراوانبوونی چوارچێوەی ڕاپەڕینەکە لە شوبات و ئاداری ساڵی ١٨٥٥دا، بەتایبەتی بە ئاراستەی ئەرزەڕۆم و بایەزیددا، توانای پێوەندیکردن بەهێزە ڕووسییەکانەوە بووە کارێکی ئاسان، بۆیە سەرکردایەتی تورک ناچار بوو بەشێکی هێـزەکانیـان لەبەری قـەرەمەوە بکێشێـتـەوە و بیگلێنێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینەکەوە، بەتایبەتی لە پاش کـشـانەوەی هێـزەکـانی ڕووس بۆ دەرەوەی ئیـمـپـراتۆریەتی تورک، سـەرکـردایەتی هێـزەکـانی تورک هێرشەکانی دژی ڕاپەڕیوەکانی چڕ کردەوە، دیبلۆماسیەتی بەریتـانیش لە مـووسڵ لە پاش ئەوەی ڕادەسـتی ڕاسپـاردەکـانی پێـویسـتی فـەرمـانگە دەسـەڵاتدارە بەریتـانییـەکـان بوو و پارەی پێـویست بۆ ئەم مـەبەسـتـە تەرخان کرا، ڕۆڵی خۆی لە لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەدا گێڕا و لەدژی ڕاپەڕیوەکـان جـەنگان، نەمـروود ڕەسـام(٨) کـرێگرتەی قـونسـوڵخـانەی بەریتـانی لە مـووسڵ بە مەبەستی دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕشەکە جموجووڵی خـۆی دەست پێکرد و توانی قـەناعـەت بە ژمـارەیەک لە سەرکردە کـوردە ڕاپەڕیوەکان بکات کە لەگـەڵ تورکەکـان ڕێک بـکەون، ئـەمـەش بووە هـۆی ئەوەی کـردەوە شۆڕشگێڕانەییەکان بەشێوەیەکی کاتی ڕابگیرێن. ئا لەو کـاتەدا یەزدان شـێـر بـۆ جـاری دووەم هەوڵی دا لە ڕێی پەیامبەرەکەی خۆیەوە (ئەسلۆ) پێوەندی بە سەرکردەی هێـزەکـانی ڕووس لە یەریڤان بکاتەوە، یەزدان شـێـر لەو نامـەیەیدا پێـشنیـاری ئەوەی بۆ کـردن کـە دیسـان بەرەو موش پێشڕەوی بکەن، بەڵام ئەسلۆ نەیتوانی پێوەندی بە سەرکردەی هێزەکانی ڕووس لە یەریڤان بکاتەوە، تـەنیا کـاتێک نەبێت کـە کـار لە کـار ترازا بوو، ئیـدی یەزدان شـێـر ئومـێـدی بە گـەیشـتـنی کـۆمـەکی ڕووسـەکـان و سەرکەوتن بەسەر هێزە زۆروزەوەندەکەی تورکەکان نەما، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکـانی کورد ڕەتیان کردەوە بەشداریی خەبات و تێکۆشان بکەن. لەولاشەوە ئینگلیزەکان کۆمەکی ڕاستەوخۆیان پێشکەشی هێـزەکـانی تورک کـرد، ئەفـسـەرێکی ئینگلیـز (مـاکـون) سـەرکـردایەتی تۆپخـانەی تورکی لە دژی سـەنگەری

ڕاپەڕیوەکان کرد، چڕی هێزەکانی تورک لە کوردستان کە چەکی نوێیان لە جبەخانەی ئینگلیز وەرگرتبوو زیادی کرد، بۆ ڕاونانی شۆڕشگێڕانیش دەستیان بە کاولکردن و خاپوورکردنی خاکی کوردستان و داگیرکردنی شار و شارۆچکە و دەربەندە چیاییەکان کرد.

یەزدان شێر لە قەڵاکەی (کۆشکی گەلی- قەسرا گەلی) لە ناوچەی شاخاوی بۆتان لە باشووری وان خۆی قایم کرد و سەنگەری گرت، ناچار بوو لە ژێر کاریگەریی بەکرێگیراوی بەریتانی (نەمروود ڕەسام) بەمەبەستی چارەسەرکردنی مەسەلەگەلێکی جێ ناکۆک، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیدا داخڵی مفاوەزات بێت، بەڵام هەر ئەوەندەی لە قەڵاکەی خۆی لە (قەسرا گەلی) هاتە دەرەوە دەست بەسەر کرا و لەوێوە ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرا تا فرێی بدەنە تاریکایی زیندانەکان، لە ئەستەنبووڵ بەو چەشنە مامەڵەیان لەگەڵ کرد کە بەر لە ئەو هەمان مامەڵەیان لەگەڵ (میر بەدرخان)یان کرد بوو، کە نازناوی پاشایان پێ بەخشی و ناردیان بۆ شاری بانیا لە یۆنان و تامردنی لە ساڵی ١٨٦٨ی زایینی لەوێ مایەوە.

پاشان نەمروود ڕەسام کەوتە نێوان بابلعالی و پاتریارکی ئاشورییەکان (ئەبراهام)، هاوپەیمانی بەهێزی یەزدان شێر بە ئارەزووی ئەوەی پێوەندییەکی باشیان لە نێواندا دروست بکات، پاشانیش نەهێڵن لە پاشەڕۆژدا هیچ یەکێتییەکی دیکە لە نێوان کورد و ئاشوورییەکاندا ڕووبدات، لەترسی ڕوودانی سەرلەنوێی ڕاپەڕینێکی ئاوا فرە نەژاد و فرە مەزهەب.

بەم شێوەیە و لەدوای بەدیل گرتنی یەزدان شێر وردە وردە بارودۆخ و کاروباری سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە خراپ بوو، سوودیان لەو سەرکەوتنانەیان نەبینی کە بەدەستیان هێنابوو، بۆیە بەنێو چیا و کێوەکاندا پەرتەوازە و پەرشوبڵاوبوونەوە، بەڵام (عومەر ئاغا)ی برای یەزدان شێر(٩) لە ناوچە سەنگەر پتەوەکانی بۆتانەوە لە دژی تورکەکان درێژەی بە ململانێی خۆی دا، چەند دە هەزار سوارێکی کوردی لە ژێر دەستدا بوو، بەڵام نەیتوانی لەبەردەم ئەو ژمارە زۆر و ڕێکخراوەی تورکەکان و پاڵپشتی کردنی ئینگلیزەکان بۆیان لە ڕووی شارەزایی سەربازییەوە خۆی ڕابگرێت، بۆیە ناچار بوو بکشێتەوە و هێزەکانی بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا پەرتەوازە بوون. بەم شێوەیە و بۆ دواجار لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٥ی زایینیدا ڕاپەڕینەکە دامرکایەوە و دیسان بەشێکی کوردستان بۆ ژێر دەستی ئیدارەی تورکی گەڕایەوە.

لەبەر مەترسیی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، دەسەڵاتدارانی تورک لە دوای سەرکەوتنیان بەسەر شۆڕشگێڕەکاندا میدالێکی تایبەتیان دەرکرد(١٠)، پاشان و بۆ جاری دووەمیش هێزەکانیان لە کوردستان بۆ بەرەی ڕووسی (قەرەم) گەڕاندەوە.

بینیمان تورکەکان لە لەناوبردنی میر یەزدان شێردا پشتیان بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی بەست، وەک چۆن لە دژایەتی کردنی شۆڕشەکەی میر بەدرخانی ئازیزیشدا ئەو کارەیان کرد کە شێوازێکە چ گەلی کورد و چ هەموو ئەو گەلانەی کە دووچاری دژایەتیکردنی تورکان بوون لەسەری ڕاهاتوون.

کەفوکوڵی خەبات لە دەروونی گەلی کورددا دانەمرکایەوە، بەڵکو گەلی کورد برینەکانی سارێژ کرد و هەوڵ و هیممەتی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی کۆکردەوە، ئەوە بوو چەندین شۆڕش یەک بەدوای یەکدا هاتن، وەک شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) و شۆڕشی دەرسیم و... تاد.

**یەزدان شێر کێیە؟**

سەرەتا دەبێت واتای ناوی (یەزدان شێر) ڕوون بکەینەوە. (یەزدان شێر) ناوێکی کوردی ئاوێتەی تەواوکارییە، لە دوو وشە پێکهاتووە و بە واتای (شێری خوا) دێت. ڕەنگە ناوی خۆی (عەلی) بووبێت و بەناوی (ئیمامی عەلی)یەوە ئەم نازناوەی وەرگرتبێت، ئەمە لە ناو کورددا نەریتێکی باوە، ئەم ناوە لە دوو کەسی دیکەی خێزانەکەیان نراوە (بڕوانە شەجەرەی بنەماڵەکەیان).

هەندێک لە مێژوونووسان لە نووسینەکانیاندا لەبری ناوە ناسراوەکەی خۆی (واتە یەزدان شێر) بە هەڵە بە (عزالدین شێر) ناوی دەبەن.

میر یەزدان شێر کوڕی میر سەیفەدینی ئازیزییە کە لە دوای مامی (واتە میر عەبداڵ خان)ی باوکی میری ناودار (بەدرخان) فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بۆتانی گرتە دەست. ناوی یەزدان شێر لە زۆرێک لە سروودە میللییەکاندا نەمر کراوە و تا ئەمڕۆش هێشتا زۆرێک

لەو سروودە میللییانە دەوتریێنەوە، ڕەنگە گۆرانی (ئەز خەلەفم خەلەفم) کە (خەڵەف شەوقی(١١) وەک داخ و کەسەرێک بۆ ڕووخانی فەرمانڕەوایەتی میر بەدرخان و گرتنە دەستی فەرمانڕەوایەتی بۆتان لەلایەن یەزدان شێرەوە چڕیویەتی، باشترین گەواهی بن بۆ ئەم بۆچوونەمان:

Ez Xelefim Xelefim
Haware mîr, haware mîr
Ez Xelefim Xelefim
Yezdansêr begê Botan e

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێوەندی خزمایەتی نێوان میر بەدرخان و میر یەزدان شێر، دەبێت بۆ کتێبی (میر بەدرخان) بگەڕێینەوە لە دانانی (ئەحمەد لوتفی) کە باس دەکات و دەڵێت:

(عەبدوڵڵا خان باوکی میر بەدرخانە کە لەم نامەیەدا لەبارەیەوە دەنووسین، لە دوای کۆچی دوایی و گرتنە دەستی میرنشینەکە لەلایەن ئامۆزاکەیەوە (سەیفەدین بەگ)، کە لە کاروباری دنیادا زۆر نیازپاک بووە تا ئەو پلەیەی بێ ئاگا بوو لە کاروبار و پێویستییەکانی میرنشینەکە، بۆیە سیستەمەکە شێوا و سەرۆک هۆزەکان دەستیان کردە بێ فەرمانی و گوێڕایەڵ نەبوون، بەدرخان بەگ نەیتوانی لەمە بێ دەنگ بێت، بۆیە دەستی کرد بە خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری میرنشینەکە، میر سەیفەدین دانی نا بەوەی کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتەکەیدا بێ توانایە و لێهاتوو نییە، وازی لە فەرمانڕەوایەتی هێنا و خۆی بۆ خواپەرستی تەرخان کرد، جا لەبەرئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکە لە سەرئەوە وەستا بوو کە کوڕی گەورە بچێتە سەر کورسی دەسەڵات، بۆیە میر ساڵح کە گەورەترین کوڕی میر عەبدوڵڵا بەگ بوو لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت، کە هەر لە منداڵییەوە خۆی بۆ خواپەرستی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای میهرەبان و دوورکەوتنەوە لە کاروباری دنیا تەرخان کرد بوو، بۆیە هەوڵی دا لە وەرگرتنی دەسەڵات دوور بکەوێتەوە، بەڵام لەبەر پێداگری براکەی ناچار بوو لە فەرمانڕەواییدا بمێنێتەوە لەگەڵ بەردەوام بوون لە پەرستش و قبوولکردنی تەریقەتی نەقشبەندی و خوێندنەوەی ویرد و زیکر و نزا کە تێیدا گەیشتە پلەی جەزبە، پاشان وازی لە کورسی میرنشینەکە هێنا. لە هەمان کاتیشدا بەدرخان بەگ بەهۆی ئەو غیرەتە نەتەوەییەی کە هەیبوو، توانی سۆز و خۆشەویستی هەمووان بەدەست بهێنێت، بۆیە دەنگیان پێدا کە جڵەوی میرنشینەکە بگرێتە دەست، هەتا ئەمڕۆش کوردان بە شانازییەوە باسی ئەو ڕابردووە خۆشە دەکەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا باڵی کێشابوو..)(١٢)

بەڵام نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد (مەحموود لاوەندی) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە (وەچەکانی یەزدان شێر) کە لە ڕۆژنامەی (ئارمانج)ی کوردیدا بڵاوبۆتەوە دەڵێت:


(یەزدان شێر کوڕی میر سەیفەدینی سێیەمە و لە کوڕە مامەکانی میر بەدرخانە، هەروەها خوشکەزای سەعید بەگی خاوەنی قەڵای (کورکیلی)یە کە دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی شرناخ. ئەم خاڵەی میر یەزدان شێر (واتە سەعید بەگ) یەکێک بوو لە ڕکەبەرە بەهێزەکانی میر بەدرخان، کە لە کاتی گەمارۆدانی لەلایەنی تورکەکانەوە بە سەرکردایەتی حافز پاشا لە ساڵی ١٨٣٨ی زایینی میر بەدرخان بۆ یارمەتیدانی دەستی نەدایە چەک، بەڵکو هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیشی لێوەرگرت. دواتریش کە میر بەدرخان شەڕی تورکەکانی کرد یەزدان شێری خوشکەزای سەعید بەگیش هەمان ئەو هەڵوێستەی لە میر بەدرخان وەرگرت کە پێشتر میر بەدرخان بەرانبەر سەعید بەگ وەری گرتبوو، بگرە یەزدان شێر لەدژیشی جەنگا..)(١٣).

ساڵی ١٩٩٠ لە یەکێک لە سەردانە دووبارەکانم بۆ ماڵی میرزادە خاتو ڕۆشەن بەدرخان لەشاری بانیاسی سووریا و لە تویێی گفتوگۆ سەبارەت بە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان و بەدرخانییەکان خاتو ڕۆشەن بەدرخان پێی وتم:

(لەبەرئەوەی سوڵتانەکان هەمیشە کاریان لەسەر لاواز کردنی ڕۆڵی میرەکانی بۆتان دەکرد، ئەویش بە پەنا بردنە بەر فیتنەیی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو بنەماڵەی ئازیزیدا، بۆیە هەمیشە پشتگیری لایەکیان لە دژی لایەکەی دیکە دەکرد، هەر ئەمەشیان لەگەڵ باوکم (میر بەدرخان) و میر یەزدان شێریشدا کرد. تورکەکان لەپاڵ میر سەیفەدینی باوکی میر یەزدان شێردا وەستان و لایەنیان گرت لە دژی کوڕە مامەکەی (واتە میر عەودالْ خانی باوکی میر بەدرخان)، لەبەرئەوە میر سەیفەدین فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بۆتانی وەرگرت و لەپاش

قەسابخانەیەکی ترسناک عەودالّ خانی ئامۆزای لەناوبرد، لەو قەسابخانەیەشدا تەنیا دوو منداڵی بچووکی میر عەودالّ خان ڕزگاریان بوو کە لە ناوچە شاخاوییەکانی شرناخدا شاردرا بوونەوە، کە بەدرخان یەکێک بوو لەو دوو منداڵە...)

بە پشت بەستن بەم زانیاریانە و ئەوەی کە لە سەرچاوەکانی دیکەدا هاتوون(١٤) دەتوانین وێنەی شەجەرەی هەردوو بنەماڵەی بەدرخانی و یەزدانشێری و پێوەندی نێوانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بکێشین:




وەکو باسمان کرد، لەپاش لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر لە ساڵی ١٨٥٥دا، یەزدان شێر نازناوی پاشای پێ بەخشرا و ناردیان بۆ یۆنان کە ساڵی ١٨٦٨ تێیدا مرد، لە هەمان ساڵدا میر بەدرخانیش لە دیمەشق مرد.

میر یەزدان شێر لە پاش خۆی کوڕێکی لێ بەجێما ناوی تاهیر بوو، ئەم کوڕەی لە ئەستەنبوولّ لە خزمەتی سوڵتاندا کاری دەکرد، بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیلەوە پزیشکەکان ئامۆژگارییان کرد لە هەرێمی سووریا (شام) بژی، بۆیە چوو بۆ دیمەشق، لەنێو کوڕەکانی میر بەدرخان و لە ژێر چاودێری ئەواندا ژیا، بەدری پاشا کە یەکێک بوو لە کوڕە گەورەکانی میر بەدرخان یەکێک بوو لەوانەی گرنگییان پێ دەدا، (نەفیسە خانم)ی خوشکیشی لێ مارە کرد.

باس دەکرێت کە میر بەدرخان لەماوەی ژیانیدا زۆر بەتوندی دژی ئەو زەماوەندکردنە بووە، چونکە ڕقی لە یەزدان شێری باوکی تاهیر بووە تا ئەو ڕادەیەی کەس نەیوێراوە لە بەردەمیدا ناوی یەزدان شێر بهێنێت(١٥). تاهیر بەگیش، یان (تاهیر بەدرخان) کوڕێکی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە ناوی ناوە یەزدان شێر، ئەم یەزدان شێرەش چەند کوڕێکی بووە، لەوانە: خالید لە بەریتانیا دەژی، هادی لە ئەمریکا دەژی کە یەکێکە لەوانەی بایەخ بە دۆزی کورد دەدات، سەلیمیش لە ئەردەن دەژی یەکێکە لەوانەی بایەخ بە دۆزی کورد دەدات، عالیش لە بەلجیکا دەژی و تاهیر لە ئەردەن دەژی و ئەویش کوڕێکی هەیە بە ناوی یەزدان شێر.

## هۆکارەکانی داشکاندنی میر یەزدان شێر بەلای عوسمانییەکانەوە دژی میر بەدرخان

پێشتر بینیمان کە میر یەزدان شێر بەلای عوسمانییەکاندا دایشکاند و لەگەڵیان ڕووبەڕووی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٤٧ئامۆزاکەی (واتە میر بەدرخان) وەستایەوە، پاشان بە چەند ساڵێکی کەم (١٨٥٤ - ١٨٥٥) خۆشی بە ڕووی عوسمانییەکاندا ڕاپەڕی. گەڕانەوە بۆ مێژووی بنەماڵەی بەدرخانی دەرکەوتنی ئەو ناکۆکییە جار بەجارە ناوخۆییانەی نێوانیانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

هەندێک لەو ناکۆکییانە ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام

بوون، تورکەکانیش بەدکەڵکییان لەمە وەرگرت و بە هەموو شێوازێک هەوڵیان دەدا ئەم ناکۆکییانە لە خزمەتی بەرژەوەندی و مەرامەکانی خۆیاندا قووڵتر بکەنەوە، بۆیە بۆ نەوەی یەکەمی بنەماڵەی بەدرخانییەکان کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کە بتوانن لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان لەو ناکۆکییانە رزگار بکەن، بەڵکو تێبینی سەرهەڵدانی کێبەرکێیەک لە نێوان هەر دوو لای بنەماڵەکە و سووربوونیان لەسەر بەدەستهێنانی پێگەیەکی باڵاتر بۆ خۆیان دەکەین. ناکۆکییەکان خاوەن سروشتێکی خێڵایەتی بوون کە لە ئارەزووی پاوانکردنی سەروەری بەسەر بنەماڵە و سەرکردایەتیکردنیدا خۆی دەنوێنێت. کە هۆکارگەلێکی دیکەی لاوەکیشی بۆ دەبێتە سەربار، بەڵام هەڵوێستی (یەزدان شێر) بەرانبەر بە کوڕە مامەکەی (واتە میر بەدرخان) دەکرێت بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە بگەڕێنرێتەوە:

(١) تۆڵەکردنەوە لە میر بەدرخان کە باوکی یەزدان شێر (میر سەیفەدین)ی لەدەسەڵات هێنایە خوارەوە و لە چەپەری دەسەڵاتی بۆتان دووری خستەوە، چونکە ئەمە یەزدان شێری بێ بەری کرد لەوەی کە فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بۆتان وەربگرێت، لەبەرئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە میرنشینی بۆتاندا وای دەسەپاند کە کوڕی گەورەتر فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکە بگرێتە دەست.

(٢) سەندنەوەی تۆڵەی خاڵی (واتە سەعید بەگ) خاوەنی قەڵای (کورکیلی) وەک وەڵامێ بۆ هەڵوێستی خراپی میر بەدرخان لە کاتی شەڕەکانی خاڵی لەگەڵ عوسمانییەکان کە لە ئاداری ساڵی ١٨٣٨ی زاییینیدا روویان دابوو.

(٣) زەماوەندکردنی میر بەدرخان لەگەڵ دوێتەیاری یەزدان شێر (قشمی)، گۆرانی و سترانە کەلەپوورییەکانی کوردی چیرۆکی ئەم رووداوەیان لە فەوتان رزگار کردووە. من ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی ئەم گۆرانییانەم.

(٤) تەماعی یەزدان شێر لەوەی کە فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکە بگرێتە دەست، چونکە خۆی لە میر بەدرخان زیاتر بە شایستەی بەدەستەوە گرتنی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بۆتان دەزانی، بەتایبەتی ئەو کوڕی میر سەیفەدینە کە بەدرخان و براکانی لە دەسەڵاتیان خست.

بەم شێوەیە تێبینی دەکەین: هەر ماوەو جارێک هۆکارە ناوخۆییەکان و هۆکارە دەرەکییەکان ئاوقای یەکتر دەبوون و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی نێوان رۆڵەکانی بنەماڵەکەیان زیاد دەکرد و لاوازی دەکردن. لەبەر ئەمە گڕی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی تاوی دەسەند و خامۆش دەبووەوە، پاشان دیسان تاوی دەسەندەوە. ڕەنگە ئەمە بەڵگەیەکی دیکە بێت بۆ ڕاستی ئەوەی ئیبن فەزلوڵڵای عومەری سەبارەت بە بارودۆخی کورد کە وتوویە: ئەگەر شمشێری دووبەرەکی و ناکۆکی نەبووایە کە دروێنەی ئازا و قارەمانەکانیان دەکات، ئەوا وڵاتانیان لێ پڕ دەبوو و وڵاتانی تریشیان دەخستە سەر وڵاتی خۆیان، بەڵام بەهۆی پەرتوبڵاوی ڕاوبۆچوون و جیاوازیی دەم و گفتیانەوە تووشی ئاژاوە هاتن و بەگژ یەکدا چوون(١٦).

**پەراوێزەکان:**

**(١) الأمير جلادت عالي بدرخان: مذكرات، الحلقة الثانية (صحيفة خبات) عدد (٧٦٧) ١. تاريخ ١٩٩٥/٦/١١ إقليم كوردستان العراق.**

**(٢) جليلي جليل: من تاريخ الإمارات في الإمبراطورية العثمانية، (في النصف الأول من القرن التاسع عشر) ترجمة: د. محمد عبدو النجاري، دمشق / ١٩٨٧ / ص (٦٣١).**

**(٣) ساڵی ١٩٩٢ / چاوم کەوت بەیەکێ لە نەوەکانی ئەو بەدرخانییانەی بۆ پشتی قەوقاز هەڵاتبوون، بە مەبەستی بینینی (عين ديوار و جزيره بوتان) هاتبوو بۆ قامیشلۆ، ناوی (عەزیز ئیفج)، بە (بابی بدرخان) ناسرابوو.**

**(٤) ن. أ خالفين: الصراع على كوردستان (المسألة الدولية خلال القرن التاسع عشر)، ترجمة: د. أحمد عثمان أبو بكر، بغداد ١٩٦٩،. ص (٧٤ – ٧٥).**

**(٥) جليلي جليل: من تاريخ الإمارات في الإمبراطورية العثمانية، (في النصف الأول من القرن التاسع عشر) ترجمة: د. محمد عبدو النجاري، دمشق / ١٩٨٧ /. ص (١٥٣)**

**(٦) ن. أ خالفين: الصراع على كوردستان (المسألة الدولية خلال القرن التاسع عشر)، ترجمة: د. أحمد عثمان أبو بكر، بغداد ١٩٦٩، ص (٦٧ – ٧٧).**

# محەمەد ئەمین عەسری
# دامەزرێنەری یەکەمین دەزگای چاپ و پەخشی کوردی لە شاری کەرکووک

عەبدولستار جەباری
(کەرکووک)

محەمەد ئەمین عەسری (١٩٠٠ - ١٩٧٤) یەک لە شۆڕەسوارانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی بووە لە کوردستان و پێشەنگی ئەو بوارە بوو لە شاری کەرکووک. لە ئامێزی خانەوادەیەکی کوردی خێڵی زەنگنە لە شاری کەرکووک هاتۆتە دنیاوە، هەر لەوێ بە منداڵی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە. پاشان بە فەقێیەتی چۆتە سلێمانی و لە مزگەوتی موفتی درێژەی بە خوێندنەکەی داوە، هاوکات پاش کاتی خوێندن سەردانی هەردوو کتێبخانەی مەلا ساڵحی عەبابەیلی و مەلا ڕەحیمی مەریوانی کردووە، لەو دوو زاتە کتێبی وەردەگرت و دەیفرۆشت تا بژێوی خۆی و پێداویستیی خوێندنەکەی دابین بکات عەسری. عەسری لە سییەکاندا بووەتە مامۆستا و ماوەیەک لەو بوارەدا لە کەلار و پاشان لە کەرکووک وەک مامۆستایەکی قۆناغی سەرەتایی خزمەت دەکات، بەڵام چونکە عەسری هەر لە سەرەتاوە شەیدایەکی ڕاستەقینەی جیهانی ڕۆشنبیری و کتێب دەبێت، ئەوەبوو وازی لە ژیانی مامۆستایی هێنا و بە خولیای پەیداکردنی کتێب کەوتە گەڕان لەنێوان شارەکانی تاران، قاهیرە، ئەستەنبوڵ و ژمارەیەکی زۆر کتێب دەکڕێ و ڕەوانەی کەرکووکی دەکات. دواتر دەبێتە خاوەنی یەکەم چاپخانەی کوردی لە مێژووی شاری کەرکووک، هاوکات یەکەم کورد بووە چاپخانەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ کوردستان هێناوە. لە ڕێگای ئەم چاپخانانەوە دەیان کتێبی هەمەجۆری کوردی چاپ و بڵاوکردووەتەوە و بەمەش لە کوردستاندا خزمەتێکی مەزنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی کردووە..

زۆرێک لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵانی سەدەی ڕابردوودا سوود و چێژیان لەو



**محەمەدئەمین عەسری**

چاپکراوانە وەرگـــــرتووە، زاهیــــر ڕۆژبەیانی لە چاوپێکەوتنێکدا لە ژمـارە ٨٨ی گـۆڤـاری (ئایندە)دا دەڵێ: لە ڕێگای کـتـێـبـەکـانی [مـحـەمـەد ئەمین عـەسـری]یەوە، بە باشی فـێـری زمـانی کـوردی بووم.. شـاعـیـر و نووسـەر [لەتیف هەڵـمـەت] سـەرجـەم دیوانە شیعرەکەی پێشکەش کردووە و نووسیویەتی (پێشکەشە بە گیانی پاکی مەلا محەمەد ئەمین کە تەمەنی خۆی لە کـەرکـووکـدا بۆ چاپکردنی کـتـێب و نامـیلکەی کـوردی تەرخان کرد و خۆزگە لە نزیک دووکانەکەی ئەوسای خۆی پەیکەرێکی بۆ دەکرا). (مـسـتـەفا نەریمان) لە کـتـێبی [بیرەوەرییەکانی ژیانم]دا دەڵێ: محەمەد ئەمین عـەسری ئەم پیـاوە خـولیـای گەڕان بەدوای کـتـێبی کـۆن کـەوتبووە کەللەیەوە، ئەچووە (تـاران، قـاهیـرە، ئەسـتـەنبـوڵ) لەوێوە بە ژمارە بێ، یان بە بار و تەغار کتێبی کۆنی ئەکڕی و ڕەوانەی ئەکردەوە، بە تـایبەتی ئەو کتێبە تورکییـانەی کە بە حـەرفی عـەرەبی نووسـرابوون، لەوێ نەدەخـوێندران، هەزاران کـتـێـبی وەهای هێناو سـاغی کـردنەوە.. لە شـوێنێکی تری هەمـان کـتـێـبـدا نەریمان دەڵێ: ئەم زاتە سـەربـارەت بە کـتـێبی کـوردی کـەلێنێکی پڕکـردبوەوە و سـەدان کـەس لە نیـمـچـە خوێندەوارانی بـەلای کـتـێـبی کـوردیدا ڕاکـێـشـابوو.. بۆ قـسـە و باس لەسـەر لایـەنە شـاراوە و بڵاو نەکـراوەکـانی ژیان و هەندێ لە بەرهەمـە چاپ نەکـراوەکـانی مـحـەمـەد ئەمین عـەسـری (خـەلیـفـە عـــەباس)ی پێـنجـــەمین کـــوڕیمان دواندو وتی: باوکم کـەسێکی دڵسـۆز و خەمخۆری کورد بوو، هەمیشـە ڕای وابوو گەلی کـورد تەنیا لە ڕێگەی عـیلم و مەعـریفەتەوە پێش دەکـەوێت.. بۆ یەکـەم جـار لە مـێـژووی شـاری کەرکووک چاپخانەیەکی بەردین و کتێبخانەیەکی کوردی لە سـاڵی ١٩٣٥ دامـەزراند، لە سـاڵی ١٩٤٥ چوو بۆ بینینی پێـشـانگای چاپخـانەکـانی جیـهـانی لە شـاری قـاهیـرەی پایتـەخـتی مـیـسـر، لەوێ دوو چاپخـانەی فەرەنسایی جۆری (مارینۆ) و (جۆن مۆنۆپۆڵ)ی بینی و بەگـەنیکردن، دواتر چوو بۆ فـەرەنسـا و هەردوو ئامـێـری ناوبراوی هێنا، کـە بەدەست کـاریان دەکـرد و لە سـاڵی ١٩٥٣ لە بازاڕی گـەورەی کـەرکـووک (پشت قـەڵا) بەناوی (تەرقی) دایمەزراندن لەگەڵ چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم کتێبیدا بەناوی (ئەحمەدی) لە بەرگی پشتەوەی کـتـێـبـەکـەیدا پەیامـێکی بۆ خـوێنەران و ڕۆشنبـیـران و دڵســۆزانی کـورد بڵاوکـردۆتەوە و مـژدەی هێنانی دوو چاپخانەیان دەداتێ و نووسیویەتی و دەڵێ: (بۆ قەومی نەجیبی خۆم: لەپاش زۆر زەحمەتکێشان و ماندووبوون، ئەم جـار دوو مـەتبـەعـەی گـەورە و تازەمـان جـەلب کـرد، بەڵام جـاریٚ ئیـجازەی چاپ کردن وەرنەگـیـراوە بە ئیـزنی خودای تەعالا بەم زووانە لەپاش ئیجازە وەرگرتن هەموو نەوعێ کـتـێب، کـارت، ئیـعـلانات، ڕۆژنامـەی دیوار، ڕۆژنامـەی باخـەڵی، ئەشعـار و گـۆرانی لە چاپخـانەمـان چاپ دەدرێ و هەرچی تالیـفـاتێکی مـوفـیـدتان هەبێ حازری بکەن با هیچ نەفەوتێ هەتاکو لەپاش ئێوەش هەر بخـوێندرێ و خـەڵـک نەفـعی لێ ببینێ. ئێـمـە بۆ چاپ لێدان بە نرخێکی زۆر هەرزان حازرین مـەقسـوودمـان بۆ علم و مـەعـارف خزمـەتێکمـان بێ. ڕجامـان وایە ئێوەش لەم خزمـەتی علومـە تەشریکی مەساعی بکەن و هەرچی تالیـفـاتی بە نەفع و مـەقبـولتـان بێ زوو بۆمـان ڕەوانەی بکەن، ئیتر مۆفەقی لە خودایە).. محەمەد ئەمین عەسری

خەلیفە عەباس لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئینجا چوو بۆ ئێـران و تورکیـا و کۆمـەڵێ کـتـێبی هێنا و زۆربەی لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی تورکی و فارسی و بە پیتی عـەرەبی نووسرابوون و هەندێکیـانی دا بە (عـەبدولسـەلام حەیدەری و مـەلا جەمـیل ڕۆژبەیانی و

عـەلی باپیـر ئاغـا و مـەلا ڕەوف سـەلیم حـەوێزی) وەریانگێڕایەوە سەر زمانی کوردی، ئینجا چاپ و بڵاوی کردنەوە. وەکو (ئەحمەدی، ئیسماعیل نامە و ناگەهان، مـیـعـراج نامـە، وەفـات نامـەی ڕەسـووڵی نازدار، حیکایەتی دز و قازی، خورشیدی خاوەر، حەکایەتی مەلا مەشهور، غەزای بەدر و حونەین، نەسائحی مفیدە بە کوردی، فـەتحی قـەلای خـەیبـەر، شـووکردنی بێدڵ، ڕۆسـتـەم و زۆراب، یووسف و زولێـخـا، هەڵبـەست بۆ قـوتابیـان ١٩٥٥، نـوور و نەجـات ١٩٥٦، غـەزای جەبەلی ئوحود، غـەزواتی محەمـەد حەنیـفە، سیـرەتی حـەزرەتی مـحـەمـەد، شـیـرین و فـەرهاد، دەزگـیـرانی عائیـشەخان، حیکایەتی چل تووتی، شێخی سەنعان، ئەمیر ئەرسەلان، مەولوودنامەی کوردی ١٩٥٧، شیرین و خەسرەو، کۆرگای هونەر، قـەسیدەی نوور ئەلسەباح، دیوانی جاهیـد، گـزنگی هەتاو، گـوڵسـتـانی شـێـخی سەعدی. حەیدەرنامـە ١٩٥٨، ڕۆستەم و جیـهانگیر، شـووکـردنی نابەدڵ ١٩٧٢) هەر هێندەم لەبیـر مـاوە.. وەلێ جگە لەو کتێـبانەش چەندین کتـێبی دەستنووسی لەپاش جـێـماوە کە لای خـۆم پاراسـتـوومن و خـوازیارم دەزگـــایەکی کـــوردی چاپ و بڵاویـان بکاتەوە و لە فـەوتـاندن ڕزگــار بن و ئـاواتی باوکـیـشم بێـتـە دی. گرنگترینیان کتێبی (فەلەکناز)ە کە کۆمەڵێک چیرۆک و بەسەرهاتی فۆلکلۆری کۆنی کوردەوارییە و (مەلا ڕەوف سەلیم حەوێزی) لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە وەڵامی پرسیـاری تا ئێـستا چی بۆ محـەمەد ئەمین عـەسری کراوە؟ وتی: زۆر بەداخەوە هیـچی بۆ نەکـراوە، خـوازیارم وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و لاوانی حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتان هەوڵ و ماندووبوونەکانی لەبەرچاو بگرن و چی بە شایستەی دەزانن بۆی بکەن...

(عـومـەر عـەلی شـەریف) نووسـەر و مـێـژوونووس و خـــاوەنی چەندین باس و لێکۆڵینەوە لەسـەر ژیان و بەرهەمەکانی عەسری، لە بارەی ناوبراوەوە وتی:

یەکـێکە لە شـۆڕەسـوارانی کـاروانی چاپەمـەنی و بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبـیریی کوردی لە شاری کەرکووک و بە کۆڵەکەی بناغەی ئەو بوارە دێتە هەژمـاردن، چەندین کـتـێبی سـاغ کـردۆتەوە و لە چاپ داوە، خـزمـەتێکی بەرچاوی بە ڕەوشی هزری و ڕۆشنبیری ئەوێندەر کرد و بۆ خـۆیشی سـامـانێکی باشی پێکەوە نا، ئەو کـتـێب و نامیلکە کوردییانەی عـەسری، لە پەنجا و شەسـتەکان، لەسـەر ئەرکی خۆی وەچاپی گەیاندن کە ژمـارەیان دەیان بەرهەمـە، بە هەمـوو شـار و شـارۆچکە و گـوندێکی کـوردنشـیـنی ئەم وڵاتە گـەیشتن و مـایەی بایەخ و دڵخۆشیی سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد بوون. بەو سامانە توانیی پەرە بە خـواست و ئاواتە پیـرۆزەکـانی لە بواری ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی بدات.

بە ڕاستی عـەسری بە وێنەی دەزگـایەکی چاپەمـەنی و ڕۆشنبـیـری و بڵاوکردنەوەی کوردیی مـەزن، خزمەتێکی کـەم وێنەی بە شـار و وڵات و مـیللەتەکـەی کـردووە، کارێکی واش لە کەرکووکی ئەو سەردەمەدا، هیـمەت و زاتێکی دەگـمـەنی دەویست. لە بواری ڕۆژنامەوانیـشدا، عـەسـری وەکـو ڕۆژنامـەوانێکی کـارامـە و لێـهـاتـوو لە سـاڵانی چلەکـانی سـەدەی ڕابردوودا، مـاوەیەک لە غـەزەتەی کەرکـووک کـاری کردووە. پاش شۆڕشی ١٤ی گـــەلاوێژیش (١٩٥٨) بووە بە خـــاوەنی غـــەزەتەی (البشیر)ی تورکمانی.

هەڵۆ خـەلیل کـاکـەوەیس لە دایک بووی کـەرکـوک و قـوتابی زانکۆی سـەلاحـەددین/ کـۆلێـژی پەروەردەی بنیـات/ بەشی زانسـتگەلی کـۆمـەڵایەتیی/ قـۆناغی چوارەم لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەسـەر محـەمـەد ئەمین عـــەسـری کـــردووە، لە وەڵامی پرســیـــاری ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکـەی لەسـەر ناوبراو کـردت گـەیشـتـیـتـە چ ئەنجامێک؟ وتی:

زۆرن ئەو کـەسانەی ناویان لە لاپەڕەکانی مـێژوودا ون نابێت، بێ گـومـان (مـحـەمـەد ئەمین عـەسری)ش بەخت یاوەری بووە و زۆر لە دڵسـۆزانی شـاری کـەرکـووک و شوێنەکانی دیش ئەم زاتەیان بەسەر کردۆتەوە و دریغییان لە باسکردنی هەوڵ و تێکۆشـانی لەپێناو خـزمـەتکردنی گـەلەکەی نەکـردووە. من لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکـەمـدا گـەیشـتـمـە ئەوەی، کە ئەوەی محـەمـەد ئەمین عـەسری لە سەردەمی خۆی کردی، کەمـتر نییە لەو کارە مـەزنانەی حوزنی مـوکریانی و پیرەمـێرد کردیان، لە سـەردەمانێک ئەو کـاری دەکـرد کـە هێندەی نەمـابوو ئەدەب و زمـانی کوردی بەرەو هەڵدێر بڕوات، محـەمـەد ئەمین عـەسری بە وێنەی دەزگـایەکی چاپ و پەخش، ڕوحی خسـتـەوە بەر چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و

هەر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوە و فرۆشتنی کتێب کەوتبووە خەیاڵ و ئەندێشەیەوە، لە ساڵی ١٩٣٥دا کتێبخانەی تەرەقی هەبووە، هەربۆیە لە دامەزراندنی چاپخانە پێش زۆر کەس کەوتووە، دەیان کتێبی کوردی چاپ کردووە، ئەو کەسانەی هاوچەرخی بوونە ئەو شایەتییەی بۆ دەدەن، ئەوەتا مامۆستا لەتیف هەڵمەت دەڵێت (من خودی خۆم قەرزاری پیاوی گەورەی کوردناس و پیاوی گەورەی دڵسۆزی کورد (محەمەد ئەمین عەسری)م کە کتێبی (خورشید و خاوەر و ڕۆستەم و زۆراب و وەفاتنامەی ڕەسوولی نازدار و مەولوودنامە) و گەلێک کتێبی دیکەشی چاپکردن، ئێمەش لە ڕێگەی ئەو کتێبانەی مامۆستا (محەمەد ئەمین عەسریی)ەوە کە لە چاپخانەی تەرەقی چاپی دەکردن بەو کتێبانە خۆمان فێری کوردی کرد. خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٥٣ چاپخانەی تەرقی دامەزراند و ئەم چاپخانەیە هەتا تینی تێدابوو کاری پێکرد، دوای ئەوە چاپخانەیەکی دیکەی بەناوی تیجاریە لە کۆتاییەکانی شەستەکان دامەزراند و کارەکانی دایە دەستی (حەمە تاهیر)ی کوڕی و لەو کاتانەدا لە کەرکووک زۆر لە ئەفەندی و ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە کتێبەکانیان لەم چاپخانەیەدا چاپ کردووە و لە سەرووی هەموویانەوە مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و عەلی کەمال باپیر ئاغا.. تاد.

من بەش بەحاڵی خۆم لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەم زاتە و چاپخانەکەی کردووە و خوا یار بێ هەر ئەم ساڵ لە دوو توێی کتێبێکدا چاپی دەکەم و هەموو لایەکی پێ ئاشنا دەکەم و کۆمەڵێ زانیاری نوێ سەبارەت بە ناوبراو دەخەمە ڕوو، هەروەها ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی کە باوەڕ ناکەم تا ئێستا بە تەواوەتی یەکلا بووبێتەوە، زیاتر لە ٤٠ سەرچاوەم بەکارهێناوە و چەندین دیدار لەگەڵ کوڕەکانی محەمەد ئەمین عەسری و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە بینیویانە و ئەوانەی سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە کراوە. یادەوەرییەکانی ئەم زاتە زۆرن و ڕەنگە بەم بەسەرکردنەوە بە پەلەیە تەواو نەبن. بە وتەیەکی محەمەد ئەمین عەسری کۆتایی بە قسەکانم دێنم کە دەڵێ:

(بەرگەکەی بەرم گونی بێت بەس دڵم خۆش بێت، بەرگەکەم لە ئاوریشم بێت دڵم خۆش نەبێت بەرگی وام ناوێت!).

# حەمە پاشای جاف و مەولەوی تاوەگۆزی و نامەیەکی بێ نوختە

د. حەسەن جاف

مامۆستای بەهەشتی عەلائەدین سەجادی دەفەرموێ: «کە ئێمە دانمان نا بە قەومیەتی کوردیدا بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد هەیە، قەومیش کە هەبوو دەبێ هەموو جۆرە کەسێکی تێدا هەبێ، چونکە وەکو بێشەلانی لێ دێ هەموو جۆرە دارێکی تێدایە لە گەورە و لە بچووک، لە نەتەوەشدا هەموو جۆرە کەسێکمان تێدا پەیدا بووە چ لە خاوەن شیر، یان بیر و قەڵەم و چ بێجگە لەوانەش.

گەلێ لەو پیاوە غەیرە کوردانە کە ئێستا لەبەرچاوی من و تۆ بە دیمەنی وەک «پیرە مەگروون» دێتە بەرچاو، ئەوە خاوەن قەڵەمەکانیان نەیانهێشتووە ئەو دیمەنەیان ون ببێ، ئەگینا لە ڕاستیدا وەنەبێ دیمەنی ئەوان زۆر لە دیمەنی پیاوەکانی ئێمە بەرزتر و بە تەنومەن بووبێ، ئەگەر مێژووی پیاوانی ئێمەیش بنووسرایەتەوە و کردەوەکانیان بخرایە بەرچاو و نە لەوان کەمتر دەبوون نە ئەوەشمان بەدڵدا دەهات کە بڵێین جا ئەوە چییە(١).

یەکێک لەو پیاوە ناودارانەی کورد کە کەمتر مێژوونووسان و نووسەرانی بەڕێزی کورد لەسەری دواون حەمە پاشای سەرۆکی عێلی گەورەی جافە «١٧١٥-١٨٨١ز»، حەمە پاشا پیاوێکی ئازا و چاونەترس و ژیر بووە، سەبارەت بەم زاتە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد دەڵێ: حەمە پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگی سلێمان بەگی جافە، لە ڕۆم و عەجەمدا بە پیاوێکی وشیار و ناودار دەنگی دابووەوە، لەگەڵ دوو دەوڵەتدا پەنجەی لێ دەدا(٢)، ئەم خۆی بە ئەقڵ و سیاسەت و کیاسەت قادر بەگی برای بە شەجاعەت و بەسالەت عێلی جافیان گەیاندە هەژدە هەزار بنەماڵە، تەنانەت حەمە پاشا لەگەڵ والی بەغدادا بوو بەناخۆشییان، سەر لەبەر عێلی جافی بارکرد و ڕووی لە ئێران کرد، ناسرەدین شا هەموو بەرەی زەهاو و جوانڕۆ و قەسری شیرینی لە قەبەل کرد(٣).

هەر ئەم دەسەڵاتە بەربڵاوەی حەمە پاشا بوو کە بووە




مەولەوی

هۆی ململانێ و کێشمەکێشی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا و سەرئەنجام بەدەسیسەیەکی قێزەون لەنێو برا و سەری تێداچوو، لەم ڕووەوە د. عەبدولعەزیز نەوار دەڵێ خێلاتی جاف نارەحەتی و گرفتارییەکی زۆریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەخوڵقاند، دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی جافەکان بەلای خۆدا ڕابکێشێ نازناوی پاشایەتییان بە حەمە پاشا بەخشیوە، بەڵام ئەم نازناوبەخشینە، حەمە پاشای لە بیری سەربەخۆیی نەهێناوەتە خوارەوە، لە ساڵی ١٨٦٦ز لە ناوچەی شێروانە قەڵایەکی گەورە دروست دەکات، ئەم قەڵایە تا ئێستا هەر ماوە و نیشانەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی ناوبراوە(٤).

لە قۆناغی حوکمڕانی حەمە پاشادا هۆزی جاف یەکجار بەهێز بوون، بەتایبەت دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان، جافەکان بە هەموو توانایەکیانەوە تێ دەکۆشان جێی ئەو میرنشینە بگرنەوە و لە حەقیقەتیشدا دوای لەنێو چوونی میرنشینی بابان تەنیا هێزی گورزوەشێنی کوردستانی باشوور هۆزی جاف بووە، ئەوە بوو لەم سەردەمەدا بەتایبەت لە دەورەی حەمە پاشادا جافەکان پەرەیان سەند و بەسەربەخۆیی دەژیان. لە هەوارگە زستانی و هاوینەکانی هۆزی جافدا شاعیران و ئەدیبان و ڕووناکبیرانی دەڤەرەکان لە ماڵی حەمە پاشادا و بە تایبەت لە قەڵای شێروانەدا کۆ دەبوونەوە و کۆڕی شیعر دەبەسترا و شاعیران دەکەوتنە کێبڕکێیەوە کە شیعری بەتاموچێژ و لە ئاستی ئەدەبیدا بەرز و درەخشان بخەنە ڕوو و زۆربەیان خەڵاتی چاکیان لە حەمە پاشا وەدەست دەکەوت. وەک دەگێڕنەوە حەمە پاشا دەستی شیعریشی هەبووە و لەگەڵ مەولەوی شاعیر و عارفی پایەبەرزی میللەتەکەماندا سەروسەودای هەبووە، مەولەوی کە یەکێک بووە لە کەڵە زاناکانی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی ئالایەک بووە لە ئالا سەرکەشەکانی کوردستان و لە هەموو گیروگرفتێکی زانستی و مەزهەبی و فیقهی و کۆمەلایەتیدا باوەڕ پێکراو و جێی متمانە بووە. دانراوەکانی بە عەرەبی و کوردی و فارسی لە پانتایی کوردستاندا لەبەر بەرزییان پەنجەیان بۆ ڕاکێشراوە، بەدەیان و بەڵکو بەسەدان دانەیان لەبەر گیراوەتەوە و لە حوجرەکاندا وەک بەرنامەی هەمیشەیی بەدەرس خوێندراون(٥)، وەک تەمەن درێژان و مێژووناسان باسی دەکەن. نازناوی مەولەوی لە سەردەمی فەقێیەتیدا لە شاری (سنە) پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان لەلایەن غولام شاخانی والی ئەردەڵانەوە پێی بەخشراوە و بەم ناوەوە لەناو خەڵکدا ناسراوە. حوجرەی ژمارە نۆزدە کە ژوورێکە لە ژوورەکانی مزگەوتی «دارالأحسان» ئێستاش بەناوی «حوجرەی مەولەوی»یەوە ناودەبرێت. لە کاتێکدا هیچ حوجرەیەکی تریان بەناوی کەسانی ترەوە ناو نەبردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم شاعیرەمان لە سەردەمی گەنجی و فەقێیەتیدا هەڵکەوتووە و دیار و پایە و پلەی کۆمەلایەتی و شاعیریتی بەرز بووە و خوێندەواران و چاوساغان بڕوایان وابوو مەولەوی شاعیر شیاوی ئەو نازناوەیە.

جێی گومان نییە لە کاروباری کۆمەلایەتی و لە داهێنانی شیعر و شاکاریدا هاوتایی کەم بووە، لە هەموو شایی و شیوەنێکدا بەپێی توانایی لە کوردستانی ئەردەڵان و باباندا بە بۆچوونی خۆی، یان بەنامە هاوبەشی کردوون، فەقێ بەناوی خوێندنەوە لە ناوچە دوورەکانەوە هاتوون بۆ قوتابخانەکەی و دەرسیان لەلای خوێندووە.

مەولەوی وەک لە شیعر و لە هۆنراوەدا بالابووە و هەروا لە پەخشاندا نموونەی هەڵکەوتوویی بووە وەک لە کوردیدا شاعیر و لووتکە بووە، لە عەرەبی و لە فارسیشدا جێی پەنجەی دیارە، نازکی خەیاڵ، بیر تیژی، وردی مەعنا و جوانی وشە و ڕاکێشانی دڵ بە نووسین و دەربڕینی ڕەنگین و بزواندنەوەی تەلی سۆز و عاتیفە بە شیعرەکانییەوە دیارە و مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبی(٦). وەک باسمان کرد لەگەڵ حەمە پاشای جافدا سەروسەودای شیعریان زۆر خۆش بووە و پێوەندییەکی دۆستانەی پتەو لەنێوانیاندا هەبووە، دەگێڕنەوە مەولەوی دەگوێزێتەوە گوندی (کانی کەوە) لە ناوچەی شەمیران،



**حەمە پاشای جاف**

کە نیشتمانی هۆزی یەزدانبەخشییە، لەو سەردەمەدا سەرپەرشتی کردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن حەمە پاشاوە سپێردرابووە شێخ عەلی عەبابەیلی کە زۆر ڕێزی لە مەولەوی و خزمەکانی گرتووە.

حەمە پاشای جاف دوای ماوەیەک ئەو ناوچەیە دەسپێرێتە (عوسمانی خالە ناوی) کە زۆرتر مشووری خزمەکانی خۆی خواردووە و ڕێزێکی لە مەولەوی نەگرتووە، مەولەویش (کانی کەوە) بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە (سەرشاتە)ی زێد و نیشتمانی دێرینی خۆی، کە حەمە پاشا لەمە ئاگادار دەبێ، نامەیەکی گلەیی ئامێز بۆ مەولەوی دەنووسێ، لای سەیر بووە بۆچ مەولەوی ناوچەکەی مولکی ئەوی بەجێ هێشتووە؟ مەولەویش لە وەڵامدا نامەیەکی بۆ دەنووسێ و بۆی باس دەکا کە لە دوای دەرچوونی شێخ عەلی-یەوە لە شەمیران وەزعی هۆزەکەی و خزمانی وەک ئەوسا نەماوە، بۆیە ناچار بووە لەبەر ئەوان بار بکات و ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵێت و ئەم چەند بەیتەشی بۆ دەنووسێ. ئەمەش دەقەکەیەتی بەزمانی فارسی:

**«ز آن سوی وطن هجرت نمودم**
**خلافت از علی دانسته بودم**
**به تأثیر محمد پیر اکمل**
**خلافت چون به عثمان شد محول**
**دل خویشان مارا پر ز خون کرد**
**به خویشان خود نعمت فزون کرد»**

دیارە لەم شیعرەدا هەروەک باسی چاکە و باشەی شێخ عەلی و خراپەی عوسمانی خالە دەکات، لە هەمان کاتدا پەنجەی بۆ ئەو حەقیقەتە مێژووییە ڕاکێشاوە کە عوسمان خەلیفەی سێیەمی ئیسلام دروودی خوای لێ بێ، چۆن گەیشتە خەلافەت خزمەکانی خۆی نزیک کردەوە و بەهۆی ئەوەوە کەوتنە سەر نیعمەتی «بیت المال»دا لەم شیعرەدا دەڵێ من کە لە نیشتمانەکەمەوە کۆچم کرد وام زانی عەلی خەلیفەیە، لێرەدا لەلایەکەوە مەبەستی خەلیفەی چوارەمە و لەلایەکی ترەوە پەنجە بۆ عەلی عەبابەیلێ ڕادەکێشێ و وای زانیوە ئەو سەرپەرشتە، بەڵام کاتێ بە ئەمری محەمەد پیر ئەکمەل، مەبەستی لێرەدا حەمە پاشای جافە کە بە ئەمری ئەو سەرپەرشتی درا بە عوسمانی خالە، لێرەدا ئاماژەیە بە عوسمان خەلیفەی سێیەم و هەم عوسمانی خالە، وەکو ئاشکرایە عوسمانی خەلیفە یارمەتی خزمەکانی خۆی داوە و لە هەموو نیعمەتی بەر خورداریانی کردبوو و عوسمانی خالەیش یارمەتی خزمەکانی خۆی داوە و خزمانی منی دڵ شکاند و پڕ لە خوێن کرد. وەکو دەگێڕنەوە حەمە پاشا دڵی مەولەوی داوەتەوە و ڕازی کردووە(٧).

دەیگێڕنەوە کە خێڵی خلە کە خێڵێکی تیرەی ناسراوی کەماکەیین، بەهۆی ڕێگرییەوە ئەزیەت و ئازاری خەڵکی ناوچەکەیان داوە، حەمە پاشا زۆر لێیان توورە دەبێ و ژمارەیەکی زۆریان دەگرێ و لە بەندیخانەی قەڵای شێروانەدا زیندانییان دەکات، چەند ناسراو و کەسایەتییەک بۆ بەرێ کردنیان دێنە خزمەت حەمە پاشا و هەوڵەکەیان بە ئەنجام ناگا و دەست بە دامێنی مەولەوی دەبن. ئەویش هەروەک ماوەیەکی زۆر کەم بۆ لای پاشا گەڕایەوە و دەڕوا بۆ تکا کردن و بەڵکو بەرێیان بکات، هەرکە نزیک دەبێتەوە، پاشا دەیناسێ و دەڵێ مەولەوی فەرموو میوانی، یان بۆ تکا هاتووی؟ لە وەڵامدا بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

**گمو گلمە وەک کەری پلە**
**وەتکا هاتووم بۆ خێڵی خلە**

حەمە پاشا تکاکەی قبووڵ دەکات و زیندانییەکان بەرەڵڵا دەکات. دەگێڕنەوە کە جارێک مەولەوی لە ئاوایی «دێلی» دەبێ و حەمە پاشا ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێ:

**ئەر گەفەی گەماڵ کوردە ماڵ بێلی**
**هەی لەزەت ئەبەی خاڵو لە دێلی**

مەولەویش بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

**لە گەفەی گەماڵ کوردە ماڵەکان**
**«دێلی»م دا بە تۆ و بە گەماڵەکان**

دەگێڕنەوە کە حەمە پاشا نامەیەک بۆ مەولەوی دەنێرێت سەبارەت بە کەسایەتییەک و داوای لێ دەکات

ئاگــای لێی بێت، ئەویش لە وەڵامــدا نامــەیەکی بێ نوختەی بۆ دەنووسێ و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

**«عرضه شاهدن خاصی بەیەپیشدا**
**حرف نختەدار نمندن تیشدا» (٨)**

ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

**اْول هر کلام همواره اهل کمال در سطور آرد وله اکمل و اْصح هرطور الملح و سحر حلال که کلک درد سلک گر مرسوم معدوم محروم محرر و مسطور دارد حمد و مدح هر حامده بر مادح درکرده هر مسلم و در وسط هر لمحه کادح کرور کرور در همه اعصار و در سور هر درگاه عالم آرامگاه لا اله الا الله را و درود لا مـعـدود وسـلام لا محصور ولا محدود عدد کل داء و دواء مادام السمک و السماک والسماء هو سالار ملک محدود و سردار محل محمود و کارگاه در علوم همه علما آگاه محمد رسول الله را وعلمـاء اعـلام و اولاد اْطهـار الاسـرار احـرارا وسائر اْهل اسلام و کرده صوالح الاْطوار را حمداله عالم حاصل و درود و سلام رسـول اکـرم کـامل آمـد، رسـول کـالوصـول را آمـاده وطرح اهل و داد را در دل آورده کـه همراه اهل دل مکدر در مسـاء و هرسحر سرکار مکرم و سرور اکرم و اْولوا الاْمر و المکارم والمراحم همـه را ادام الله عـمـره طوعـا درود دعـا مرسل و سـائل دعـا و سلام.**

**مـعلوم سرکـار آمده کـه ولد آدم وحوا ولد داود آسا اگـر همه عالم کالهواء محکوم امر و رام حکم او گردد در مال کار کرده کورد محل او گورد همراه او مور گردد عرعر و سرو عمر همه کس صرصر عدم داره مرگ در ره دارد در حاصل محصول دوام هر احد را داس اعدام ملک مالک الاْرواح در درو آرد، سـردر هر رهرو دل در واد السـلام در گرد راه آورد اعمال صوالح آمد حالا که همدم روحم دل عــمل صلی درکــار دارد کـه گــو راح الروح وصـــار ادم کالکروم المطروح لا طمع لعامل السوء الاسوء الدار ارحم همه رحماء اکرم همه کرما مردها را همه در دارالسلام مع السـلام همسـر سـور و سرور و حـور و سرکـار کـرم مـدار واولاد و اهل و داد اورا کـام روا و دائمـا در الاء سـرحد ومدد روح و همم اهل الله محروس و مسلم و مسرور و اعـداء او را درالام حـمله طوم و مـدحـور دارد. ملول و صامد لول صعلوک در همه سلوک راه وصال اعدل الملوک در دل وصل سرکاررا روحا مائل آمده رسائل سائل اما هوا سرد و دل آلوده درد و راه دور وکاس آمال مالا مال گرد اصل اصول همـه کـام و اسـاس کل مـأمـول و مـرام الدعاء لکم واولادکم مادام الروح و سمو الحال و السلام و الاکرام والسلام معدوم هو الموصل لکل موصول مدلول مرسول معدوم ملول و صحح ادراک سرکار آمر مکرم هم اسم محمد اکرم هل کللهم لەو سلم مادام العالم**



**پەراوێز:**

(١) پێشەکی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بۆ کتێبی مێژووی جاف نووسینی حەسەن فەهمی جاف کە نووسراوێکی دەستنووسە.

(٢) ڕۆژنامەی ژیان ساڵی ١٠، ژ ٤٥٠ ساڵی ١٩٣٦.

(٣) بڕوانە فـەرمـانی ناسـرەدین شـای قـاجـار سـەبارەت بە بەخشـینی ئەو ناوچانەی لە کەسەرەوە باسکران بە حەمە پاشا لە گـۆڤاری کـۆڕی زانیاری عـیراق، دەسـتـەی کـورد بەرگی ٢١-٢٢، ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

(٤) تأريخ العراق الحديث في نهاية حكم داود پاشا الى نهاية حكم مدحت پاشا، ص٧٠، القاهرة ١٩٦٨.

(٥) دیوانی مەولەوی «سید عبدالرحیمی معدوومی لە لایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە بۆ زاراوەی سۆرانی گۆڕاوە، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩١، ل١٩.

(٦) عـەلائەدین سـەجـادی، مـێـژووی ئەدەبی کـوردی، بەغـدا ١٩٥٢، ل٢٥٣.

(٧) بڕوانە مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس یادی مەردان، بەرگی دووەم، بەغدا ١٩٨٣، ل٣٦.

(٨) بڕوانە سەید تاهیری هاشمی: دیوانی مـەولەوی تاوەگۆزی دەستنووسە و لە کتێبخانەکەی نووسەردایە.

**مەگەر مەیخانەیە دنیا کەوا کاسی لەبەر کەئسی**
**بە نەغمەی عوودی سووتاوی بەنەشئەی طاسی تاساوی**
**«نالی»**

# غەزەلخوانی مەیخانەکانی «باخوس»

**هاشم سەڕاج**

بۆ مەحموود زامدار پێشکەشە

زامدار ئەی غەزەلخوانی مەیخانەکانی باخوس، منداڵ بووم سەرنجم دەدا، جارجارە مەلایەکی مێزەربەسەری ڕیش سپی و نوورانی، لەنێو بازاڕی گەورەی هەولێرەوە ڕووەو مزگەوت وردە وردە هەنگاوی دەنا و کە دەگەیشتە نزیک دوکانی ئێمە سڵاوێکی لە باوکم دەکرد و ئیتر هێدی هێدی ڕەت دەبوو.. ڕۆژێ پرسیم باوە ئەو مامۆستایە کێیە؟ کوڕم ئەوە مەلا عەبدوڵڵای مامۆستای مزگەوتی گەورەیە.. دوای نیوەڕۆ وەختانێک بوو بە هەرتک چاوی خۆم بینیم لە حەوشەی مزگەوتی بازاڕدا کابرایەکی ڕووتەڵە و سەرگەردانی عاشق لەبەرخۆوە شیعری دەگوت، ئەمێستاش دێڕێکی ئەو شیعرەم لە یادە «عاشقی ڕووتم بە قوربان تیرە بارانم مەکە» مامۆستا مەلا عەبدوڵڵاش بە بزەخەنینێکی غەریبی ئاوێتە بە سیمایەکی غەمگین هەستی لێ ڕاگرتبوو! ئیتر کە هەراش بووم و بە ڕێکەوت دووچاری عیشق و بڵێسە ئەڤینییەکانی ئاگری خودا کردی شیعر هاتم.. سەوداسەر و پەرێشان... شیعر ئەی سەرگەردانترین بوونەوەری سارا بێ کۆتاییەکانی وەحشەت و شۆرەکاتەکانی مەرگ و دۆزەخە نەفریناوییەکانی زیندەگی، وەی ئەڤیندۆستی ماهووتەکانی ڕوح و شوێنپەنجە ئیلاهییەکانی جەستەی دەسڕەنگینی ڕەها، شالووری ئاگرینی پڕ سۆز و ئەڤینی ئەو دڵە چکۆلانەیەم ڕاو و شکار کە.. ڕاو و شکار..!

خولیاو کەڵکەڵەی شیعر و ئارەزووی خوێندنەوە فریوی دام و شارەزاو بەڵەدی دەروازەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی

«بەیان» و «ڕۆشنبیری نوێ» و «هاوکاری» کردم و سەودا زەدە و سەرمەست بە ئاگری ئەڤینێکی نادیار، ڕوح و دڵ کەیلی، حەشیشی غوربەت و میسکی نابی جوانی!

لە پڕێکا.. گۆشە شیعرەکەی «زامدار» سەرنجی ڕاکێشام کە هەفتانە و بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا دای دەبەزاند.. لەوێ لە ڕاز و نهێنی و ئەفسوونەکانی فۆرم و تەکنیکە سەیر و سەمەرەکانی شیعر دەدوا، نەخاسمە شاکارە جیهانییەکان!

منی سەرسام بیرم لە ئیکسیری زمانە ئاڵۆز و جوانەکەی گۆشەکە دەکردەوە و هەستم بە چرکەکانی دڵخۆشی دەکرد.. کە چامەی «دووکەڵ»م بە چاپ گەیاند، گوتیان «زامدار»لە ئێستگەی بەغداو لەبەرنامەی ئەدەب و شیعردا لەو چامەیە دواوە و چەند برگەیەکیشی لێ خوێندۆتەوە، جارێکی تریش لە هەمان بەرنامە تێکستی «گۆشبەندە شوورە»»ی ئیلقا کردبوو، من تا ئەوکاتە مامۆستا «مەحموود زامدار»م تەنیا لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە دەناسی..

ئەو ڕۆژەی «وێرانە خاک»ی ئیلیەت و گوڵە بەدەکان»ی شارل بۆدلێر و چەند دەقێکی «ئارسەر ڕامبۆ»م خوێندەوە کە زامدار وەری گێڕابوونە سەر زمانی کوردی.. دەسەوەسان و زارەترەک بیرم لەو زمانە ئەفسووناوییەو مەلعونیەتی جیهانی شیعر دەکردەوە! سەرەتای هەشتاکان بوو.. منێکی شەرمن و گۆشەگیر و دووره پەرێز.. بە خزمەتی ئەو زاتە گەیشتم.. نەمدەزانی چۆن جورئەت بکەم لەبەردەم ئەم ڕاهیب و کاردینالی خەڵوەتگەهی شیعرەدا، لە دنیای شیعر و ئەدەب بدوێم.. ئەوەی من بزانم «زامدار» سەرەتا وەک کەسایەتییەکی کاریزمی و موریدی جیلوەخانەکانی ئەدەب لە ڕێگەی بەهرەی شیعرییەوە خزاوەتە نێو جیهانی دۆزەخستانی شیعری کوردی و پاشان تێکستە شیعرییەکانی مانەندی وەرەقی قومار داوەتە بەر لەهی و گێژەڵووکەی بێزاری و بێ موبالاتی.. شیعرەکان.. دەساودەس.. پەرشوبڵاو لە بەندەرە نادیارەکانی دەریای شیعری کوردی هەولێردا گیرساون!

ئیتر کە لە مەیخانەکانی عیشق و شیعردا تێکەڵ بە شەبوستانی «زامدار» بووم، دەگەڵ گرووهێ شاعیر و هونەرمەندی هەولێر شەوانە بەدەم «ڕاکی» نۆشینەوە لە پەیام و ناپەیامیەتی شیعر و ئاڵۆزییە جوانەکانی نووسین و دنیای ڕۆمانە جیهانییەکان دەدواین و زامدار کاریگەرترین کەسێکی بزوێنەری گفتوگۆ و دانوستانی سەر مێز و کۆڕە ئەدەبییەکان بوو، بەشێوەیەکی بەردەوام داکۆکی و بەرەڤانی لە چەمکی «نوێخوازی» دەکرد و لە هەڵسەنگاندنی دەقی شیعردا هێندە حەددی بوو، ئێستاش بەهەمان حیددەت و دیدی تازەگەرانە لە شیعر دەڕوانێ و لە بواری شیعردا موجامەلەی کەس ناکا و گەر شیعرێکی بە دڵ نەبێ ڕووبەڕوو بە نووسەرەکەی دەڵێ «کاکە گیان ئەمە کەی شیعرە!» ئێستەش ئەو چرکەساتەم لەبیرە کە تێکستی «گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس»ی لێ وەرگرتم و لە گۆڤاری «بەیان»دا دای بەزاند.. ئیتر کە تێکەڵ بە دنیای ئەفسوونکارانەی زامدار بووم، هەستم دەکرد ئاگرێکی نادیاری پەلکەزێڕینەی بەشێوەیەکی بەردەوام لە نێو دڵ و دەروون و زەینی ئەو مرۆڤەدا کڵپە و نێڵەنێڵیەتی و لە پڕێ بە سەفاوە دادەگیرسێ و ڕۆح بە نارەنارەکانی سۆز و نەوا دەخرۆشێنێ و دڵ بە مەقاماتی تەناهی و بەندەواری و جوانشوناسی ئاتەشەکانی ئەڤین و غەزەل دەچڕێ..

من لە زوویێکەوە دەمزانی پاژە مۆنادییەکان ڕوحی پیاوە [ ڕیش سپی ] یەکەیە ئاوێتە و ئاوێزانی گیانی فرزەندە سەرکەش و سەرمەست و شەیداکەی بووە و ئەو هێز و شنگ و تاب و جەبەرووتە خۆڕسک و ڕەوحانییەی پێ بەخشیوە.. زامدار لە ناخڕا بڕوای تەواوی بە جوانی و میهرەبانی کردگار و «عالەمی باڵا» هەیە و.... من ئەو تەقسە شیعریانەشم لە یادە کە دیوانە شیعرێکی تازە چاپ دەکرا، لەسەر مێزی خەراباتی ئەدەبدا چەپکێ مۆمی ڕەنگاوڕەنگ و چەند دانە بخوردێکی دادەگیرساند و دوای موناقەشەش بەزمی گۆرانی و سەماع دەستی پێدەکرد..

زامدار چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ئەدەب و هونەر و زمان و.. تاد.. بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.. چەندین جۆرە شاکاری لە ئەدەبی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەو بەرهەمانەی لەبیرم بن.. «وێرانە خاک»ی ئیلیەت، «گوڵە بەدەکانی» بۆدلێر، چەندین شیعری ڕامبۆ و سان جۆن پێرس و چەپکێ شیعری شاعیرانی ڕۆمانتیکی ئینگلیز و «١٨ سەعات لە ژیانی مستەر بلووم بە «٤٥» دەقیقەی جیمس جۆیس و چەند شانۆنامەیەکی «شکسپیر» و هەروەها کتێبی.. (بۆنی هەڵاڵان دێ، کەرنامە، دەردە کورد، گۆرانی و ئاوازی کوردی، لە بانیژەی شیعرەوە، ئەدەب و چیرۆکی منداڵان.. پیاچوونەوەی بە فەرهەنگی «لەک و لوور».. و ئامادەکردن و کۆکردنەوەی شیعری شاعیرانی

کوردستانی ئێران. نووسینی چەندین گۆشەی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە کوردییەکاندا.. وێڕای ئەنجامدانی سەدان کۆڕی ئەدەبی و هونەری بۆ شاعیر و چیرۆکنووس و هونەرمەند و بەهرەمەندانی لاو، هەروەها سازدانی تەقس و کەرنەڤالی سۆفیزمی بۆ تێکستی شیعری کلاسیکی و ساڵیادی گۆرانیبێژە ڕەسەنەکانی کورد... وەک ڕۆژنامەنووسێکیش، ساڵانە پیشانگەی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە دێرینەکانی کوردی کردۆتەوە..

ئێستاش کە دیدەنی ئەو «قدیس»ە بێ موبالاتە دەکەم لە ڕۆح و دڵ و دەروونڕا هەست بە ئارامی و خاترجەمی و چرکەی بەختەوەری دەکەم.. کە بەدیارییەوە پێکی «ڕاکی» هەڵدەدەم سەرمەست و حەیران بیر لە زەمەنی بێ نموود و نابووت دەکەمەوە و چاوەکانم فرمێسکیان تیا دەتێزێ.. کاتێ کتێبی «کەرنامە»م خوێندەوە.. هەستم بە عەبەسیەتی چارەنووسی مرۆڤ و گەمەی ئەم گەردوونە پووچەڵە کرد، کەرنامە مانەندی «جەحیمی باربۆس»ە، «زامدار» بە شێوەی کۆمێدیایەکی ڕەشەنگ.. گوزارشت لە چارەنووسی مرۆڤ دەکات.. هاوکات پەنا دەباتە بەر زانستی «طب عدلي» و بەشێوەیەکی ئەفسووناوی و ترسناک لە تەقینەوەی ئەندامە عیشوەگەر و نازپەروەرەکانی جەستەی مرۆڤ دەدوێ کەچلۆن لە فەناخانەکانی ئەمارەتی کرمگەلی ئەزەلدا بە نەغمەکانی ناز و نزمەکانی نەواز و ئیقاعەکانی نیاز و ئومێد چەشنی- سپە- لە نێو دەچێ.

**ئەی ئاگرە ئەڤینییەکەی گیانی**
**«عالەمی باڵا» فریام کەوەو**
**لەم دۆزەخستانی تەفروتوونایە**
**دەربازم کە..**

ئەمێستاش «زامدار» ڕۆژانە دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە ڕۆژنامەیەک، چایخانە چکۆلانەکەی بەرانبەر «چایخانەی مەچکۆ» جێدێڵی و ئێوارە وەختان هێدی هێدی ڕووەو مەیخانەکانی عیشق و شیعر و گۆرانی دەبێتەوە و بەهەنگاوە وردەکانی مەینەتەکانی زەمەنی چەپگەرد دەپێوێ.. ئای زەمەنی بێ ئەمەگ و سپڵە.. دەزانم نەمن موڵکی تۆمە و نەتۆیش موڵکی من.. زامدار ئەژنۆی ڕاستەی بە ئازارە.. بەڵام بێ گاڵۆک و بێ باک و بێ موبالات جانتا قاوە ڕەنگەکەی لەبن هەنگڵایە و جانتایەک تژی لە قیرتاس و وەرەق و ڕاکی و کەوچک و نارنج و لیمۆی ترش و لالنگی و چەقۆ و کتێبی دەگمەن دەگمەن و زەیتوون و سماق و گوێزی هیندی و تۆوی کولەکە و هێلکەی کولاو و تەختە قیمەی چکۆلانەی پلاستیکی و کاسێت و کەتەر و عیشق و شیعر و جوانی، لەوێ لە میحرابگەهی «باخوس»دا شەوانە چەپکێ غەزەل و گۆرانی ئاتەشین بۆ چرکە ئۆنتۆلۆژییەکانی خود و حەسرەتی زوهای تەمەن و کولتووری جوانی کورد و عیشقی میترا دەچڕێ و دەچڕێ و دەچڕێ

– بیستوومە کە هاتی، ڕەهی مەیخانە لە کوێیە.
– هەر سەید زادەیەکی شاڵ کرمانی بێ، دووسەد بەگزادەی بەقوربانی بێ.
-(گوڵنیشان گوڵنیشان، ئەسمەر حاڵم پەرێشان، کەس لە گوندێ مە نییە بە غەیری دۆست و یاران.
– ئەرێ میوڵە و دێلێژە وەی وەی بەربینەی خاوە، ئەرێ گشتی بە قوربان جوانییەکەی ئەم بەڵەک چاوە)

بمبوورە ئەی پیری موغانی شەرابخانەکانی جەم و زایەڵە و ئای ئای و قەتار و شیعر و گۆرانی و سەماع، بمبوورە ئەی پیری خاکەڕای ئاتەشکەدەکانی وشە! ئافەریدەیەکی تر هەس لە من لێوەشاوەتر و لە من شایستەتر، ئەو دێ و ئەو نەقاشی نیگار خانەکانی فیردەوس و پارسای ڕەنگەکانی قودرەتە!. دێ و دێ و دێ و بە دارئووچەکانی مەحەببەت و تێلتاووسەکانی میهر و پەرەمووچی قاز و قورینگی جوانی و بە تاڤگەکانی ڕەنگ و گوڵاوی مووفەرک و ڕەنگاوی عوشاقی و تکەی ئاونگ و نێڵەنێڵی ئاگر و هاڵاوەکانی ڕۆحی گەبر و ئاوەدۆنەکانی بەندەواری دێ و دێ و دێ، سەربهۆردەکانی عیشق و شیعر و مەرگ و فیراق و جوانی و پووچێتی سەیرووەی

**ئەم گەردوونە ئەبەدییە**
**لەسەر لەوح و تەتەڵەکانی**
**-طور-ی ئەزەلدا دەکێشێ و**
**دەکێشێ و د ە ک ێ ش.. ێ**

**٢٠٠٥/٣/٣**

**سەرنج: ئەم نووسینە کە چەند ساڵێکە لە ئەرشیڤی ئێمەدا هەڵگیراوە، بەهۆی نەخۆش کەوتنە کتوپڕەکەیەوە، زامدار-ی لە مەیخانەکان دوورخستەوە، ئێستا ئەو مەیخانانە بەبێ (باخوس) شەوان بەڕێ دەکەن، بۆ یادگاری ئەو شەو و ڕۆژانە ئەو نووسینەمان دەرهێنا و بڵاومان کردەوە.**

**«ڕامان»**

# با زمانەکەمان لە پاشاگەردانی ڕزگار بکەین

ئەحمەد دڵزار

بێ گومانم زمانی کوردی زمانێکی ڕەسەن و زیندووە و ڕەگەکانی بۆ بەر لە سێ هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە و هەموو کارەسات و چورتومەکانی زەمانەش نەیانتوانیوە کورد و زمانەکەی لەناوبەرن، هەر لەسەردەمی هێرشەکانی ئاشووری و ئەسکەندەری مەکدۆنی و یۆنان و جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیموری لەنگەوە بۆ سەر وڵاتەکەمان و ئیمپراتۆریەتی فیۆدالیزمی عوسمانی و سەفەوی، تا دەگاتە زەبروزەنگی دکتاتۆریەتی ئاخر زەمان سەدامی چنگ بە خوێن و زیندەبەچاڵکەری پتر لە سەدوهەشتا هەزار منداڵ و ژن و پیاو و لاو و پیری پەککەوتەی کورد و بکوژی هەزاران کەس لە هەڵەبجە و دۆڵی جافەتی و بالیسان و شێخ وەسان و چەندی دی لە خۆشناوەتی و لە بادینان و لە (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە چەکی کیمیاوی و وێرانکردنی پتر لە ٤٥٠٠ گوند و شارۆچکەی کوردستان..

جا لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتیانەشدا کورد و زمانەکەی هەرمان، کەچی دوژمنانی کۆن و سەدام حوسێنی پەت لەمل کراویش نەمان و خرانە ناو زبڵدانی مێژووەوە، بەڵام جێی داخە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و پەخشنامانەشدا، لەباتی ئەوەی زمانەکەمان گەشە بکات و بەرەو یەکگرتن بڕوا، ڕۆژ بە ڕۆژ تادێ لە هەموو ڕوویەکەوە پتر تووشی ئاڵۆزی و پاشاگەردانی دەبێ، لە ڕێنووس و ڕێزمان و دارشتنی ڕستە و داتاشینی وشە و ناشیرین کردنی زمانی کوردی وەک ئەو قەڵەم بە دەستەی نووسیبووی: «سەرەک وەزیرانی ڤێتنام چات لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەکات»!!

بەلای منەوە نووسینێکی کرچوکاڵ و بێ جێیە، زمانەکەمانی پێ ناشیرین دەبێ، ئەم دێرەشی بۆ ئەوە نووسیوە تا وشەی (چات)ی ئینگلیزی تێبپەستێ، ئەگینا ئەگەر سەرۆکی ڤێتنام وتوویژ لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی بکات، یان نەکات، چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە.

برایان: زمانی کوردی بەم وشە بێ جێ و نافرەجایانە پێش ناکەوێ، بە پێچەوانەوە پاش دەکەوێ و جوانی و ڕەسەنایەتییەکەی کەم دەبێتەوە، ئاخۆ زمانی کوردی ئەوەندە

هەژار و پەڕپووتە وشەی گفتوگۆ، پەیڤین، دەمەتەقێ، وتووێژی نییە تا (چات)ی ئینگلیزی بۆ بخوازێتەوە؟ ئاخر ئەگەر واز لە زمانەکەمان بهێنین کەس نامانناسێ، زمان گیانی نەتەوەیە و لە هەموو ئەو مەرجانە بنچینەییترە کە نەتەوە پێکدێنن.

بەم دواییە وشەیەکی داتاشراوی تر پەیدابووە، ئەویش وشەی چالاکوانە کە بەلای من ڕەوا نییە و کورد بەکاری نەهێناوە، دەگوترێ فلان چالاکە، واتا چوست و کارا و لەش سووکە، ئیدی ئەم (وان)ەی بۆ پێوە دەلکێنن؟ دەگوترێ «گاوان، شوان، حوشترەوان، ورچەوان، مەیموونەوان، چونکە خاوەن و پارێزەری ئەم ولسانەن(**)، نەشمان بیستووە دەوڵەمەندێکی گەورە، یان کاربەدەستێک هەندێ زەلامی زۆر ئازا و چاکی ڕاگرتبێ و هەندێ کاری زۆر سەخت و دژواریان پێ ئەنجام بدا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر دیاردەیەکی دی دەرکەوت کە بە ڕاستی خەتەرناکە و پێچەوانەی دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردییە، کە بەشێکی زۆر لە هەورامییەکان و دملیکەکان (زازاییەکان) داوا دەکەن شێوەزارەکەیان بکرێ بە فەرمی و لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ، جا بۆ ئەم کارە پێشوازییەکی باشیان لێکراو لە هەولێریش کۆنفرانسێک بەسترا، ئێمە ئاگادارنەکراین، زۆر ستایشی هەردوو زاراوەکەیان کرد، لە پاشان ئێزیدییەکانیش هەمان داوایان ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد.

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە قوتابخانە لە هەموو گوندێکی کوردستان هەبێ و ئەگەر بکرێ با فەرهەنگی زاراوەش دابنێن، پەندی پێشینان و گۆرانی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کۆبکەنەوە و بنووسن، بەڵام دەبێ هەموو کوردێک بە زمانی یەکگرتوو بخوێنێ، بۆ ئەوەی زمانەکەمان وەک زمانی لاتینی لێ نەیەت، کە زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی و ڕۆمانی و فەرەنسی و هی تری لێ کەوتۆتەوە.

من ڕام وابوو کە زمانی یەکگرتووی کوردی دەبێ لەسەر بناغەی هەردوو زاراوەی کرمانجی باکوور و کرمانجی باشوور بەشێوەیەکی مێژوویی پێک بێت، چونکە پتر لە سەدا هەشتای هەموو کورد بەم دوو زاراوەیە دەپەیڤن، بەڵام ئەمە ساڵانێکی زۆری دەوێ تا مەیسەر دەبێ، بۆیە کام زاراوە لە زاراوەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر و بە ئەزموونتر و ڕەوانترە بکرێ بە زمانی یەکگرتووی کوردی.

بەلای منەوە ئەو زاراوەیە، زاراوەی کرمانجی باشوورە کە ئێستا بە سۆرانی ناودەبرێ و نەوەد ساڵە پێی دەنووسرێ و کتێب و دیوانی شیعر و ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ لە چاپ دەدرێ و کاروباری حکومەتیشی لە باشووری کوردستان پێ ڕەها دەکراو ئێستاش هەروایە.

لە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆیە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، لەگەڵ هەموو هاوکارەکانمدا تاقیکردنەوەی (بەکالۆریا)مان بە زمانی کوردی بوو، لە پێشتریش هەروابوو، لە حەفتەیەکیشدا تەنیا دوو دەرسی عەرەبیمان هەبوو، ئەگینا هەموو دەرسەکانمان بە کوردی بوون.

ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت و شاری سلێمانی و کەرکووک و شارانی وەک خانەقین و کفری و توزخورماتوو و چەند شارۆچکەیەکی دی، شێوە زمانی کرمانجی باشووریان تێدا زمانی فەرمییە، هیوادارم ئەم زاراوەیە ببێتە بنچینەی زمانی یەکگرتووی کوردی، بیرێکیش لە ڕێنووسی یەکگرتوو بکرێتەوە، کە بەلای منەوە ڕێنووسی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی باشترین ڕێنووسە و منداڵی کورد زوو فێری دەبێ و ڕەنگە هەموو دەنگەکانیشی پێ بنووسرێ و هەموو کوردی باشوور و هەندەرانیش دەتوانن نووسینی هەموو نووسەرێکی کوردستان بخوێننەوە، کە ئێستا ئێمە ئاگاداری بزووتنەوەی فەرهەنگی کوردەکانی باکوور نین و ئەوانیش ناتوانن نووسین بە ئەلف و بێی عەرەبی بخوێننەوە.

لەکۆتاییشدا دەڵێم: ئەو پاشاگەردانییەی کە زمانەکەمانی شێواندووە هەر خۆمان لێی بەرپرسین و لە ئەنجامی ئەو ئازادییە بێ سنوورەی نووسینەوەیە کە هیچ سنوور و سانسۆرێک بۆ ڕۆژنامە و پەخشانامەکانمان نییە، کەچی دەبێ بۆ ئەم جۆرە کارانە سنوورێک هەبێ، ئەگینا دەبێتە بەرەڵڵایی کە بوویتێ!

دڵنیام ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی دەتوانێ سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنێ و یەک دوو ئەندامی چالاک تەرخان بکا کە ڕۆژانە چاوێک بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بخشێنن و ئەگەر هەڵەی زەقی زانستی و سیاسی، یان زمانەوانییان بەدی کرد تۆماری بکەن و هەر دە ڕۆژ، یان پازدە ڕۆژێک بە لیستێک بەسەر ستافی ڕۆژنامەکانیدا بڵاوبکەنەوە و چاوپۆشیش لە هیچ کەسێک نەکرێ کە زێدەڕۆیی بکا.

هەروەها کارێکی باشە ئەگەر لیژنەیەک بە نیازی لێکۆڵینەوە و ئەزموون وەرگرتن ناوبەناو سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستان بکات و شارەزایی لە بارەی ژیان و باری فەرهەنگی و شێوەی ئاخافتنیان پەیدا بکات و ئەگەر ڕێککەوت دەنگی ئەو دەنگبێژانە تۆمار بکەن کە بەدەنگ بەیت و داستانی وەک لاس و خەزاڵ و مەم و زین و شیرین و فەرهاد و خەج و سیامەند و... هی تریش دەبێژن، ئەمە دوا هەلە، چونکە لەبەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت، ئێستا کەس خۆی بەم هونەرەوە خەریک ناکات.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ خزمەتگوزارانی زمانی شیرینی کوردی.

*** فەرموون سەیرێکی دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی خەباتی ژمارە ٢٥٢٨ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٨ بکەن. مەبەستیشم نییە هەموو وشەیەکی بیانی لابەرین، هەندێ وشەی زانستی و سیاسی هەیە، بوونیان پێویستە. دلزار**

**(**) مەبەستی مامۆستا دلزار لە واژەی (ولس) ئاژەڵە، حەیوان.**

**«ڕامان»**



# شیعری نالی له بیست و یه‌ک بژارده‌بێژیدا

عه‌بدولخالق یه‌عقووبی
(زانکۆی جیهان)

١- شیعر به‌ر له‌وه‌ی به گوتراوه‌کانی بماندوێنێ، به نه‌گوتراوه‌کانی ده‌مانوروژێنێ.

**له خه‌وفی ته‌لعه‌تی ڕۆژ هه‌روه‌کو شێت**
**به ڕووزه‌ردی هه‌ڵات و که‌وته کێوان**

٢- شیعر به ڕوخساری واژه‌کانیدا ناناسرێته‌وه، به‌ڵکو به هه‌ڵسوکه‌وتی وشه‌کانیدا پێناسه ده‌کرێ.

**هه‌رچه‌نده گوناهی ده‌مه‌که‌ت باره له‌سه‌ر لێو**
**حه‌ددی چییه نالی که بلێ ماچه که‌فاره‌ت**

٣- شیعر هاوارێک نییه بۆ مانه‌وه، ئه‌وکاته‌ی سه‌رقاڵی ژیانین؛ شیعر سترانێکه بۆ ژیانه‌وه له‌و کاته‌یدا ده‌سته‌ویه‌خه‌ی مه‌رگین.

**زارم وه‌کو هیلال و نه‌حیفم وه‌کو خیلال**
**ئایا ده‌که‌ومه زار و به‌دڵدا ده‌که‌م خوتوور**

٤- شیعر خه‌می ئه‌وه ناخوات ئێمه تێی نه‌گه‌ین، په‌رۆشی ئه‌وه‌یه خراپ تێی بگه‌ین.

**که‌س به ئه‌لفازم نه‌ڵێ خۆ کوردییه خۆ کردییه**
**هه‌ر که‌سێ نادان نه‌بێ خۆی تالیبی مه‌عنا ده‌کا**

٥- شیعر وه‌بیرمان ده‌هێنێته‌وه که پێویسته چیمان وه‌بیربێته‌وه.

**بنواره بوونی ئه‌وه‌ڵت و چوونی ئاخرت**
**هاتی چ ڕووت و قووت و هه‌ڵاتی چ لووس و پووس!**

٦- شیعری مه‌ند و هێور و ساده مه‌رج نییه جیهان نه‌گۆڕێ و گرژ و ئاڵۆزی نه‌کات.

**ئه‌ی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غه‌مزه سووک**
**تیری موژه‌ت نیشانه‌یی دڵ کون ده‌کا به نووک**

٧- زمان سووراووسپیاو نییە بە ڕوخساری شیعرەوە، زمان پێست و خوێنی شیعرە.

**دەستم کە بەسەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە**
**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ**

٨- ئەو شیعرەی زمان دەکات بە گۆپاڵی دەستی خۆی، خۆشی دواجار دەبێتە گۆپاڵی دەستی زمان.

**تەڵەبی سینەیی چاکم مەکە بەو چاوانە**
**سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم**

٩- مانای قووڵی شیعر لەو شتەدا نییە کە پێمانی دەڵێ، لەو شتەدایە کە دەیەوێ پێمانی بڵێ.

**ڕەفیقان! من ئەوا ڕۆییم لەلاتان**
**لە مەزڵوومان بلا! چۆڵبێ وڵاتان**

١٠- ئەو شیعرەی لە جوانی بێ بەری بێت، لە هەقیقەتیش بێ بەرییە.

**تورڕەت وەکو تۆماری شکستە و سەری کوڵمت**
**بۆ نووری سەوادم بووەتە شەمعی موتاڵا**

١١- ژیانی شیعر لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە یەکەم تیشکی هەقیقەت دەخاتە سەر ڕوخساری جیهان.

**تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدە چ دەکەی**
**لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانمدا**

١٢- ئەو شیعرەی خەون بە ڕزگاری مرۆڤەوە دەبینێ، ناتوانێ گوێی لە دەنگی مرۆڤی کۆیلە نەبێت.

**نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە**
**من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

١٣- شیعر باسی ڕۆشنایی ڕەها و ڕووت ناکات، لە وردە ڕۆشناییەکانی نێو تاریکایی دەدوێ.

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور**

١٤- شاعیر ئەو وەستاکارە دەست ڕەنگینەیە، وردە شووشەکانی زمان کۆ دەکاتەوە و دەیانکات بە بلووری شیعر.

**کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**
**شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک**

١٥- وشە لە شیعردا خودایە لە جیهاندا. خودا هەمیشە هەیە هیچ کاتیش دیار نییە. خودا هەموو فۆرمێکە و هیچ فۆرمێکیش نییە. بە کورتی وشە و خودا هەن، بەڵام نین، بوونیان لە نەبوون دایە.

**گوتم: ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**برۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی لا یەعنی کە بێزارم**

١٦- شیعر لە لایەکەوە دۆستایەتی نێوان مرۆڤ و ژیان پتەوتر دەکات، لەلایەکی تریشەوە پەیمانی نێوان مرۆڤ و جوانی تازە دەکاتەوە.

**نالی وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغە**
**لەم باغە بفەرموو کە ئەویش لێرە دەنێژم**

١٧- شیعری نەزۆک ئەو شیعرەیە نەک هەر لە خوڵقاندنی جوانی، بەڵکو تەنانەت لە دۆزینەوەی جوانیش ناهومێدمان دەکات.

**سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش**
**قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم**

١٨- ڕاڤە هەڵگربوونی شیعر لە چێژ بەخشییەکەی دایە، چێژ بەخشیی شیعریش لە ڕاڤە هەڵگربوونییەوە سەرچاوە دەگرێ.

**وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم:**
**کەوا فەقری غینایە مردنی ژین**

١٩- ئەو شیعرەی هەستی پەژیوانی لە ژیانمان پێ دەبەخشێ لە ڕاستیدا هەستی ئومێدەواری بە ژیانیشی پێ داوین.

**عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا**
**بمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو**

٢٠- شیعر لەو شوێنەدا لەگەڵ ئەوین یەک دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە جوانی ژیان و ژیانی جوان ئاگادار دەکاتەوە.

**هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو**
**نەرگس کە لە سەر یەک قەدەم دیدە چەقیبوو**

٢١- ڕۆژی شیعر ئەوکاتەیە کە خۆری خەیاڵ هەڵبێت، شەوی شیعریش ئەوکاتەیە کە مانگی خەیاڵ دەردەکەوێ.

**بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە**
**نزانم خەو لە چاوت دایە یان چاوت لە خەو دایە**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

### ئامینەخانی حەمە مەلا

ناوی تەواوی ئەو (پلکە - پوورە)م "ئامینەی کچی حەمە مەلای کچی مەلا ئاوڕەحمانی کچی مەلا پیرۆتی کچی مەلا عەولاّ"یە، بە گوێرەی تەسکەرەی نفووس ساڵی (١٩٢٤)ی زایین لە شاری کۆیە لە گەڕەکی (بەفری قەندی) هاتۆتە دنیاوە. هاوسەرەکەی ناوی (ئیسماعیلی مەلا نووری جەلیزادە)یە و لە (١٩٨٢/١١/١٧) کۆچی دوایی کردووە. پوورە ئامینەم (٥) کوڕ و (٣) کچی هەیە. کوڕەکانی: مامۆستا "دڵشاد" و شاعیری ناودار "قوبادی جەلیزادە" و "دکتۆر ئاسۆ جەلیزادە" و "ئاشتی"و "کوردۆ"ن، تا ئەمڕۆ وەک ژنە کۆیی دەڵێن: بێ چاوێنی بێت، (یا ئامینە)، یان (ئامینەخان) هەم تەندروستی و هەم زەینیشی تا ڕادەیەک باشە. دیارە خوشکە چکۆلەی سێ برایان بووە: "کاک کەریم"ی برا گەورەیان ساڵی (١٩٨٥) کۆچی دوایی کردووە. مامە ڕەزاقی حەمە مەلای برای ناوەندی بووە و هەر زوو بە جوانەمەرگی سەری ناوەتەوە. ئەحمەدی حەمە مەلاش برا گچکە بووە و ساڵی (١٩٦٩) کۆچی دوایی کردووە.

لە پلکە ئامینەم پرسی: چی کۆیەت لەبیرە، هی سەردەمانی زوو، سەردەمی منداڵیت بەڵکو بۆمانی باس بکەیت؟

- لە ماڵی (جەمیل ئاغا - کاکەمینی کوڕی)، (فەخریەخانی کچی مەلا ئەحمەدئاغای) دەگواستەوە؟ (مچە ژنانی) کەخەڵکی شاری سلێمانی بوو خۆی کردبووە "کۆسەبەبە" کۆسەبەبەش ئامێرێکی لە دار دروستکراوە چووبووە ناوی، گۆرانی "شیرنێ لەیلانێ"ی



**وریا ئەحمەد – ئامینەخانی حەمە مەلا**

دەگوت، ئێمەش منداڵ بووین بۆیمان دەگێڕایەوە. گۆرانی دی هەبوو ئێمە کە منداڵ بووین دەمان گوتن، بۆ نموونە: (هەی بەللار). هەروەها گۆرانی:

**ئاغا ناردی بۆ مەڕەکی**
**دەخۆی ناخۆی قشپلەکی**
**عەلی بەگ لام بەگ**

* ئەو کاتە چونکە ئۆتۆمبێل نەبوو، بۆ کام لە سەیرانگەکانی کۆیە بۆ سەیران دەچوون؟

– حەمامۆک، کانییە قەرە، کانی بسکان، ئۆمەر خوچان، چاکی زایەری، دەرماناوەکانی: ئاش و قەرە و بنە، تا ئێوارە شاییمان دەکرد، زۆر بەخۆشی ڕامان دەبوارد.

* چی ئەحمەدی حەمە مەلای برات و باوکی منت لەبیر ماوە؟

– لە بیرمە کاتێک کە بووکیان دەهێنا، کاکە ئەحمەدم و عومەری مام عەولای و قالە کەچەڵ و تایەر تۆفیق، لەسەر بانی ماڵە زاوای لەو شوێنەی یا ئەو دەرگایەی بووکێ لێیەوە دەهاتە ژوورێ، گۆرانی "لەبەر نازی چاو بازان"یان بە ئاوازەکەی کۆیە دەگوت. ئەو برادەرانەی ناوم هێنان، ئەوانە و هی دیکەش هەمیشە لەگەڵ کاکە ئەحمەدم لە سەیران و ناو ڕەز و باخەکانی کۆیە بوون. هەروەهاپلکە ئامینە گوتی: کە منداڵ یا مێردمنداڵ بووم، کاکەحمەدم حەکایەتی (هەزار و یەک شەوەی) لە کتێبی (فارسی)یەوە بۆ دەخوێندینەوە.

* تا ئەمڕۆ لە کەسێک زیاتر بیستوومە باوکم لە کۆیە دۆستی جوان و بە تایبەتی دۆستی "جوو"ی هەبووە ؟

– کچی (فەرەج)-ە جووی ناوی (گورجی) بوو منداڵی نەدەبوو، کە جەژنی (کەپرە شینە) دەبوو، لە سەر داوای کاکەحمەدم بۆ جەژنانە دەچووینە لایان، ژنی ئەو فەرەجە جووە ناوی "ساڵحە" بوو، ئینجا (٦ –٧) کچی هەبوو، بەناز و زۆریش جوان بوون. هەروەها لە بیرمە کاکەحمەدم ئەوانەی بۆ ماڵی خۆمان داوەت دەکرد و بەو بۆنەیەوە "یاپراخ" بە مەنجەڵی زنجیردار لێدەنرا.

* ئەو سەردەمانە لە کۆیە لە چ بۆنەیەکدا گۆرانیتان دەگوت؟

– کاتێک سالانە (سەمەنی)مان دەکولاند، لەو بۆنەیەدا هەموو خەڵکی گەڕەک گۆرانییان دەگوت. هەروەها دەیان گوت: سەمەنی ئەگەر گۆرانی بۆ نەڵێی و شایی بۆ نەکەی (سۆر – سوور) نابێ!، بۆیە چەندین کاتژمێر خەڵکەکە نەدەنووستن و شاییشیان دەکرد.

* ئەگەر بیرت مابێت ئەو گۆرانییانەی بە منداڵی لە کۆڵانە و گۆڕەپانەکانی کۆیە دەتان گوتن، کامانە بوون؟

– منداڵ بووین "حێللانێ" و"جۆللانێ" و"چاوشارکانێ" و "بەردە گەرمووکێ" هی دیکەشمان دەگوتن و بە پێی ڕێوڕەسمی یارییەکەش دەستی یەکترمان دەگرت، ئەمە لە گۆڕەپان. بۆ نموونە دەمان گوت:

**بابە مەمدە**

**بابە مەمدە بە کونجی ..... حێللانێ**
**کچم هیچ چارم نییە..... حێللانێ**
**بابە مەمدە بە جۆرا(١) حێللانێ**
**جۆرا پێش چاوی تەنگە... حێللانێ**
**تری دەرێی تفەنگە**
**بابە مەمدە بە جۆرا ..... حێللانێ**
**جۆرا تەقە تەقییەتی ... حێللانێ**
**دوو پوول و نیو هەقییەتی**
**مەمدە بە جۆرای گور(٢) دز .. حێللانێ**
**بمدە بە دەسکەک نێرگز... حێللانێ**
**بمنێرە بۆ ڕواندز**
**جۆرا دەکا ڕاپەڕی..... حێللانێ**
**ژنی دەبەن نایەڵی..... حێللانێ**
**جۆرا دەکا لوو لووان.....حێللانێ**

**ژنی دەبەن بە دووان..... حێللانێ**

* * *

* مامە ڕەزاقی حەمە مەلای برات بە چەند ساڵ لە ئەحمەدی حەمە مەلای گەورەتر بوو، تەمەنیشی چەند بوو کە کۆچی دوایی کرد؟

– دەوری ئاوا (٣ – ٤) ساڵ لە باوکت گەورەتر بوو، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد، تەمەنی لە دەوری (١٨ – ١٩) ساڵیدا بوو.

* مامۆستای کۆچکردوو (تایەر ئەحمەد حەوێزی) لە کتێبی (مێژووی کۆیە) نووسیویەتی: (ڕەزاقی حەمە مەلای)، یەکێک لە دەنگخۆشەکانی شاری کۆیە بووە؟

– لەبەر ئەوەی کە ئەو برایەم بە جوانە مەرگی سەری نایەوە، ئەوسا من زۆر منداڵ بووم، بۆیە ئەوەم لەبیر نەماوە.

* جگە لە کاتی ژن گواستنەوە لە کۆیە لە چ بۆنەیەکی دی گۆرانی گوتراوە؟

– کاکەحەمەدم و هاوەڵانی لە کاتی سەیران و لە ناو ڕەز و باخەکانی کۆیە هەمیشە گۆرانییان گوتووە، ئەوە جگە لە کاتی (مەولوود) خوێندنەوە و بۆنەی دیکەدا. کاکەحەمەدم دەنگی زۆر خۆش بوو.

* ئەحمەدی حەمە مەلای قەت لەماڵەوە گۆرانی گوتووە؟

– جار جارە بە تایبەتی نیوەڕۆیان دەمان کردە چەپڵەڕێزان، کاک ئەحمەدم هەندێ جار گۆرانی و هەندێ جاریش (شیرین بەهارە)ی بۆ دەگوتین.

* قەت گوێت لێ بووە، کاکت (کەریمی حەمە مەلای) گۆرانی بڵێت؟

– من نەمدیتووە گۆرانی بڵێت.

* بە پێی قسەی کۆچکردوو (فەقێ ئەحمەدە کۆرە)ی (مەولوودان)، لە هەندێ مەولووددا باوکم و عومەری مام عەولای بەدوایاندا ناردووە و لەگەڵ ئەواندا تەنزیلەیان خوێندۆتەوە، تۆ ئەوەت دیوە؟

– ئەوەی باست کرد زۆرتر لە مەولوودی پیاواندا بووە نەک هی ژنان، بۆیە من نەمدیتووە.

* کاک (عەونی)ی شاعیر یادی بەخێر بۆی باسکردووم کە ساڵی (١٩٣٣)ێ باوکمی ناسیوە، ئەو کاتانەی باوکم هاتووە لە مزگەوتەکەی بەرانبەر ماڵی ئەوان بانگی داوە؟

– کاک عەونی زۆر برادەری باوکت و عومەری مام عەولا و ئەوان بوو، ئەو مزگەوتەش ناوی (مزگەوتی پەلکێ)یە.

* زەماوەندی ژن گواستنەوەی دایک و باوکمت لە بیرە؟

– زۆر باشم لە بیرە، ئەو ڕۆژەی بۆ داخوازی (سەبیحە خان) چوون، منیان لەگەڵ خۆیان نەبرد، دایکیشت هەم دراوسێ و هەم زۆر برادەریشم بوو، بۆیە تا هاتنەوە من گریام. شاییەکەشیان لە حەوشی ماڵی خۆمان بەڕێوە چوو، ئەو ڕۆژە خواردن ئامادەکرا بوو، شایی دەکرا و گۆرانی دەگوترا. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: لەبیرم نەماوە ئەو ڕۆژە کێ بوو گۆرانی دەگوت! بۆیە گوتم: دایکم بۆی باسکردووم، ئەو ڕۆژە (مچە ژنانی) بووە گۆرانی گوتووە و یەکێکیش لە گۆرانییەکانی ئەمە بووە:

**یەک بەللار دوو بەللار سێ بەللارەوە**

**تووسەری باوکت وەرە ماڵەوە**

پلکە ئامینەم گوتی: مچە ژنانی زۆر دەهاتە ماڵی ئێمە، لەگەڵ خاڵۆژنم گاڵتە و شەڕە جنێوی عەنتیکەیان دەکرد، بۆ نموونە: مچەژنانی بە خاڵۆژنمی دەگوت: فاتەشێتی سەر ڕشکاوی! ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت: هەی هەناوت بەربێتەوە، مچە ژنانی!

* لەبیرمە جارێک بۆت باسکردم کە (ئەحمەدی حەمە مەلای) لە گەڕەکی (هەواوان) هاتۆتە دنیاوە؟

– بەڵێ، چونکە من وەک لە مامم (مەلا حەمەدەمین)م بیستووە، زووتر ماڵمان لە گەڕەکی هەواوان بووە، دواتر بابم (حەمە مەلا) کاتێک گوزەرانی باشتر بووە، لە گەڕەکی (بەفری قەندی) ئەم خانووەی کڕیوە کە چەندین هۆدەی گەورە و حەوشەیەکی فراوان و حەوزێکی گەورەی ئاوی تێدا بوو، هەیوانێکی درێژ و دوو کۆشک و بالاخانەی هەبوو. من لەو خانووە لە دایک بوومە. هەروەها پلکە ئامینەم گوتی: هەروەها لەبیرمە لەم خانووە نوێیەوە زۆر جاران لەگەڵ دایکم (نەنە فاتم) بۆ ماڵی مامە (مەلا حەمەدەمین) چووینە، ئەوسا ئەوان ماڵیان لە گەڕەکی هەواوان بوو، دایکیان ناوی (مەلاژنە حەلیم) بوو. (مەلا حەمەدەمین) و مامە (مەلا ساڵح – مەلا نیسک)، مامی ئێمە بوون، لە دایک نا، بەڵکو لە باوکیانرا.

* نازانی ماڵی باپیرانمان لە سەردەمی چ کەسێکیان لە

گوندی (کانی وەتمان - باجۆریان)-ەوە بۆ شاری کۆیە هاتوون؟(٤)

- وەک لە کەس و کار بیستوومە لە دەوری باپیرە هەرە گەورەمان بۆ کۆیە هاتوون.

* لە بیرمە کە منداڵ بووم، بابم زۆربەی شەوان کە لەگەڵ هاوەڵانی خەریکی کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاهەنگ بوونە، درەنگانی شەو کاتێ بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، لە ترسی (حەمە مەلا)ی باپیرم کە پیاوێکی مەلا و ئایین پەروەر بوو، نەیدەوێرا بەو درەنگانە لە دەرگا بدات، بۆیە لە دیواری ژوورەکەی ئێمە( من و دایکم)ی دەدا و دایکیشم کلیلە ئاسنە گەورەکەی بە داوێک لە پەنجەرە گچکەکەوە بۆ شۆڕ دەکردەوە، تا خۆی دەرگا بزمارڕێژە گەورەکەی حەوشەکەمان بکاتەوە و باپیریشم پێی نەزانێت.

- تا مێردم نەکردبوو لە بیرمە شەوانە، دەچووم بۆ لای (سەبیحەخانی) دایکت دەنووستم، تا درەنگانی شەو کاکەحمەدم دەهاتەوە، شەوانە دایکت (حەکایەت)ی بۆ دەکردم، دایکت حەکایەتی زۆری دەزانی، بۆیە ئەو شەوانە خوا خوام بوو کاکەحمەدم زوو نەیەتەوە. بەر لەوەی مێردیش بکەم، کە دەوری دوو- سێ ساڵ دوای دایکت مێردم کرد، کاکەحمەدم سێ مانگ بۆ سەربازی برا، هەرچەندە باوکم کڕیبیەوە، بەڵام ئەو سێ مانگەیان سەربازی پێکرد، ئینجا هەموو ئەو ماوەیەی باوکت سەرباز بوو، من لای دایکت نووستم.

**پەراوێز:**

**(١) کۆسەبەبە: ئامێرێک بووە، ئەگەر بشوبهێت وەک ئەو قەمیشەی بە منداڵی وەک (ئەسپ) سواری دەبووین و بە دارێکیش حەچەمان لێ دەکرد، بەڵام ئامێری کۆسەبەبە وەک عەرەبانەیەک بووە و کەسەکە چۆتە ناوی و لەگەڵ خۆی ڕایداوە.**

**(٢) جۆرا: مەبەست لە (جۆلا)یە.**

**(٣) گور: گوڵ.**

**(٤) لەو نووسینەمدا کە لە گۆڤاری «کاروان»ی ژمارە «٩٦»ی ساڵی «١٩٩٢»دا بڵاوم کردۆتەوە، بە هەڵە نووسیومە: کە لە سەردەمی (مەلا ئاوڕەحمان)، واتە باپیری (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئەوکاتەی ئەو زاتە بە کاتبی (جەمیل ئاغای قائیمقامی کۆیە) دامەزراوە، ئەوکاتە بووە خانەوادەمان بۆ کۆیە هاتوون! کەچی دواتر لە کتێبی (مێژووی کۆیە)ی مامۆستا (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) خوێندمەوە: کە (مەلا پیرۆتی باوکی مەلا ئاوڕەحمان) لە گەڕەکی (هەواوان) لە کۆیە سوختەخانەی هەبووە! واتە خانەوادەمان سەردەمانی زۆر زووتر بووە، کە بۆ شاری کۆیە هاتوون.**

**تێبینی:**

**دانیشتنی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١١/٢٢) و چەندین دانیشتنی دی کە تا ئەمڕۆ لەگەڵ پوورە ئامینە کردوومن و ئەم نووسینەی ئێستای لێ دروست بووە.**


# جێگای سەوزی وەرگێڕ

**کامەران جەوهەری(هەڵوەدا)**
**(بۆکان)**

بێ گومان «جێگای چۆلی سلووچ» یەکێ لە ڕۆمانە بەنرخەکانی ئێران و بگرە جیهانیشە. ئەم ڕۆمانە بە هیممەتی دەست و قەڵەمی شاعیر و نووسەر «ئەمین گەردیگلانی» کراوەتە کوردی. هەم «مەحموود دەوڵەت ئابادی» و هەمیش «ئەمین گەردیگلانی» لە نێو خوێنەراندا ناسراون. بۆیە یەکسەر دەچمە سەر چاوخشاندن بە وەرگێڕانەکەدا:

– بەر لە هەموو شت من پێم وایە وشەی (بەتاڵ) کە گەردیگلانی بۆ ناوی ڕۆمانەکە – جێگای بەتاڵی سلووچ – کەڵکی لێ وەرگرتووە، پڕ بە پێست نییە، چونکە بەتاڵ ئاوەڵناوی کەرەستە و دەفری بێ گیانە. وەک دەڵێین گۆزەی بەتاڵ، جەرەیەکی بەتاڵ و حەتاڵ، مەنجەڵێکی بەتاڵ، بەڵام ناگوترێ گۆزەی چۆل، جەرەی چۆل، مەنجەڵی چۆل. بە بڕوای من لێرەدا دەبوو لە وشەی (چۆل) کەڵک وەرگیرێ، کە بۆ گیاندار زیاتر دەست دەدا. وەک دەڵێین: چۆلەوانی(کە ڕەنگە پڕیش بێت لە داروبەرد، بەڵام زیندەوەر و بنیادەم مەبەستە)، ماڵێکی چۆلوهۆل، یان لە ماڵ گوێستنەوەدا دەگوترێ: ماڵەکەی چۆل کردووە؟ نەک ماڵەکەی بەتاڵ کردووە کە مانای هەڵڕشتن دەدا. (مەبەستیش لە زیندەوەرە وەک لە خوڵق کردندا یەکێ بە یەکێ دەڵێ: ماڵی ئێمە چۆلە، وەرن دەچینەوە ئەوێ دەنووین...)

– ئەمین گەردیگلانی خۆی لە لاپەڕەی (ج)ی پێشەکیدا دەڵێ: «...بەو هیوایەی ئەمانەتداریم تێدا کردبێت و کورداندبێتم». ئاشکرایە کە ئەمانەتداری یەکێ لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕی کارامەیە و بێ گومان وەک بارێکی ویژدانیش سەیری دەکرێ و پێچەوانەی زۆر خاڵی تری یاسا و ڕێسای وەرگێڕان، ڕەنگە تەنیا خاڵێک بێت کە زۆر دەگمەنە کەسێک ڕەچاوکردنی بە هێند نەگرێت، لەم ڕووەوە گەردیگلانی هەم هیوایەکی باشی خواستووە و هەمیش بە هیواکەی گەیشتووە، بەڵام کورداندن: ئەگەر لە سووک و سەنگی کورداندنەکە گەڕێین و بچینە ناخی وەرگێڕانەکەوە، دەردەکەوێ ئەم وەرگێڕانە تا ڕادەیەکی زۆر گوازتنەوەیە و



بەدووره لە کوردانـدن، چـونکـە گەردیگلانی هەتا ئەو جێیـەی وشە ڕێگەی دابێ دەستی لە چوارچێوەی ڕستەکان وەرنەداوە و تەنیا جلوبەرگی وشەی کوردی لەبەر کـردوون، ئەوەش داماڵینی سامی وشەیە و نەسڵەماندنەوەی خوێنەر. تەنانەت لەم وەرگێڕانەدا ئەوەی کە لە خەسڵەتە بەرچاو و باشەکانە ، ڕاگوێزتنی ڕیتمی دەقەکەیە.

تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە لە چوارچێوەی ئەندێشەی بەدەر لە ڕێچکەی چیرۆکەکە داڕێژراون و دەکرا کاکڵەکەی وەرگێرێ و وەرگێڕدرێ، گەردیگلانی لە ڕیتمی نووسەر لای نەداوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ۲۰۷دا. (کە دواتر نموونە لە هەر دوو دەقەکە دێنم). «مەحموود دەوڵەت ئابادی» یەکێ لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە بەهایەکی زۆر بە ڕیتمی نووسین دەدا و جار هەیە گوڵجارێک وێنە، یان کۆشێک مانا بە تەنیا وشەیەک دەسپێرێ، خاڵێکی لەبەر دەم دادەنێ و لێی دەگەڕێ و ئیتر سەربەخۆیی پێ سپاردووە. شتێک نزیک بەو ڕۆڵەی بۆ پەیڕەو دەکا کە وشە لە شیعردا هەیەتی. ئەو وێنە نواندنانەی لە لای زۆر نووسەری تری ڕۆمان بە پەرەگرافێکیش سوکناییان نایە، زۆر جار لە لای دەوڵەت ئابادی لە یەک دوو وشەدا خەست دەکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە لای نوسەرێکی تر ئەم ڕستانە هەبن: «ڕەشەبا هەڵیکردبوو، تەپ و تۆز و تەم و غومار وڵاتی داگرتبوو، چاو چاوی نەدەدیت، دار و بەرد لە تۆزدا نوقم ببوون» ، سەیر نییە ئەگەر لە لای ئەو بنووسرێت: «ڕەشەبا. تەپ و تۆز.»و هیچی تر. ئیتر ئەوە خوێنەرە کە دەبێ تێی بگات و کلیلی مانای وشەکەی پێ بێت و دەلاقەی دیداری وێنەکان بدۆزێتەوە. هەڵبەت ئەو پێخۆر پێوەکردنە دایە نییە و ئەگەر پێویست بێت زۆری بە بەرەوە دەدا، بەڵام هەتا بکرێ پوخت و پاراو، چونکە یەکێ لە کاڵکەڵەکانی ئەو پیاوە هەڵپەرتاوتن و تەتەڵەکردن و شەن کردنی زمانە و لەو شوێنانەدا خەریکی بەجێ هێنانی ئەم ئەرکەیە. گەردیگلانیش هەر بە پێی ئەوە ئەو ڕیتمەی نووسەری نووسیویەتەوە و سەریش کەوتووە:

بگذار بگندد این مرداب! بگذار بخشکد. پاییز؛ خشکیده و تکیده و خاموش. چغر و سوخته و بردبار. پاییز. پاییز برگهای زرد. برهوت بادهای سرگردان. چنار بر پاست. مرگان پاییز بسیار دیده است. نه! از چنار کهن فغان برنمی خیزد. هرگز اشکابەای نیست. گو گم شوند همەی گریستنها! کجاست خشم؟ سدی از خشم بر رود پیرترین چشمها. تازیانه بر مرداب کهنه. سیلی بر گونەی باران. خروش، خروش. بی تسلیم. ستم بر ستم. نعره بر درد. فغان نه، فوران. چنگ در چشمان بە اشک نشسته. فرزند ناخلف مویەها، گریەها، تسلیم ها. رها. وارهاییده. و الخ. (ص۲۹٤).

لێگەڕێ با لیخن بێ ئەو زەلکاوە. با وشک بێ. پایز، وشک و سارد و سڕ و بێ دەنگ. ڕەق هەڵاتوو و سووتاو و بەسەبر. پایز. پایزی خەزەڵی زەرد. قاقڕی پڕ گێژەڵوکە. چنار بە پێوەیە. مێرگان پایزی زۆر دیوە. نا! چناری کۆن ناڵەی لێوە نایە. قەتی فرمێسکاو نییە. لێگەڕێ با ون بن ئەو گریان و شیوەنانە! ڕق لە کوێیە؟ بەربەستێک ڕق لە بەر پیرترین چاواندا. قامچی لە زەلکاو ڕاکێشان. شڵەقاندن. زللە لە ڕوومەتی باران. شڵەژان. تۆفان. خۆڕاگری. زۆڵم لە زوڵم. نەڕاندن بەسەر ژاندا. نەڕاندن نا، تەقینەوە. چنگ بە چاوی فرمێسک تێزاودا کردن. منداڵی ناخەلەف، ڕۆڵەی ناخەلەفی کرووزانەوە، لالانەوە. خۆ بەدەستەوەدان. ڕزگاری. بەرهەڵدا. تاد. (۳۰۷)

بەڵام تەنیا و تەنیا گۆڕینی ڕەنگی چوارچێوەی ڕستە و نزیک نەبوونەوە لە گۆڕینی تامویۆی کاکڵەکەی ناشێ بە کوردانـدن وەسف کرێت. د.جەمال نەبەز «کوردانـدن» بە چەشنێ وەرگێڕان ناو دەبا و ناوی لێ ناوە: «وەرگێڕان بە ئیلهامەوە» و ئاوەهای باس دەکا: «لێرەدا وەرگێڕ بە جارێ خۆی نابەستێ بە دەقەکەوە، بەڵکو تەنێ ڕاستە هزرەکە لە نووسەرەکە وەردەگرێ و ئەوسا هەمووی بە شێوازی خۆی دەنووسێ، بێ ئەوەی گوێ بداتە ڕیزی وشە و ڕستە و پاش و پێش خستنی واتەکان. بە جۆرێ وا لەو پارچەیە دەکات، کە یەکێک خوێندبیەوە، وابزانێ زادەی بیرێکی بێگانە نییە، بەڵکو لە قالبێکی کوردی خۆماڵییەوە هاتووەتە دەرەوە.»*

بۆ ئەوەی نموونەیەک بێنمەوە بۆ بەراوردکردن و تیشک خستنە سەر کوردانـدن، پێم وایە لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامدا، مامۆستا

هەژاری ڕەحمەتی زۆر چەلان لە کورداندن نزیک بۆتەوە و لە خەییام دوور کەوتۆتەوە. چ لەو جێیانەی کە زەق نییە، وەک: «پێشینە دەڵێن کەس بە خەیاڵ نەبووە بە ماڵ» و «لە سمێڵی من و لە ڕیشی تۆ بێ باکە» و چ لەو شوێنانەش کە ئاشکرایە، وەک: «کورد بۆیە دەڵێ لە هەمزە چی داوە هەباس». ئەگەر ئەم میسرەعەی دوایی وەرگێڕدرێتەوە سەر زمانی فارسی بە لایەکدا دەڕوا کە خەییام هەر نەشیبیستووە! بەڵام ئەگەر سەرلەبەری وەرگێڕانەکەی گەردیگلانی بکرێتەوە فارسی، لام وایە نێزیک٧٠ لە سەدی ڕستەکان دروست دەبنەوە.

ئەگەر بێینە سەر نرخی کورداندن، بە بڕوای هەندێک لە خاوەن ڕایان کورداندن ڕەوا نییە و زیان بە بابەتەکە دەگەیەنێ. جگە لەوەش هیچ وەرگێڕێک بۆی نییە ڕەنگی زمانی یەکەم لە بابەتی نووسەرێکی تر دامالێ، چونکە نووسین داهێنانە و وەرگێڕان نواندنەوەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێم وایە ئەوەی کە ئەمین گەردیگلانی مەبەستیەتی ئەوە نییە کە بە کورداندن لەقەڵەم دەدرێ، بەڵکو ئاشنا بوون و نامۆ نەبوونی بابەتەکەیە بە مێشکی خوێنەر، کە ئەویش پێم وایە پێش ئەوەی لە دەست وەرگێڕدا بووبێت، هەر دەقەکە خۆی بۆخۆی مۆرکی ئاشنایەتی پێوە دیارە، چونکە ئەو فەزایەی چیرۆکەکەی لێ دەخولقێ زۆر لە فەزای ژینگەی خوێنەری کورد دەچێ. هەر وەک گەردیگلانی خۆشی هەستی بەوە کردووە و لە لاپەڕەی (ج)ی پێشەکیدا دەڵێ: «ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی لە باری تەکنیکی و هونەری ڕۆماننووسییەوە زۆر بەرزە، لەگەڵ ژیانی هەژارانەی خەڵکی کوردستانیشدا یەک دەگرێتەوە. زۆربەی ئازارەکانی مرۆڤی لە دڵی خۆیدا جێ کردۆتەوە، بۆیە بڕیارم دا ئەم ڕۆمانە وەرگێڕمەوە.»

## زمان

«بۆ من ئەوپەڕی لەزەتی ڕوحییە ئەگەر بۆم دەرکەوێ دوو وشەی هاومانا تۆسقاڵێک پێکەوە جیاوازن.» (بەهادین خۆڕەمشاهی) (١)

لایەنێکی زۆر بەرچاوی شێوازی نووسینی دەوڵەت ئابادی، زمانە پوخت و پاراوەکەیەتی. مەحموود لە زماندا ئەو کارەی کردووە کە نووسەرەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە ئەورووپا بۆ تێڕوانین و بۆ شێوازی نووسین کەڵکیان لێ وەرگرت، واتە گەڕانەوە بۆ قۆناغەکانی پێشوو. کاتێ دەوڵەت ئابادی دەستی بە نووسین کرد ڕاست ئەو وەختە بوو کە زمانی شیعر و پەخشانی ئێران دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر تازە توانیبووی تا ڕادەیەک خۆی لە بەندی زمانی قورس و چەند سەد ساڵەی ڕزگار کات. پێش دەوڵەت ئابادی، دێهخودا و جەمالزادە و عەلەوی و هیدایەت، هەر یەکەو بە شێوەیەک و لە بواری خۆوە ئەم ڕچەیەیان شکاندبوو. لەگەڵ کەوتنە بەرچاوی نووسراوەکانی دەوڵەت ئابادی نووسەرەکانی تر سەرجەم هەڵبەزینەوە و بایکۆتیان کرد. خۆی گوتەنی کەسێکی «زانستگا نەدیتوو» نەک هەوڵی نەدابوو لە بەرەو پێش بردنی ئەو کاروانی زمانی نوێیەدا یارمەتیدەر بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئارەقی ڕشتبوو کە قووڵ بەو زمانەدا ڕۆچێت. ئەو گەڕابۆوە بۆ زمانی «مێژووی بەیهەقی»، واتە چەندین سەدە بەر لە خۆی. دەوڵەت ئابادی ئەو ڕێچکەیەی گرت و لەگەڵ ئەو هەموو تیروتوانجانەش هەر کۆڵی نەدا و دواتر شاکاری وەک «کەلیدەر»یشی پێ خولقاند و ئێستا و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازە ماوەتەوە. ئەوە وای کردووە کە شێوازی نووسینەکەی لە نێو هەموو نووسەرانی تری ئێراندا دیار بێت و وەک دەڵێن لە دووررا بناسرێتەوە. دەوڵەت ئابادی خۆی دەڵێ « ئێستاش هیچ حەوتوویەک نییە چاو بە تێکستێکی ڕابردووی نەتەوەکەمدا نەخشێنم» (٢). بە بڕوای زۆرێک لە وەرگێڕە کارامەکان وەرگێڕی باش دەبێ هەوڵ بدات شێوازی نووسینی دەقەکە سەرلەنوێ بنوێنێتەوە. یەکێ لە گرفتەکانی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دەوڵەت ئابادی بۆ زمانی کوردی ڕەچاو کردنی ئەو خاڵەیە. تەمەنی ئەدەبیاتی نووسراوەیی و بە تایبەت پەخشانی کوردی هێندە لە مێژ نییە کە پەنا بۆ زمانێکی لەمێژتر ببردرێت. لێکدراوی دەقە شیعرییە بەتەمەنەکانیش لەگەڵ زمانی عەرەبی و فارسی، خستوونییەتە لاوە. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیتر زمانی کوردی دەرەقەتی ئەو شێوازەی دەوڵەت ئابادی نایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو زمانە

پوخت و وشە دەق نەشکاو و بە پێزانەی لە چارۆکەی بیری پیرەپیاو و پیرێژنەکاندا هەن پڕ بە باڵایەتی. ئەم گرفتە بۆ سەرجەم وەرگێڕە کوردەکانی ئاسەواری دەوڵەت ئابادی دەبێت و حاشای لێ ناکرێ، بەڵام چارەش هەر پەنا بردنە بۆ باوەشی ئەو پیرێژن و پیرەپیاوانە. گەردیگلانی خۆی پێش ئەوەی بچێتە دیوەخانی دەوڵەت ئابادی زۆربەی ئەو ژووره قورینانەی بەسەر کردۆتەوە کە ئەو پیرێژن و پیرەپیاوانە هەناسەی تێدا دەدەن و چەندین هەزار وشەی دەق نەشکاوی لە قووڵایی دەردەدڵ و نەقڵ و نەزیلەیان هەڵگوێزتووە، کە ئەم وشانە لە فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە»ش تەرە بوون. ئەم ئەرکە پیرۆزە لەم وەرگێڕانەدا دەستی گەردیگلانی گرتووە و نەیهێشتووە تێبکەوێ و لە خەستایی زمان دەرنەچێت. دانانی فەرهەنگۆک لە کۆتایی وەرگێڕانەکەدا، کە دەکرا بڕێک زیاتریش بێ، بەڵگەیەکە بۆ هەندێک لەو وشانەی بە گوێی خوێنەری ئێستای لە زمانی پەتی دوورکەوتوو نامۆیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێم وایە بە خۆ ماندووکردنێکی زێتر، بە یارمەتی ئەو گەنجینە وشەیەی لە لایەتی، دەکرا زۆر زیاتر لە شێوازی دەقەکە نزیک بێتەوە و وشە بە وشەش نەبێت. ئەگەر لەوەش بترازێین دەکرا بە داڕشتنی ناباوی ڕستەکانیش لە زمانی کوردی، وەک نووسەر لە زۆر شوێنان یاسای گرامەری فارسی شکاندووە، لە شێوازی نووسینی دەقەکە نزیکتر بێتەوە. هەڵبەت سەرجەم ئەو باسە وەک لایەنی زمانە، نەک وەک کاکڵی وەرگێڕان، یان وەرگێڕانی کاکڵ، کە خۆی بە پێی بیرووبڕوای هەر کام لە شارەزاکانی هونەری وەرگێڕان یاسایەکی سەربەخۆی هەیە و بۆی هەیە لە وەرگێڕێکەوە بۆ ئەوی تر نەک هەر نەگۆڕ نەبێت، بەڵکو پێچەوانەش بێت.

**دابەزینی نووسەر**

دەوڵەت ئابادی وەکو نووسەر جارناجارێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا لە هێڵی گێڕانەوە لادەدا و خۆی دادەبەزێتە نێو باسەکە و بیروڕا و بۆچوونی خۆی لەسەر بابەتێک دەردەبڕێ کە پاڵەوانێکی چیرۆکەکەی لەگەڵی دەست بە یەخەیە، یان لێدوان لە ڕەوشێک کە جەماعەتێکی بە خۆوە خەریک کردووە. زۆربەی ئەم خۆ دەرخستنانەش شی کردنەوەی وردی بەدواوەیە. لەم شوێنانەدا وەرگێڕ دەبێ بکەوێتە وەرگێڕانی قەڵتە دەقێکی بۆ نموونە دەروونناسی. گەردیگلانی بە باشی دەرەقەتی ئەم بەشانە هاتووە. وەک نموونە ئاماژە بە بەشێک دەکەم:

«گاه عشق گم است، اما هست، هست، چون نیست. عشق مگر چیست؟ آن چه کە پیداست؟ نە، عشق اگر پیدا شد کە دیگر عشق نیست. معرفت است. عشق از آن رو هست، کە نیست. پیدا نیست و حس می شود. می شوراند. منقلب می کند. بە رقص و شلنگ اندازی وامی دارد. می گریاند. می چزاند. می کوباند و می دواند. دیوانە بە صحرا!»(ص٢٠٢)

«جاری وایە عەشق ونە بەڵام هەیە. هەیە، چونکە نییە. بۆ عەشق چییە؟ ئەوەی ئاشکرایە؟ نا، عەشق ئەگەر ئاشکرا بوو ئیتر عەشق نییە. ماریفەتە. ئەوین لەو لایەنەوە هەیە، کە نییە. دیار نییە و هەست پێدەکرێ. ڕاتەچڵەکێنێ. دەتشڵەژێنێ. دەتخاتە هەڵەکەسەما و حەلوا. دەتگریێنێ. هەڵتدەچۆقێنێ. دەتکوتێ و دەترەتێنێ. دەتکاتە شێتی دەشت و کۆ!». (ل٢٠٧) هەروەها لە لاپەڕەی ٢٤٢شدا نموونەیەکی بەرچاوی تر هەیە.

**پەرەگراف**

یەکێ لەو خاڵانەی کە وەرگێڕ لە زۆر لاپەڕەی ئەم وەرگێڕانەدا لەبەر چاوی نەگرتووە، شێوەی چنینی پەرەگرافەکانە. تاقمێ لە وەرگێڕەکان لایان وایە دەبێ لە وەرگێڕاندا شێوەی چنینی پەرەگرافەکان دەست لێ نەدرێت. من پێم وایە ئەگەریش نا بۆ هەموو دەقێک، ئەم یاسایە بۆ ئەو نووسراوانەی نووسەرەکەیان خۆی لە وشە و لە پەرەگراف چنین زۆر خورد دەبێتەوە و بە قەولێک حسێب و کتێبی بۆیان هەیە، بە هێماوە بۆیان دەڕوانی و ئەرکیان دەخاتە ئەستۆ، یاسایەکە و دەبێ پەیڕەو بکرێت. دەوڵەت ئابادی یەکێ لەو وەها نووسەرانەیە کە خۆی بەو چنینەوە ماندوو دەکات. کە وایە وەرگێڕیش دەبێ لە ڕاگواستنی پەرەگرافەکاندا چاوێکی بەسەریانەوە بێت، بەڵکو ئاماجە شاراوەکانی نووسەریش بریندار نەبن. واتە

شـــوێنی دەســـپـــێـک و کـــۆتایی پەرەگـرافـەکـان لە وەرگـێـڕان و دەقەکەدا وەک یەک بن. پێم وا نییە ئـەو لـێـک نـەچـوونـەش لـە بـواری زمـانـەوە پاسـاوێکی ئەوتۆی بێت، وەک بڵـێـین لێک نەچوونی باری زمـانەکـان ئەوەی بەسـەر وەرگـێـڕدا ســـەپـانـدبێ، چونکـە ئەو لـێک نـەچـوونـانـە ڕەنـگـە لـە وشـــــە و دەستەواژە و تەنانەت ڕستەشدا بۆ پاسـاو بشـێن، بەڵام لە پەرەگـراف بـەنـدیـدا وێـنـاچـێـت. بـۆ ئـەرکـی پەرەگراف بەندی، وەک نموونە ئاماژە بە ڕۆمـانـی «شـاربەدەر»ی حـوسـێن شێربەگی دەکەم. لەم ڕۆمانەدا پاش کۆتایی بەشـێک لە پەرەگـرافـەکـان بۆشـاییـەکی سپی هێـڵـراوەتەوە و پاشـان پەرەگـرافـێکی تر دەسـتی پێکردووە. بە ڕواڵەت ئەو بۆشاییانە شـتـێکی ئەوتۆ نـیـیـە و تەنانەت دەکـرێ بخـرێتـە ئەسـتـۆی هەڵەی تایپ، بەڵام بە وتەی نووسـەر(٣) ئەم بۆشـاییـە سـپـیانە بە ئانقەست هێڵـراونەتەوە بۆ ئەوەی خـوێنەر لەو شـوێنانەدا بۆ ساتێک ڕاوەستێ و بکەوێتـە بیـرکـردنەوە لەو باسـەی کـۆتایی هاتووە. کـە وایە لە لای هەندێ نووسـەر سـیـاسـەتی نووسین ئەم چنینەی داهێناوە نەک تەنیـا کۆتایی مەبەست، یان ماندوویەتی و دەست هەڵگرتن و ... کـە چاویان لێ بپۆشرێ.

**لۆکەڕەش**

لە نێـو سـەرجـەم نووسـراوەکـانی دەوڵەت ئابادیدا هەندێ «کـورتە فـیلمی یەخسـیری وشە» هەن کـە پاش خـوێندنەوەیان ڕەنگە بۆ هەتا هەتا لە مێشکی خوێنەردا بمێننەوە. وەک: «گـێـژەن و گـێـژەڵـوکـە و تەپوتۆز»ەکـانی نێـو «ڕۆژگـاری بەسەرچووی خەڵکانی بەساڵاچوو» و «کـوژرانی گـوڵ مـحـەمـەد»ی نێـو «کـەلیـدەر» و «مـەست بوونی لۆکـەڕەش»ی نێـو «جـێگای چۆڵی سلووچ». مـەست بوونی لۆکـەڕەش لەم کـتـێبـەدا نیـو بەندی، بەشی سێیـەمی بۆ تەرخـان کراوە. ئەوەی تۆوی ئەم بـاسـەیـە و لە بیـری خوێنەردا دەمێنێ دەستەمۆکردنی خەسڵەتی بێ هەوساری حەیوانێک و دوابەدوای ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لەو حەیوانە. واتە نووسـەر و پاشان وەرگێڕ دەشێ هەموو ئەو قین و ترس و شـپـرزەییـە هەست پێ بکات و بیـرێژێتـە جـەوهەرەوە و وشـەی تێـهـەڵکێشێ و وای بنوێنێ کـە خـوێنەریش هەمـان تووڕەیی و قین هەست بکات و هەمـان ترس و دڵەڕاوکـێی لەلا دروست بێ. بێ گـومـان تێـوەگـلاندنی خـوێنەر لەم ترسـەدا هێـزی زۆر و ئارەق ڕشـتنی دەوێت. ئەمـە لە پێک گـرتنی ئەو فـەزایەی نووسەر و وەرگێڕ باسەکەی تێـدا دەنوێنن، لە لای وەرگـێـڕ نەک هەر هاسـانتـر نییـە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە فـەزای بەردەنگی وەرگـێـڕ زێدی ئەو حـەیوان (وشـتـر) و ئەم مـەست بوونە نـیـیـە، ڕەنگە دژوارتـریـش بێـت - هـەرچـەنـد لـە پێـشـدا نووسـەر تابلۆکـەشی خـولـقـاندبێت -. گـەردیگلانی بە باشی ئەم فـەزایەی لە فـەزای بەردەنگی خـۆیدا چاندۆتەوە و گەشاندۆتەوە. ئەم دڵەکوتە و ترسان و تووڕەییـە لە لای هەر دووکی نووسەر و وەرگێڕ، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕستەی زۆر کورت و هەناسەیی و وشـەی پاراو بەرهەم هاتووە. وەک نموونە:

روح بال بال می زند. کـبـوتری گـرفـتـار چاه دهن بسـتـه. پریشـان است. پر و بال بر دیوار می کـوبد. دلهـره. مـوج مـوج دلهـره. چیـزی در ذات پیدا و ناپیدای وجودت پخش می شود، پخش می شود. مداوم و مـداوم. دمی درنگ ندارد. دمی تو را وانمـیـگـذارد. زبـانـەهـای زهـری ترس. جـانت ذره ذره آب می شـود. تو پوش شدن خود را - حتی - لمس می کنی. تو از درون داری تهی می شوی. (ص ٢٦٠)

ڕوح دەکەوێتە باڵە پرژە، کۆترێکی گـرفـتـاری بیـری زارک بەسـتـراو، پەرێشـانـە، باڵی بە دیوارەکـەدا دەکێشێ، دڵە خورپە. شەپۆل شەپۆل دڵە خورپە. شـتێک لە زاتی دیار و نادیاری وجـوودتدا وەگـەڕیان دەکـەوێ، تێـیـدەگـەڕێ. دایمە و بەردەوام، تاوێ سـەبر ناکـا. تاوێک دەستت لەکۆڵ ناکاتەوە. بڵێسـەی ژەهراوی ترس. گـیـانت ڕێزە ڕێزە دەتاوێتەوە، تۆ هەلاهەلا بوونی خۆت - تەنانەت - هەست پێدەکەی. تۆ لە ناخەوە خەریکە دەپووکێیتەوە. (ل ٢٧١).

ئەم ڕووداوە نزیک ١٢ لاپەڕەی لە خـۆگـرتووە و تەنانەت بە پارێزەوە دەکـرێ وەک کـورتە چیـرۆکـێکی سـەرکـەوتووش لەقـەڵەم بدرێ. لە دەقەکەدا لە لاپەڕەی ٢٥٢وەوە دەس پێـدەکـا و لە وەرگـێـڕانەکـەدا لە لاپەڕەی ٢٦٢وەوە.

### پەند و قسەی نەستەق

له وەرگێڕانی دەستەواژە و پەند و قسە نەستەقەکاندا هەر دوو شێوازی دەقاودەق و دۆزینەوەی وێچووی ناو زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێت و بە ئاشکراش دەبینرێ کە لەو شوێنانەی هەوڵ دراوە پەند، یان قسەیەکی نەستەقی لە دەقەکە نزیکی ناو زمانی کوردی لە جێی وتەی نووسەر دانرێت، کە ڕاستیش هەر ئەوەیە، سەرکەوتووتر بووە و ڕستەکە زۆر جوانتر و بۆ خوێنەری کورد تامو بۆدارترە و ئاشکرا دیارە وشە بە وشە وەرگێڕدراوەکان وشک و برینگن، بەڵام ئەو شوێنانەی کاکڵەکە وەرگیراوە و دارێشتراوەتەوە لەسەر زاران خۆشترە. ڕەنگە زۆر کەس تا ئێستا لێرە و لەوێ لەسەر ئەو خاڵە دوابێتن، بۆیە من لێرەدا تەنیا بە هێنانەوەی چەند نموونە لە هەر دوو شێوە، کە خۆیان دەدوێن، قنیات دەکەم:

(١) خانەی این و آن این روزها از دق دقارون هم پاک تر است. (ص ٣٢٣)
(٢) یا اینکه مثل موش اشرفی دندان میزنی(ص ٣٢٣)
(٣) این قدر خر پهلوگی نکن، زن!(ص ٣٣٩)
(٤) آب هم از آب تکان نمی خورد. (ص ٢٥)
(٥) بگذار هر نخاب بستر خود را بجوید. ( ص٢٥)
(٦) تنگ بلورم را با دست خودم شکاندم. (ص ٢٦٨)
(٧) نو وَش مکن کربلایی. نو وَش مکن. (ص ٢٦٨)
(٨) عقلش به پاشنەی پایش است. (ص ٣٧٥)
(٩) چهار میخەاش کن. این علی گناو آدم ناقلاییست. (ص ٣٨٧)
(١٠) از کلەی خواجه هم آنطرفتر برود. (ص١٢)
(١١) دمبش را می گفت دنبال من نیا که بو می دهی. (ص١٤)

(١) ماڵی ئەم و ئەو ئەمڕۆ گەسکی لێدراوە. (ل ٣٣٩)
(٢) یان وەک مشک گاز لە لیرە دەگری (ل ٣٣٧)
(٣) ئەوەندە خۆت مەکە کەری کەندەڵان، ژنەتیو! (ل ٣٥٢)
(٤) واچاکە هەر گوێشی پێ نەدەم. (ل ٢٢)
(٥) با هەر کەسە و وەشوێن کاری خۆی کەوێ. (ل ٢٢)
(٦) تۆپە گوڵی خۆم بە دەستی خۆم هەڵپساند (ل ٢٧٩)
(٧) لەسەر چووان مەچۆ کەربەلایی. برینی خۆت مەهێنەوە سۆ. (ل ٢٨٠)
(٨) عەقڵی لە چۆکی دایە. (ل ٣٩١)
(٩) سەنگەوبەردی نێ. ئەو عەلی گەناوەی من دەیناسم زۆر لابەلایە. (ل ٤٠٣)
(١٠) ئاوی ئاراز نیوەی ڕێگای بێ. (ل٧)
(١١) لەگەڵ تری خۆی بەشەڕ دەهات. (ل ٩)

### جێگای چۆلی هەڵەچن

لێرەو لەوێی زۆربەی وەرگێڕاوە کوردییەکاندا ڕستەیەک، یان وشەیەک دەبینرێ کە بە وەرگێڕانەکە شێوێنراون و جاری وایە هەر نەئەنگێوراون. لەم وەرگێڕانەدا ئەم ڕستە و وشانە زۆر دەگمەنن، بەڵام ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ. من پێم وا نییە دەسکورتی گەردیگلانی بووبێتە هۆی تێکەوتن لەم هەڵانە، بەڵکو ڕەنگە دوو خاڵی «پەلە کردن» و «پێدانەچوونەوەی وردی پاش وەرگێڕان» ڕێگەی مانەوەی ئەم هەڵانەی دابێت، چونکە قەڵەمی دەوڵەت ئابادی دەیان ڕستەی زۆر لەوانە قورستری لێ داچۆڕاوە و بیری گەردیگلانیش بە ڕوونی ئەنگاوتوونی. پەلە نەکردن و پێداچوونەوەی وردی پاش وەرگێڕان دوو خەسڵەتن کە هەمیشە نووسراوەکە قایمتر دەکەن و مەحاڵە کەسێک لە خێری بەرهەمیان بێ بەش بێت و پێیان ڕازی نەبێت، بە تایبەتی کە ئەم خەسڵەتانە لە لای دەوڵەت ئابادی بە تەواوی قەدریان دەگیرێ. ئەم جۆرە هەڵانە لە نێو زۆربەی وەرگێڕانی شیعر و پەخشانەکانی کوردیدا بەرچاو دەکەون کە بە ئاشکرا هاواری «جێگای چۆلی هەڵەچن» دەکات، کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا تۆسقاڵێک چییە قەدری نەگیراوە و شوێنی پێ نەدراوە. بۆ نموونە ئەو ڕستانەی وەبەر چاوی من کەوتوون ئەمانەن:

(١) پندار خفگی بر اینکه چیزی را باخته باشد، چیره بود. (ص ٣٠٠)
(٢) حالا یک ماه بیشتر است که این پیر یابو من را کلاونگ خودش کرده. (ص ٣٧٤)
(٣) مرگان آنچه زیر لب می

جَوید به ظاهر همین بود. (ص ٢٥)
(٤) حال تازه ای داشت. (ص ٢٢١)
(٥) صدا انگار ستمی بود که بر حرمت آدمیزاد می رفت. (ص ٣٤٤)
(٦) مگر چی می شود؟ گرگم می خورد؟ (ص١٢)
(٧) مسلمه کم کم داشت از جا درمی رفت. (ص١٥)
(٨) دەبید. (ص ٢٣)
(١) پشووسواری دۆڕاندن، وەخۆ هاتەوە. (ل ٣١٤) (ڕاست: وەهمی خنکان زاڵ بوو بەسەر ئەوەیدا کە شتێکی دۆڕاندبێت.)
(٢) ئەوە مانگێک زیاترە ئەو گوێدرێژە پیرەی منی داکردووە. (ل ٣٩٠) (ڕاست: مانگێک زیادە ئەو گۆلە بارگینە منی یەخسیری خۆی کردووە. - لەم لاپەڕەیەدا باسی گوێدرێژێکی داکراو کراوە و ئەوە وەرگێڕی بە هەڵەدا بردووە.)
(٣) مێرگان ئەوەی لە ژێر لێویدا لێی دەگەڕا، بە ڕواڵەت هەر ئەوە بوو. (ل ٢٢) (ڕاست: ئەو ورتەورتەی ژێر لێوەوەی مێرگان بە ڕواڵەت هەر ئەوە بوو. - فیعلی (می جوید) بە (می جوبید) خوێنراوەتەوە.)
(٤) ڕەنگی گۆڕابوو. (ل ٢٢٨) (ڕاست: تەواو گەشابۆوە. - لە دەقەکەدا باسی دڵخۆش بوون و گەشانەوە دەکا، بەڵام ڕەنگ گۆڕان لێرەدا زیاتر لە ترسان و داچڵەکان نزیکە.)
(٥) دەنگێک دەتگوت ڕۆستەمە بەسەر حورمەتی مرۆڤدا زاڵ دەبێ. (ل ٣٥٧) (ڕاست: دەنگ دەتگوت زەبرێکە و لە حورمەتی ئادەمیزاد دەکەوێ. - «انگار ستمی بود» بە «انگار رستمی بود» خوێنراوەتەوە.
(٦) جا چییە؟ گورگ دەیخوا؟ (ل٧) (ڕاست: دەی چ دەبێ؟ گورگ دەمخوا؟)
(٧) موسلیمە وردە وردە دەیویست خۆی بدزێتەوە. (ل ١٠) (ڕاست: موسلیمە وردە وردە خەریک بوو تووڕە دەبوو.)
(٨) دوبید(ل١٩) (ڕاست: دەبید - ناوی دێیە، واتە دێی بی).

## دوا وتە

بێ گومان کتێبخانەی هەژاری کوردی تا ئەوپەڕی تینوویەتی ئاتاجی ئەو هەوڵە پیرۆزانەیە. من وەک خوێنەرێک سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی کاک ئەمین دەکەم و هیوادارم ئەو و سەرجەم نووسەران و وەرگێڕانی تری خەمخۆری پەیڤی کوردی لە بڕینی ئەم ڕێگە پڕ کەندوکڵۆیە کۆڵ نەدەن و بە لەبەرچاو نەگیران و قەدر نەزانین و هیچ دەست نەکەوتنی ئێستایان لە بەرەوپێش چوون ماندوو نەبن. ئەگەر لەم ڕەخنەیەدا بە لاڕێدا چووبێتم، دڵنیام «ئەمین گەردیگلانی»، «نیما»گوتەنی، لە خەڵکانی لادێ بە هۆی سەر ڕاستی و دڵپاکییان دەبووری.

**زستانی ١٣٨٧**

**سەرچاوە:**

*** وەرگێڕان هونەرە - د.جەمال نەبەز**


**(١) (سی سال ترجمه سی سال تجربه - مهدی افشار - گفتگو با مترجمین. ص ٣٨).**

**(٢) بە داخەوە هەرچی کردم سەرچاوەکەم بۆ نەدۆزراوە، بەڵام تەواو دڵنیام کە قسەی خۆیەتی و بە چاوی خۆم دیتوومە.**

**(٣) خۆم لە نووسەرم بیستووە.**

# هەڵسەنگاندنێکی خێرای کتێبی
# [کەرکووک لە ئامێزی مێژوودا] و ڕوونکردنەوەیەک

کەریم شارەزا




هاوڕێی خۆشەویستم کاک عوسمان مستەفا خۆشناو لەم دواییەدا کتێبێکی بەناوی [کەرکووک لە ئامێزی مێژوودا]ی لە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی جوان و لە قەبارەیەکی مام ناوەندی بە (١١٢) لاپەڕە چاپ کردووە و دانەیەکی بەدیاری پێشکەش کردووم، منیش سوپاسێکی بێ پایانی دەکەم و بەزار و بەتەلەفۆنیش ڕایسپاردم لە کەمو کوڕی و ناتەواوییەکانی زانیاریی نێو کتێبەکە ئاگاداری بکەمەوە و لە گۆڤار، یان ڕۆژنامەدا هەڵسەنگاندنی خۆم بۆ بەرهەمەکەی بنووسم، چونکە وەک خۆی دەڵێ بەهیوایە چاپی دووەمی بکاتەوە و بێ هەڵەو کەموکورتی دەربچێ.

منیش لەسەر داوای ئەو دەستم بەخوێندنەوەی کتێبەکەی کرد و کاتێک کەوتمە نێو بابەتەکانییەوە ئەم سەرنج و تێبینییانەی خوارەوەم لەلا دروست بوو و دەستم دایە هەڵسەنگاندنێکی خێرای بابەتەکانی کتێبە خنجیلانە (١١٢) لاپەڕەییەکەی لە بارەی مێژووی دوورو درێژی کەرکووک لە چاخەکانی مێژوودا و بەم جۆرە کەمو کوڕییەکانی لە ڕووی مێژوویی و زمانەوانییەوە دەخەمە ڕوو:

١- نووسەر لە لاپەڕە (٣) و (٢٩)ی کتێبەکەیدا لەبارەی مێژووی کەرکووکەوە دەڵێ: [کەرکووک لەنێو ململانێی جۆراوجۆری مەزهەبی و ڕەگەزی و سیاسی و شەڕوئاشتی دەوڵەتی سەفەوی و کیشوەری عوسمانییەکاندا لە ساڵانی ١٥٧٤- تا ساڵانی ١٨٨٢ز]

کاتێک کە لە ساڵەکان ورد دەبینەوە دەبینین ناوهێنانی سەفەوییەکان تاکو ساڵی ١٨٨٢ گوایە لە حوکمدا بوون، ئەمە هەڵەیەکی مێژووییە، چونکە دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران لە ساڵی (١٧٣٧)دا ڕووخاوە و نادر شا حوکمی ئیرانی گرتۆتە دەست، ئینجا کەریم خانی زەند لە (١٧٥٠- ١٧٧٩) بە ناوی وەکیلی ڕەعایا حوکمی کردووە و دوای چەند ساڵێکیش قاجارییەکان هاتوونەتە سەر حوکم تاکو ساڵی (١٩٢٥)، ئینجا ڕەزا شای پەهلەوی لە ناوی بردوون و خۆی بووەتە شای ئێران. کەواتە وا

ڕاستــه بڵێ [شــەڕ و ئاشتی نێـوان دەوڵەتی (ئێــرانی ســەفــەوی و قاجاری) و (دەوڵەتی عوسمانی) تاکو ساڵی ١٨٨٢. وا ڕاستیشه بگوترێ (دەوڵەتی عوسمانی) نەک (کیشوەری عوسمانی)، چونکه کیشوەر وڵاتەو شەڕ ناکات، بەڵکو دەوڵەتەکەی شەڕوئاشتی بەدەستە.

دەبێ ئەم ڕاستییەش بزانین کە کوردستانی باشوور بە کەرکووکەوە دوای شەڕی چاڵدێران کە لە ساڵی (١٥١٤)دا لە نێوان شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی عوسمانی قەوما و شا ئیسماعیل شکا کەوتنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو ململانێیەش تاکو سەردەمی حوکمی قاجاریش هەر بەردەوام بوو.

٢- دانەری کتێبەکە لە لاپەڕە (٤٠)دا نووسیویەتی [کەرکوک شاروناوچەکەی دوای لکاندنی بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بوونی بە ویلایەتێک لە عیراقی عوسمانیدا (١٩٠٨- ١٩٥٨):

کاکە عوسمان کەی کەرکووک تا ساڵی ١٩٥٨ ویلایەتێکی عیراقی عوسمانی بووە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە ناوی عوسمانی لە ساڵی (١٩٢٣)وە نەما، چونکە ئەو دەوڵەتە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا شەڕی دۆڕاند و هاوپەیمانان لەنێوانی (١٩١٤-١٩١٨)دا زۆربەی وڵاتە پان و بەرینەکەیان داگیرکردو چوونە ناو ئەستەنبوولی پایتەخت و لە ١٩٢٣دا مستەفا کەمال سیستمی سەڵتەنەت و خەلافەتی عوسمانی نەهێشت و کردی بە کۆماری و خۆی بەسەرەک کۆمار هەڵبژێردرا.

کەواتە نابێ بگوترێ کەرکوک تا ساڵی ١٩٥٨ ویلایەتێکی عیراقی عوسمانی بووە.

٣- لە لاپەڕە (٦٥)دا سەردێری نووسینەکەی کاک عوسمان بەم جۆرەیە:

[ڕۆژنامەوانی لە ماوەی لکاندنی کەرکووک بە کوردستانی عیراقەوە!!]

باسی ئەو ڕۆژنامانە دەکات کە لە ساڵی ١٩٥٨ و بەم لاوە لە کەرکووک دەرچوون و دەشڵێ [لە ماوەی لکاندنی کەرکووک بە کوردستانی عیراقەوە!!] کاکە ڕاستە کەرکووک ناسنامەی کوردستانی هەیە و ناوچەکەی بەشێکی جیا نەکراوەیە لە کوردستانی باشوور، بەڵام حکومەتی عیراق بەفەرمی دانی بەم واقیعەدا نەناوەو ئەگەر کەرکووک بە کوردستانی عیراقەوە لکاندرابا، ئیستا ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عیراقی بۆچی بوو؟ خۆ ئەو هەموو خەباتەی ئێستاکە کورد بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستان پێویستی نەدەکرد.

ڕاستە لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا (موفەتیشیەتی مەعاریفی کوردستان) لە کەرکووک بووە و سەرپەرشتی مەعاریفی سلێمانی و کەرکووک و هەولێری کردووە، بەڵام حکومەتی پاشایەتی زوو لەو هەنگاوەی پەشیمان بۆتەوە.

**هەندێ وردە تێبینی:**

١- لەلاپەڕە (٣٤)دا نووسەر لە [بەسەرهاتەکانی کەرکوک لەنێوان میرنشینییە کوردییەکان لەنێوانی (١٩٠٠- ١٩٢٢) دەدوێ.

لە ڕاستیدا لەو مێژووانەدا هیچ میرنشینییەکی کورد لە کوردستانی باشووردا نەمابوو و دوا میرنشینی کە (بابان)بوو لە ساڵی ١٨٥١دا لەناوچوو.

نووسەر ناوی موتەسەریفی کەرکووکی لەسەردەمی عوسمانی بە (عون الله القاصمي) هێناوە، کەچی ڕاستییەکەی ناوی ئەو موتەسەریفە چاکەخوازە (عون الله الكاظمي) بووەو ئەدیب و ڕووناکبیر بووەو چاپخانەی (سەنائیع)ی لە شارەکە داناوە.

٢- نووسەر لەلاپەڕە (٣٥)ی هەمان بابەتیشدا نووسیویەتی (حکوومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢٢دا دامەزراوە]، کەچی ڕاستییەکەی بە تاج لەسەرنانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ١٩٢١/٨/٢٣ دەوڵەتی عیراق دامەزراوە.

٣- لەلاپەڕە (١٠٦)دا بەم جۆرە سەردێری بەشەکە نووسراوە:

[بیبلۆگرافیای ژیانی شاعیر و نووسەر عوسمان مستەفا خۆشناو] کە ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ (بیۆگرافیا) کە بە مانای ژیاننامە دێت و لێرەشدا ئەوە مەبەستە، کەچی بیبلیۆگرافیا بۆ (فەهرەسە) و ڕێکخستنی ناوی کتێب و سەرچاوە بەکاردێت و لە دێری یەکەمیدا دەڵێ: لە (١٩٢٦)دا لە دایک بووم، کەچی لە دواییدا دەڵێ لە ساڵی ١٩٣٢ لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بردمیان بۆ سوختەخانە دەبوایە بڵێ لە تەمەنی شەش ساڵیدا.

٤- له هەمان بابەتدا و لەلاپەڕە (١٠٨)دا دەڵێ [له ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦]دا له ئەنجامی پێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی (ژ.ک) یەکەم بەرهەمم (شوان و قوتابی) له مەهاباد چاپکرا.

له ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦دا کۆمەڵەی (ژ.ک) که له ١٩٤٢دا دامەزرابوو ناوەکەی ببووه حزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ناوی (ژ.ک) نەمابوو.

٥- نووسەر لەلاپەڕە (١٠٩)دا دەڵێ (له ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان بەیەکەوە لەگەڕەکی گاورباغی له شاری کەرکووک گیراین.]

ئەوساکه حزبی شیوعی کوردستان نەبوو، تاکو (٣٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣ ئینجا دامەزرا و هاوڕێ کەریم ئەحمەد بۆ دوو دەورە بووە سکرتێری ئەو حزبە. وا ڕاسته نەڵێ سکرتێری حزب بووه. یان بڵێ که له دواییدا بووه سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان.

**ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی زانیاری و هەڵەی چاپ:**

١- نووسەر لەلاپەڕە (٨) و له دێری (٩)دا ناوی د. کوردستان موکریانی وەک مێژوونووس لەپێش پ.د. کەمال مەزهەر و پ.د. جەمال ڕەشید هێناوە، کەچی د. کوردستان زمانەوانه نەک مێژوونووس.

٢- له لاپەڕە (١٥) و دێری (٣)دا نووسەر (پسپۆڕانی ئارکیۆلۆژی)ی به (مێژوونووسانی خۆرئاوا) لێکداوەتەوە، کەچی (ئاکیۆلۆژی) به مانای (ئاسەوار) و (شوێنەوار) دێت.(*)

٣- له هەمان لاپەڕەو دێری (٨)دا (مێژوونووسی گەرەو) ڕاست بکرێتەوە و ببێت به (مێژوونووسی گەورە)

٤- له لاپەڕە (١٧) و دێری (١٣)دا له بارەی مێژووی گوتییەکانەوە نووسراوە ساڵانی (٢٦)ی پ.ز، کەچی ئەمه هەڵەی چاپە و دەبێ (٢٦٠٠)ی پ.ز بێت.

٥- لەلاپەڕە (٢٥) و دێری (٨)دا نووسراوە له ڕۆژگاری پاشای ئاشووری (شەلمان نەسر)، کەچی ڕاستییەکەی (شەلما نەسر)ە، نوونەکەی شەلمان لاببرێ.

٦- له لاپەڕە (٢٦) و له دێرەکانی (١١) و (١٢)دا نووسراوە له ساڵانی [٦٨١-٧٠٥] پ.ز له ڕۆژگاری سەنحاریب تا دەگاته ڕۆژی سەرگۆن (٧٠٥-٧٢٤) پ.ز، دەبوایه بنووسرێت له [٧٠٥- ٦٨١] پ.ز و [٧٢٤-٧٠٥] ب.ز، چونکه ساڵانی پێش زایین هەتا گەورەتر بێ کۆنترەو هەتا کەمتر بێ نوێترە.

٧- له لاپەڕە (٤٠) و دێری (٩)دا نووسراوە [سوڵتان سەلیمی قانوونی]، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ [سوڵتان سولەیمانی قانوونی] که ساڵی ١٥٣٣دا له حوکمدا بووەو له ١٥٢٠- ١٥٦٦ حوکمی کردووە، کەچی سوڵتان سەلیمی باوکی که به (یاوز) ناوداربووە له ١٥١٢- ١٥٢٠ حوکمی کردووە.

٨- لەلاپەڕە (٥٥) و دێری (١٠)دا وشەی (ڕەنگگە) بکرێت به (ڕەنگە).

٩- لەلاپەڕە (٧٠) و دێری (١٠)دا وشەی (تایرێری) بکرێت به (نایرێری)

١٠- لەلاپەڕە (٧٣) و دێری (١٠)دا به (ماچۆشی) ناودەبرێ، بکرێت به (ماچۆ)ش ناودەبرێ.

١١- لەلاپەڕە (٨٩) و دێری (١٤)دا ناوی [ڕابیعه عەدەری] بکرێت به (ڕابیعەی عەدەویە) یان (ڕابیعەی عەدەوی).

١٢- لەلاپەڕە (٨٩) و دێری (١٠)دا ناوی گوندەکانی کاکەییان (سوخیه) بکرێت به (سوفەییە) و (متراد)یش بکرێته (مەتراد)، چونکه له نزیکەوە ئاگاداری ئەو گوندانەم.

١٣- له لاپەڕە (٩١) و دێری (١٢)دا ناوی گوندی (عەلی سەدا) بکرێت به (عەلی سەرا).

١٤- لەلاپەڕە (١٠٢) و دێری (٣)دا وشەی (سەبەخۆ) بکرێت به (سەربەخۆ)

١٥- لەلاپەڕە (١٠٦ و دێری (١١)دا نووسراوە (منیان بەسەرۆکایەی هەڵبژارد)، کەچی وا ڕاسته بنووسرێ (منیان بەسەرۆک هەڵبژارد.)

١٦- له دوا دێری دیوی کۆتایی بەرگی کتێبەکەی ناوی ئەم کتێبەی لەگەڵ ناوی بەرهەمه چاپکراوەکانی نووسیبایه نەک لەگەڵ [ئەم بەرهەمانەی ئامادەن بۆ چاپ] که لەلاپەڕەی کۆتاییدا نووسراوە ناوی هاتبا.

١٧- لەبەرهەمه چاپکراوەکانی

نووسەریش کە ناوی کتێبی [کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا- هەولێر ۲۰۰۹] دێت پێویستە بنووسیت بە (هاوبەشی) دانراوە.

**ڕوون کردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی:**

بەڕێز عوسمان خۆشناو لە کتێبەکەیدا وای دەرخستووە کە کتێبەکەی [کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا] پرۆژە نووسینێکی خۆی بووە بە ناوی [کۆیە لە ئامێزی مێژوودا] دواتر دەستەیەک پێیداچوونەتەوە و گۆڕانکاری تێدا کراوە، هەروەک لە لاپەڕە (۱۱۰)دا دەری خستووە و دەستەکەش لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

- عوسمان مستەفا خۆشناو.
- کەریم شارەزا.
- حاکم نازم حەوێزی.
- مەجید ئاسنگەر.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم لیژنەیە لەگەڵ کاک عەبدولخالق عەلائەدین و سەردەمێکیش مامۆستا کەمال عەبدولقادر لە ساڵی ۱۹۹۳دا پێکهات بۆ دانانی کتێبی (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا] تاکو نەک هەر مێژوو، بەڵکو جوگرافیاو باری ئارکیۆلۆژی ناوچەکە و ئەدەب و هونەر و پیشەسازی و بنەماڵەکان و مزگەوت و خوێندنگاکانی تا دەگاتە کردنەوەی زانکۆی کۆیە و چەندان بواری دیکەی زانیاری شارە دێرینەکەی کۆیە بگرێتە خۆ و ماوەی پتر لە ۱۳ ساڵ کاری تێدا کراو ماڵی دادوەر نازم حەوێزی مەڵبەندی کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لیژنەکە بوو و چەندین سەرچاوەی بەسوود بەهۆی کاک نازمەوە پەیداکران و گەلێک زانیاریی مێژوویی و سیاسی و هونەری لە دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە بەدەست لیژنەکە گەیشتن و سوودیان لێ وەرگیرا و ڕاپۆرتی سوودبەخش لەسەر زانکۆی کۆیە و باری قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانی قەزاکە ئامادەکران.

دەبێ بۆ مێژووش ئەم ڕاستییە بڵێم کە کاک عوسمان خۆشناو تەنیا شتێکی کورتی لەسەر هەندێ لایەنی مێژوویی کۆیە خستە بەردەستی لیژنەکەوە، کەچی کە هەڵسەنگێندرا بینرا سوودی نییەو مەبەست ناپێکێ و پێی درایەوە و لیژنە هەوڵێکی زۆری دا تاکو لە سەرچاوەی بە نرخی مێژووی کۆن و نوێی کۆیە زانیاریی پێویست هاتە دەست و لە ئەنجامدا کتێبەکە لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر لە بەرگێکی ڕازاوە و لە قەبارەیەکی گەورەو بە (٤٨٠) لاپەڕە دەرچوو و کەوتە بەر دیدی خوێندەوارانی کورد. ئەمەیە ڕاستی نووسین و پێکەوە نانی کتێبی [کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا] نەک وەک کاک عوسمان خۆشناو نووسیویەتی.

*** ئارکیۆلۆژیا: بە مانای زانستی چینەکانی زەوی دێت.**

**«ڕامان»**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# کوبیزم – Cubisme

کوبیزم بزووتنەوەیەکی هونەرییە، سەرهەڵدانی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ یەکێ لە تابلۆ ناسراوەکانی پابلۆ پیکاسۆ Picasso بەناوی «ژنانی ئەڤینیۆن» وەک سەرەتایەک دەردەکەوێ، بەڵام بەگشتی کوبیزم سەردەمی بەهێزی و گەشەسەندنی لەنێوان ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩٣٠-یە.

کوبیزم وەک بزووتنەوەیەکی هونەری لە تاووتوکردنی کەرستە و شتەکان تەواو دژایەتی ڕوانینی ڕیالیزمی دەکرد، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نەبوو شتەکان وەک خۆیان پێشکەش بکا، بەڵکو فۆرمێکی تری پێشکەش دەکرد کە لەسەر بنچینەی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان و پارچە پارچەکردن بەند بوو. بێجگە لەمەش هەوڵدەدرا شتەکان وەک فۆرمێکی سێ مەودایی- یان ڕەهەندی دەرکەوێ، بەڵام وێڕای ئەوە قووڵاییەکی سادە پێشکەش بکا. لەو هونەرمەندانەی کە زیاتر بە کوبیست ناسراون- پیکاسۆ- Picasso و براک- Braque-ن.

### تەوس و پلار – Ironie

بێ گومان تەوس و پلاو پانتایی و مێژوویەکی درێژی لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەیخەینە بەرچاو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبی ڕۆژئاواییەوە هەیە، (جارێکی تر بۆ سەرنجدان لەم بارەیەوە لەناو زمان و ئەدەبیاتی کوردی بۆی دەگەڕێینەوە)، بەڵام وەک بنچینەیەکی تیۆری و ڕەخنەیی هەمان لێکدانەوەی لێرە پێشکەش دەکرێ، بەسەر ئەدەبی کوردیشدا پەیڕەو دەبێ.

تەوس و پلار- Ironie وەک ئاوەڵناو- Ironique، فۆرمێکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە زەوق و سەلیقەوە Huinour-ەوە هەیە، دەشێ ئەم لایەنە فراوانتر بکرێ- پێوەندی بە دابونەریت و ڕەوشت و تەڕدەستی و دروستیی بیکردنەوەوە هەبێ، چونکە تەوس و پلار وەک کێشەیەکی دەروونی بریتییە لە کارەکتەرێکی دەروونی- سایکۆلۆژی- باڵا.

لە هەمان کاتدا دەشێ لە جوغزێکی فراوانتر سەیر بکرێ و زۆر بواری تر بگرێتەوە وەک: ئەخلاق و سیاسەت و کولتووری کۆمەڵایەتی بەگشتی.

لە ڕووی دەروونییەوە تەوس و پلار، هۆشیاری و زیرەکی و هەتا جۆرێک لە بلیمەتیش ڕەپێش دەکات.

لە ڕووی پێکهاتە و داڕشتنەوە، تەوس و پلار واتە: گوتنی پێچەوانەی ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە، وێڕای پیشاندانی ئەوەی کە لەگەڵی هاوڕا نین وەک بۆ نموونە: یەکێک لەژێر باران هەموو گیانی تەڕ دەبێ، بە هاوڕێکەی تەنیشتی بڵێ: بەخوا ڕۆژێکی خۆشە!. ئەم

فۆرمی گوتنە لە زانستی زمان بە «ئەنتی فراز- Anti-phrase» ناسراوە، واتە دژە ڕستە.

**فۆرمەکانی ئاخاوتن - formes de Discours**

لە ئەدەبی جیهانیدا مەبەست لە فۆرمەکانی ئاخاوتن بریتییە لە ناساندنی تێکستێک لەسەر بنچینەی چۆنیەتی دروستبوون و داڕشتنی. فۆرمەکانی ئاخاوتن پشت بە مەزندە و بۆچوون و جیهانی نووسەر، یان فراوانتر (دانەر- Auteur) دەبەستێ. کە دەیەوێ بە چ شێوەیەک تێکستەکەی هەڵبنێ: بەشێوەی گێڕانەوە، وەسف کردن، شیکردنەوە، بەرگری کردن لە ڕوانگەیەکی دیاریکراو کە دەیەوێ کردەیەک پێشکەش بکا، یان بیخاتە ڕوو.

لە بنچینەدا پێنج فۆرمی ئاخاوتن هەیە کە ئەمانەن: تێکستی گێڕانەوە- Narratif، تێکستی وەسفی- Discriptif، تێکستی شیکەرەوە، یان سەلمێنەر- Argumentatif، تێکستی بەرگری و کردە - Injonctif.

دەتوانرێ لەناو یەک تێکستدا هەموو ئەمانە هەبێ و بناسرێنەوە، بەڵام هەندێ جاریش سەختە بە وردی دیاریی بکرێن.

لە ڕەخنەی کۆن، لە ئەدەبی جیهانی، لە جیاتی فۆرمەکانی ئاخاوتن دەستەواژەی (جۆری تێکست- Type de txte) بەکاردەهێنرا، ئێستا ئەم دەستەواژەیە دەمێکە بزر بووە و نەماوە.

**یەکێتی بابەت - Objective Correlative**

ئەم دەستەواژەیە بە تایبەتی لەلایەن تۆماس ئیلیەت- T. S. Eliot داهێنراوە کە لە شیکردنەوەی شیعر و هونەرەکانی شیعر زۆر سوودی لێ وەرگیراوە، وەک لایەنێکی بەهێز لە شیعر و شانۆ و تەنانەت لە چیرۆک و ڕۆمانیشدا سوودی لێ وەرگیراوە، مەبەست لە یەکێتی بابەت بەپێی ڕوانینی ئیلیەت بریتییە لە بوونی هاوسەنگی و تێککردنەوە و گونجانێکی زۆر پوخت لەنێوان فۆرم و مانادا. ئەم گونجانەی نێوان فۆرم و مانا لەلای خوێنەر هەڵچوونێکی دەروونیی هاوشێوە دروست بکا.

ئەم لایەنە لە زۆر لە شیعرەکانی گۆران بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە شیعرەکانی بەرایی ئەزموونی شیعری گۆران. هەڵبەت لەلای زۆر لە شاعیرانی تریش هەیە وەک بۆ نموونە لەو هۆنراوانەی تایبەتن بە لاواندنەوە، هۆنراوەی «گوڵکۆی تازەی لەیل، گلکۆی تازەی لەیل، ئارۆشیم وەسەر گڵکۆی تازەی لەیل» شیعری ناسراوی ئەحمەد بەگی کۆماسی و دەیان قەسیدەی تری کوردی لەم بارەیەوە هەیە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# نەهێلیزم چییە؟!

**لە فارسییەوە: سولەیمان مام ڕەحیمی**
**(بۆکان)**

هێرمان رائوشینیگ (H. Rausching) مانای جۆراوجۆری ئەم وشەیە ئاوا شی دەکاتەوە، نەهێلیزم لە وشەی لاتینی «نهێل»، بەمانای «هیچ» و خاڵی سەرچاوە دەگرێت. کەوابوو وتەی یەکەمی ڕۆشنگەر بوارێکە کە لەو ڕا چەمکی (هیچ) پێوەندی بە نەبوونی شتێکەوە هەیە کە دەبوو بوونی ببووایە. لەژێر ئەم سەردێرەدا چەمکگەلێکی زۆر دێنە ئاراوە کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە.

گشتیترین مانای فەلسەفی ئەم زاراوەیە ئەوەیە کە جاروبار بەم بیروڕایەوە پێوەندی هەیە کە دەڵێ: (هیچ) لە ڕاستیدا بە بۆچوونێک وجوودی هەیە. بواری ئەخلاقی نەهێلیزم پێوەندی بە ئارایەکەوە هەیە کە هەرچەشنە دەسکەوتێک لەنێوان خێروشەڕدا ڕەت دەکاتەوە. نەهێلیزم بەمانای سێیەم بە بیرۆکەیەک دەگوترێت کە هەبوون بەبێ کەڵک و ناواقیعی دەناسێنێت.

نەهێلیزمی ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەی نەهیلیزمێک کە نیتشە قامکی لە سەر داناوە و ئەوی بە لەناو چوونی بایەخەکانی سەرووسروشتی دەزانی، زۆرتر حوکمی ناساندنی عیرفانەی (پاک بوونەوی نەفسانیان) بووە، تا ڕەوەندێکی هێنانە خوارێی بیروڕای مەزهەبی. دوو نەتەوەی کەوا باسی نەهێلیزمیان هێنایە ئاراوە ئەڵمانییەکان و ڕووسەکان بوون، بەڵام بۆچوونەکانی ئەوان زۆر جیاواز بووە. ئەڵمانییەکان بەتایبەت نیتشە، نەهێلیزم بە ڕەوەندێکی هێنانە خوارێی مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوا دەزانێت، بەڵام بۆ ڕووسەکان بە پێچەوانە، نەهێلیزم گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بوو کە ڕیشەی قووڵی لە نێوان نەتەوەی ڕووسدا هەبوو. ڕەنگە یەکەم جار ئەم وشەیە «هێرمان جاکوبی» (Hermann jacobi) بەکاری هێنابێ. ئەو وتەیەی هێگڵ کە دەڵێ چرای ئەندێشە کە لە یۆنانەوە هەڵکراو ئەڵمانییەکان زیندوویان ڕاگرت زۆر بێ بنەما نییە.

ئەندێشەی هێگڵ کە لە لایەنگرانی مەسیحیەت و ڕۆژئاواییەکاندا خۆی نیشان دا، بنەمای ئابووری و ڕامیاری پێکهێنا. لە ڕوانگەی هێگڵەوە بۆچوون یەکەمین ڕەوەندێکی دیالێکتیکی ڕوحی بێ ئەولا و ئەولایە (موتلەق) نیتشە لەناو چوونی هەموو بایەخگەلی سەرووسروشتی، کە سەرچاوەیان لە ئەندێشەی ڕۆژئاواوە سەری هەڵدابوو بە مەرگی خوا و نەهێلیزم دەزانێ. نەهێلیزم بە واتایەکی دی هاتنەخوارێی بایەخ بۆ وجوودێکە کەوا جودا لە بوون و وجوودە.

نیتشە دەڵێ: ئەوە کاڵی و تێنەگەیشتنی مرۆڤەکانە کە دەیانەوێ وجوودی خوا بکەنە مەحەکی هەموو شتێک،

هەربۆیە بیـروبڕوا بە چەمکەکـانی عـەقـڵانییـەت هۆی سـەرەکی نەهێلیـزم دێتە ئەژمـار. نیـتشـە لە شـوێنێکی دیکەدا دەڵێ: هەر بایەخ دانانێکی ئەخلاقی دەبێتە هۆی نەهێلیـزم یانی هەر بایەخـێک کـە تەنیـا لە زانسـتی مـرۆڤـەوە هەڵقـوڵێ و سـەرچاوە بگری، بێ گـومـان بە نەهێلیزم دەگـات. دوای نیـتشە، هێرمـان ڕائوشـینبـرگ ڕەوەندی نەهێلیزم لە ئەوروپا بەم جۆرە شی دەکاتەوە: لە هەوەڵی سـەدەی بیسـتـەمدا پشت بەستن بە تاکـەکـەسی بـوون و ئـازادی تـاک بـووە چاوپـۆشی کـــــــردنی هـەر ئارمـانێکی عــەینی و هەر نیــزامــێکی بـایەخــدار، ئانـارشـیـیـزمی هەوەڵی سەدەی بیسـتـەم ڕەتکردنەوەی تەواوی نیـزامـەکان و ڕەهابوون و ڕزگاربوونی ئەوان بووە لەداوی هەمـوو گـرووپ و سازمـانەکـان. دوای یەکـەمین شەڕی جیهانی نەهێلیزم ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ڕەنگە لە هیچ بوارێکدا بە ئەندازەی هونەر ئەم بێ کەڵک بوونە بەرچاو نەکەوێت. لەم کاتەدا مرۆڤێکی نوێ دێتە گۆڕێ کە دژ بەهونەرە و مەرگی هونەر ڕادەگەیەنێ، هەر بۆیە بە بڕوای مـیشـێل فـووکـۆ مەرگی خوا، هۆی مـەرگی مـرۆڤ پێکدێنێ و مەرگی مرۆڤیش بە مەرگی هونەر کۆتایی پێ دێت.

هایدیگەر لە ڕاڤـەی ئەم وتـەی نیـتشـەدا کـە دەیگوت خوا مردووە، دەڵێ: لەو ڕستەیەدا تەنیا خوای ئەخلاقی چاوپۆشی لێ کـراوە، ئەو خـوایەی کـەوا وەکـو بایەخـێک بیری لێ دەکرێتەوە ئەگەر بەرزترین بایەخیش بێت، خوا نیــیــە. کــەوابوو خــوا نەمــردووە و خـوایەتی ئەو هەر بەردەوامە.

نەهێلیـزمی ڕووس ڕیشـەگـەلی مـێژوویی و فـەرهەنگی هەیە. ڕووسـەکـان بەشـێـوەیەکی سـروشـتی کـەمـڕەوی و زێدەڕەوی دەکــەن، یـان نەهێلیـــزتـن، یان بڕوامـــەند. ڕووسەکان هیچ کات مام ناوەندیخواز نەبوون، ڕێژەی مام ناوەندی بوون لە فەرهەنگی ئەواندا بوونی نییـە. ڕەنگە بەســتــێنی لەبڕان نەهاتووی ئەســتــیپ «ناوچەیەکی ڕووسیایە بە جۆرە گیـایەکی تایبەتەوە» و خاکی بەرینی ڕووس شـــوێنی لەســـەر ئەم نەتەوەیە دانابێ، چونکـە ڕووســەکــان ئەندازە و پێــوانە ناناسن، یان خـەریکی چاکەکاری دەبن، یان ڕوودەکەنە مەی خواردنەوە.

دەتوانین ئەم لایەنەی ڕیونیـزوسێـیـەی ڕوحی ڕووس لە هەڵپــەڕکێ، گـۆرانی و مـۆسـیـقـا و شـادیگـەلی تۆفـانی ئەواندا ببینین (شـادیگەلێکی تایبـەت بە شـەوانی سـان پوترسبۆرگ) کە زۆرجار چەندین شەووڕۆژی دەخـایاند. ڕەنگ بوو سەروەت و سـامـانی زۆر بنەمـاڵە و تـەمەنێک ئاواتی ئەوانی بەبا بدایە، لە دواییـــشـــدا بە چرکــەیەک سەرمەستی شێتانە و تەقاندنی گوللەیەک هەموو شتێک تەواو دەبوو.

دۆسـتـۆیڤسـکی دەڵێ: ئێـمـە ڕووسـەکـان هەمـوومـان نەهێلیـزتین. ئەو وتەیە شـایانی باسـە، چونکە نەهێلیـزم ڕیشەی فەرهەنگی لە مێژووی ڕووسدا هەیە. نەهێلیزم لە بنەمـادا چەمکێکی ڕووسی و مـەزهەبییـە کە بەسـتـێنی ئورتۆدۆکسـیـیـەوە سـەری هەڵداوە و نەهێلیـزمی ڕووسی گەیاندە ئەو ئاستەی کە هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە (لە مــەزهەبەوە بگرە تا فــەرهەنگ و هونەر) نەهێلیــزت خــوازانی ســاڵی ١٨٦٠ وەکــو «چرینێــفــسکی»، «دوبرولیوبوف» و «پیسـارۆف» سوسیالیست بوون و دژە ئایین. پیسـارۆف دەیگوت: جـووتێک پێـڵاو سـەرتاپای شکسپیر دێنێت.

خوێنەرانی هێژا هەڵسەنگاندن و دەسکەوتەکانی ئێمە لە ڕاستیدا ئاکامی مەنتیقی و بەبێ پرسیارگەلێکن کە هێناومـانەتە ئاراوە، دەرکـەوتنی ئەوەی کـە ئاکـامـەکـان دروستن، یان هەڵە، بابەتێکە دەبێ لە لێکۆڵینەوەکـانی داهاتوودا ڕوون ببنەوە.

**سەرچاوە:**

**ئاسیا لە بەرابەر ڕۆژئاوادا، داریوشی شایەگان.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# ڕامان گۆڤارێکی موعتەبەر

**ئیسماعیل بەرزنجی**

تازە دوو سێ ژمارەی لێ دەرچووبوو، دەمزانی برادەری لەمێـژینەم «ئازاد عـەبدولواحـیـد» خـەونە گـەورەکـەی ئەوەبوو کـە گۆڤـارێکی وا دەربکا و ببێـتە سەکۆیەک بۆ سـەرجـەم دەنگەکـان، هەر لە سـەرەتاوە وەک گـۆڤـارێکی سـەنگین و دوور لەمـوزایەدە هەنگاوی نـا، تا گـەیشـتـینە ئەو ڕۆژەی هەموومان شانازی پێوە بکەین.

من دەمـێکە لە ئەدەب و شـیـعـر دوورکـەوتـوومـەتەوە، بەڵام کـە چامـەیەک... چیـرۆکـێک.. ڕەخنەیەک لە «ڕامـان»دا دەخـوێنمـەوە فـەرەحنایی بە دڵـمدا دێت، لەو چەند سـاڵەی ڕابردوودا نووسـەرانی کـورد بە جـیـاوازیی ڕاوبۆچوون و بیـرکـردنەوەیان ئەو گـۆڤـارەیان کـردۆتە ڕووگـەیەک و لە بەرانبـەریدا نوێژی جـوانی و ئەفـراندن دادەبەستن.

سێ شت لە گـۆڤـاری (ڕامـان)دا سـەرنجی منیـان ڕاکێشاوە:

**یەکـەمـیـان**: بڵاوبوونەوەی بەرهەمی نووسـەرانی بەشـەکـانی دیکەی کـوردسـتـانە، کـە بەرهەمـە دەقی نازداریان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

**دووەمیان**: بەو ستافە کەمە کە لە پەنجەی یەک دەست تێـپـەڕ ناکـات، گۆڤـارێکی خـاوێن و جـوان دەخـەنە بەر دیدی خوێنەری کورد، لە کاتێکدا گۆڤاری وا هەیە یەک لەشکر کاری تێدا دەکەن، کەچی سەقەتە.

* گۆڤارەکە خاوەنی ستایلی تایبەت بە خۆیەتی، کە ئەمە بۆ گۆڤارێکی ئەدەبی خەسڵەتێکی گرنگە.

لەلایەکی دیکەوە، گۆڤاری ڕامان سەرچاوەیەکی گرنگ و بەپێـزە بۆ باسکاران و لێـتـوێژەرەوانی بواری ئەدەب و خـوێندکـارانی قـۆناغی زانکۆ دەتوانن لەزۆر لایەنەوە توێژینەوەی لەسەر بکەن.

تازە گـۆڤـاری ڕامـان بەسـەرفـرازییەوە لە کـتـێبـخـانەی کـوردیدا شـوێنێکی دیار و گـەشی بۆ خـۆی دانا، وەک سەرەتا ئاماژەم بۆ کرد هەرچەندە زۆر کەم دەنووسم، بەڵام شانازی بەوەوە دەکـەم کە لە چەند ژمارەیەکیدا نووسینم تێدا بڵاو کردۆتەوە.

دەمـێکە وتوومـە: لە دنیـای پەرشـوبڵاوی ئەمـڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری موعـتـەبەر کەمە، بەڵام ڕامـان گـۆڤـارێکی مـوعـتـەبەرە، چاوی سـەرنووسـەر و بەڕێوەبەری هونەری و سەرجەم کارمەندانی ماچ دەکەم و عومری بە چیای سەفین بێت.



# نامەیەکی مام هەژار بۆ د. مارف خەزنەدار



برای زۆر خۆشەویستم کاکە دکتۆر مەعرووف خەزنەدار بەڕێز

هومێد ئەکەم زۆر باش و کەیف ساز بیت. ئەگەر لە هەژار و مەژارانی دەربەدەریش ئەپرسی بەخوا ماوین و وەک دیوتم تەقریبەن هەر وام.

کاکە گیان کاک زامدار مەحموود تەشریفی هاتبوو بۆ ئەم لایانە، بەڵام وا دیارە لە دەستی نەهاتبوو کە من بیبینم و لە ئەحوالاتی تۆی لێ بپرسم. ئەویش کاغەزێکی نووسیبوو بۆ هەواڵێکم گوتبووی کتێبەکانمان- خەیام- بە ١٥٠ فلس و- بۆ کوردستان- بە ٢٥٠ فلس بۆ فرۆشتووە. شتەکە تۆزێک بۆ پێکەنین ئەبێ، چونکە من دەستەبەر بووم کە بۆ هەر ژمارەیەک لە- بۆ کوردستان- ئەبوو نیو دینار بدەم، جا کە بە ٦٠٠ فلسی دەفرۆشرا، من ١٠٠ فلسم پێ دەگەیشت، خەیامەکەش- من بۆ هەریەکی ئەبێ لە گیرفانی خۆم ١٥٠ فلس بدەم. گوتم ٥٠فلس بۆ فرۆشیار و ٥٠ش بۆ خۆم.

تێ ناگەم مەسەلە چۆن بووە؟ ئەم کتێبەی بۆ کوردستان لە هەولێر بە دینارێکە و لە زۆر جێگەشەوە داوا ئەکرێ- بەڵام... بەڵێ.

قوربان با لەوەش بگەڕێین. تۆ مەعنای چییە کتێبم بۆ نانێری و ئیعلانی کتێبت ئەخوێنمەوە و بەس. واتا دەنگت هەیە و ڕەنگی چییە نازانم.

برام تۆ لە شاری تۆزێکت ئاگا لە فەقیر و فوقەرات بی. هەروا دەخوێنمەوە کە کتێب دەرچوون و هیچیانم نەدیوە.

جا با سەرت زۆر نەئێشێنم، زۆر سەلام و کەلامم بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆشت ئەوێن.

**برات: هەژار**
**١٩٦٨/١١/٣**

**ئا: ڕامان**






# هەژاری موکریانی، پیاوێک لە دارەگوێز

**هیوا شەمسی بورهان**
**(فەرەنسا)**

ماوەیەک لەمەوبەر باسوخواسی کتێبێک بەناوی «هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری، یان کارەساتی کۆمێدیایەک» زۆر هاتە نێو سایت و میدیاکانی کوردی. هەروەک دەزانین ئەو کتێبە نووسراوی کاک شێرکۆ هەژاری کوڕی مامۆستای خوالێخۆشبووە. لێرەدا ئەسڵەن نامەوێ ئەم کتێبە، یان نووسەرەکەی وەبەر تەوس و توانج بدەم، تەنیا دەمەوێ باسی مامۆستا هەژار وەک ئەدیبێکی گەورە و بەرهەمی ژیانی ئەدەبی ئەو پیاوە بکەم.

من لەبەر جەبری زەمان، بەختەوەریی ئەوەم نەبوو هەژاری موکریانی بە زیندوویی بناسم و ئەو مرۆڤەم هەر لە ڕێگای نووسراوەکانی و هێندێک قسەی سەرزاران ناسیوە. هەژاری موکریانی لە باری کەسایەتی و ژیانی شەخسی هەرچی بووبێ، بەر لە هەر شتێک کوردیزانێکی زۆر گەورە بووە و دەتوانم بێ شک بڵێم بلیمەتێکی ئەدەبی بوو. من هیچ ئینسانێک دوور لە هەڵە و غەڵەت نازانم و پێم وایە تەنیا زاتی خودا بێ عەیب و موتڵەقە. ئینسانەکان هەمیشە پەیڕەوی جێگا و زەمانن و بەپێی ئەو زرووفە دەتوانن هێندێک کار بکەن کە لەچاو مرۆڤی داهاتوودا، یان خەڵکانێک لە شوێنێکی تردا، ئەوکارانە خراپ و هەڵە لە قەڵەم بدرێن. مامۆستا هەژاریش لەو قەزیە دەرناچێ و ناتوانێ خۆی لێ هەڵبوێرێ. بە داخەوە لەنێو خەڵکی کورددا، کاتێک بیۆگرافی، یان ئۆتۆبیۆگرافییەک دەنووسرێ، جاری وایە نووسەر هێندە لە ئینساف لادەدا و دەچێتە نێو کۆمەڵێک وردەکاری شەخسی، نووسراوەکە خۆی لە قەرەی ئیهانە دەدا و خوێنەر دڵڕەش دەکا. مامۆستا هەژاری ڕەحمەتیش لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا لە هێندێک شوێن نەیتوانیوە خۆی لەو کارە هەڵبوێرێ و بەداخەوە تووشی هاتووە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە هەمان شتی دەرحەق بکرێتەوە.

هەژاری موکریانی لە ژیانیدا چەرمەسەری و سەختیی زۆر دی، بەڵام هەمیشە لە خزمەت ئەدەب و مافە ڕەواکانی گەلی خۆیدا بووە و تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، وەدوای باوەڕەکانی خۆی کەوت. لەو ڕێگایەشدا لە زۆر شت مایەی دانا: لە زێدی خۆی، لە ژینی ژن و منداڵی، لە خزم و کەسی، لە ئاواڵ و برادەری سەردەمی منداڵی و گەنجی، لە ماڵی دنیا و بە کورتی لە هەموو شتی ئازیزی ژیانی مرۆڤێک. بەڵگەی ئەو قسانەشم شەرحی ژیانی خۆی و ئەو خەڵکەن کە لەنێویاندا ژیا. مامۆستا چونکە باوەڕییەکی قووڵی بە زمانی کوردی وەکو ناسنامەی گەلەکەی هەبوو و دەیدی مافەکانی کورد تەنانەت لە ناسینی زمان و ئەدەبی خۆشی پێشێل دەکرێ، قەت لەو ڕێبازەی گرتی سارد نەبوو و تا گڵەبانی چاویان کرد عیشقی ئازادی میللەتەکەی وەلانەنا. پێم وایە ئەو خۆشەویستییەی لە دەروونی ئەو پیاوەدا بوو، تەنانەت مەرگیش نەیتوانی کۆتایی پێ بێنێ، چونکە بە نووسراوەکانی عیشقی خۆی بە ئەدەب و کولتووری نەتەوەکەی، بردە نێو دڵی هەزاران کوڕ و کچی کورد. ناوی ئەم وتارەم نا پیاوێک لە دارەگوێز، چونکە وەبیر کورتە چیرۆکێکی سەعدی شیرازی شاعیر و گەورە ئەدیبی فارس کەوتم. لەوێدا دەگێڕێتەوە جارێک کابرایەک بەشوێنێکدا تێدەپەڕی، پیرەپیاوێک دەبینێ نەمامە گوێزێک دەچەقێنێ، پێی دەڵێ: «مامە پیرە هیچ دەزانی ناتوانی بەری ئەو دارە گوێزە ببینی؟» پیرە پیاوی ژیر و دنیادیت وا جوابی داوە: «پێشینیان چەقاندیان، ئێمە خواردمان، منیش ئەوە دەچەقێنم داهاتووان بیخۆن». ئەوە نەقڵی پیاوی وەکو هەژاری موکریانییە کە زەحمەتەکان و نووسراوەکانی دەبنە سەرمایەیەکی مەزن بۆ بەرەی داهاتوو. ئەگەر نووسراوەکانی مامۆستا بۆ نموونە قامووسی «هەنبانەبۆرینە» نەبایە، منی دوور لە کوردستان هاتووە سەر دنیا و گەورە بوو، ڕەنگە قەت نەمتوانیبا دێڕێکیش بە زمانی دایکم بنووسم. ژیانی شەخسی و خێزانیی مامۆستا هەژار هەرچی بووە، با بێ، گرینگ ئەوەیە قەڵەم و ئاسەوارەکانی موڵکی میللەتێکن و تا کورد و زمانەکەی بمێنن، ئەوانیش وەک سەرمایە دەمێننەوە، هەربۆیەش مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی لەنامەیەکدا بۆی نووسی: «ئێستا کە خۆت [یانی مامۆستا هەژار] زیندووی سەدان کوڕی کوردت بەنێو کراوە». ڕوحی شاد و ناوی پایەدار بێ.